# بەشی دووەم
# لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بەجیهانی عەرەب



## پێگەی ژنانی عەرەب لەرێکەوتننامەو بەڵگەنامەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی بەرگرتن لەجیاکاری جۆری کۆمەڵایەتی

**دکتۆر: فاتیمە سەبیتی قاسم**

### ئەم بابەتە لەسێ بەش پێکهاتووە:

- یەکەم: ئەو بەڵگەنامەو رێکەوتننامەو پەیماننامە نێودەوڵەتیو راسپاردانەی کۆنگرە نێودەوڵەتیو هەرێمییەکان دەخاتەڕوو کەپێداگری لەسەر بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری دژی ژنان دەکەنەوەو هاوکاری بەشداریکردنیان دەکەن لەبڕیاردانو لەکاروباری گشتیدا.
- دووەم: جەختکردنەوە لەسەر کاریگەری کارتەکانی بەشداری ژنانی عەرەب لەدەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو گشت ئاستەکان لەمیانەی خستنەڕووی داتاو ئامارەی پەیوەندیدارەوە.
- سێیەم: پوختەی پێشنیاری چەند رێوشوێنێك کەپێویستە لایەنی پەیوەندیدار (حکومەتەکانو رێکخراوە ناحکومیو رێکخراوە هەرێمیو نێودەوڵەتییەکان) بیگرنەبەر

لەپێناو بەدیهاتنی یەکسانی لەگەڵ پیاوان، جەختکردنەوە لەسەر بەرتەسککردنەوەی کەلێنی نێوان دەق و جێبەجێکردن، بەتایبەت لەبەشداری سیاسیدا.

## جیاکاری دژی ژنان:

پەیوەندییەکانی هێز کەهەمیشە رێگرن لەبەردەم ژناندا بۆ گەیشتن بەژیانێکی تێر ( مشبعة) کاریگەری لەسەر گشت ئاستەکان دادەنێت، لەئاستی تاکەکەسی بۆ باڵاترین ئاست لەژیانی گشتیدا، بۆیە بەدیهاتنی ئامانجی بەشداریکردنی ژنان و پیاوان بەشێوەیەکی یەکسان لەبڕیارداندا هاتنەکایەی هاوسەنگی لێدەکەوێتەوە کە بەوێناکردنی وردتر رەنگدانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگە دەبێت و، ئەمەش هەنگاوێکی پێویستە بۆ چەسپاندنی دیموکراسی و هاندانی پیادەکردنێکی دروستی دیموکراسی.

بەشدارییپێکردنی ژنان لەبوارە جیاجیاکان و رەچاوکردنی نەمانی جیاکاری لەدژیان رۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕن لەپێشخستنی ژناندا بەشێوەیەکی گشتی، ئەمەش هەرگیز بەداواکارییەکی سادەی دادپەروەری و دیموکراسی (بەتەنها) دانانرێت، بەڵکو دەشێت بەمەرجێکی پێویستی موراعاتکردنی ژنان و پێشخستنیان دابنرێت، بەبێ بەشداریکردنی کارای ژنان و تێکەڵکردنی جۆری کۆمەڵایەتی بەگشت چالاکییەکان و سەرجەم ئاستەکانی بڕیاردان ناکرێت یەکسانی و گەشەپێدان و ئاشتی بێتەئاراوە، ئەم سێ خاڵە ئامانجی سەرەکی کۆنگرەی چوارەمی جیهانی ژنان بوو کەساڵی 1995 لەپەکین سازکرا.

جیاکاری دژی ژنان رێگرە لەبەردەم پێشکەوتنی ژنان و باشترکردنی پێگەو ئامادەکردن و راهێنانیان بۆ بەشداریکردنی تەواوەتی لەپرۆسەی گەشەپێدان و پێشخستنی نیشتماندا، جیاکاری دژی ژنان چەندین جۆری هەیە، گرنگترینیان ئەو بوارانەن کەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبەرنامەی کاری پەکیندا دیاریکردوە: فێرکردن و تەندروستی و بەشداری سیاسی و مافەکانی ژنان وەك مرۆڤێك و هەروەها یاساو دەستورەکان، لەنێوانیاندا یاساکانی خێزان و یاساکانی باری کەسێتی و توندوتیژی دژی ژنان و کاریگەری جەنگ و ململانێ چەکدارییەکان لەسەر ژنان و کۆژانی هەژاری لەسەر ژن و چەندین بواریتر کەگرنگییەکی زۆریان هەیە.

## بەشی یەکەم:

ئەو بەڵگەنامەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتی و راسپاردانە کامانەن کە لەکۆنگرە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکاندا دەرچوون و ئامانجیان نەهێشتنی جیاکارییە بەگشت شێوەکانییەوەو هەروەها کارکردن بۆ چەسپاندنی یەکسانی مافەکان لەنێوان ژنان و پیاواندا.



زۆربەی بەڵگەنامەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لەگەڕاندا پشت بە"رەوایەتی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ" دەبەستن و لەگرنگترینی کارتەکانی ئەم رەوایەتییە "جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ"و، لەگرنگترینی ئەو پەیماننامانەی پەیوەندی راستەوخۆیان بەهاوبەشیکردنی ژنان لەکاروباری گشتیدا، هەیە، پەیماننامەی پەیوەندیدار بەمافە سیاسییەکانی ژنان و، جاڕنامەی نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان و، رێکەوتننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان (CEDAW)و لەراسپاردەی کۆنگرە جیهانی و هەرێمییەکانیشدا ئاماژە بەبەرنامەی کاری پەکین ساڵی 1995و پلانی کاری عەرەبی بۆ پێشخستنی ژنان ساڵی 2005و بەرنامەی کاری عەرەبی یەکگرتوو ساڵی 1996 دەکەین، کەهەموویان بایەخی زۆریان بەبەشداریکردنی ژنان لەکاروباری گشتیدا داوەو جەختیان لەسەر پابەندبوونی وڵاتان بەیەکسانی لەنێوان ژنان و پیاواندا کردوەتەوە.

**یەکەم: رێسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ** : کە لەلایەن لیژنەی مافی مرۆڤی سەر بەنەتەوەیەکگرتوەکان ئامادەکراوەو تیایدا هاتووە: " ئێمەی گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان..سەر لەنوێ بڕوابوونمان بەمافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دوپاتدەکەینەوە..".

رێسای نێودەوڵەتی لەپێنج کارت پێکهاتووە، سیان لەوانە ئەگەر بەناراستەوخۆش بێت پەیوەندییان بەبابەتەکەمانەوە هەیە:

- جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ کە لەکانونی یەکەمی ساڵی 1948 لەلایەن کۆمەڵەی گشتییەوە هاتووەتەکایەوە.
- پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و ئەو پرۆتۆکۆڵە ئیختیاریانەی پاشکۆیەتی کە لەکانونی یەکەمی ساڵی 1966 لەلایەن کۆمەڵەی گشتییەوە دەرچووە.

هەریەك لەمیسرو عێراق و ئوردن و کوەیت و لوبنان و سوریاو یەمەن لەئەندامانی وڵاتانی ئەندام لەئەلئسکوا ئیمزایان لەسەر ئەو بەڵگەنامانە کردووە.

**دووەم: رێکەوتننامەی پەیوەندیدار بەمافە سیاسییەکانی ژنان** : کەبریتییە لەو رێکەوتننامەیەی راستەوخۆ پەیوەندی بەپێدانی مافە سیاسییەکانی ژنانەوە هەیە، ئەم رێکەوتننامەیە لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بەبڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە 640 لەخولی ئاسایی حەوتەم ساڵی 1952دا گەڵاڵەکراوە، مادەی شەش لەم پەیماننامەیە بەدەق دەڵێت: ئەم رێکەوتننامەیە پاش 90 رۆژ لەدەرچوونی یان پاش چوونەساڵی شەشەم دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەم پەیماننامەیە جەخت لەسەر پرەنسیپی یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان لەگشت مافەکانی ناو بەڵێننامەی نەتەوەیەکگرتوەکان و مافی بەشداریکردنیان لەبەڕێوبردنی کاروباری گشتیدا دەکاتەوە، بەرێگەی راستەوخۆ یاخود لەرێگەی نوێنەرانێکەوە کە بەئازادی

هەڵیان دەبژێرن، هەروەها مافی وەرگرتنی پۆستی گشتیو وەرگرتنی سەرجەم وەزیفە گشتییەکانو پیادەکردنی مافە سیاسییەکان (هەڵبژاردن، واتە دەنگدانو خۆپاڵاوتن)و ئەمەش بەگوێرەی بنەماکانی بەڵێننامەی نەتەوەیەکگرتوەکانو جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ بەبێجیاکاریو بەهەلومەرجی یەکسانی نێوان ژنانو پیاوان.

**سێیەم: جاڕنامەی نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان :** بەبڕیارێکی کۆمەڵەی گشتی ژمارە 2263 لەخولی (22) لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1967 گەڵاڵەکراوەو جاڕنامەکە جەخت لەسەر بەڵێننامەکە (واتە بەڵێننامەی نەتەوەیەکگرتوەکان)و بڕواهێنانی گەلانی نەتەوەیەکگرتوەکان بەمافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و شکۆمەندی تاکەکەسەکان وەك مرۆڤ و بەهاکەیو یەکسانی ژنانو پیاوان لەمافەکاندا، دەکاتەوە. هەروەها پێداگری لەسەر نەهێشتنی جیاکاری دەکاتەوە کەزۆر راشکاوانە لەجاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە: "مرۆڤەکان بەئازادی لەدایکدەبنو یەکسانن لەمافو شکۆمەندیدا، بەبێ هیچ جۆرە جیاکارییەك لەنێویدا جیاکاری بەهۆی رەگەز، بەهەمانشێوە جاڕنامەکە جەخت لەسەر ئەوەی کەجیاکاری دژی ژنان بەرەتکردنەوەی یان کۆتکردنی یەکسانی مافەکان لەگەڵ پیاوان، پێشێلکارییەکی بنەڕەتیو سوکایەتیو ناتەباییە لەگەڵ شکۆمەندی مرۆڤ و بەرژەوەندی خێزان، بەتایبەت لەپەروەردەکردنی منداڵو کۆمەڵگەداو کار لەسەر بەشداریکردنی ژنان (بەیەکسانی لەگەڵ پیاوان) لەژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو رۆشنبیریدا، دەکاتەوە. بەبێ ئەم بەشدارییە ژنان ناتوانن خزمەتی وڵاتو مرۆڤایەتی بکەن.

جاڕنامەکە لەمادەکانی یەکەمو دووەمو سێیەمو چوارەمدا گرتنەبەری گشت رێوشوێنە گونجاوەکانی هەڵوەشاندنەوەی یاساو دابونەریتو عورفەکانی جیاکاری دژی ژنان دووپاتدەکاتەوە بەمەبەستی چەسپاندنی پاراستنی یاسایی پێویست بۆ یەکسانکردنی ژنانو پیاوان لەمافەکانیاندا، بەتایبەت پرەنسیپی یەکسانی مافەکان لەدەستورو لەنێویدا مافی دەنگدان لەگشت هەڵبژاردنەکانو خۆپاڵاوتنیان بۆ سەرجەم دامەزراوەکان، ئەوانەی لەرێگەی هەڵبژاردنەوە دادەمەزرێنو مافی دەنگدان لەهەموو راپرسییە گشتییەکانداو مافی وەرگرتنی پۆستەکانو دەستبەکاربوونیان لەگشت پۆستە گشتییەکانو دەستەبەرکردنی ئەم مافانە لەرێگەی یاسادانانەوە.

**چوارەم: رێکەوتننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان (سیداو):** کۆمەڵەی گشتی لەکانوونی یەکەمی ساڵی 1979 گەڵاڵەیکردووەو لەئەیلولی ساڵی 1981 پاش ئەوەی (20) وڵات پەسەندیانکرد چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، تا سێپتەمبەری 2005 ژمارەی وڵاتانی عەرەبی کەئیمزایان لەسەر رێکەوتنامەی سیداو کردووە گەیشتووەتە 17



وڵات بەمشێوەیە: ئوردنو جەزائیرو (جزر القمر)و مۆریتانیاو جیبۆتیو عێراقو کوەیتو مەغریبو تونسو لیبیاو میسرو یەمەنو لوبنان لەئیپریلی 1997و عەرەبستانی سعودییە لەئەیلولی 2000و شانشینی بەحرێن لەحوزەیرانی 2002و سوریا لەمارسی 2003و، ئینجا دەوڵەتی ئیماراتی یەکگرتوو لەیەنایەری 2004 ئیمزای لەسەر پەیماننامەکە کردووە.

لێرەدا پێویستە جیاوازی لەنێوان ئیمزاکردنی رێکەوتننامەکەو پەسەندکردنیو پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی ئیعتیمادو چوونە پاڵی بۆ ئیمزاکردنو پابەندبوون پێوەی بکەین:

- ئیمزاکردنی پەیماننامە مانای پابەندبوونی یاسایی نییە، بەڵکو راگەیاندنی نیازچاکییە لەلایەن وڵاتەکەوە.
- دەشێت پەیوەنیکردنو چوونەپاڵی وڵاتانی لایەن لەپەیماننامەکە تەنانەت بەبێ ئیمزاکردنیش روبدات.
- پشتڕاستکردنەوەی پەیماننامەکە دوایەمین قۆناغەو پێویستە لەپێشدا ئیمزای لەسەر کرابێت پاش ئەوە بەڵگەنامەی ئیعتیمادی پێویست دەخرێتە بەردەم ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان، ئەمەش دوای ئەوەی لەناو دەوڵەتدا (پارلەمانو لایەنی یاسادانان) رەزامەندی لەسەر دەربڕیوە.پەیماننامەکە پاش سی رۆژ لەپێشکەشکردنی بەڵگەنامەکانی ئیعتیماد بەنەتەوەیەکگرتوەکان (نوسینگەی یاسایی) دەوڵەت پێوەی پابەند دەبێتو لێرەدا جێگەی ئاماژە بۆ کردنە پێشیلکاری بەندەکانی باش نییە لەلایەن وڵاتەکەوە تۆماربکرێت، پاش ئیمزاکردنی پەیماننامەکە، ئەگەرچی هێشتا پەسەندیشی نەکردبێتو، پاش ئەوەی لەلایەن بیست وڵاتەوە پەیماننامەکە پەسەندکراو بەڵگەنامەی ئیعتیمادیان پێشکەشکرد دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

پێشەکی پەیماننامەکە، مافەکانی ژنان دەبەستێتەوە بەمافەکانی مرۆڤەوەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەپرەنسیپە بنەڕەتییەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان بریتییە لەبڕواهێنان بەمافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤو شکۆمەندیو مافە یەکسانەکانی ژنانو پیاوان وەکیەکو ئەوەش بیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەهێنێتەوە کەگشت پەیماننامەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن نەتەوەیەکگرتوەکانو رێکخراوە تایبەتمەندەکانییەوە دەرچوون مافی یەکسان لەبەهرەمەندبوون لەمافەکانی ناو پەیماننامەکان دەداتە ژنانو پیاوان. تێبینی دەکرێت میکانیزمە تایبەتەکان بۆ پەرەپێدانی پرەنسیپی یەکسانی نێوان ژنانو پیاوان خراونەتەگەڕ، دان بەوەشدا دەنێت کەهێشتا جیاکارییەکی بەرفراوان دژی ژنان لەئارادایەو ئەوەش دووپاتدەکاتەوە کەئەم جیاکارییە پێشێلکاری پرەنسیپەکانی یەکسانی مافو رێزگرتنی شکۆمەندی مرۆڤە، ئەوەش ڕووندەکاتەوە، پیادەکردنی زەوتکارانەی دژ بەژنان

وادەکات نەتوانن هاوشانی پیاوان لەگشت بوارەکانی ژیانو وڵاتەکەیاندا بەشداربنو ئەمەش پرۆسەی گەشەپێدانی خۆشگوزەرانی خێزانو کۆمەڵگە دوادەخات، جێگەی ئاماژەیە پەیماننامەکە بایەخ بەجیاکاری ژنان دەدات، نەك جیاکاری دژی ژنان لەسەر بنەمای رەگەز.

مادەی حەوت لەپەیماننامەکە باس لەجیاکاری لەژیانی سیاسیو گشتیو زەرورەتی پێدانی مافی دەنگدانو خۆپاڵاوتن بەژنان دەکات، لەگەڵ مافی بەشداریکردن لەداڕشتنی سیاسەتی گشتیو بڕیاردانو جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەو وەرگرتنی پۆستە گشتییەکانو بەجێگەیاندنی سەرجەم ئەرکە گشتییەکان لەسەر هەموو ئاستەکانی حکومەتو ئەوانیتر لەرێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو لەناویاندا حزبە سیاسیو سەندیکاو رێکخراوە کرێکاریو پیشەییەکان بەشێوەی یەکسان لەگەڵ پیاواندا، هەروەها پەیماننامەکە جەخت لەسەر پێدانی هەلی یەکسان بەژنان بۆ نوێنەرایەتیکردنی حکومەتەکانیانو بەشداریکردنیان لەکاری رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك نەتەوەیەکگرتوەکانو رێکخراوە تایبەتمەندەکاندا دەکاتەوە، پەیماننامەکە هەنگاوێکی زیاتریش هەڵدەگرێتو پێداگری لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کەوا ئەم مافانە لەو مافە مرۆییانەن کە بەبێ پێداچوونەوەی یاساو دەستورەکانو هەموارکردنیو کارکردن بۆ دانانی کاریگەری لەسەر دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوانەی لایەنگری لەنێوان ژنانو پیاوان واتە ( GENDER DISCRIMINATION)و جیاکاری لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی دەکەن، بەدینایەن.

پەیماننامەکە تەنها بەجەختکردنەوە لەسەر گرنگی بەشداری ژنان لەبواری سیاسەتدا ناوەستێت، بەڵکو وڵاتانی لایەن پابەنددەکات بەپێشکەشکردنی راپۆرت سەبارەت بەجێبەجێکردنی بەندەکانیو دیکۆمێنتکردنی ئەو هەنگاوانەی دەوڵەت بۆ نەهێشتنی جیاکاری هەڵیاندەگرێت، ئەم پرۆسەیە راستیو شەفافیەتو لێپرسینەوە بەهێزدەکات، لایەنی رەسمی بەهاوبەشی لەگەڵ رێکخراوەکانی ژنان هاوکاریدەکەن بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، لەراستیدا ئەم هاوکاریکردنە نەك تەنها هۆیەکە بۆ چالاککردنی گیانی لێپرسینەوە، بەڵکو هاوکات هاندانی بەرگریکردنە لەمافەکانی ژنان.

لەئازاری 1999دا پرۆتۆکۆڵی ئیختیاری پەیماننامەکە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە بۆ گەڕان بەشوێن رێوشوێنەکانی سکاڵاکردنو بەگوێرەی پەیماننامەکە لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری کە لە 23 ئەندام پێکهاتووە، دامەزرا بۆ تێڕوانینو دادوەریکردن لەسکاڵاکاندا.

## جێبەجێکردنی پەیماننامەکە لەوڵاتانی عەرەبیدا:

مادەی (28) لەپەیماننامەکەدا رێگە بەوڵاتان دەدات لەکاتی پەسەندکردنی پەیماننامەکەدا تێبینی خۆیان هەبێت، بەڵام بەمەرجێك تێبینیەکانیان پێچەوانەی ناوەڕۆکی پەیماننامەکە یان مەبەستە



سەرەکییەکەی نەبێت، زۆربەی وڵاتانی عەرەبی، ئەوانەی چوونەپاڵ پەیماننامەکە تێبینییان هەبوو لەسەر ناتەبایی هەندێك لەمادەکان لەگەڵ ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامیو لەسەر ناکۆکبوونی کۆمەڵێك لەمادەکانی پەیماننامەکە لەگەڵ بنەماکانی یاسا نیشتمانییەکان. تێبینییەکان لەشەش بابەتدا کورتبوونەتەوەو لەناویاندا مادەی (2) کەپەیوەستە بەقەدەغەکردنی جیاکاری لەدەستورو یاسا نیشتمانییەکاندا، مادەی (7) کەتایبەتە بەژیانی سیاسیو گشتی (کوەیت ئەم تێبینییانە لەئایاری 2005 هەڵدەگرێت بەپێدانی مافی دەنگدانو خۆپاڵاوتن بەژنانی کوەیت)، مادەی ( 9)ی پەیوەندیدار بەیاسای رەگەزنامەو مادەی (29)ی تایبەت بەدادوەریکردنی نێوان وڵاتانی ئەندام. هاوکات لەگەڵ پێداچوونەوەو جێبەجێکردنی پەیماننامەکە لەوڵاتانی عەرەبیدا، پێویستە ئەم مەسەلانە لەبەرچاوبگیرێن:

- ئاستی ئەو گۆڕانکارییەی پەیوەندیکردن بەپەیماننامەی سیداوەوە بەسەر بارودۆخی گشتی ژنانو پێگەکەیان لەو وڵاتانەدا هێناویەتییە ئاراوە.
- ئەندازەی رێکەوتن یان ناتەبابوونی ئەو مادانەی کەوڵاتانی عەرەبی تێبینی–یان لەسەری هەبوو لەگەڵ یاساو دەستورە نیشتمانییەکانی ئەو وڵاتە لەلایەکو، لەگەڵ بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی لەلایەکیترەوە.
- رۆڵی ئیجابی کە لەمیانەی پابەندبوونی وڵاتان بەپێشکەشکردنی راپۆرتی دەوری سەبارەت بەجێبەجێکردنی پەیماننامەکە ( بەگوێرەی مادەی 18) لەروی بەشداریکردن لەرۆشنایی خستنەسەر یاسا زەوتکارەکانی دەرهەق بەمافەکانی ژنانو، لەسەر کەلێنی نێوان دەقە یاساییەکانو جێبەجێکردنی.

هەروەها لەمیانەی چاوخشاندنەوە بەو تێبینییانەی وڵاتانی عەرەبی لایەن لەپەیماننامەکە هەیانبووە، تێبینی ناتەبایی مادەکان ( ئەوانەی تێبینییان لەسەرە) لەگەڵ بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی، دووەم: پێچەوانەبوونیان لەگەڵ مادەکانی دەستورو یاسا نیشتمانییەکاندا.

تێبینییەکانی وڵاتانی عەرەبی لەسەر ئەم مادانە کورت دەبێتەوە:

- **مادةی ( 2):** تایبەت بەقەدەغەکردنی جیاکاری لەدەستورو یاسا نیشتمانییەکاندا (جەزائیرو بەحرێنو میسرو عێراقو لیبیاو مەغریبو سعودیەو سوریا).
- **مادةی (7):** پەیوەندیدارە بەژیانی سیاسیو گشتییەوە(واچاوەڕواندەکرێت کوەیتو سعودیە لایان بردبێت).
- **مادةی (9):** پەیوەست بەیاساکانی رەگەزنامە (ئوردنو جەزائیرو عێراقو کوەیتو مەغریبو تونسو لوبنانو میسرو بەحرێنو سعودیەو سوریا، هیچ کام  لەلیبیاو یەمەنو

(جزر القمر) و موریتانیا تێبینییان لەسەری نەبووە) چاوەڕواندەکرێت هەریەك لەتونسو میسر تێبینییەکانیان لەسەر ئەم مادەیە هەڵگرن بەبۆنەی دەرچوونی یاسایەکی رەگەزنامە لەبەرژەوەندی ژنان.

- **مادەی (15):** پەیوەندیدار بەیەکسانی لەئەهلیەتی یاسایی‌و مەدەنی (ئوردن‌و جەزائیرو بەحرێن‌و مەغریب‌و سعودیەو سوریاو تونس).
- **مادەی ( 16):** پەیوەستە بەهاوسەرگیری‌و پەیوەندی خێزانی (ئوردن‌و جەزائیرو بەحرێن‌و سعودیەو سوریاو عێراق‌و کوەیت‌و مەغریب تونس‌و لوبنان‌و لیبیاو میسر، هیچ کام لەیەمەن‌و (جزر القمر)و جیبۆتی‌و مۆریتانیا تێبینییان لەسەری نەبووە).
- **مادەی ( 29) :** تایبەت بەدادوەریکردن لەنێوان وڵاتانی ئەندام (عێراق کوەیت‌و مەغریب‌و تونس‌و لوبنان‌و میسرو یەمەن، بێجگە لە(جزرالقمر)و جیبۆتی‌و مۆریتانیاو ئوردن‌و لیبیا کەتێبینییان نەبووە).

لێرەدا جێگەی خۆیەتی چەند تێبینییەك لەبارەی جێبەجێکردنی پەیماننامەکەوە لەوڵاتانی عەرەبیدا بخەینەڕوو:

أ. وڵاتانی لایەن لەپەیماننامەکە میکانیزمی چالاکیان بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیماننامەکە دیارینەکردوە.

ب. ئەو وڵاتانە هیچ هەموارکردنێکیان بەسەر یاساو سیستمەکانیاندا نەهێناوە بۆ گونجانیان بەگوێرەی پەیماننامەکان (کەواتە ناکۆکی لەدەقەکان‌و رۆحی پەیماننامەکەدا هەیە).

ج . تێبینی هیچ جیاوازییەك لەنێوان بارودۆخی یاسایی ژنان لەنێوان ئەو وڵاتە عەرەبیانەی پەیماننامەکەیان پەسەندکردوەو ئەوانەی پەیماننامەکەیان پەسەندنەکردوە، ناکرێت.

## بەشی دووەم:

لێرەدا پرسیارێك دێتەئاراوە: ئایا دەکرێت دان بەوەدا بنێین کەجێبەجێکردنی ئەو بەڵگەنامەو پەیماننامانە دەگاتە ئاستی دەق؟.. ئەگەر پێداگری بکەین، ئایا ئەم پەیماننامە نێودەوڵەتییانە (کەگرنگترینیان لەم بوارەدا، سیداوە) تەنها میکانیزم‌و چوارچێوەیەکی گرنگی نەهێشتنی جیاکارییێن دژی ژنانی عەرەب؟.. بێگومان وەڵامەکە بەنەرێ دەبێت، کەواتە لەم چوارچێوەیەدا گرنگترین ئەو دەسکەوت‌و رێگرو ئاستەنگ‌و وانە بەسودانە کامانەن، تاکو بتوانین کەلێنی نێوان دەق‌و جێبەجێکردنیان کەمبکەینەوەو یەکسانی دەستەبەربکەین.

وڵاتانی لایەن لەپەیماننامەکە لانیکەم هەر چوار ساڵ جارێك راپۆرتی خولەکی سەبارەت بەچۆنێتی جێبەجێکردنی پەیماننامەی سیداوو پراکتیزەکردنی‌و لەمپەرەکانی بەردەمی، پێشکەش بەلیژنەی



تایبەت لەنەتەوەیەکگرتوەکان دەکەن کە لە 23 ئەندامی پیاوو یەك ئەندامی ژن پێکهاتووەو، لەلایەن وڵاتەکانیانەوە هەڵدەبژێردرێن‌و بەسیفەتی شەخسی ماوەی چوار ساڵ کاردەکەن‌و بەشێوەیەکی خولەکی دەگۆڕدرێن. هەریەك لەعێراق‌و میسرو لوبنان‌و ئوردن‌و یەمەن‌و مەغریب‌و جەزائیر راپۆرتی خۆیان پێشکەش بەلیژنەکە کردووە بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی، هەروەها هەنوکە هەریەك لەوڵاتانی بەحرێن‌و سعودیەو سوریا سەرقاڵی ئامادەکردنی راپۆرتەکانیانن. جێگەی ئاماژەپێکردنە عێراقی نوێ لەسەریەتی چاو بەجێبەجێکردنی پەیماننامەکەو گونجاوی لەگەڵ دەستوری نوێدا بخشێنێتەوە.

گفتوگۆ سەبارەت بەئەولەویەتی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان‌و لەنێویاندا پەیماننامەی سیداو لەسەر یاسا نیشتمانییەکان جێگەی تێڕامانە، ئەگەر پشت بەمەش ببەسترێت، مەترسییەکی گەورە لەئارادایە لەبەرئەوەی پەیماننامەی سیداو پێویستی بەپشت‌و پەنای یاسایی هەیە بۆ پاراستنی مافەکانی ژنانی عێراق، بۆیە پێویستە بەئاگابین لەوەی کەژنانی نوێی عێراق زۆرێك لەمافەکانیان‌و پێگەکانیان لەکیسچووە بەبەراورد لەگەڵ رابردودا، ئاشکرایە یەکەم ژنە وەزیر لەوڵاتانی عەرەبدا، عێراقییەو لەنیوەی پەنجاکانی رابردوودا ئەو پۆستەی وەرگرتووە، دەستوری نوێ جەخت لەسەر یەکسانی دەکاتەوەو هاوکات جەخت لەسەر ئەولەویەتی شەریعەتی ئیسلامی دەکاتەوە وەك بناغە بۆ دەستورو ئەو یاسایانەی فەرمانڕەوایی هاوڵاتیان دەکەن، مەترسییەکە لەوێدایە کەعێراق وڵاتێکی فرەمەزهەب‌و تیرەیەو بەمەش مەرجەعیەتی ئایینی هەر کەسێك ملکەچی تیرەو بنەما ئایینەکانی ئەو تیرەیە دەبێت، ئەمانە کۆنترۆڵی باری کەسێتی گشت هاوڵاتییەك بەژنان‌و پیاوانەوە دەکەن، کەپێچەوانەو ناتەبایە لەگەڵ پرەنسیپی یەکسانی هاوڵاتیان. کەواتە تاکەهاوڵاتیبوونێك لەکوێدایە کاتێك زیاتر لەیاسایەك بەرکاربێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ باری کەسێتی‌و یاسای خێزان؟ ئەندامانی لیژنەی سیداو کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کەئامادەی هزری باوکسالاری‌و دەستگرتن بەوێنە کلاسیکییەکەی دابەشکردنی ئەو رۆڵەی ژنان لەناو خێزان‌و کۆمەڵگەدا دەیگێڕن، لەهەندێك وڵاتدا کەخاوەنی زیاتر لەمەرجەعیەتێکن لەسەر بنەمای تیرەیی لەیەك دەوڵەتدا (بۆ نموونە لەلوبنان‌و ئێستاش لەعێراقی نوێ) بەشێکن لەو هۆیانەی کەرێگری لەجێبەجێکردنی تەواوەتی‌و بەکردەوەی پەیماننانەی سیداو دەکەن، لەم روانگەیەوە داوا لەوڵاتان دەکات پەلەبکەن لەهەڵگرتنی تێبینییەکانیان بەتایبەت لەسەر مادەکانی 2 و 16 کەپێچەوانەن لەگەڵ بنەماکانی سیداو، لیژنەی سیداو هەوڵەکانیان ئاراستەی هەموارکردنی ئەو یاسایانە دەکەن بۆ سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانی شەرەف‌و نەهێشتنی توندوتیژی دەرهەق بەژنان.

لەم دەیانەی دوایدا بارودۆخی ژنان پێشكەوتنێكی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، ژمارەی رێكخراوو تۆڕەكانی بزوتنەوەی ژنان لەزۆربەی ناوچەكانی جیهاندا زیادیانكردووە، بەهەمانشێوە كاریگەری ئەم رێكخراوە ناحكومییانە كاریگەرییان لەسەر سیاسەتە ناوخۆییو نیشتمانیو نێودەوڵەتییەكان بەهێز بووە. بەڵام تا هەنوكە جیاكاری لەسەر بنەمای رەگەز رێگرە لەبەردەم بەشداری فەرمی ژنان لەپرۆسەی گەشەپێداندا.

دەتوانین بەشداری سیاسیو بڕیاردانو بەشداری لەدەسەڵات وەك نمونەیەك بۆ ئەو راستییە بهێنینەوە: هێشتا ژنان لەسەر ئاستی جیهانی لەدامەزراوە سیاسییە فەرمییەكاندا نابینرێن، بەچەشنێك، یەكەم: ژنان تەنها رێژەی نێوان( 5 بۆ 10٪)ی پێگەكانی سەركردایەتی سیاسی فەرمی پێكدەهێنن، دووەم: ژنان تەنها رێژەی 12٪ی كورسییەكانی پارلەمانیان هەیە، لەكاتێكدا ئەم رێژەیە لەوڵاتانی عەرەبیدا لەرێژەی 3٪ وە بۆ 7٪ زیادیكردوە لەنێوان ساڵەكانی 1995 ەوە بۆ 2005، هەروەها ژنان تەنها رێژەی 6٪ ی پۆستە وەزارییەكانیان بەدەستە، ئینجا زۆرێك لەو وەزارەتانەی كەوەزیرەكانیان ژنن بریتین لەو وەزارەتانەی كەكاری كلاسیكی پەیوەندیدار بەژنان لەتەندروستیو چاودێری یان پەرەپێدانی كۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو فێركردنو كاروباری ژنان، لەئەستۆیاندایە، ئەمە بێجگەلەوەی لەكۆی ( 190) وڵات لە 52 وڵاتیاندا ژنان بەهیچ شێوەیەك پۆستی وەزارەتیان وەرنەگرتوە.

بێبەشكردنی ژنان لەبەشداری سیاسیدا بناغەی مێژوییو ئابورییو یاسایی هەیە، بەبەراورد لەگەڵ پیاواندا دەبینین ژنان مێژویەكی كورتیان لەگەڵ بەشداری هەڵبژاردنی سیاسیدا هەیە، لەئاكامدا خاوەنی كەمترین شارەزایین لەگشت بوارەكانی كاری سیاسیدا، ژنان لەم چەند ساڵەی دواییدا نەبێت لەزۆر وڵاتدا مافی دەنگدانیان نەبووە، سویسرا ئەم مافەی تا ساڵی 1971 دواخست، لەكاتێكدا بۆ نموونە ژنان لەلوبنان لەساڵی 1952ەوە مافی دەنگدانیان هەیەو لەسوریا لەساڵی 1949و لەمیسر لەساڵی 1956و لەئوردن ساڵی 1974و لەعێراق ساڵی 1980و لەیەمەن (باشور) ساڵی 1967 لەكاتێكدا لەیەمەنی باكور بۆ ساڵی 1970 دوادەكەوێت، بێجگەلەوە لەكەنداوو سعودیەو ئیمارات، وڵاتانیتر هەمویان لەسەرەتای هەزارەی نوێوە مافی دەنگدانیان بەژنان داوەتەوەو كوەیت لەدوای هەمویانەوەیە لەمایۆی ساڵی 2005دا ، تەنانەت لەعەرەبستانی سعودیە بەمدواییە ژنان مافی دەنگدانو خۆپاڵاوتنیان بۆ ژوری بازرگانی وەرگرتوە.

ئەم تێڕوانینە بەشێوەیەكی كلاسیكی بۆ پشتبەستن بەدوو ئاراستە لەراڤەكردنی هەژمونی باوكسالاری بەسەر پرۆسەی سیاسیدا، دەمانبات، ئەوانیش:



یەكەم: ئەو هەڵبژاردنانەی كەكۆمەڵگە بۆ ژنان بڕیاری لێداوە وایكردوە وزەو تواناكانیان بەئاراستەی بایەخدانە خێزانییەكانو بەتایبەت پێگەیاندنی منداڵەكانیان بڕوات، دووەم: دابونەریتە كۆمەڵایەتییەكانو گریمانە وتراوو نەوتراوەكانیش كەكۆنترۆڵی ئاراستەكانو دیاریكردنی (رۆڵ)ەكان دەكەن، توێژینەوە نوێیەكان ئەم دوو تێڕوانینەیان تێپەڕاندوەو ئەوەشیان دەرخستوە كەدامەزراوە سیاسییەكان رۆڵیان هەبووە لەدروستكردنو بەردەوامیدان بەم ئاراستانەو بەهەمانشێوە بەردەوامیدان بەرۆشنبیری سیاسی ئینتیقائی كەكاریگەری خراپ تەنانەت لەسەر ئەو ژنانەش دادەنێت كە لەهەڵبژاردنەكاندا سەركەوتوودەبن، ئەمەش بەدانانی مەرجی تایبەتی لەبەردەمی بەشداریكردنیاندا، یەكێك لەتوێژینەوەكان دەریخستووە ئەو ژنانەی فەرەنسا كەهەڵبژێردراون دوو ئیختیار زیاتریان لەبەردەمدا نییە: یەكەمیان: پەیڕەویكردنی یەكسانی بەگوێرەی پێناساندنی نێرینەییەكە كەدەخوازێت ژنان لەبەرچاوان دەرنەكەون، یان هەڵبژاردنی جیاكاری دیسانەوە بەگوێرەی تێگەیشتنە نێرینەییەكە كە بەهۆیەوە لەپلەی دووەمدا دەمێنێتەوەو، هەر هەڵبژاردنێكی تر كە لەبازنەی بەشداری كاروباری گشتی دەریاندەكات.

لەسەر بنەمای دەرهاویشتەكانی ئەم دوو ئەڵتەرناتیڤە، ژنان دور لەدامەزراوە سیاسییە فەرمییەكان كاركردنیان هەڵبژاردوە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانكاری سیاسیو كۆمەڵایەتی، ئەگەرچی زۆربەی رێكخراوەكانی ژنان هانی ژنان دەدەن كە لەم روانگەیەوە هیوابڕاونەبن، بەئاماژەكردن بەو پێشكەوتنانەی وڵاتانی ئەسكەندەنافیا پێی گەیشتوون، بەپشتبەستن بەوەی ژنان بەرێژەیەكی لۆژیكی 30٪ بەشداربن لەبواری سیاسیدا، وەك چۆن بەرنامەی كاری پەكین جەختی لەسەر كردووەتەوە، بەچەشنێك ژنان بۆیان دەلوێت كاریگەری لەسەر سیاسەتەكان دابنێنو جیاوازییەكی بنەڕەتی بهێننەئاراوە، بەتایبەت لەرێگەی تێكەڵكردنی تێڕوانینی جۆری كۆمەڵایەتی لەچالاكییە سەرەكییەكانو لەگشت بوارەكانی بڕیارداندا. بەڵگەی ئەم راستییە ئەو ژنانەیە كە لەشوێنە گشتییەكاندانو پەیوەندی بەتینیان لەگەڵ رێكخراوە ناحكومییەكانو رێكخراوەكانی قاعیدە جەماوەرییە دورەدەستەكاندا هەیە.

## طرنطترين دةستكةوتةكانى بارودؤخى ذنانى عةرةب ضين؟

لەسایەی گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسییە یەكلەدوایەكەكاندا، بارودۆخی ژنان باشبونێكی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە بەبەراورد لەگەڵ ئەو بارودۆخەی حەفتاكانی سەدەی رابردوو ژنان تیایدا دەژیان. هاوكات هۆشیاری سەبارەت بەگرنگی بەشداریكردنیان زیادیكردووە، لەكاتێكدا كەنیوەی كۆمەڵگەن، لەپرۆسەی گەشەپێدانو لەگشت بوارەكانو لەسەر هەموو ئاستەكان.

باشکردنی باری تەندروستی ژنان، وەك ئەوەی سەرژمێرییە تەندروستییەکان لەتەمەنێکی چاوەڕوانکراو بۆ ژنان ئاماژەی پێدەکەن، تەندروستی وەچەخستنەوەو تێکڕای مردنی دایکانو منداڵان، ئەم چاکبوونە پەیوەندی بەخزمەتگوزاری تەندروستی باشترو خوێندنی زانستی باڵاو ڕێکخستنی خێزانی باشترو داهاتی خێزانی فەراهەمترەوە هەیە بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەئەنجامی بەشداریکردنی ژنان لەچالاکی ئابوریداو چوونەناو بازاڕەکانی کارکردنەوە بەژمارەیەکی زۆرتر.

بەڵام هێشتا ژنان بەدەست هەژاریو نەخوێندەواریو بێتوانایی لەتێپەڕاندنی ڕێگرەکانی چوونە نێو بوارە جۆراوجۆرەکانەوە دەناڵێنن، کارکردن بۆ پیاوان قۆرخکراوە، بەشداری ژنان لەدەسەڵاتو ژیانی گشتیو سیاسەتو لەبواری بڕیارداندا لەئاستی پێویستدا نییە، ئەمانە گرنگترین ئەو ڕێگرانەن کەڕووبەڕووی باشبوونی پێگەی ژنانو پێشکەوتنو هاتنەپێشەوەیان دەبنەوە، دەبێت کار بۆ تەسککردنەوەی کەلێنی نێوان دەقە یاساییەکانو جێبەجێکردنیانو ئەو یاسایانەی ڕێگری لەکارکردنی ژنانو بەشداری تەواویان لەپرۆسەی گەشەکردندا، دەکەن، بکەین. ئەم یاسایانەش پێویستیان بەچاوپیاخشاندنەوە هەیە بۆ ئەوەی بتوانن هاوشانی گۆڕانکارییە خێراکانی سەر ئاستی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوری هەنگاوهەڵگرن، لەناویاندا گونجانی پەیکەربەندیو تایبەتکردنو دوبارە دامەزراندنەوەی پەیکەربەندیو بوارەکانی تری چالاکی ئابوری کەکاریگەری گەورەیان هەیە، نەك تەنها لەسەر پیاو، بەڵکو لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتیو ئابوری.

لەسایەی ئەم گۆڕانکارییانەدا، دابونەریتو بەهاو ڕێساو بیروباوەڕە ئایینییەکان گرنگترین چوارچێوەی ئایینیو ڕۆشنبیرین کەدەشێت ژنان لەمیانەیانەوە بەشداری پرۆسەی گەشەپێدانو هاوبەشیکردن بکەن، هێشتا لەجیهانی عەرەبیدا خێزان دامەزراوەیەکی مەرکەزییەو، ژنان هەوێنی ئەم دامەزراوەیەن، بەسیفەتی ئەوەی هاوسەر، یان خوشك، یان دایکە، یان وەچەخەرەوەو بەخێوکەری منداڵن. بەڵام هەر چوار کۆنگرە جیهانییەکەی پەیوەندیدار بەژنان کە لەنیومەکسیکۆ ساڵی 1975و لەکۆپنهاگن ساڵی 1980 و لەنیرۆبی ساڵی 1985و لەپەکین ساڵی 1950 سازکراونو گشت ئەو کارانەیان بەدوای خۆیاندا هێناوە کەرۆڵێکی کارایان هەبووە لەهۆشیارکردنەوەی بڕیاربەدەستان لەگشت وڵاتانی جیهانی عەرەبیدا سەبارەت بەگرنگی بەشداریکردنی ژنانو چەمکی جۆری کۆمەڵایەتی (Gendar)و ئەو ڕۆڵو ئەرکە جیاجیا دینامیکییانەی ئەندامەکانی کۆمەڵگە بەجێی دەگەیەنن، ئەوانەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر لەوێنەی هاوبەش لەپرۆسەی گەشەپێداندا تەماشادەکرێن. ئەمە سەرباری کاریگەری قوڵی جەنگو پێکدادانە ناوخۆییو کۆمەڵایەتیو ئابورییەکان کەبۆماوەی چەند دەیەیەك باڵیان بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو،



نەك تەنها لەسەر کۆی گشتی خودی پرۆسەی گەشەکردنەکە، بەڵکو بەهەمانشێوە لەسەر بارودۆخی ژنانی عەرەب لەکۆمەڵگادا.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ژنانی عەرەب ژمارەیەك دەستکەوتیان هەبووە، لەسەر ئاستی چوونەپاڵ پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانو دەستورو یاساکانو، هەروەها بەشداری سیاسیو بڕیاردانو دانانی ستراتیژو پلان بۆ کاری نیشتمانی ژنانو، بونیاتنانەوەی دامەزراوەیی، سەرباری فێربونو تەندروستیو کاکردن.

## ضوونەثاڵأ ثەیماننامة نیَودةولَةتییةكان:

تا ئەیلولی ساڵی 2005 لەکۆی 22 وڵاتی عەرەبی 17 وڵاتیان پەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان (سیداو)یان پەسەندکردووە، بەڵام تێبینییان لەسەر گرنگترین بەندەکانی هەبووە، بەچەشنێك ئەم تێبینییانە، ناوەڕۆکی پەیماننامەکە، وەك پێشتریش ڕوونمانکردەوە، بەتاڵدەکەنەوە. هەنوکە لەکۆمەڵێك لەوڵاتانی عەرەبیدا توێژینەوە لەئارادایە بۆ هەڵگرتنی هەندێك تێبینی سەر جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیماننامەکە.

## دةستورء یاساء بةشداری سیاسی:

لەسەر ئاستی دەستورو یاساکان کۆمەڵێك لەوڵاتان پێداچونەوەیان بۆ یاساکانیان کردوەو هاوکات یاسای نوێشیان دەرکردوە، وەك یاسای خێزان لەمەغریبو دامەزراندنی دادگای خێزان لەمیسر، نوێکردنەوەی یاساکانی باری کەسێتیو لەناویاندا یاسای (خەلع) لەمیسرو ئوردنو یاسای ڕەگەزنامە لەمیسرو تونس. یاسای کارکردن نوێکراوەتەوەو یاسای دابینکردنی کۆمەڵایەتی لەبەرژەوەندی ژنان هەموارکراوە، هەروەها فراوانکردنی تۆڕەکانی دڵنیایی بۆ لەخۆگرتنی ژنانو یاسای سزادانی پەیوەندیدار بەتاوانەکانی شەرەف لەهەندێك لەوڵاتانی عەرەبیدا. هاوکات ژنان لەزۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا مافە سیاسییەکانیان وەرگرتوەو لەنێویاندا وڵاتانی کەنداوو دوایەمینیشیان کوەیت لەمایۆی 2005دا، لەعێراقیش سیستمی تەرخانکردنی پشك (کوتا) بۆ ژنان لەپارلەمانەکانی عێراقدا بە( 25٪) هاتوەتەئاراوە، "لەراستیدا ژنانی عێراق ( 31٪)ی کورسییەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقیان (کە لەیەنایەری 2005دا هەڵبژێردراوە) بەدەستەوەیە، ئەمەش بەرزترین ڕێژەیە لەسەر ئاستی نیشتمانی عەرەبی" ، یەمەن (بە 10 بۆ 15 کورسی)و ئوردن (6 کورسی)و مەغریب ( 30 کورسی) لەکاتێکدا هەنوکە لەمیسرو لوبنانو چەند وڵاتێکیتر کار لەسەر دیراسەکردنی ئەم لایەنە دەکرێت، ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسەر زیادکردنی ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنی ژنان لە(3٪) لەساڵی 1995 بۆ زیاتر لەڕێژەی (7٪) لەساڵی 2005 لەکورسییەکانی پارلەمانەکانی وڵاتانی عەرەبی ، هەروەها نزیکەی 6٪ی ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری. لەمبارەیەوە ئەزمونی عێراق لەداڕشتنەوەی دەستوردا کەبۆ

یەکەمجار ئەندامانی ژن لەکۆمەڵەی نیشتمانی عێراق هەڵبژێردران لەیەنایەری 2005 بەشدارییبکەن، جێگەی ئاماژەپێکردنە.

ئەمانە لەسەر ئاستی یاسادانان، بەڵام لەسەر ئاستی جێبەجێکردن ژمارەی وەزیرە ژنەکان گەیشتوەتە 43 وەزیر، شەش وەزیریان لەحکومەتی ئێستای عێراقو، پێنج لەجەزائیر، چوار وەزیر لەسەڵتەنەتی عەممانو، سێ وەزیری ژن لەهەریەك لەئوردنو فەلەستینو تونس، دوو وەزیر لەهەریەك لەبەحرێنو جیبۆتیو میسرو مەغریبو سوریا، یەك وەزیر لەهەریەك لەکوەیتو لوبنانو لیبیاو مۆریتانیاو قەتەرو سۆماڵو سودانو یەمەنو ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، کەهەندێکیان بۆ یەکەمجارە وەزیری ژنیان هەبێت.

کەچی زۆر بەدەگمەن کەمینەیەکی ژنان لەدانیشتنەکانی ئاشتیدا بەشداربوون. لەراستیدا بارودۆخی پشێوی ناوچەکە زەمینەخۆشی بۆ چالاکی سیاسیو تێکۆشانی ژنان کردووە، ئەمەیان ئەگەر ژنان خۆیان بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانیان ئامادەبکەن، وەك دەرکەوتنیان لەباکوری ئەفریقا (جەزائیر)و جەنگی ناوخۆ لەلوبنانو یەمەن، داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە کەژنانی ناچارکرد رۆڵێکی سەرەکی لەئەستۆبگرن لەپێناو کەمکردنەوەی نەهامەتییەکانی جەنگ لەسەر گەلەکەیانو بەرگریکردن لەمافەکانیان وەك هاوڵاتییەك، هەروەها ژنانی فەلەستین ناچاربوون بەشداری خەباتی سیاسی بکەن بۆ بەرگریکردن لەبوونی خۆیانو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی بەهۆی نەبوونی حکومەتەوە لەفەراهەمکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیو تەندروستیو فێرکارییەکاندا هاتوونەتەئاراوە، وەك چۆن جەنگی کەنداو زۆر مەسەلەی هێنایە سەر بەرەو کردیە بەشێکی دانەبڕاوی گفتوگۆ دەربارەی ناسنامەی عەرەبیو پەیوەندییە هەرێمیو سیاسییە نێودەوڵەتییەکان.

بەڵام بەداخەوە، تاهەنوکە جیاکاری لەنێوان ژنانو پیاوان لەخەباتی گەلانو لەگۆڕەپانی بەشداری لەسیاسەتە ناوخۆییو هەرێمیو نێودەوڵەتییەکاندا برەوی هەیە! بۆ نموونە لایەنی تێکۆشانی سیاسیو مەسەلەکانی رزگاریو ئەنجامدانی دانیشتەکانی بەدیهێنانی ئاشتی بۆ پیاوان قۆرخکراوە، هەروەها مەسەلەکانی بودجەی گشتیو داراییو بازرگانیو ئابوری تایبەتمەندێتی پیاوانەی وەرگرتووە، کەچی چاودێری کۆمەڵایەتیو دایکایەتیو منداڵێتیو گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی کراوەتەوە بەمەسەلەی ژنان. ئەمەش وامان لێدەکات بپرسین: ئایا لەهیچ سەردەمو قۆناغێکدا سەلمێندراوە کەکورتهێنانی بودجە یان هەڵاوسانی ئابوری یان ململانێ چەکدارییەکان بەتەنها کاریگەریان لەسەر پیاوان هەبووبێت؟ هەر شتێك کەپەیوەندی بەخەباتو جەنگو ئاشتیو دانوستانی ئاشتییەوە هەبێت هیچ بوارێکی بۆ ژنان تێدانییە، لەکاتێکدا ژنان لەهەموان زیاتر



قوربانی جەنگو ململانێ چەکدارییەکانن؟ مەبەست لەچەمکی لایەنگر بۆ سیاسەت چییە؟ لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەکان خەریکە گۆڕانیان بەسەردا دێت، داننان بەرۆڵی سەرەکی ژنان لەپرۆسەی گەشەسەندنی بەردەوامو ئاساییبوونەوەی کۆمەڵایەتی، روو لەزیادبوونە. بەمدواییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ یەکەمجار دانی بەرۆڵی گرنگی ژنان لەرێگرتن لەروودانی ململانێکانو چارەسەرکردنیانو پرۆسەی ئاشتیدا ناوە، کاتێك ئەنجومەنی ئاسایش لەمانگی تشرینی یەکەمی 2000دا بڕیاری ژمارە (1325)ی لەمبارەوە دەرکردو، جەخت لەسەر گرنگی بەشداریکردنی تەواوەتیو یەکسانی ژنان لەکاری سیاسیو لەسەر زەرورەتی جێگیرکردنی رۆڵی ژنان لەبڕیاردان لەگشت ئاستو بوارەکاندا دەکاتەوە، لەناویاندا کاروباری گشتیو جیهانی.

سەرباری ئەمانەش، لەسەر ئاستی کاروباری گشتی، واتە سیاسی بەبەراورد بەکاروباری تایبەتی، پێویستم بەدیاریکردنو هێنانەوەی ئەم وتەیە دەبێت "گشت شتێکی شەخسی سیاسییە" لێرەدا جێگەی ئاماژەیە ئەو داتایانەی لەبەردەستدان نزمی ئاستی بەشداری ژنان لەبەشداریکردنی کاری سیاسیو کاروباری گشتی لەسەر ئاستی نیشتمانی دووپاتدەکەنەوە. ئەوەندە هەیە ئەم بارودۆخە بەسەر زۆربەی وڵاتانی جیهاندا جێبەجێدەبێت، نەك تەنها وڵاتانی جیهانی عەرەبی، ئەگەرچی رێژەکە لەوڵاتانیتردا کەمێك زیاترە. راڤەکردنی هۆی ئەم دیاردەیە زۆرجار بۆ زاڵبونی عەقڵیەتی پیاوسالاری باوو دابەشکردنی کلاسیکیانەی کارکردن لەنێوان ژنانو پیاوانو بۆ کەمی رێژەی ئەو ژنانە دەگەڕێتەوە کەچوونەتە ناو حزبە سیاسییەکانەوە، کەدەکرا هاوکاربن لەگۆڕەپانی ململانێی سیاسیدا. راڤەیەکیتر کەگریمانەیە، ژنان بۆ ئەوەی بچنە سەر حەلەبەی سیاسی کەکلاسیکیانە قۆرخی پیاوانە، دەبێت بیسەلمێنن کە لەتوانایاندایە بەسەر پیاواندا سەربکەون، بەڵکو حسابێکیان بۆ بکەن.

تەنانەت ئەو وڵاتانەش کە لەحکومەت یان پارلەمانەکانیاندا نوێنەری ژنانیان نییە، بۆ نوێنەرایەتیکردنی وڵاتەکانیان لەبواری دیبلۆماسیدا بەسیفەتی باڵوێز یان پۆستی باڵا لەپێگەکانی بڕیاردان لەئەمینداریێتی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکانو رێکخراوە تایبەتمەندەکانو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تر ژنان دادەمەزرێنن، وەك ژنانی کوەیتیو سعودیو ئوردنیو میسری، یان دەکرێنە عەمیدی پەیمانگا یان کۆلێژەکانی فێرکردنی باڵا، سەرباری گەیشتنی ژنان (لەبەر لێهاتوییان) بەپۆستە باڵاکانی رێکخراوە هەرێمیو نێودەوڵەتییەکان، کەچی رێژەی نوێنەرایەتیکردنیان لەپارلەمانەکانی وڵاتانی عەرەبیدا تەنها کەمێك لەسەروی رێژەی (٪7) ەوەیەو، ژمارەیەکی کەمیان پۆستی کارگێڕیی باڵا یان حکومییان وەرگرتوە. لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك لەو کێشانەی کەخراوەتە بەر باسو لێکۆڵینەوە زەرورەتی پڕکردنەوەی کەلێنی بەرفراوانو

مەحاڵی نێوان یاساو واقیعی سیاسەتو ڕێوشوێنەکانی تایبەت بەژنانی عەرەبە، لەنێویاندا کارتە نێودەوڵەتییەکان.

دەکرێت لاوازی بەشداری سیاسیانەی ژنان لەجیهاندا بەگشتیو لەنیشتمانی عەرەبیدا بەتایبەتی بۆ چەند هۆیەك بگەڕێنینەوە، لەوانە: کەمی شارەزایی لەبەشداری سیاسی لەگۆڕەپانێکدا کە بەشێوەیەکی کلاسیکی کەوتووەتە ژێر رکێفی نێرینەوە، نەبونی هۆی دارایی بەمەبەستی خۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنەکانو بەپارەدارکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەو تێچونە زۆرەوە، هەروەها نەبوونی تواناو لێهاتویی پێویست لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردنداو نەبوونی ئەزمون لەبەکارهێنانی هۆیەکانی راگەیاندن بۆ بەرژەوەندی ژنان، نەبوونی توانا بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ ڕێگرتن لەپەخشکردنی وێنەی لەقاڵبدراو و سەلبی دەربارەی پاڵێوراوانی ژنانو، نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان ژنانو کەموکوڕی لەپشتگیریکردنی پاڵێوراوانی ژنان، بەهەمانشێوە ئەو مۆرکە نێگەتیڤەی کەهاوکاری حزبە سیاسییەکانی بۆ پاڵێوراوانی ژنان پێدەناسرێتەوە، هەروەها ئەو هاندانە ئابورییانەی کەخزمەتی بەرژەوەندی تایبەتی دەکەن.

ئەمەش لەبەر شێوازی کارکردنی کلاسیکیانەی زۆرێك لەحزبە سیاسییەکانو پەیکەربەندییەکانی حکومەت کەهەمیشە وەك لەمپەرێك لەبەردەم بەشداریکردنی ژنان لەژیانی گشتیدا دەمێننەوە.

وەك چۆن لەوانەیە ژنان بەهۆی هەڵوێستو مومارەساتی جیاکاری لەناو خێزانو دەرەوەی خێزاندا لەسەر بنەمای پەیوەندی دەسەڵات، ساردببنەوە لەوەی بەشوێن وەرگرتنی پۆستی گشتیدا بچن، نەبوونی هەلومەرجی پێویست بۆ پێگەیاندنی شارەزایی پێویستی سەرکردایەتیکردن، لێپرسراوێتی خێزانیو، ئەو تێچووە مادیو مەعنەوییەی بەهۆی خۆپاڵاوتن بۆ پۆستێکی گشتی یان پارێزگاریلێکردنی دەکەوێتەسەریان، بەهەمانشێوە نوێنەرایەتیکردنی کەموکورت لەپۆستەکانی بڕیاردان لەبوارە جیاجیاکان (هونەر، رۆشنبیری، وەرزش، راگەیاندن، فێرکردنو یاسا) وادەکات ژنان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر دامەزراوە سەرەکییەکان نەبێت. سەرەڕای ئەمانەش، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەقاڵبدانی نێگەتیڤی ژنانو پیاوان، لەنێویدا لەقاڵبدان لەرێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە، وادەکەن پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی بۆ پیاوان قۆرخ بێت، بەمەش دابونەریتەکانو ئەنگیزە هۆزایەتییەکانو نەژادو مۆرکی باوکسالاری لەهەر هۆیەك زیاتر رێگری لەبەشداریکردنی ژنان لەژیانی سیاسیدا دەکەن.

کۆی قسەکان بریتین لەوەی ململانێکانی ژنانی عەرەب هەمەچەشنو بەشبەشن، بەڵام ئەوەندە هەیە بەسەر ژنانی عەرەبدا کورت نەبووەتەوە، هەروەها ژنانی عەرەب یەك نین، سەرباری کۆدەنگی لەسەر زەرورەتی یەکخستنی هەوڵەکان، بەڵام تا ئێستا بزوتنەوەیەکی یەکگرتوی ژنان



لەجیهانی عەرەبیدا نەهاتوەتە گۆڕەپانەوە، لەراستیدا ژنانی عەرەب لەهەندێك مەسەلەدا ریزەکانیان یەکخستووە، بەڵام بەدەگمەن رێکەوتووە رێکخراوێکی ژنان بەرگری لەگشت مەسەلەکانی پەیوەندیداری جێگەبایەخ بۆ سەرجەم ژنانی عەرەب، بکات. ئەمە ئەو دورییە هەرێمیو نێودەوڵەتییەیە کەدەبێت ژنانی عەرەب رەچاوی بکەن.

وەك لەمیانەی کۆنگرەی قاهیرە بۆ دانیشتوانو گۆنگرەی پەکین بۆ ژنانو تەنانەت داوای ئەمانەش چۆن مەسەلەی ژنان بووە وێردی سەرزمانی هەمووانو، چۆن لەگوتاری سیاسی گشتیدا بوار بۆ ژنان کرایەوە، ئەم زیادبونەوەی رێژەی هۆشیاری هاندەری ژنان بووە بۆ پێشکەوتنو کارکردن لەپێناو یەکخستنی ریزەکان لەپێناو گەیشتن بەئامانجی چاوەڕوانکراوو بەشداری کارای لەسیاسەتدا لەئاستی تایبەتەوە بۆ ئاستی گشتیو بۆ ئاستی نێودەوڵەتی.

کەواتە کەلێنی نێوان ژنانو پیاوان زۆر بەرفراوانەو جیاکاری دژی ژنان لەئارادایە، ئەگەرچی لەهەندێك بواردا هەستیشی پێنەکرێت. ئەگەر خەسڵەتەکانی لاسایکردنەوە لەپێناو پێشکەوتندا لەبەرچاوبگیرێت دەبینین بەشداریکردنی ژنان لەپرۆسەی گەشەپێداندا سنوردارە، جێگەی ئاماژەیە ژنان لەزۆرێك لەوڵاتانی خۆرئاوای پێشکەوتوودا ماوەیەکی زۆر دورودرێژ چاوەڕوانبوون بۆئەوەی ببنە هەڵسوڕاوی سیاسی پاش ئەوەی لەپێناو گەیشتن بەمافەکانی هەڵبژاردندا خەباتیان کردووە، لەویلایەتە یەکگروەکان لەساڵی 1920ەوە ژنان مافی دەنگدانیان هەیە، کەچی خاوەن چالاکییەکی سیاسی بەهادار نەبوون تا ئێستا لەسەر ئاستی نیشتمانیو، هاوکات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی یەکەم وەزیری دەرەوە دامەزراوە، لەنیوزلەندا ژنان لەساڵی 1893ەوە مافی هەڵبژاردنیان وەرگرتوەو لەئوستراليا لەساڵی 1901، بەرزترین تێکڕای بەشداری سیاسی ژنان لەوڵاتانی ئەسکەندەنافیادایە کە: 43 ٪ ی لەسویدو 34٪ی لەدانیمارکە.

دەکرێت بیانوو بۆ ژنان بهێنرێتەوە لەبەرئەوەی شێوازە کلاسیکییەکانی کارکردن وەك رێگرێك لەبەردەم بەشداریکردنیان لەژیانی گشتیو تایبەتیدا دەمێنێتەوە. بۆ نموونە ژنان بەهۆی هەڵوێستو پیادەکردنی رەفتاری جیاکاری لەناو خێزانو لەدەرەوەی خێزانو لەسەر ئاستی دەسەڵاتیش رووبەڕووی رێگری وەرگرتنی پۆستێکی سیاسی دەبنەوە، فەراهەمکردنی پێداویستی بۆ پەرەپێدانی شارەزاییە پێویستەکانی سەرکردایەتیکردنو لێپرسراوێتییە خێزانییەکانو، تیچوی زۆری هەوڵەکانی گەیشتن بەپۆستی گشتیو پارێزگاری لێکردنی، سەرباری نوێنەرایەتیکردنی کەموکورتی ژنان لەپێگەکانی بڕیارو لەزۆر بواری تریشدا وەك (هونەرو رۆشنبیریو وەرزشو راگەیاندنو فێرکردنو یاساکان). کەوادەکات ژنان کاریگەریو رۆڵێکی ئەوتۆیان لەدامەزراوە سەرەکییەکاندا، نەمێنێت.

سەرباری ئەمانەش، پێگەیشتنی كۆمەڵایەتیو لەقاڵبدانی نێگەتیڤی ژنانو پیاوان، هەڵگەڕانەوە لەمیانەی كەناڵەكانی راگەیاندنەوە، كەكار لەسەر جێگیركردنی ئاراستەی بەردەوامبونو قۆرخكردنی پرۆسەی بڕیاردان بۆ پیاوان دەكات، بۆیە دابونەریتو ئەنگیزەی هۆزایەتیو مۆركی باوكسالاری لەكۆمەڵگەدا وادەكات ببێتەرێگر لەبەردەم بەشداریكردنی ژنان لەپرۆسەی گەشەپێدانو نەهێشتنی گشت شێوەكانی جیاكاری.

## میكانیزمی دامەزراوەیی:

چەندین میكانیزمی نیشتمانی بۆ ژنان هاتووەتەئاراوە، لەوانە پۆستی وەزارەت لەهەشت وڵات (مەغریب، فەلەستین، سۆماڵ، تونس، جەزائیر، جیبۆتی، عێراق، مۆریتانیا)و ئەنجومەنو دەستەی نیشتمانی لەسەر باڵاترین ئاست بۆ هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتە جیاوازەكان لەمەسەلەكانی تایبەت بەژنانو بەئاگابوونو بەدواداچوونی جێبەجێكردنی ستراتیژو پلانو بەرنامەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەكانی پەیوەندیدار بەژنانو خستنەڕووی یاساگەلێك بۆ بەرگرتن لەجیاكاری دژی ژنان.

## ئامادەكانی فێركردنو تەندروستیو كاركردن

لەمیانەی كۆمەڵە ئاماژەیەكی بنەڕەتییەوە، ئەو پێشكەوتنانەی كە لەبوارەكانی فێركردنو تەندروستیو كاركردندا روویانداوە، دەخەینەڕوو، دەستكەوتەكانی ژنانی عەرەب لەبوارەكانی تەندروستیو فێركردنو كاركردندا دەكرێت بەهاندان دابنرێت بەبەراورد لەگەڵ بارودۆخی هەفتاكانی سەدەی رابردوودا. بەڵام هاوبەشیكردنی ژنان لەژیانی گشتیو دابەشكردنی دەسەڵاتو بڕیاردانی سیاسی نەگەیشتوەتە ئاستی پێویست، هەرچی پەیوەستە بەلایەنی هۆشیاری یاسایی ژنانو راهێنانیانەوە، پێویستی بەتێپەڕاندنی چەندین رێگری ئابوری، كەمكردنەوەی نەهامەتییەكانی هەژاریو بەدیهێنانی پشتبەخۆبەستنو سەربەخۆیی مادیو ئاسایشی دارایی بەمانا فراوانەكەی، هەیە.

## فێركردن:

گرنگترین دەستكەوتی ئەم بوارە، بریتییە لەجێبەجێكردنی یاسای فێركردنی تەوزیمی قۆناغی سەرەتایی بۆ منداڵانی كوڕو كچ، بەم هۆیەوە كەلێنی نێوان كوڕانو كچان لەسەرجەم قۆناغەكانی فێركردندا بەرتەسكبووەتەوە، لەوڵاتانی كەنداو لەقۆناغەكانی خوێندنی زانكۆیدا كەلێنەكە لەبەرژەوەندی ژنانە، دەتوانرێت بوترێت ئەم كەلێنە بەتەواوەتی یەكدەگرێتەوە كاتێك خوێندكارانی قۆناغی سەرەتایی دەگەنە تەمەنی گەورەیی.

## تەندروستی:

ئاماژەدەری تەندروستی گشتی ژنان لەزۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا لەماوەی نێوان ساڵەكانی 1995و ساڵی 2005 بەرەو باشترچووە، لەنێو ئەم باشبوونەدا: كەمبونەوەی مردنی دایكانو



منداڵانی شیرەخۆرەو كەمبوونەوەی تێكڕای وەچەزای گشتیو باشبوونی تەمەنی چاوەڕوانكراو بۆ منداڵبوون، لەماوەی ئەم دوو دەیەی دواییدا حكومەتی وڵاتە عەرەبیەكان پشتیان بەسیاسەتی باشتركردنی پێوەرە تەندروستییەكانو فەراهەمكردنی خزمەتگوزاری تەندروستی باشتر بەستووە، بەهاوكاری لەگەڵ دامەزراوە نێودەوڵەتییەكانو رێكخراوە تایبەتمەندەكانی سەر بەنەتەوە یەكگرتوەكانی وەك یونسێف ( UNICEF)و رێكخراوی تەندروستی جیهانی ( WHO ) رێوشوێنی شێلگیریان بۆ جێبەجێكردنی گرتوەتەبەر.

ئینجا چەندین هەڵمەتی هۆشیاركردنەوەی تەندروستییان لەسەر ئاستی نیشتمانیو هەرێمایەتی جێبەجێكردوە، بۆ نموونە، لەوڵاتانی ئەنجومەنی هاریكاری كەنداوو وڵاتانی تریش بودجەی زیاتر بۆ خزمەتگوزاری تەندروستیو خۆپارێزیو چارەسەركردنو كڕینی ئامێرو تەكنەلۆژیای پێشكەوتوو تەرخاندەكرێت. كەكاریگەری بەرجەستەیان هەبووە لەسەر باشتربوونی تەندروستیو خزمەتگوزاری تەندروستی كەحكومەتی ئەو وڵاتانە فەراهەمیانكردوە. ژمارەی نەخۆشخانەكان زیادیانكردوە، ئاسان دەستكەوتنی خزمەتگوزاری تەندروستیو زیادبوونی بنكەكانی تەندروستی كاریگەری ئیجابییان لەسەر بارودۆخی تەندروستی گشتی داناوە، بەتایبەت سەبارەت بەرێژەی مردنی منداڵی شیرەخۆرو مردنی دایكانو تەمەنی چاوەڕوانكراو لەكاتی منداڵبووندا.

لەماوەی نێوان ساڵانی 2000 – 2005 ناوەندێتی تەمەنی چاوەڕوانكراوی ژنانی عەرەب لەكاتی لەمنداڵبوندا گەیشتوەتە 68 ساڵی بەبەراورد بەماوەی ساڵانی 1980 – 1985 كە 61 ساڵ بوو، واتە بە22 ساڵ بەرزتر بوو پێش 4 دەهەك، بۆ نموونە ناوندێتی تەمەنی ژنان گەیشتوەتە 70 – 88 ساڵ لەوڵاتانی كەنداوو كەناری خۆرئاواو لوبنانو ئوردن، لەكاتێكدا ناوەندێتییەكە لەچەند وڵاتێكی ناوچەكەدا كەكەمتر پێشكەوتوون وەك یەمەنو سۆماڵو مۆریتانیاو جیپۆتیو سۆدان لەنێوان 45 بۆ 50 ساڵدایە، ئەمەش لەبەر كەموكورتی خزمەتگوزاری تەندروستیو هۆشیاریو رۆشنبیری تەندروستی لەو وڵاتانەو كەمی ئەو بودجانەی بۆ خزمەتگوزاریو دامەزراوەكان بەتایبەت لەناوچە گوندنشینو دورەدەستەكان تەرخاندەكرێت. میسر بەرزترین رێژەی باشبوونی لەناوەندێتی تەمەنی چاوەڕوانكراوی ژناندا تۆماكردوە، بەچەشنێك تێكڕای ناوەندێتییەكە لە 52 ساڵ لەهەفتاكاندا بۆ 70 ساڵی ناوەندێتی تەمەن لەماوەی نێوان 2000–2005 زیادیكردوە.

هەروەها لەماوەی نێوان 1995 – 2000و 2000 – 2005 بەردەوام تێكڕای كۆی وەچەزا بەرێكوپێكی لەوڵاتانی عەرەبیدا دابەزیوە، ناوەندێتی ژمارەی منداڵ بۆ گشت ژنێك لەتەمەنی وەچەخستنەوەدا لە ( 4.6)ەوە بۆ ( 2.4) دابەزیوە لەسەر ئاستی عەرەبی، خەمڵاندنە سەرژمێرییەكانی ئەلئیسكوا ئاماژە بەوەدەكەن كەئەم دابەزینە بەردەوام دەبێت تاوەكو

لەساڵەكانی 2005– 2010 دا دەگاتە ( 6.3) منداڵ بۆ یەك ژن لەتەمەنی وەچەخستنەوەدا، بەڵام تێكڕاكانی وەچەزا لەوڵاتانی عەرەبی هەمەجۆرە، لەتونسو لوبنان وەك نزمترین ئاستو لەنێوان (2.2)و (1.2) منداڵ بۆ هەر ژنێك لەتەمەنی وەچەخستنەوەدا لەیەمەن وەك بەرزترین ئاست، بۆ (6.7) توێژینەوەی ئاراستەی گشتی روینكردوەتەوە كەتێكڕای (الخصوبە)ی گشتی لەهەریەك لەیەمەنو سۆماڵ لەماوەی بیست ساڵدا گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، لەلایەكیترەوە لایەنگرانی رێكخستنی خێزان روو لەزیادبوونە، ئەمەش لەمیانەی هەڵمەتەكانی هۆشیاركردنەوە كەحكومەت بەهاوكاری رێكخراوە ناحكومیو ئاژانسە تایبەتمەندەكان بەئەنجامیدەگەیەنێتو، زیادبوونی هۆشیاریو ژمارەی ئەو ژنانەش كەتواناو ئامادەییو ئەهلیەتی پێویستیان تێدایە بۆ بڕیاردان لەسەر ژمارەی ئەو منداڵانەی دەیانەوێت بیانبێت، ئینجا چاكبوونی فێركردنو بەرزبونەوەی رێژەكانی بایەخدان بەخوێندنو نوسینو، باشبونی تەندروستیو، هەلی زیاتری كاركردن، سەرەڕای بەرزبونەوەی تەمەنی هاوسەرگیری، گشت ئەم كاراكتەرانە پەیوەندییەكی ئیجابیانەیان بەروی دابەزینی تێكڕای وەچەخستنەوەو كەمی یەكەكانی خێزانەوە هەیە.

**كاركردن:**

بەڵام سەبارەت بەچالاكی ئابوریی ژنان لەجیهاندا، بەشێوەیەكی گشتی پشكی كەمتری بەركەوتووە بەبەراورد لەگەڵ رێژەی ژنان، كەچی كەلێنی نێوان ژنانو پیاوان لەناوچە عەرەبییەكاندا زۆر زیاترە، سەرباری ئەوانەش رێژەی ژنان لەماوەی نێوان 1995 بۆ 2003 لە( 18٪)ەوە بۆ (29٪) لەكۆی گشتی هێزی كاری ژنانو پیاوانی پانزە ساڵو بەرەو سەرەوە پێكدەهێنێت، بەڵام تێكڕای بەشداری هێزی كاری ژنان لەوڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكیترو لەناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكیتری نیشتمانی عەرەبی گۆڕانی بەسەردا دێت. رێژەی بەشداریكردنی بەرز (بەشێوەیەكی رێژەیی) لەنێوان 30 بۆ 35 دایە لەمەغریبو تونسو لوبنانو میسرو سۆدانو، بەنزمترین تێكڕای كاركردن لەكەنداو كۆتایی دێت كە بریتییە لە 13 بۆ 18٪ ی هێزی كار لەو وڵاتانە، بەڵام لەجیبۆتیو (جزر القمر)و سۆماڵ، ژنان رێژەی 43٪ی هێزی كار پێكدەهێنن، ئەم رێژە باڵایە ركابەری وڵاتانی پیشەسازی جیهان دەكات، لەكاتێكدا رێژەی 80٪ی هێزی كاری ژنانی ئەم وڵاتانە لەبواری كشتوكاڵدا كاردەكەن.

بارودۆخە ئابورییەكان خێرا گۆڕانكارییان بەسەر ئەو نیگەرانییانەدا هێنا كەلێكەوتەی دابونەریتو رێسا كۆمەڵایەتییەكانی ناوچەكە بوونو، بەشداری بەرفراوانو بەهێزی ژنان لەبواری چالاكی ئابوریدا، بووەتەمایەی هاتنەئارای هەستێكی گەورەتر دەربارەی باشبوونی باری پەراوێزخراویان كەپێشتر لەكارو خزمەتگوزارییەكانو كەرتە نافەرمییەكاندا هەیانبووەو، بەپلەیەكی كەمتر لەمەش



لەكەرتی پیشەسازیدا، لەگەڵ ئەوەشدا ژنان لەبواری ئاگركوژاندنەوەدا بوونیان نییە، ژمارەیەكی زۆر كەمیش لەژنان پۆلیسنو كاری جێبەجێكردنی یاسا دەكەن، یان لەدادگا باڵاكاندا دادوەرن. هەروەها بەرێژەیەكی كەم تێبینی سەركەوتن كراوە لەو كارانەی دورن لەكارە كلاسیكییەكانەوە، ئەوانەی بەپیشەی ژنانە ناوبانگییان دەركردووە، لەعەرەبستانی سعودیە بەم دواییانە رێوشوێنی ئەوتۆ گیراوەتەبەر بۆ هاندانی ژنان تاوەكو ببنە ئەندام لەژوری بازرگانیو بۆ ئەوەی بتوانن لەكەرتی تایبەتدا بەردەوامی بەكاركردن بدەن، كەرتی تایبەت وەك كەرتی بانكی، كەرتی بازرگانی، ئەگەرچی ئەم چالاكیانەی سەربەخۆو بەبێ بەشداری پیاوان ئەنجامنەداوە.

دابەشكردنی ژنانی كرێكار بەسەر كەرتەكاندا لەنیوەی ئەم (دەیە)ەدا بەمشێوەیە بووە: 70٪ ی ژنان لەكەرتی خزمەتگوزاریی، رێژەی 20٪ كەرتی ژنان لەكەرتی كشتوكاڵیو نزیكەی 10٪یان لەبواری پیشەسازیدا كاردەكەن، جێگەی ئاماژەیە ژنانی چالاك لەبواری ئابوریدا لەناوچەی عەرەبنشیندا لەرێژەی ( 20٪)ی ژنانی كارێكار (پانزە ساڵو بەرەو سەرەوە) تێناپەڕێنێت، بێگومان جیاوازی لەنێوان ئەم رێژانەدا هەیەو لەناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكیتر دەگۆڕێت.

**طرنطترین ئەو ريَطرانەی دێنەبەردەم ثێشكەوتنی ذنانی عەرەب:**

سەباری ئەو پێشكەوتنو باشبوونانەی لەبارودۆخی ژنانی عەربو ئەو دەستكەوتانەی لەبوارەكانی تەندروستیو فێركردنو تا ئەندازەیەكیش لەبواری چالاكی ئابوریدا بەدیهاتوون، هێشتا ژنان كەمترین بەختیان هەیە لەگەیشتنیان بەسەرچاوەكانی داهاتو بەشدارییان لەبڕیاردانو كاروباری گشتیو كاری سیاسیو پرۆسەی گەشەپێداندان بەگشتی لەئاستێكی نزمدایە، هەروەك رووبەڕووی چەندین ئاستەنگو رێگر دەبنەوە كەدەبێتە مایەی راگرتنو سستی لەپێشكەوتنیاندا، هەروەها پێكدادان لەنێوان رۆڵیان لەژیانی پراكتیكیو گشتی لەلایەكو رۆڵیان لەخێزاندا (رۆڵیان لەوەچەخستنەوەو رۆڵیان لەبەرهەمهێناندا) لەلایەكیترەوە ئەمانەش هۆكارن كەرێگری لەپێشكەوتنی ژنان دەكەن، هەروەها نەبوونی سیستمو شێوازێكی دیار بۆ بەشدارییپێكردنی ژنان لەپرۆسەی گەشەپێدانو تێكەڵكردنی مەسەلەكانی جۆری كۆمەڵایەتی لەچالاكیو بەرنامەكاندا، كەهۆی چارەسەری سەركەوتوی ئەم پیكدادانەو وەرچەرخانێكی نەوعییە نەك تەنها لەپێشكەوتنی ژناندا، بەڵكو بۆ هاوتابوونی هەلەكانی یەكسانی لەگەڵ پیاواندا، سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی دێنەرێی بەشداریكردنی گشت توێژەكانی ژنان، كچانی گەنجو گوندنشینەكانو بۆ زەرورەتی چارەسەركردنی ئەو ئاستەنگانەو بەدەمەوەچونی كارای پێویستییەكانی ئامادەكردنو راهێنانی ژنان لەدابینكردنی پێداویستییە بەردەوامەكانی فێربونو نەهێشتنی نەخوێندەواریو ئامادەكردنو كاركردنو بەرزبونەوەی هۆشیاری یاساییو رۆشنبیری تەندروستیو سەركەوتن بەسەر هەژاریدا.

**نەخوێندەواری:**

خەملاندنەكانی ئەلئیسكوا لەو  باودۆخە نائارامەی كەولاتانی ناوچە عەرەبییەكان پێیدا تێپەڕدەبن، ئاماژە بەوەدەكەن كە لەساڵی (  2005)دا نزیكەی نیوەی ژنان (رەگەزی مێ) لەسەر ئاستی ولاتانی عەرەب نەخوێندەوارن، بەبەراورد لەگەڵ رێژەی    27٪ی پیاوان (رەگەزی نێر)، لەگەڵ ئەمانەشدا لەم بوارەدا جیاوازییەكی فراوان لەنێوان ولاتە عەرەبییەكاندا لەئارادایە، بەتایبەت لەو ولاتانەی كەگرفتاری جەنگ بوون وەك فەلەستین‌و عێراق‌و سۆدان. سەرەڕای دابەزینی رێژەی نەخوێندەواری ژنان لەولاتانی تری عەرەبی، هێشتا كەلێنی نێوان ژنان‌و پیاوان زۆر بەرفراوانە، لەعێراق پاش چەندین دەیە لەجەنگ‌و ئابلۆقەی ئابوری رێژەی نەخوێندەواری ژنان گەیشتوەتە 76٪، لەهەریەك لەیەمەن‌و مۆریتانیاو مەغریب رێژەكە لەنێوان 60 ٪ بۆ 70٪ ، بەلام لەئوردن‌و بەحرێن‌و قەتەرو دوای ئەوانیش ئیماراتی عەرەبی‌و كوەیت‌و لوبنان رێژەكە لەنێو ژناندا گەیشتوەتە 13٪ بۆ 18٪ وەك باشترین سنوری دیاردەكە لەناوچەی عەرەبیدا.

هاوكات لەگەڵ جێبەجێكردنی چەندین رێوشوێن وەك سیاسەتی خوێندن بۆ هەمووان، هاندانی زۆرترین ژمارەی كچان بۆ چوونەبەر خوێندن‌و تەرخانكردنی بودجەی گەورە لەكۆمەڵێك لەولاتانی عەرەبیدا بۆ كەرتی فێركردن‌و بودجەی گەورە وەك رێژەیەك لەسەرفكردنی كۆی گشتی، هێشتا كەلێنی نێوان ژنان‌و پیاوان بەتەواوەتی بنەبڕنەكراوە، سەرباری ئەمانەش رێژەی هەلاتنی كچان لەخوێندنگا تاهەنوكە گرفتێكی سەرەكییەو، حاڵەتەكە لەناوچە گوندنشینەكان ئابڕوبەرە، لەزۆربادا بەرزی رێژەی تێكڕای نەخوێندەواری لەلای كچان پەیوەست بەكەلێنی فراوانتری نێوان ژنان‌و پیاوانەوەو دابەزینی ئەم تێكڕاییەش بەبەرتەسكی ئەم كەلێنەوە بەندە، وەك لەئوردن‌و بەحرێن‌و قەتەرو كوەیت‌و لوبنان تێبینی دەكرێت، كەچی نەهێشتنی نەخوێندەواری ژنان ئامانجی سەرەكی رێكخراوە ناحكومییە چالاكەكانە لەم بوارەدا، بەتایبەت ساڵی       1995 كەرۆڵێكی بەرچاویان هەبووە لەهاریكاریكرنی حكومەت بۆ كەمكردنەوەی تێكڕای نەخوێندەواری لەلای ژنان‌و بەتایبەت لەناوچە دورەدەست‌و گوندنشینەكاندا.

**بيَكاری:**

داتا تێروتەسەل‌و پۆلێنكراوەكان بەگوێرەی جۆری كۆمەلایەتی (                    Gendar Dissaggregated) دەربارەی بێكاری لەشارەكانداو، ئەو داتایانەی كەسانێك دەگرێتەوە كەبەشوێن كارێكدا دەگەڕێن‌و كاریان دەستناكەوێت، لەولاتە عەرەبییەكاندا زۆر دەگمەنن، ئەگەر هەشبێت پشتی پێنابەسترێت، بەلام بەتێڕوانیكی خێرای تێكڕای بێكاری دەریدەخات كە بەئاشكرا ژنان لەپیاوان زیاتر بەدەست بێكارییەوە دەناڵێنن، وەك لەناوچەكانی ترو لەزۆربەی ئەو ولاتانەشدا كەداتایان بەردەستكەوتووە هەروایە.

**هةذاری:**



ئاماژەدەرەكانی هەژاری هەمەجۆرن، بەلام داتا فەراهەمبووەكان دەربارەی هەژاری پۆلێنكراو بەگوێرەی رەگەز كەمەو ئەگەر هەشبێت داتای وردی نییە، ئاشكرایە ژنان زیاتر لەپیاوان بەدەست هەژارییەوە دەناڵێنن‌و نەهامەتییەكانی نەبوونی‌و بێكاری زیاتر بەسەریاندا دەشكێتەوە، لەزۆرباردا لەبەرئەوەی ژنەو نەخوێندەوارەو رانەهێنراوە، بەتایبەت ژنانی گوندنشین‌و ژنان لەناوچە دورەدەستەكاندا، هەروەها لەو ولاتانەی دوچاری جەنگ‌و ململانێی چەكداریی بوونەتەوە وەك (فەلەستین، عێراق، سۆدان‌و سۆماڵ) ئامارەكان ئاماژە بەوەدەكەن كەرێژەی ئەو ژنانەی خێزان بەخێودەكەن‌و، ژمارەی بێوەژنەكان روو لەزیادبوونە، هەر ئەو زانیاریانە ئەوەش ئاشكرادەكەن كەوا ئەو خێزانانەی بەخێوكردنیان لەئەستۆی ژناندایە هەژارترن لەو خێزانانەی پیاوان بەخێوكەریانن، ئەمەش ئاماژەیەكی سەرەكییە بۆ گرفتاربوونی ژنان بەهەژاری‌و نەبوونی لەم ولاتانەدا، سەرباری ئەو رێگرانەی تریش كەدێنەرێی پێشكەوتنی ژنان‌و پشتبەستنیان بەخودی خۆیان.

سەرەڕای ئەم رێگرە ئەندامییانە، چەندین رێگری دەرەكی تر هەیە كەكاریگەری لەسەر ژنان‌و پیاوان پێكەوە دادەنێت، وەك جیهانگیری‌و پێكهێنانەوەی پەیكەربەندی ئابوری‌و فشاری خەرجییەكانی حكومەت‌و ئەمانەش كاریگەرییان لەسەر بەرنامە كۆمەلایەتییەكان‌و كەمكردنەوەی خزمەتگوزاری پێشكەشكراو بەتوێژە مامناوەندی‌و هەژارەكان هەیە، سەرباری نائارامی لەناوچە عەرەبییەكان‌و بەهۆی ململانێ‌و جەنگ‌و داگیركاری‌و ئابلۆقەی ئابوری‌و دەستێوەردانی دەرەكی لەكاروباری ولاتان كەكاریگەری خراپی لەسەر گەشەسەندن‌و خۆشگوزەرانی گەل‌و بەتایبەت ژنان هەیە.

جێگەی ئاماژەیە زۆرینەی ولاتانی عەرەبی تاهەنوكە بایەخی تەواو بەكێشە سەرەكییەكانی ژنان نادەن‌و، سەرچاوەی مرۆیی‌و سروشتی پێویست بۆ جێبەجێكردنی بەرنامەكانی ژنان‌و میكانیزمە نیشتمانییەكانی پەیوەست پێوەی تەرخانناكەن. سەرباری لاوازی لەهەماهەنگی‌و بەدواداچون‌و هەڵسەنگاندنی جێبەجێكردنی پلان‌و بەرنامەكانی راهێنان‌و ئامادەكردنی ژنان، هەروەها نەبوونی داتاو ئاماری پۆلێنكراو بەپێی رەگەز بۆ گرتنەبەری رێوشوێن‌و دانانی یاساگەلێك بۆ بەرگرتن لەجیاكاری دژی ژنان. لەهەموو ئەمانە گرنگتر خراپ راڤەكردنی بنەماكانی ئایین‌و دەستگرتن بەدابونەریتە زەوتكارەكانی ژنانەوە، وەك تاوانی شەرەف‌و خەتەنەكردنی كچان‌و توندوتیژی خێزانی‌و هاوسەرگیری پێشوەخت‌و هاوسەرگیری هاوتانەبوو لەروی تەمەن‌و هاوسەرگیری لەنێوان خزماندا.

## بةشی سيَيةم

## راسثاردةء ثيَشنياری ثراكتيكی بؤ راهيَنانی ذنانء بةديهاتنی يةكسانی:

لەسەر ئاستی جیهانی، كارنامەی پەكین ساڵی 1995 جەختیكردوەتەوە لەسەر جاڕنامەی گەردونی مافەكانی مرۆڤ، لەسەر مافی گشت كەسێك لەبەشداریكردنی حوكمڕانیو، كاركردن بۆ راهێنانی ژن لەسەر بەجێگەیاندنی ئەركی سەرشانیو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی زاتیو باشكردنی پێگە كۆمەڵایەتیو ئابورییو سیاسییەكەی وەك مەسەلەیەكی بنەڕەتی بەدیهاتنی دادپەروەرییو ئیدارەكردنێكی باشی حوكمڕانیو بەدیهێنانی گەشەسەندنی بەردەوام لەسەر بنەمای لێپرسینەوەو شەفافیەت.

كەچی لەسەر ئاستی عەرەبیو لەچوارچێوەی پێداچونەوەی "دەیە"ی جێبەجێكردنی كارنامەی پەكیندا، وڵاتانی عەرەب لەیۆلیۆی 2004 دا جاڕنامەی (بەیروت)یان بۆ ژنانی عەرەب گەڵاڵەكرد وەك بەرنامەی كار لەپێناوی نەهێشتنی جیاكاری دژی ژنانو گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ راهێنانو بەدیهێنانی یەكسانی لەماوەی دەیەی داهاتودا، ئەمەش لەلایەن: (1). حكومەت، (2). رێكخراوە ناحكومییەكانو كۆمەڵگەی مەدەنی، (3). رێكخراوی هەرێمیو نێودەوڵەتی. ئەوەی كەبۆ ئەو وێناكردنە گرنگە، ئەو رێوشوێنانەیە كەدەبێت هەریەك لەو لایەنانە لەئەستۆی بگرن، بەمشێوەیە:

## (أ) لەسەر ئاستە حكومییەكان:

- جەختكردنەوە لەسەر بوونی خواستی سیاسیو پابەندبون بەكێشەی نەهێشتنی جیاكاری دژی ژنان، لەهەموو رووەكانەوە.
- دانانی ستراتیژو پلانو بەرنامە بۆ راهێنانو ئامادەكردنی ژنان بۆ گەیشتن بەئەولەویاتو گۆڕانكارییە سیاسییە گشتییەكان لەسەر ئاستی نیشتمانیو كاركردن بۆ بەدیهاتنی ئامانجەكانی هەزارەی گەشەسەندن.
- زیادكردنی بودجەو سەرچاوەی مرۆیی تایبەت بەسیاسەتو بەرنامەو میكانیزمە نیشتمانییەكانی پەیوەست بەژنانو بەستنەوەی ئەم بودجەیە بەبودجەی گشتییەوە.
- تەرخانكردنی پشك (كوتا) بۆ ژنان لەپارلەمان، وەك رێوشوێنێكی كاتی روخاندنی رێگرەكانو چارەسەركردنی كەلێنی نێوان نوێنەرایەتیكردنی ژنانو پیاوانو، دیاریكردنی ئامانجی هاوسەنگی نێوان هەردوو رەگەزەكە لەدامەزراوەكانو دانانی ئامانجی دیاریكراوو جێبەجێكردنی رێوشوێنی پێویست بۆ زیادكردنی رێژەكە بەمەبەستی گەیشتن بەیەكسانیو، گرتنەبەری رێوشوێنی ئیجابی (Proactive and affirmative action) ئەگەر پێویستی كرد.



- پێدانی مافی دەنگدانو خۆپاڵاوتن بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی نیشتمانیو دەزگاكانی حوكمڕانی ناوخۆیی، دەستەبەركردنی نوێنەرایەتیكردنیان بەرێژەی (30٪) وەك كەمترین رێژە لەو دەزگایانەدا، كاركردن لەسەر دانانی بەندەكانی تایبەت (ئەوانەی تا ئێستا دانەنراون) لەدەستوری دەوڵەتو یاساكانیدا، ئەو بەندانەی جەخت لەسەر مومارەسەكردنی تەواوەتی مافە سیاسییەكانی ژنان دەكەنەوە.
- هەمواركردنی دەستورو یاساكانی پەیوەندیدار بەژنان بەمەبەستی نەهێشتنی جیاكاریو نوێكردنەوەی بەئامانجی پێشخستنی ژنان تاوەكو بتوانن هاوشانی گۆڕانكارییە ئابورییو كۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییە خێراكانی سەر كۆمەڵگەی عەرەبی هەنگاوهەڵگرن، كاركردن لەسەر بەرتەسككردنەوەی كەلێنی نێوان دەقو جێبەجێكردنی دەق، ئەوەش بەهێنانەئارای میكانیزمی تایبەت بۆ دەرخستنو بەدواداچوونو جێبەجێكردنی، بەتایبەت یاساكانی خێزانو باری كەسێتیو یاسای رەگەزنامە، لەبەر رۆشنایی ئەو گۆڕانكارییانەی لەتونسو بەمدواییانە لەمەغریبو میسرو ئوردن روویاندا.
- پێداچونەوە یاساو بنەماكانی تایبەت بەحزبەكانو سیستمەكانی هەڵبژاردن بۆ كاراكردنی رۆڵی ژنان، بەتایبەت چەسپاندنی رێژەیەك لەلیستەكانی خۆپاڵاوتنی حزبەكان لەبەرژەوەندی ژنان (وەك ئەوەی لەعێراق پیادەكرا)، تەرخانكردنی بەشی ژنان لەدامەزراوە فەرمییەكانو بەتایبەت دەمەزراوەكانی یاسادانان، بەمەبەستی دەستەبەركردنی زیادبوونی بەشداری ژنان لەكاری سیاسیدا.
- دامەزراندنی قاعیدەیەكی زانیاریو داتایی جیاكراوە بەگوێرەی رەگەز، كەهەموو ئەو پرۆژەو بەرنامانە بگرێتەوە كەپەیوەستن بەژنانەوە لەوڵاتانی عەرەبیدا بۆ ئاسانكاری گۆڕینەوەی زانیاریو بەراوردو دەرهێنانی وانەو پەندی باشو، پشتبەستن بەپرەنسیپی شەفافیەت لەبڵاوكردنەوەو دابەشكردنی زانیاریدا، لەپێناو دەستەبەركردنی بەهرەمەندبوونی ژنانو پیاوان بۆ گەیشتن بەپۆستە گشتیو باڵاكان.
- دامەزراندنی سەنتەری بەئاگابونو ئاگاداركردنەوەی پێشوەخت بۆ بەدواداچوونو شیتەڵكردنی دیاردە كۆمەڵایەتییەكانی تایبەت بەبارودۆخی ژنانو كچان، بەچەشنێك بتوانن لەكێشەكان بەئاگابن پێش تەشەنەكردنی كێشەكان.

- تێكەڵكردنی كێشەكانی ژن‌و بەستنەوەی بەسیاسەتی گشتییەوەو بەكارهێنانی گوتاری سیاسی ئیجابی لەبەرژەوەندی ژنان‌و جێكردنەوەی چەمكی جۆری كۆمەڵایەتی لەسیاسەتەكانی گەشەپێداندا.
- بەشداری پێكردنی ژنان لەسەرجەم مەسەلەكانی پاراستنی ئاشتی‌و دانیشتنەكان‌و ئاسایش‌و جەختكردنەوە لەسەر چەسپاندنی چەمكەكانی ئاشتی‌و دیالۆگ، چونكە یەكسانی‌و گەشەپێدان بەنەبوونی ئاشتی‌و ئاسایش‌و نائارامی بەداگیركردن بەزۆر نیشتەجێكردن‌و هەڕەشەی بەردوام نایەتەدی.
- چەسپاندن یان هێنانەكایەی چەند میكانیزمێك كەبایەخ بەكێشەی ژنان بدات، وەك لیژنەی نیشتمانی كاروباری ژنان، بەجۆرێك خەسڵەتی بەردەوامی وەربگرێت، نوێنەری وەزارەتی پەیوەندیدار بەكێشەكانی ژنان‌و رێكخراوە ناحكومییەكانی تایبەت بەمافەكانی ژنان‌و كێشەكانیان، لەسەر بنەمای بەستنەوەی ئەو میكانیزمانە بەباڵاترین دەسەڵاتی سیاسی نیشتمانییەوەو لەئەستۆگرتنی ئەركی بەدواداچون‌و جێبەجێكردنی پلانی كاری عەرەبی، هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ سیستمی یاسایی گشت دەوڵەتو، بودجەو سەرچاوەی مرۆیی‌و مادی پێویستی بۆ تەرخانبكرێت.
- هەڵگرتنی تێبینی لەسەر پەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەكانی جیاكاریی دژی ژنان‌و پەسەندكردنی پرۆتۆكۆلی ئیختیاری.
- پوختكردنەوەی كتێب‌و پرۆگرامەكانی خوێندن لەگشت ئەو وێنەو بیرانەی كەجەخت لەسەر جیاكاری دژی ژنان‌و وێنەی سەلبی كلاسیكی دەربارەی ژنان، دەكەنەوە.
- گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست‌و هاندانی ژنان بۆ بەشداریكردن لەژیانی گشتی‌و تایبەتداو فەراهەمكردنی خزمەتگوزاری هاریكارو پشتیوان‌و راهێنانی لەسەر راگرتنی هاوسەنگی نێوان كارەكانی خێزان لەماڵەوەو چالاكییەكانی لەژیانی گشتیدا.
- بونیادنانی پەیوەندی بەمتمانەو هاوبەش‌و هاوكاریكردنی رێكخراوە ناحكومییەكان‌و چالاككردنی رۆڵیان‌و لابردنی ئاستەنگە كارگێڕییەكان، ئەوانەی رێگری دەكەن لە بەجێگەیاندنی ئەركەكانی گەشەپێدان.

## (ب) لەسەر ئاستی رێكخراوە ناحكومییەكان:



- رێكخستنی خولی بەهێزكردن‌و راهێنانی ژنان‌و مەشقپێكردنیان بۆ وەرگرتنی پۆستی سەركردایەتی‌و باشكردنی ئاستی جێبەجێكردن‌و پێكهێنانی گروپی ژنانی هەڵسوڕاو بۆ بەرگری‌و بانگەوازكردن.
- كاركردن لەسەر هزری باوی ناو كۆمەڵگە دەربارەی بەكەم تەماشكردنی ژنان‌و زەرورەرتی هاتنەكایەی یەكسانی نێوان رەگەزەكان‌و بەئەنجامگەیاندنی گۆڕانكاری لەچەمكی رۆشنبیری بەبەشداری گشت خاوەن بەرژەوەندییەكان.
- دانان‌و جێبەجێكردنی بەرنامەی هۆشیاركردنەوەی نەهێشتنی نەخوێندەواری‌و ناساندنی رۆڵی گرنگی ژنان بەژنان‌و پیاوان‌و گەنجان لەكۆمەڵگەدا.

فشارخستنە سەر حكومەت بۆ جێبەجێكردنی پەیماننامەی سیداوو هەڵگرتنی تێبینییەكانی لەسەری.

- هەڵسەنگاندنی چالاكی رێكخراوە ناحكومییەكان بەوەی نوێنەرایەتی هێزە بنەڕەتییەكانی كۆمەڵگە دەكاتو لەتوانایدایە كاریگەری لەسەر دەسەڵاتی یاسادانان دابنێت بۆ داڕشتنی كۆمەڵە یاسایەك كەزامنی پاراستنی مافەكانی ژنان‌و زیادكردنی بەشداری ژنان لەگشت بوارەكاندا دەكات.
- رێكخستنی بەرنامەی پێشكەشكردنی راوێژوو هاوكاریی پێویست لەكاتی داواكاریدا، بەكارهێنانی هۆیەكانی راگەیاندنی بینراوو بیستراوو ئامادەكردنی بڵاوكراوەو چاپكراوەی پەیوەندیدار بەژنانەوە.
- كاركردن لەسەر گۆڕینی وێنەی نێگەتیڤی ژنانی عەرەب لەراگەیاندنەكانی عەرەب‌و خۆرئاوادا.
- بەئاگابوون لەئەزموونە سەركەوتووەكانی وڵاتانیترو بەجیهانیبوون بەمەبەستی ئاڵوگۆڕی شارەزایی بەئامانجی جێبەجێكردنی باشترینیان بۆ بەدیهێنانی یەكسانی.
- فشارخستنە سەر حكومەت بۆ دانانی بەرنامەی هۆشیاركردنەوە لەقوتابخانەكانداو هەروەها لەهۆیەكانی راگەیاندن‌و دامەزراوە رەسمییەكان‌و فەرمانگە خۆجێییەكان بەمەبەستی سڕینەوەی دابونەریتە هەڵەكان‌و ئەو پیادەكردنانەی پێچەوانەی یاساو رێساكانن، ئەوانەی رێگری لەپێشكەوتنی ژنان دەكەن‌و لەمافەكانیان‌و یەكسانییان لەگەڵ پیاودا كەمدەكەنەوەو وێنەی ژنان ناشرین دەكەن.
- هاندانی ژنان بۆ خۆڕێكخستن‌و تێكەڵبوون بەرێكخراوو حزبە سیاسییەكان‌و سازدانی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو پیاوانەی بڕوایان بەگرنگی هاوبەشیكردنی ژنان

لەپرۆسەی گەشەپێداندا هەیەو جەختكردنەوە لەسەر گۆڕینی هزرەكان لەبەرژەوەندی یەكسانیو دادپەروەری نێوان رەگەزەكان.

## (ج) لەسەر ئاستی عەرەبیء نیَودەولَەتی:

- كاراكردنی رۆڵی رێكخراوەیی ژنانی عەرەبو یەكێتی ژنانی عەرەبی بۆ بەرژەوەندنی ژنانی عەرەب.
- پێشكەشكردنی هاوكاری پێویست لەلایەن رێكخراوو دامەزراوە هەرێمیو نێودەوڵەتییەكان بەرێكخراوو دامەزراوە نیشتمانییەكانی پەیوەندیدار بەژنانەوە بەمەبەستی بەرزكردنەوەی لێهاتوییو توانایان لەجێبەجێكردنی سیاسەتەكانو رێوشوێنی پێویستو پشتبەستن بەسیاسەتو رێوشوێنی نوێی بەدیهێنانی یەكسانی نێوان ژنانو پیاوان.
- رێكخستنو كردنەوەی وۆرك شۆپی بەهێزكردنو كۆڕو سمینار بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕاو شارەزاییو زانیارییو وشیاكردنەوە سەبارەت بەمەسەلە ئەولەویەتدارەكانی نەهێشتنی جیاكاری دژی ژنان لەجیهانی عەرەبیداو هاوكاریكردن بۆ گۆڕینی هزری كۆنخوازانەی كۆمەڵگە.
- رێكخستنی چاوپێكەوتن لەگەڵ پارلەمانەكانی عەرەبو یەكێتییەكانی ژنانو دامەزراندنی یانەیەكی عەرەبی نێودەوڵەتی كەژنانی ئاسیا لەخۆبگرێت بۆ سودوەرگرتن لەئەزمونەكانیانو چۆنێتی گەیشتنیان بەپێگە باڵاكانی بڕیاردان.
- كۆكردنەوەو بڵاوكردنەوەی زانیاری چۆنێتیو چەندێتی سەبارەت بەژنانو پیاوان لەگشت بوارەكاندا.

## ئوختة:

ناكرێت پێگەی ژنانی عەرەب بەیەك گۆڕاوەوە ببەسترێتەوە، چونكە ئەم پێگەیە رەنگدانەوەی چەندین گۆڕاوی كارلێكەرو تێكچڕژاوە كەمەودا سیاسیو یاساییو كۆمەڵایەتیو ئابورییو رۆشنبیرییەكان بەدابونەریتو كلتورو بیروباوەڕە ئاینییەكانیشەوە تیایدا هاوبەشن. ئەستەمە پێوانەیەكی چەندێتی بۆ ئەم گۆڕاوە پێكەوەگرێدراوانە بكرێتو، ئەوەی لەزۆربەردا تێكهەڵچووەو روون نییە، بەئامانجی دانانو پەرەپێدانی ئاماژەدەری تایبەت بەژنانی عەرەب بۆ ئەوەی رەنگدانەوەی تایبەتمەندی ناوچەی عەرەبی بێتو بتوانرێت تاقیبكرێتەوەو دیكۆمێنت بكرێتو هەروەها بتوانرێت لاساییبكرێتەوە بەهیوای بەئاگابوون لەپێشكەوتنی بەدیهاتوو لەجێبەجێكردنی بەرنامەی كاری پەكینو رێكەوتننامەی سیداوو ئامانجەكانی



هەزارەی گەشەسەندنو جاڕنامەی (بەیروت)ی ژنانی عەرەب، دە ساڵ پاش پەكین لەساڵی (2004).

لەكۆتایدا پیادەكردنی دیموكراسی لەناوچەی عەرەبیدا بەدەركەوتووە، بۆ نمونە لەوڵاتانی كەنداوو عێراقو لوبنان، میكانیزمی نیشتمانی ژنان پێگەیشتووە، بەشداری سیاسیانە لەسەر ئاستی جەماوەری باشتربووە، حكومەتەكان پێداگرییان لەسەر پێكهێنانی هاوبەشی لەگەڵ رێكخراوە ناحكومییەكاندا دوپاتكردوەتەوە، دەبێت جەخت لەسەر كاراكتەری گرنگی بەدیهاتنی یەكسانی بكرێتەوە كەبریتییە لەهەبوونی خواستێكی سیاسیو پابەندبوونی شێلگیرانە لەسەر ئاستی بڕیاربەدەستان وەك كاراكتەرێكی كارا لەجێبەجێكردنی پەیماننامەی سیداو، لەگەڵ بەدەستهێنانی تەواوی مافەكانی ژنانو دانانی رێوشوێنی ئەوتۆ بۆ بەرگرتن لەجیاكاریو راهێنانی ژنان بۆ بەشدارییەكی چالاك لەپرۆسەی گەشەپێداندا، لەم روانگەیەوە جێگەی ئاماژەیە كێشەكانی ژنان لەجیهاندا لەناوەرۆكدا یەك كێشەن، تەنها لەتوندوتیژییەكەیدا لەناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكیترو لەوڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكیترو تەنانەت لەچوارچێوەی یەك وڵاتیشدا دەگۆڕێت. باشتروایە ئەو ئەزمونو شارەزاییانەی كەسەبارەت بەكێشەكان بەباشتریان دەزانین ئاڵوگۆڕیان پێبكەینو خۆمان بەدوربگرین لەلاسایكردنەوەی كوێرانە كەدورنییە زیان بەكێشەو بەرژەوەندییەكانمان بگەیەنێت، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت كەجەنگەكان بێجگە لەجەنگی بچوك بچوك هیچیترنینو قۆناغ بەقۆناغ تێیان دەپەڕێنین، بەهەمانشێوەش كێشەی ژنانو باشتركردنی بارودۆخو پێگەیان لەنیشتمانی عەرەبیدا، بۆیە دەبێت لەروانگەی دورخایەنەوە لەم كێشەیە بڕوانین، چونكە سەرباری ئەو دەسكەوتانەی بەدەستیانهێناوە، هێشتا رێگەی بەردەمی ژنان دورودرێژە بۆ هەستانەوەیانو بەدیهاتنی یەكسانی كاملو تەواوەتی لەگەڵ پیاواندا.

## یەکسانی مافەکان بەرامبەر یاسا

دادوەر زوبیدە عەسول

### ثێشةكى:

لەسەرەتای هەزارەی سێیەمداین‌و هێشتا پێگەی ژنان لەکۆمەڵگەو ئاستی بەشداری لەژیانی گشتیدا یەکێکە لەبابەتە سەرەکییەکان‌و جێگەی بایەخی کۆمەڵگەو وڵاتان، هەریەکەیان بەگوێرەی واقعو پێویستیەکانی خۆیان. بێگومان ئەمڕۆ کۆمەڵگەی عەرەبی ناتوانێت لەم ئاراستەیە دورە پەرێز بێت، بەتایبەت کەبارودۆخی ژنان لەم کۆمەڵگایانەدا بەتێڕوانین لەگەورەیی جیاوازی نێوان ژن‌و پیاو تێکۆشانێکی گەورەی دەوێت.

کاتی ئەوە هاتووە کەپشت بەعەقڵانیەت ببەستین لەباسکردن‌و تاوتوێکردنی مەسەلەو کێشەکانی کۆمەڵگاکەمانداو لەمیانەی فراوانکردنی بەشداری لەبیرکردنەوەو پێشنیار بۆ لایەنی نوێ‌و کارکرکردنی مەیدانی بۆ چارەسەرکردنی، لەکاتێکدا زۆرجار ژنان لەرووی ژمارەی دانیشتوانەوە زیاتر لەنیوەی کۆمەڵگە پێکدەهێنن.

لەراستیدا لەسایەی گۆڕانکارییە خێراکانی جیهان لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا، هەڵبژاردنی زۆر لەبەردەم کۆمەڵگاکانی جیهانی عەرەبیدا نەماوە، یان ئەوەتا هاوشانی ئەم گۆڕانکارییانە هەنگاو هەڵگرن‌و بەسودوەرگرتن لەبارودۆخ‌و دەرئەنجامە نێودەوڵەتییەکان بۆ گەشەسەندن‌و سەقامگیری، بەپشتبەستن بەستراتیژی فراوانکردنی هاوبەشیکردن لەبڕیاردان لەگەڵ لایەنی نوێ کەژنان رەگەزێکی کاریگەرن تیایدا، کۆمەڵگەی مەدەنی بەگشت جۆرو شێوەکانییەوەو راگەیاندن بەسەرجەم کەناڵەکانییەوە. یان ئەوەتا لەپەراوێزی رێگەی گەشەپێداندا دەمێننەوەو بەبیانووی پابەندبوون بەدابوونەریتەکانەوە هەلە رەخساوەکانی بەردەمیان لەکیسدەچێت، ئەمەش دەبێتەهۆی فراوانبوونی کەلێنی نێوان وڵاتانی باکورو باشورو زیادبوونی بێزاری‌و داڕوخان بۆگەلەکانیان‌و دواجار ئارامی‌و ئاسایشیان دەکەوێتە مەترسییەوە.

ئامادەبونمان لێرەدا وەك شارەزایانی وڵاتەکانمان بۆ گفتوگۆکردن لەمەڕ مافەکانی ژنانی عەرەب بەگشتی‌و ژنانی عێراق بەتایبەتی بەڵگەی رەهایە لەسەر جەختکردنەوەو پێداگری ژنانی عەرەب لەسەر هەنگاونان هاوشانی شەمەندەفەری گەشەسەندنی گشتگیر، لەمیانەی خستنەڕووی ئەزمونی

وڵاتەکانمان‌و گۆڕینەوەو هەڵسەنگاندنی دەسکەوتەکان‌و ئەوانەشی بەدی نەهاتوون، هەروەها کاراکتەرو هۆیەکانی سەرکەوتن، بەبێ لەبیرچونەوەی ئاستەنگ‌و لەمپەڕەکانی رێگەی نەگەیشتن بەئامانجەکانمان، هەروەها بۆ هێنانەئارای ستراتیژی نوێ‌و پرۆسەی هاوکاریکردنی ژنانی عەرەب بۆ گەیشتن بەگشت مافەکانیان‌و کردنەوەی روانگەی ئومێدبەخش بۆیان.

لەکۆی گشت ئەوانەی باسکران دەبێت واقیعی کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌و ئابوری کۆمەڵگەکانی خۆمان لەبەرچاوبگرین‌و پشت بەبیداگۆجیەتی* نزیك لەواقیعەوە ببەستین.

پرسیاری سەرەکی کەلێرەدا زەقبێتەوە، ئەوەیە کەئایا بەرقەرارکردنی پرەنسیپی یەکسانی نێوان پیاو ژن لەبەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان‌و یاسا نیشتمانییەکان بەسە بۆ بەدیهاتنی ئەم یەکسانییە؟ یان ئایا لەمیانەی دیاریکردن‌و هەڵسەنگاندن‌و دەستکەوت‌و ئەوانەشی بەدینەهاتوون بارودۆخی ژنان لەواقیعدا چییە؟ ئایا ئەو ستراتیژانەی کەبۆ هاوکاریکردنی ژنان پێشنیارکراون‌و بەرجەستەکردنیان لەژیانی واقیعیدا کامانەن ؟

من لەمبارەیەوە ئەزمونی جەزائیر دەخەمەڕوو، لەپێناو وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، لەمیانەی ئەو مافانەی ژنان کە لەدەستورو یاساکاندا بڕیاریان لێدراوەو هەڵوەستەکردن لەسەر گرنگترین ئەو دەستکەوتانەی بەدەستیهێناون، لەگەڵ هۆیەکانی سەرکەوتنیان‌و هەروەها ئاستەنگ‌و لەمپەرەکانی رێگای بەدیهاتنی‌و لەکۆتاییدا رۆشنایی دەخەمەسەر رێگەکان‌و چۆنیەتی پشتگیری‌و ئەو مافانەو ئاسۆکانیان.

بابەتەکە بەسێ تەوەرەی سەرەکی باسدەکەم، کەبریتین لە:

تەوەری یەکەم: مافەکانی ژنان لەدەستوری جەزائیردا.

تەوەری دووەم: هەڵسەنگاندنی واقیعی ژنان لەبەر رۆشنایی ئەوەی لەدەستورو یاساکاندا چەسپاوە.

تەوەری سێیەم: ستراتیژەکانی هاوکاریکردنی مافەکانی ژنان‌و چالاککردنیان لەئاییندەدا.

## تەوەری یەکەم: مافەکانی ژن لەدەستوری جەزائیردا:

جەزائیر ئیمزای لەسەر گشت بەڵگەنامە نێودەوڵەتی‌و بنەڕەتییەکانی پەیوەست بەمافی مرۆڤەوە کردووە، هەر لەجاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤەوە تا بەرێکەوتننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان دەگات.

* وشەکی یۆنانییە مانای هونەری پەروەردەکردن‌و فێرکردنی منداڵان دەگرێتەوە (وەرگێر)



هەروەها دەستوری جەزائیری سەربەخۆ ساڵی 1963و ئەو هەمواركردنانەشی کە لەساڵی 1996دا بەسەریدا هاتوون جەخت لەسەر یەکسانی نێوان هاوڵاتیان (نێر، مێ) لەماف‌و ئەرکەکاندا دەکەنەوە، بەبێ جیاکاری لەسەر بنەمای رەگەز یان نەژادو تەنانەت بیروڕا، یان هەر هەلومەرج یان بارودۆخێکی تری تایبەتی یان کۆمەڵایەتی.

هەروەها دەستور گشت هاوڵاتیان (ژنان و پیاوان)ی بەیەکسان داناوە لەوەرگرتنی ئەرك‌و پۆستەکانی دەوڵەتدا بەبێ هیچ مەرجێکیتر جگەلەو مەرجانەی یاسا دیاریدەکات، لەچوارچێوەی مافی فێرکردندا بەوەی بۆ گشت هاوڵاتیان تەوزیمی‌و بەخۆڕایی‌و دیموکراسییە، بەچەشنێك دەوڵەت دامەزراوەی فێرکاری رێکدەخات‌و هەوڵدەدات لەرووی مەیدانییەوە دەستەبەری بکات.

بەهەمان شێوە دەستورەکە رەچاوی مافی چاودێری تەندروستی‌و مافی کارکردن‌و حەوانەوەو پاراستن‌و ئاسایش‌و پاکوخاوێنی کردووە.

خێزانیش بەوەی خانەی سەرەکی کۆمەڵگەیە لەلایەن دەوڵەت‌و کۆمەڵگاوە پارێزگاری لێدەکرێت‌و، دەستور یەکسانی لەمافە مەدەنی‌و سیاسییەکاندا بۆ ژنان‌و پیاوان مسۆگەرکردووە، مافی دەنگدان‌و خۆپاڵاوتن بۆ پۆستەکان‌و هەڵبژاردن لەئەنجومەنی ناوخۆیی‌و پارلەمان‌و تەنانەت خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار، ئەو مافانەشی بەژنانداوە کەحزبی سیاسی‌و کۆمەڵەی مەدەنی دابمەزرێنن‌و سەرکردایەتیان بکەن.

گشت یاساو رێکخستنەکان لەجەزائیر بەگوێرەی بنەماکانی دەستور دارێژراون، بێجگە لەکۆمەڵێك بنەما لەیاسای خێزان کەنەگەیشتوەتە ئاستی چەسپاندنی یەکسانی تەواوەتی لەنێوان ژنان‌و پیاواندا.

سەبارەت بەمافە سیاسییەکان، بنەماکانی هەریەك لەیاسای هەڵبژاردن‌و یاسای حزبە سیاسییەکان، جەختکردنەوەیە لەسەر پرەنسیپی یەکسانی نێوان پیاوو ژن، بەچەشنێك کەژنان بۆیان هەیە دەنگبدەن‌و خۆیان کاندیدبکەن بۆ ئەنجومەنی هەڵبژێردراو لەسەر ئاستی ناوخۆیی‌و پارلەمان بەهەردوو ژورەکەیەوە، هەروەها بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار، یاسای پارتە سیاسییەکان مافی دامەزراندن‌و سەرکردایەتیکردنی (بێ مەرج)ی حزبەکانیان داوەتێ‌و، یاسای کۆمەڵەکان مافی دامەزراندن‌و بەرێوەبردنی کۆمەڵە مەدەنییەکان، ناوخۆیی یان نیشتمانیان، داوەتێ‌و، یاسای رەگەزنامەش ئەو مافەی بۆ مسۆگەرکردون کەرەگەزنامەکەیان ببەخشننە منداڵەکانیان.

هەموارکردنی ئەم دواییەی یاسای خێزان لەبارودۆخی نایەکسانی نێوان ژنان‌و پیاوان لەئەحکامەکانی هاوسەرگیری‌و جیابونەوەو ویلایەت–ی سوککردوەتەوە، بەجۆرێك هەمان مافی پیاوانی داوەتە ژنان لەریزبەندکردنی گشت ئەو مەرجانەی بەپێویستی دەزانێت لەپەیوەستنامەی

هاوسەرێتی یان پەیوەستنامەی پاشکەوتوودا (مەرجی نەهێنانی زیاتر لەژنێك یان کارکردن.. تد) هەبێت. مافی بەکچان داوە لەتەمەنی پێگەیشتنداو لەکاتی هاوسەرگیریدا خۆیان (وەلی) هەڵبژێرن بەمەبەستی دەربازکردنیان لەستەمو کۆنترۆڵی "وەلی" وەك چۆن مافی داواکردنی تەڵاق–یان دراوەتێ لەبەرچەند هۆیەك کە لەیاسادا دیاریکراوە لەگەڵ مافی نەفەقەو شوێنی نیشتەجێبوون لەکاتێکدا ئەگەر منداڵی بچووکیان هەبوو، بەڵام سەبارەت بەویلایەتی منداڵانی ناکام، دایك لەپلەی جێگردا دەمێنێتەوە لەحاڵەتێکدا ئەگەر رێگری بۆباوکیان هاتەپێش.

بەهەمانشێوە یاسای مەدەنیو بازرگانی یەکسانی نێوان ژنو پیاوی دەستەبەرکردوە، ژنان بۆیان هەیە موڵکیان هەبێتو گشت پەیوەستنامەیەك ئیمزابکەنو بازرگانی بکەنو سوود لەقەرزوەربگرنو دامەزراوەی ئابوریش بەڕێوەبەرن.

لەبەرامبەردا، یاسای سزادانو رێکخستنی زیندانەکان تەواوی لێپرسراوێتی کارەکانی دەخاتەئەستۆیو، هەمان مامەڵەی پیاوی لەگەڵ دەکرێت، چ وەك شایەت یان تۆمەتبار یان لایەنی مەدەنی، بێجگەلەو جیاکارییە ئیجابییەی لەگەڵی دەکرێتو لێی سودمەند دەبێت، ئەویش ئەو کاتانەی سزای زیندانیکردنی جێبەجێکراوی بەسەردا دەدرێت، ئەگەر سکپڕ یان منداڵێکی شیرەخۆرە بەخێوبکات، تا مانەوەی رێگرەکان ناخرێتە زیندانەوە، وەك چۆن یاسای سزادان ژنانی لەگشت شێوەکانی توندوتیژیو دیارەدەی تەحەڕوشی سێکسی پاراستووە،.

لەلایەکیترەوە یاسا کۆمەڵایەتیەکانیش یەکسانی نێوان ژنو پیاویان دەستبەرکردوە، یەکسانی لەکرێی کارکردندا بەرامبەر هەمان کارو مافەکانی ژنان بە لەبەرچاوگرتنی کاتەکانی کارکردنو مۆڵەتی دایکایەتی بەموچەو رێگەدان بەچوونەوە (بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانی یان کەهاوسەرەکەی پەککەوتە یان نەخۆش بوو..تد)و مافی لەپشووی هەفتانەو ساڵانەو، هەروەها چاودێری کۆمەڵایەتیو پزیشکیو کارکردنو پاراستنی لەرووداوەکانی کارو نەخۆشی پیشەیی بەتەوزیمی داناوە بەچاوپۆشی لەجۆری ئەو کارەی ژنەکە ئەنجامیدەدات.

هەر هەمان ئەم یاسایانە رێگە بەژنان دەدەن تەمەنی خانەنشینی دابەزێننو سود لەخانەنشینی رێژەییو ئەژمارکردنی سێ ساڵی زیادە بەرامبەر بەپەروەردەکردنی منداڵەکانیان وەربگرن.

بەڵام ئایا چەسپاندنی گشت ئەم مافو یەکسانییە یاساییانەی نێوان ژنانو پیاوان بووەتەمایەی یەکسانی بەکردەوە لەواقیعی ژنانی جەزائیردا؟.. ئایا وایکردووە ژنان بگەنە پێگەکانی سەرکردایەتی تاوەکو بەشداری بڕیاردان بکەنو واقیعی کۆمەڵایەتی بگۆڕن؟ لەتەوەری دووەمدا هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەدەم.

## تەوەری دووەم: هەڵسەنطاندنی واقیعی ذنان لەبەر رۆشنایی بەندەکانی ناو دەقەکاندا:



سەرباری ئەو مافانەی لەدەقە یاساییەکاندا سەبارەت بەمافەکانی ژنان چەسپاوە، لەگەڵ ئەوەشدا ژنان لەژیانی واقیعیدا زۆر بەدورن لەو یەکسانییەی ئاماژەی پێکراوە، ئەمەش بۆ کۆمەڵێك هۆو پێودانگ دەگەڕێتەوە کەپاش باسکردنی دەستکەوتەکانی ژنانی جەزائیر دێمە سەرباسکردنیان، ئەو دەسکەوتانەی ژنانی جەزائیر کاراکتەرەکانی سەرکەوتنیانو هەروەها ئەو ئاستەنگو لەمپەڕانەی کەرێگربوون، لەمیانەی کۆمەڵێك کەرتەوە کەدەکرێت وەك ئاماژەیەکی سەرەکی مەزەندەکردنی ئاستی گەیشتنی ژنان بەمافەکانیان تەماشابکرێت.

ژنان لەجەزائیر بەرێژەی 49.4٪ لەکۆی دانیشتوانی کەدەگاتە (33.6) ملیۆن کەس، پێکدەهێنن، زیاتر لەچوار "دەیە"ی سەربەخۆبونی وڵات دەوڵەت هەوڵو کۆششێکی گەورەی کردوە لەبواری فێرکردندا بۆ گشت هاوڵاتیان (ژنان و پیاوان)، بەتایبەتی ژنان لەمیانەی چەسپاندنی تەوزیمیو بەخۆڕایکردنی خوێندن، بەڵام کاریگەری ماوەی داگیرکاریی وایکردووە رێژەیەکی گەورەی هاوڵاتیان نەخوێندەواربنو لەناو ژناندا بەێژەیەکی گەورەو بەتایبەت ئەوانەی تەمەنیان لەسەروی پەنجا ساڵەوەیە.

هەورەها دیاردەی تیرۆر لەم دەیەیەی دوایدا بووەتەمایەی تێکچوونی پرۆسەی فێرکردن بەتایبەت لەناوچە دوورو گوندەکاندا کەدانیشتوانەکەیان بەبارودۆخی ناهەموارو نائارامدا تێپەڕبوون، سەرباری ئەمانەش دابەزینی توانای کڕین لەلای خێزانە هەژارەکان، لەگەڵ ئەمانەشدا رێژەی خستنەبەر خوێندنی کچان گەیشتوەتە 92.1٪ بۆ ساڵی خوێندنی 2005–2006. رێژەی کچانی تۆمارکراو لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندنی گشتیدا بۆساڵی خوێندنی ( 2005 – 2006) گەیشتوەتە ( 49.63٪) بەرامبەر ( 50.32٪)ی کوڕان (سەرەتاییو دواناوەندیو ئامادەیی)، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئامادەیی ژنان لەبازاڕەکانی کارکردندا بەراورد بەو ژمارە زۆرەی کچان ساڵانە لەزانکۆو پەیمانگاکان دەردەچن، تێبینی دەکەین رێژەکە لەئاستی پێویستدا نییە، کەواتە بەشی ژنان لەهەندێك لەکەرتەکاندا چییە؟

رێژەی ژنانی کرێکار لەسەرجەم کەرتەکاندا بریتییە لە(17.7٪) لە(42.0٪)ی هێزی کار، رێژەی رێگری لەلایەن باوکان یان هاوسەر لەکارکردنی ژنان دەگاتە ( 42.6٪) لەکۆی ژنانی بێکار، لەکاتێکدا رێژەی کەمی دامەزراوەی یارمەتیدەری ژنان (دایەنگاو هاوکاری کۆمەڵایەتی) بریتییە لە(18٪)و ئەو ژنانەشی کارکردن رەتدەکەنەوە رێژەکەیان ناگاتە ( 8٪) ئەمەش رونکردنەوەی بەرزی رێژەی بێکارییە لەناو توێژی ژناندا، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ژنانو کارکردنیان بەگوێرەی کەرتەکان، دەبینین بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

- **ذنان لەکەرتی فێرکردندا:**

رێژەی ژنان لەکەرتی فێرکردنی سەرەتایدا بریتییە لە( 43٪)و لەفێرکردنی ئامادەیی ( 45٪)و فێرکردنی ناوەندی (33٪)، ئەم رێژەیە مامۆستایانو سەرپەرشتیاران دەگرێتەوە، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ رێژەی ئامادەیی ژنان لەپۆستە سەرکردایەتییەکان لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆییو نیشتمانی هێشتا لاوازە.

- **ژنان لەکەرتی تەندروستیدا:**

رێژەی ژنان لەکەرتی تەندروستیدا بریتییە لە(60٪) لەسەرجەم بوارەکانی کەرتی تەندروستیدا، هەروەها لەسەنتەرەکانی چارەسەری زانکۆیی یان دامەزراوەی چارەسەری تایبەتمەند، ئیتر لەبواری پزیشکیدا بێت یان بواری نیمچە پزیشکیدا. ئەوەندە هەیە پۆستە گرنگەکان بۆ پیاوانو قۆرخن رێژەی ژنان تێیاندا لەئاستێکی نزمدایە وەک سەرۆکایەتی فەرمانگەو بەڕێوەبردنی دامەزراوە پزیشکییەکان بەهەموو جۆرەکانیانەوە.

- **ژنان لەکەرتی دادوەریدا:**

لەبنەڕەتدا هەبوونی ژنان لەبواری دادوەریدا نەخراوەتەوە بەرباسو لێکۆڵینەوە، بەڵکو راستەوخۆ لەگەڵ سەربەخۆیی جەزائیردا چووەنەتە بوارەکەو ئەرکی سەرشانیان وەک دادوەر لەسەرجەم بوارەکانی تایبەتمەندێتیدا بینیوەو لەناویدا بواری باری کەسێتیو هەروەها لەسەرجەم پلەکانی دەستەی دادوەریدا.

بەگوێرەی ئامارەکانی ساڵی ( 2005 – 2006) ژمارەی ژنانی دادوەر لەجەزائیر گەیشتوەتە 1063 ژنی دادوەر لەکۆی گشتی دادوەران ( 3069) واتە بەرێژەی ( 34.57٪)و ئەم ژمارەیە بەسەر سەرجەم بوارەکانی دادگادا دابەشدەبێت، هەر لەدادگاکانەوە، بۆ ئەنجومەنەکانی تێهەڵچوونەوە، بۆدادگای باڵا ئەنجومەنی دەوڵەت تا بەرزترین پەیکەربەندی دامەزراوەی دادوەریی، بەڵام هێشتا رێژەی ئامادەیی ژنان لەسەرکردایەتیدا، لاوازە بەبەراورد بەژمارەی زۆری ژنان لەکەرتەکاندا.

- **لەدادطای باڵآ:**

ژمارەی ژنان لەدادگای باڵادا گەیشتوەتە (32) ژنو لەناویاندا (6) ژن سەرۆکی بەشن، لەکاتێکدا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دەوڵەت وەک باڵاترین دەستەی دادوەری کارگێڕی ژنێك سەرۆکایەتی دەکاتو (23) ژن لەخۆدەگرێت لەنێویاندا سەرۆکێکی ژوورو (5) سەرۆکی بەش هەیە.

- **لەئەنجومەنەکانی دادوەری:**

سەرۆکی ئەنجومەنەکان لەکۆی (79) سەرۆك ئەنجومەن لە(3) سەرۆکی ژن تێنەپەڕیوەو ژمارەی جێگرانی سەرۆك (5) ژنو سەرۆکی ژوورەکان ( 60) ژنو ئەوانیتر بەپلەی راوێژکار، واتە کۆی هەموویان 212 دادوەرە، بەڵام لەسەر ئاستی دادگاکان ژمارەی ژنان لەپۆستەکانی سەرۆکی



دادگادا (28) ژن سەرۆکی دادگایە، لەکاتێکدا ژمارەی ژنانی دادوەرانی لێکۆڵینەوە ( 70)ژنن. بەڵام پۆستی بریکاری کۆماری یاریدەدەر گەیشتوەتە ( 37) ژن، کۆی گشتی دادوەری دادگاکان لەژنان گەیشتوەتە 767 دادوەر.

ژنان بۆ یەکەمجار، بەسیفەتی دامەزراوەی بەڕێوەبەری ئاراستەی پیشەیی دادوەران لەدامەزراندنو بەرزکردنەوەی پلەو سەرزەنشتکردن، وەك ئەندام لەئەنجومەنی باڵای دادگا دەستبەکاربوون، ژنێك لەلایەن دادگاوە هەڵبژێردراوەو دوو ژنیش لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە دامەزران لەکۆی ( 19) ئەندام.

- **ذنان لەکەرتی راطەیاندندا:**

ژنان بوونو ئامادەیی خۆیان زۆر بەبەهێزی لەم کەرتەدا بەهەموو جۆرەکانیەوە سەلماندووە، لەرۆژنامەگەری نوسراوو بینراو...تد، بەچەشنێك رێژەی رۆژنامەوانی ژن لەهەردوو کەرتی گشتیو تایبەتدا گەیشتوەتە 56٪.

- **ذنان لەئەنجومەنە هەلَبذێردراوەکاندا:**

بنچینەی کاری سیاسی ژنان لەجەزائیر بۆ رابردوەیەکی دوری مێژوی ئەو وڵاتە دەگەڕێتەوەو هۆشیاریو بەشداری ژنان لەم بوارەدا بەشێوەیەکی گشتی لەمیانەی جەنگی رزگاریدا بەدەرکەوت، ژمارەی ژنان لەیەکەم ئەنجومەنی دامەزراندنی حکومەتی جەزائیر (پارلەمان)ی سەربەخۆ گەیشتە 10 ژن لەکۆی 197 ئەندام پارلەمان، واتە رێژەی 5.07٪ بەڵام هەبوونی ژنان لەحزبە سیاسیو دەستەی سەرکردایەتی حزبەکاندا بۆ پاش بەرقەرابونی پلۆرالیزمی سیاسی دواکەوت، بەڵام بەرێژەیەکی نزم، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکایەتی هەندێك حزب دەکەنو خۆیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کاندیدکردووە (هەڵبژاردنەکانی 1995 و ساڵی 2004).

سەرباری گشت ئەمانە، رێژەی ئەندامێتی ژنان لەئەنجومەنە هەڵبژێردراوە ناوخۆییەکاندا زۆرنزمە، سەرباری زیادبونی ژمارەی پاڵێوراوان بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوودا ژمارەیان 147 هەڵبژێردراوی تێنەپەڕاندوە لەکۆی 3279 پاڵێوراوی ژن بۆ ئەنجومەنی شارەوانی، بەڵام لەئەنجومەنی ویلایەتەکاندا ژمارەی هەڵبژێردراوەکان گەیشتوەتە 913 ئەندام لەکۆی 2684 پاڵێوراو، رێژەی بەشداری ژنان لەپارلەمان بەهەردوو ژورەکەیەوە رێژەی 3.4٪ی تێنەپەڕاندوە. ئەمە حاڵی نوێنەرایەتیکردنی ژنانە لەسەرجەم پارلەمانەکانی وڵاتانی عەرەبیدا کەرێژەی 4.6٪ی تێنەپەڕاندووە بەرامبەر بە 38.8٪ لەئەوروپای باکورو 15.3٪ لەئەمریکاو 14.9٪ لەئاسیاو 11.8٪ لەئەفریقای کەناراوی، بەمشێوەیە نوێنەرایەتیکردنی ژنان لەپارلەمان لەلای وڵاتانی عەرەبی نزمترین رێژەیە لەجیهاندا.

- **ذنانء کارکردن لەکۆمەڵەکاندا:**

هاوکات لەگەڵ دەرچونی یاسای کۆمەڵەکان لەساڵی 1990 تاهەنوکە ژمارەی کۆمەڵە ناوخۆییو نیشتمانییەکان گەیشتوەتە (50.000) کۆمەڵە کەهەڵسوڕاوی گشت بوارەکانو ئەندامی هەموو توێژەکان لەخۆدەگرنو، ژمارەی ئەو رێکخراوانەی لەبواری مافەکانی ژنانو هاوکاریکردنیدا کاردەکەن گەیتشوەتە 449 رێکخراو، لەوانە 21 یان نیشتمانین، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیان بەبەراورد لەگەڵ پێداویستییەکانو داواکارییەکانی بارودۆخی توێژەکانی ژنان لەکۆمەڵگەدا لەئاستێکی نزمدایە، بەتایبەت کاریگەرییەکانی لێکەوتەی ئەم دە ساڵەی دوایی کەتیایدا تیرۆر گورزێکی گورچکبڕی لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی داوە. بەچەشنێك کەهەڵسوکەوتو رەفتاری نوێی هێناوەتەئاراوە کەپێویستی بەچارەسەرو چاودێری خێراو کارا هەیە.

بەم کەرتانە کۆتایی بەرێژەی ژنان دەهێنم، تاوەکو بەشیکردنەوە کاراکتەرەکانی سەرکەوتن لەرێی بەدیهاتنی ئەم دەسکەوتانەدا دیاریبکەم:

1. چەسپاندنی پرەنسیپی یەکسانی لەمافو ئەرکەکاندا لەنێوان ژنانو پیاوان لەدەستورو یاساکاندا بەکاراکتەری بنەڕەتی دادەنرێت لەگەیشتنی ژنان بەم پێگەیەی کەئێستا هەیانە.

2. بەخۆڕاییبونی خوێندنو دیموکراسی لەپاڵنەرە سەرەکییەکانی ژنان بوون بۆ چوونە قوتابخانەو خوێندنگاو پەیمانگاو کۆلیژەکان بەرێژەیەکی زۆر، راستەوخۆ لەدوای سەربەخۆبونەوە.

3. ژنانی خوێندەوارو خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی بەهێزێکی زۆرەوە چوونەتە جیهانی کارکردنەوە، بەتایبەت کەرتەکانی فێرکردنو تەندروستیو دادوەری.

4. هۆشیاری ژنان لەوەی بەشداریکردنیان لەژیانی گشتیدا پەیوەستە بەتوانای زانستیو لێهاتوییانەوە، بۆیە چووەنەتە گشت کەرتەکانەوەو تەنانەت ئەو پسپۆڕییانەش کەبۆ پیاوان قۆرخ بوون، لەگەڵ پێداگری لەسەر ئەوەی کەهاوڵاتییەکان تەواوی مافەکانیان هەیە.

هەروەها دەکرێت ئاستەنگو رێگرەکان بەمشێوەیە کورتبکرێنەوە:

سەرمایەی بنەڕەتیو هەمیشەیی گشت نەتەوەیەك بریتییە لەسەرمایە مرۆییەکەی، ئەگەر تاك چاکبوو، باری کۆمەڵگەش چاکدەبێت، جەزائیری سەربەخۆ ئەولەویەتی بەبونیاتنانی دامەزراوەکان داوەو بایەخدانی بەلایەنە مرۆییەکان وەلاناوە، بۆیە ناکرێت هیچ کۆمەڵگەیەك لەسەرحسابی تاکەکەس دابمەزرێتو گەشەبکات، لەروی پێکهاتنی شارستانیو رۆشنبیریو فکرییەوە (مەبەست تاکەکەسە).

– جەزائیر لەروی ئەو پەیکەربەندە کۆمەڵایەتیو رێکخستنانەوە هەژاربووە کەوەك هاوڵاتی بەشداری بەژنان دەکەن لەبەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا، لەگەرەکێکەوە بیگرە تا بەئاستی نیشتمان دەگات، ئەمەش گیانی تەمبەڵیو کوشتنی دەستپێشخەری لێکەوتەوە، دەبینین



دامەزراوەی پەروەردەیی لەماوەی چوار دەیەدا لەسەر شێوازە کلاسیکییەکەی بەکەم تەماشاکردنی ژنان ماوەتەوەو، ئەمەش لەبیرەوەری کۆمەڵایەتیدا چەندین دابونەریتو خەسڵەتی چەسپاندووە کە لەمیانەی جەنگی رزگاریدا بوونی نەبووە، ژنان بەبێ مەرجو بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت تیایدا بەشداربوون.

– دواکەوتنی کارکردنی کۆمەڵە ئەهلیەکانی تایبەت بەمەسەلەکانی ژنانو خێزان کە بەئەڵقەی پەیوەستی نێوان توێژەکانی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی گشتی دادەنرێت، لەگەڵ چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان وایکردووە هەڵسوکەوتو رەفتارە خراپە کۆمەڵایەتییەکان فراوانو ئاڵۆز بېنو مەترسیشیان زیادبکات، هەروەها کەموکورتی لەچۆنێتی کارکردنی کۆمەڵەکانو ناکاراییان وایکردووە لەئاستی روبەروبونەوەی داخوازیی توێژە کۆمەڵایەتیەکاندا نەبن، بەتایبەت توێژی ژنانو گەنجان.

– کەموکورتی لەباسکردنی مەسەلەکانی دۆزی ژنان لەلایەن کەناڵە جیاجیاکانی راگەیاندنەوەو کردنەوەی دیالۆگ بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان.

– کەموکورتی لەهەماهەنگی لەنێوان چوارچێوەی کۆمەڵەکانداو دابەشکردنی رۆڵەکان لەنێوانیاندا، بەپشتبەستن بەستراتیژێکی رون لەمیانەی ئامانجەکان لەسەر ئاستی ماوەی کورتخایەنو درێژخایەن.

– کەموکورتی لەلێکەوتەی ئامارو توێژینەوەی مەیدانی پەیوەست بەکێشەکانی ژنانو شێوازە نوێیەکانی گەڕانو پشکنین کەپشت بەبیروڕا زانینو زانیاری دەبەستێت، ئەگەر هەشبێت، ئەوا هەتا ئێستا لەسەر شێوازە کۆنەکان لەروی هەڵسوکەوت لەگەڵ لێکەوتەو لێکۆڵینەوەکاندا، کاردەکات.

– پشتبەستن بەنەخشەیەك کەپێداویستی گشت توێژەکانی ژنان دیاریدەکات، بەتایبەت لەناوچە گوندنشینو نیمچە شارنشینەکاندا.

– کەموکورتی پەیکەربەندی بنەڕەتی، ئەوانەی هاوکاری ژنانن بۆ کارکردنو بەشداریکردن لەپرۆسەی گەشەکردنی ئابوریدا (دایەنگەو دامەزراوەی هاوشێوەی قوتابخانە..تد).

– مانەوەی ژنان لەچوارچێوەی داواکردنداو بەتایبەتی لەبواری کاری سیاسیدا، لەبری دەستپێشخەریو پێشنیارکردن، لەبەرئەوەی پەیکەربەندی حزبەکان تاهەنوکە بریتیین لەبازنەی ململانێ لەسەردەسەڵات.

– پشتبەستن بەگوتاری یەکسانی نێوان ژنو پیاو، لەجیاتی داواکردنی رەخساندنی هەلی هاوشێوە.

– کەموکورتی لەهۆشیاری لەلای ژنان سەبارەت بەو مافانەی کە لەدەستورو یاسا نیشتمانیو نێودەوڵەتیەکاندا جێگیرکراون.

– کەموکورتی لەتوانا دارایيو تەکنیکییەکانی ئەو کۆمەڵانەی کەبایەخ بەدۆزی ژنان دەدەن.

– بەکارهێنانی کلتوری رۆشنبیریو دابو نەریتو ئایین وەك بیانوو بۆ دورخستنەوەی ژنان لەبەشداری لەژیانی گشتیدا.

## تةوةرى سآ يةم: ستراتيذةكانى هاوكاريكردنى مافةكانى ذنء ضالاككردنى لةئايندةدا:

ئەو هەڵسەنگاندنەی لەتەوەری دووەمدا ئەنجامدراوە ئەو راستیەمان بۆ دووپاتدەکاتەوە کەژنان توانیویانە بەزۆرێك لەئامانجەکانیان بگەن، بەڵام داخوازییە نوێیەکانی جیهان بەگشتیو وڵاتانی عەرەب بەتایبەتی کەناکرێت لەدەرەوەی بازنەکانی درێژە بەژیان بدرێت، وایکردوە زۆرێك لەوڵاتانی عەرەب پشت بەسیاسەتێکی خۆبەختکارانە ببەستن کەیارمەتیدەری پێشکەوتنی ژنانو بەشداریکردنیان بووە لەژیانی گشتیدا، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ تێبینی دەکەین سەرەڕای جێگیربونی یەکسانی نێوان ژنو پیاو لەدەستورو یاساکاندا، کەچی واقیعی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری هێشتا زۆر دوورە لەو یەکسانییە ئەمەش بۆ چەندین هۆو کاراکتەر دەگەڕێتەوە لەگرنگترینیان:

– زۆربەی وڵاتانی عەرەبی، ئەوانەی سەربەخۆییو سەروەرییان وەرگرتووە بەدەست دواکەوتنی ژێرخانو بونیاتیانی دامەزراوەکانی دەوڵەتو بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆوە ناڵاندویانە، ئەمەش بارودۆخی جەزائیر بووە، کەئەولەویەتی بەدامەزراندنەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتی جەزائیر داوەو، بایەخی بەمرۆڤ لەرووی پەروەردەی شارستانیو رۆشنبیریو ئازادی رادەربڕینو لێکبوردنو قبولکردنی جیاوازی فکری، نەداوە، بەجۆرێك دەوڵەت بووەتە خاوەنی رەوای گەلو لەبری ئەو بیردەکاتەوەو بڕیاردەداتو کەمترین داواکارییەکانی بۆدابیندەکات، هاوڵاتی چیتر ناچێتە ژێرباری بیرکردنەوەو بەڕێوەبردنەوە، دواجار گیانی داهێنانو دەستپێشخەری بەرەو کەمبونەوە دەچێت، هەروەها پشتهەڵکردن لەدیاردە کۆمەڵایەتیەکانو خۆگێلکردن لێیان ئەوەندەی تر مەسەلەکەی ئاڵۆزتر کردووە.

– سەرباری دیاردەی تیرۆر کەکەلێنێکی گەورەی لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا دروستکردوە، دەستەبەرنەکردنی دەرونیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری بۆهاوڵاتیان لەپێناو گەشەپێدانی لێکەوتەکانی دیاردەی تیرۆرو کوشتنی بەکۆمەڵ، بووەتەمایەی دەرکەوتنی رەفتارو هەڵسوکەوتی توندوتیژ لەناو ئەندامانی کۆمەڵگەداو بەتایبەت لەناو گەنجاندا.

ئینجا یاساکان بەس نین بۆچارەسەرکردنی گشت دیاردەکان، بەڵکو دەبێت پشت بەچارەسەری مەیدانیو لەئەستۆگرتنی هەموولایەك، هەریەك بەپێی پسپۆڕی خۆی ببەسترێت، وەك دەوڵەتو



ژنانو کۆمەڵگەی مەدەنیو حزبە سیاسییەکانو کۆمەڵە مەدەنییەکانو راگەیاندنو ئەمەش لەرێگای لێکترنزیککردنەوەیان دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. جێگیرکردنی پرەنسیپی یەکسانی مافە سیاسیو مەدەنیو کۆمەڵایەتییەکان لەگشت یاساو رێکخستنە نیشتمانییەکاندا.
2. کارکردن بۆ جێبەجێکردنی یاساکان بەشێوەیەکی زۆر شێلگیرانە.
3. چاوخشاندنەوە بەو یاساو سیستمانەی جیاکاری دەرهەق بەژنان دەکەن، کارکردن لەپێناو هەموارکردنیان یان هەڵوەشاندنەوەیان بەپێی پێویستی حاڵەتەکە.
4. باوەڕهێنان بەژنان بۆ پشتبەستن بەخۆیان لەداواکردنی مافەکانیاندا.
5. بەدەمەوەهاتنی ژنان بۆ بەشداری گەورەتر لەژیانی گشتیدا لەمیانەی چوونە پێگەی سەرکردایەتی لەکۆمەڵە ناوخۆییەکاندا بەوەی بناغەی گۆڕانکارییەکان لەخوارەوە دەستپێدەکات.
6. کردنەوەی کەناڵەکانی راگەیاندن بەگشت جۆرەکانییەوە، بەتایبەت کەناڵە گرنگەکانی وەك (ئێزگەو کەناڵەکانی تەلەفزیۆن) بۆ قسەکردن لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی وەك توندوتیژیو مافی ژنان وەك مرۆڤو پەروەردەی مەدەنیو رێزگرتنی موڵکی گشتیو رێزگرتن لەبیروڕای ئەویترو دورکەوتنەوە لەلادان.
7. جیاکردنەوەی ئایین لەیارییە سیاسییەکان، کردنەوەی دامەزراوەی فەتوا لەبەردەم ژناندا لەبەرئەوەی نیوەی کۆمەڵگەن، ناکرێت تێڕوانین لەمەسەلەی ئایینیدا لەبەرژەوەندی کۆمەڵگە بەدوربگیرێت.
8. بەرزکردنەوەی هۆشیاری بەخێوکەران بەزەرورەتی جێبەجێکردنی لێپسراوێتی سەرشانیان بەرامبەر کردەوەو هەڵسوکەوتی منداڵە ناکامەکانیان کەزیان بەئازادیو موڵکی هاوڵاتیانیتر دەگەیەنێ.
9. چاوخشاندنەوە بەسیستمی پەروەردەدا، بەجۆرێك لەگەڵ پرەنسیپو بەها جیهانییەکانی مرۆڤو خەسڵەتە خراپەکانی دژی ژنانو ئەوانەی ژنان بەپلەیەك لەخوار پیاوانەوە ریزبەند دەکەنو، هەروەها لەگەڵ جێگیرکردنی بەهاکانی لێبوردندا بگونجێت.
10. پێدانی ئەولەویەت بەکارکردنی (هاوسێیانە) لەگەڵ توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا.

11. پێگەیاندنی شارەزایی سەرکردایەتی لەلای ژنان سەبارەت بەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەکانو سکاڵاکردنو بەرگریکردن لەمافەکانی ژنان، رازیکردنی ئەوانیترو کۆکردنەوەی پشتیوانو لایەنگرانی ئەمکارەو هەماهەنگی کاری کۆمەڵەکان لەپێناو دەستبەرکردنی زۆرترینی جۆرەکانی هاوبەشیکردن.
12. گواستنەوەی ژنان لەداواکاری لەمافەکانیانەوە بۆ هێزی پێشنیارکردنو، پێویستی هەماهەنگی هەڵوێستەکانی پێگەکانی ئامادەبونی ژنان، بۆ ئەوەی ببنە هێزی فشار.
13. بەکارهێنانی گشت وزەی مرۆیی بەشێوەیەکی عەقڵانیو رێکخراو کە لەگەڵ دابەشکردنی رۆڵو تایبەتمەندییەکاندا بگونجێت.
14. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی سەبارەت بەدیاردەکانی توندوتیژی زارەکی یان جەستەییو لەناوبردنیان لەلای سەرجەم توێژەکانو ، بەتایبەت پێشێلکارییەکانی مافی ژنان.
15. دامەزراندنی بانکی زانیاری تایبەت بەگشت مەسەلەکانی ژنان (توێژینەوە، لێکۆڵینەوەی مەیدانی، راسپاردە، پێشنیار بۆ توێژە جیاجیاکانی ژنان)و دانانی ستراتیژێك بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان.
16. چوونە نێو بازاڕەکانی کارکردن بەگشت پسپۆڕییەکانییەوە، بەتایبەت تێکەڵبوون لەگەڵ بواری ئابوریدا.
17. پێدانی ئەولەویەت بەژنانی گوندنیشن بەدامەزراندنی پەیکەربەندی بنەڕەتی ناوخۆیی بۆ بەئاگابون لەپێداویستیو خواستەکانیانو، دابینکردنی هاوکاری بۆیان، لەپێناو گەڕاندنەوەی ئیعتیبار بۆ کاری کلاسیکیو تێکەڵکردنی بەئابوری نیشتمانی.
18. پشتبەستنی ژنان بەگوتارێکی عەقڵانی دور لەدیماگۆجیەتو روپامایی.
19. فراوانکردنی یانە کۆمەڵایەتیەکانو یانەی رۆشنبیریو یانەی وەرزشی بۆ گەنجان بەمەبەستی دروخستنەوەیان لەگێژاوی توندوتیژی.
20. کردنەوەی دەرگای ئیجتیهاد بەڕوی ئاییندا لەپێناو دەربازکردنی لەئاستەنگی گومڕاییو یارییە سیاسییەکان.
21. ئامادەکردنی رێنماییەکی تایبەت بەمافەکانی ژنان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریانو ناساندنیان بەرای گشتی.



22. رازیکردنی حزبە سیاسییەکان بۆ بەدواداچونی دیاردە کۆمەڵایەتیەکانو کارکردن لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان، بەتایبەت هۆشیارکردنەوەو پێکهاتنو دەرچوون (بەهۆیەوە) لەگێژاوی ململانێی بەرایی لەسەر دەسەڵات.
23. کارکردن بەسیستمی پشك (کوتا) لەهەڵبژاردنەکاندا بەهەموو جۆرەکانییەوە، ئەمەش بەدانانی لەیاسای هەڵبژاردنو حزبەکاندا، وەك قۆناغێکی گواستنەوە بۆگەڕاندنەوەی هاوسەنگی لەناو دامەزراوە گشتییەکاندا.

ئەمانە ئەو راسپاردانەن کە بەپێویستیان دەزانم بۆهاوکاریکردنی مافەکانی ژنانو دەستەبەرکردنی بەشداری کارایان لەژیانی گشتیدا، کەدەکرێت بەسەر هەریەك لەوڵاتانی عەرەبیدا جێبەجێبکرێت، بەتایبەت لەعێراق، هاوکات گونجانی لەگەڵ واقیعی دامەزراوەییو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی.

# کێشەکانی ژنان لەخۆرهەڵاتی ناوەراستو باکوری ئەفریقا

**پارێزەر: فەوزیە عەسول**

## دەروازە:

بەمەبەستی کۆبونەوەی پشتگیری ژنانی عێراق ئەم چەند لاپەڕەیەم ئامادەکردووە بۆ باسکردنی هەندێك کێشەی بنەڕەتی ژنانو، دیاریکردنی هەندێك وێناکردنو بیرکردنەوە کەدەکرێت لانیکەم بەشێوەی بەشەکی رۆڵیان هەبێت لەدانانی بەردی بناغەی ستراتیژێك کە لەبەرژەوەندی کارکردنی ژناندا بێت لەعێراق.

بەبۆنەی ئامادەکارییەکانی پەیمانگای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ، بابەتەکە بۆ سێ تەوەرە دابەشدەکەم.

1. تایبەتمەندییە رۆشنبیری و دامەزراوەییەکان.
2. ئەزمونی ژنانی مەغریب بەنموونە.
3. بەشداری لەگەڵاڵەبوونی ستراتیژ بۆکاری ژنان لەعێراق.

لەم دەروازیەدا دەمەوێت چەند تێبینییەکی پەیوەست بەم کارە بخەمەڕوو:

- بەبێ ئاماژەکردن بۆ کۆمەڵێك تایبەتمەندی رۆشنبیریو دامەزراوەیی لەناوچەکە تێگەیشتن لەهەلومەرجی یاساییو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری ژنانو، دواجار گەڵاڵەبوونی ستراتیژێکی فرە مەوداو فرە ئاست بۆ پێشخستنی ژنانو بەشداریان لەبونیاتنانی دیموکراسیدا ئەستەم دەبێت
- پێویستە تەوەری دووەم دەربارەی ئەزمونی مەغریب تەنها لەروانگەی بەئاگابونەوە تەماشا بکرێت، لەبەرئەوەی ئەزمونێکە لەدەرئەنجامی مەرجو بارودۆخێکەوە هاتوەتەئاراوە کەناکرێت لەوڵاتێکی تردا خۆی دوبارەبکاتەوە، بەڵکو ناکرێ تەنانەت لەمەغریبیش دوبارە بێتەوە.
- ئەو بیرۆکانەی لەتەوەری سێیەمدا دەربارەی عێراق هاتوون، کۆمەڵە بیرۆکەیەکی بەراین تاکاتی بەئاگابوونی ورد لەسەر ئاستی پەیوەندییە سیاسیو یاساییەکانی نێوان هێزە جیاجیاکانو، دواجار لەسەر ئاستی ئەو تێکۆشانەی کەژنان لەعێراق لەبواری بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بەمافەکانی ژنو لەبواری ئامادەکردنو جموجوڵی مەیدانیو هەروەها لەتواناکانیاندا بۆدەرکەوتن وەك هێزێکی سکاڵاکارو خاوەن پێشنیار

پێیگەیشتوون، دواجار لێهاتوییان لەپێکهێنانی کۆمەڵەکانی فشار لەناو عێراقو دەرەوەیدا.

## تەوەری یەکەم: تایبەتمەندییە رۆشنبیریی دامەزراوەییەکان:

سەرباری گشت ئەو پێشکەوتنە ئیجابییانەی لەدەیەی کۆتاییدا لەمەسەلەکانی پەیوەست بەژناندا رویداوە، هێشتا لەناوچەکە جیاکاری دژی ژنان لەیاساکاندا ماوەتەوە، لەمەش خراپتر ئەو جیاکارییەیە کە لەواقیعی ژیاندا بەرامبەری ئەنجامدەدرێت، بەجۆرێك هەڵسوکەوتی هاوشێوەی کۆیلایەتی لەکۆمەڵێك لەوڵاتاندا تێبینیدەکرێت، ئەگەرچی زۆرکەمیشە، بەڵام تێبینی حاڵەتێك لەبەندایەتی لەئارادایە، لەگەڵ تۆمارکردنی ئەوەی کەهیچ کام لەوڵاتانی ناوچەکە مومارەسەکردنی کۆیلایەتییان بەتاوان دانەناوەو لەدەستورو یاساکانیاندا سزایەکیان بۆ ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە دیارینەکردووە.

زۆربەی وڵاتان لەژێر فشاری ململانێی سەردەمو گۆڕانکارییەکان یاسای دانراویان بۆگشت بوارەکان چاککردووە، تەنها یاسای باری کەسێتی نەبێت بۆ رێگرتن لەهەر هەوڵێکی گۆڕانی سیاسیو رۆشنبیریو بەرەو دیموکراسی بوونە، یاسای باری کەسێتی لەناوچەکەدا ئاماژەی جیاکارییو بەکەم تەماشاکردنی ژنانە، لەمەشدا پشت بەکۆمەڵە مومارەسەیەك دەبەستێت کە بەتێپەڕبوونی کات گۆڕاون بۆ دابونەریتو کلتورو هاوکات هەندێك راڤەی خاوەن مۆرکی پیرۆزی بەسەردا زاڵکراوە.

گشت دیاردەیەك لەدیاردەکانی توندوتیژی دژی ژنان بەپاڵنەری جۆری کۆمەڵایەتی هێشتا فشاری لەسەر گشت بوارەکانە وەك سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو رۆشنبیریو رۆژنامەوانیو، ئەمەش بەهۆی نائامادەیی ستراتیژێکی روون لەم بابەتەداو، هەروەها بەهۆی نائامادەیی خواستێکی سیاسی بەکردەوە لەلایەن حکومەتی وڵاتانی ناوچەکەوە، بەمشێوەیە ئەو جێبەجێنەکردنانە دێنەئاراوە کەسەبارەت بەتێکەڵکردنی ژنان لەگەڵ پرۆسەی گەشەپێدان لێدوانی لەبارەوە دەدرێتو، ئینجا نەبوونی پلانێکی پێویست بەمەسەلەکانی ئامادەکردنی ژنان بۆ یاسادانانو جێبەجێکردنو ئاسانکاری لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی یان نیشتمانی.

هەورەها ئەو توندوتیژیی جەستەییو دەروونییەی بەرامبەر بەژنان دەکرێت هێشتا بەهێزو لەناوبەرە، لەگەڵ تۆمارکردنی ئەوەی ئەم توندوتیژییەی لەناوچەکەو لەگشت وڵاتانی ئیسلامیدا هەیە خاوەن خەسڵەتێکە کە لەشێوازەکانی توندوتیژی لەوڵاتانی خۆرئاوا جیایدەکاتەوە، بەوەی تاکی نێر ئەو توندوتیژییەی بەرامبەر بەژنان دەیکات بەمافێکی ئایینی خۆی دەزانێت کەپێی بەخشراوە بۆ راستکردنەوەی لارولوێرییە ئەزەلییەکانی ژنان، هاوکات لەگەڵ زیادبوونی



درێژبوونەوەی ئوسوڵیو دەزەکردنی وێناکردنەکانی بۆناو پەرتوکی قوتابخانەو کردنەوەی دامەزراوە ئاینییەکان بەرویدا بەبێ چاودێری، زیادیکردوە، ئەوەش وایکردوە توندوتیژی ئەم مۆرکە وەرگرێتو ئاسانکاری بۆ بڵاوکردنەوەی بیری توندڕەوانەیو نوقمبووی دەمارگیریو داخراویی کردوە، ئەوەیە کەناوچەکە گۆڕانکارییەکی بونیادگەرانەی لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیدا بەخۆوەنەبینیوەو بیر تەنها مامەڵەی لەگەڵ ئەو چەمکانەدا کردووە کەلەودیو سنورەکانەوە ئاراستەی کراونو لەبەرامبەردا بەردەوام پارێزگاری لەمۆرکەکەی کردوەو خۆی بەرهەمهێناوەتەوە. بەدیاریکراوی ئەم خاڵەی ئاماژەی پێکرا وادەخوازێت لەناوچەکەدا کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەست بەدۆزی ژنان و سەربەخۆ لەدەوڵەتو لەحزبە سیاسییەکان شێوازی نوێی کارکردن گەڵاڵەبکاتو وێناکردنە پەروەردەییو بیرییەکانی پەرەپێبدات، بەداواکردنی گۆڕینی یاساکانی جیاکاری دژی ژنانو بەشداریکردنیان لەپرۆسەی گەشەپێداندا نەوەستێت، بەڵکو هاوکات کار بۆ هاتنەئارای گۆڕانێکی رۆشنبیری لەناوچەکەدا پشتئەستور بەبەهای مرۆڤایەتی گەردونی لەشکۆمەندیو ئازادیو یەکسانیو هاوڵاتیبوون بکات، هەروەها پشتئەستور بەپرەنسیپەکانی دیموکراسی کە بەبێ دیموکراسی ژنان بۆیان نالوێت ئامانجەکانیان بەدیبهێنن، بێگومان ئەم گۆڕانکارییە دڵخوازە روبەڕوی توندڕەوی ئایینی دەبێتەوە کەبەگشت هێزێکییەوە لەدژی وەستاوەو کار بۆ بەدینەهاتنی لەواقیعی ژیاندا دەکاتو ئەوانەشی کەلەمانەوەی باردۆخەکە وەك خۆی سودمەندبوون لەگەڵ توندڕەوە ئاینییەکاندا هاوشان دژی گۆڕانی رۆشنبیری سەنگەرلێدەدەن.

ژنان قوربانیی یەکەمی حزبی ئایینی توندڕەون، ئەگەر لەڕوبەڕونەوەی بکشێتەوەو پشتگوێبخات لەئایندەدا باجی قورس لەژیانی خۆیو منداڵەکانی دەدات، ژنان بەو ئەندازەیەی بتوانن هەنگاوهەڵگرن، ئەگەرچی هەنگاوەکانیشیان بچوك بن، رۆڵیان دەبێت لەکەمکردنەوەی دواکەوتوییو یاسای جەنگەڵو شکاندنی شکۆمەندی مرۆڤەکان.

هێزە پارێزکارو دژە دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ، چەندین تایبەتمەندی رۆشنبیرییو ئایینی بۆدژایەتیکردنی مافەکانی مرۆڤ دەخەنەگەڕ، هەروەها هێنانەئارای هەلومەرج بۆ بەردەوام بەرهەمهێنانی پەیوەندی خێزانیو کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای جیاکاریی.

بەها مرۆییەکانو رەوشتە بەرزەکان تایبەتمەندێتی نازانن، ئەمەش لەبەرئەوەی گشت شارستانیەتێکی مرۆڤایەتی لایەنی ئیجابیو داهێنەرو مرۆییانەو، هەروەها لایەنی سەلبیو دزێوو هەڕەمەکیانە لەخۆدەگرێتو مێژوو هەرگیز شارستانیەتێکی کامڵو پاکی بەخۆوە نەبینیوە، کەواتە بۆچی بەشێك لەئیجابیاتی شارستانیەتی ناوچەکە وەلاوە بنێین، لەکاتێکدا پێچەوانە نییە لەگەڵ بەها مرۆییە هاوچەرخەکانداو پەنابەرینەبەر سەلبیاتەکانو بەسەرئەوەشەوە بەتایبەتمەندی

خۆمانی بزاین؟.. ئەوەی بەناوی تایبەتمەندییەوە دژایەتی ئازادی یەکسانیو شکۆمەندی دەکات، تەنها لەبەر ئەوەیەتی بەرژەوەندی لەقەڵاچۆکردنو جیاکارییو لێدانی شکۆمەندیدایە.

هەرچی لاوازی هێزە ریفۆرمخوازەکانە بەرامبەر هێزی ناحەزان، مەسەلەیەکە وەڵامدراوەتەوە، حکومەتەکان لەناوچەکە هیچ کارێك بۆ بەرگرتن لەسەرچاوەکانی بیری ئایینی توندڕەو لەفێرکردنو پەروەردەو رۆشنبیرو راگەیاندندا، ناکەن. حکومەتەکان بەپارێزگاریکردن لەم سەرچاوانە، پێش ئیسلامی سیاسی کەوتوون، بەمەش گەشە بەتوندڕەوی ئایینی دەدەن بۆ رێگرتن لەپرۆسەی چاکسازیی بۆ ئەوەی هەمیشە لەبازنەیەکی بەتاڵدا بخولێتەوە.

ئەرکی سەرشانی بزوتنەوەی ژنان لەناوچەکەدا زۆر تێکچڕژاوە، ئەوەندە هەیە هەندێکیان بەخێرایی خۆیان نمایش دەکەنو، ئەو گۆڕانکارییانەی لەعێراقدا روودەدەنو ئەولێکەوتانەی لەسەر گشت بزوتنەوەکانی ژنان لەناوچەکەدا هەیانە وادەخوازن وەك ئەولەویەتێکی گرنگ هاوشانی ژنانی عێراق بوەستن، بەڵام پشتگیری بزوتنەوەی ژنان لەعێراق چالاكو سەرکەوتوو نابێت ئەگەر پشت بەیەك ستراتیژو لەروانگەی یەك کارکردنەوە نەبێت، بۆیە هەماهەنگی لەسەر ئاستی ناوچەکە خۆی بەسەر بزوتنەوەکانی ژناندا (ئەوانەی سەربەحکومەت نین) دەسەپێنێتو جێگەی ئاماژەیە بەهێزکردنی ئەم هەماهەنگیو یەکخستنە رۆڵی کارای دەبێت لەبەدیهاتنی ئەرکەکانی تردا، ئەوانەی لەسەر ئاستی ناوچەکە دەخرێنە روو، لەوانە:

- هاندانی حکومەت بۆ ئیمزاکردنی پەیماننامەو پرۆتۆکۆلە نێودەوڵەتییەکانو هەڵگرتنی تێبینی لەسەر ئەو بابەتانەی کەپێشتر دانرابوون.
- کارکردن بۆ گونجاندنی یاسا نێودەوڵەتییە پەسەندکراوەکان لەگەڵ یاسا ناوخۆییەکاندا.
- چاکسازیی لەبەرنامەکانی پەروەردەو فێرکردندا بەجۆرێك کەلەگەڵ بەها مرۆییەکانی یەکسانیو ئازادیو شکۆمەندیدا گونجاوبێت.
- چاکسازی ئایینی لەرەگەوە پشتئەستور بەبەها مرۆییە پرشنگدارەکانی ئیسلامو بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دەمارگیرییو جیاکاری.
- چەسپاندنی ئامادەیی لەرێکخراوە هەرێمیو نێودەوڵەتیەکانو لەدانیشتنەکانیاندا.

## تەوەری دووەم: ئەزمونی بزوتنەوەی ژنان لەمەغریب

ساڵی 1957 یاسای باری کەسێتی لەسەر حسابی دابونەریتی زۆرێك لەناوچەکانی مەغریب هاتەکایەوە، بەچەشنێك کەکاری بۆ یەکخستنی یاساکان دەکرد، ئەوکات لەزۆربەی ناوچەکاندا دیاردەی فرەژنی باونەبوو، کچی هەرزەکار نەدەدرایەوە پیاوی پیر، بەڵکو ئەم دیاردەیە لەلایەن دەوڵەمەندی چەند ناوچەیەکی ترەوە پیادەکراو، لەبەرئەمەش ئەوکات لایەنی ئیجابی واقیعی ژیانی



مەغریب لەبەرچاونەگیراو بەیەکخستنی یاساکان جەخت لەسەر لایەنی سلبی کەمینە کرایەوەو سەپێنرا بەسەر زۆرینەدا، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر زۆرێك لەدابونەریتە ئیجابییەکان داناو لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان تاهەنوکە برەویان هەیەو کارمان لەسەر وەبەرهێنانی ئەم لایەنە کردەوە لەبەرنگاربونەوەی نەیارانی گۆڕانکاری لەیاسی باری کەسێتیدا، ئەو یاسایەی لێوانلێوبووە لەقوڵکردنەوەی جیاکارییو دوپاتکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان.

لەناوەراستی چلەکانەوە یەکەم یانەی رێکخستنی ژنان وەك (خوشکانی سەفا) دەرکەوتنو لەوکاتەوە داواکاری لەسەر مافەکان دەستپێکردوەو لەسەروی هەمویانەوە باری کەسێتی، بەرگرتن لەفرە ژنیو مافی وەرگرتنی تەڵاق ..تاد، ئەوەندەهەیە ئەم رێکخستنانە لەپاشکۆیەتی ئەو حزبە سیاسیانەدا مانەوە کەلەئامێزیاندا دروستبوونو بەمەش ملکەچی ئەو گۆڕانکارییانەبوون بەهۆی رکەبەرایەتیو حساباتی سیاسییەوە دەهاتنەئاراوە، ئەوانەی زۆرجار لەسەر حسابی مافەکانی ژنان دەبوون، بۆیە کاروچالاکی ژنان بەزۆری لەچوارچێوەی بواری کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریدا کورتدەبویەوە.

لەناوەراستی هەشتاکانەوە نەوەیەکی نوێ لەچوارچێوەی بزوتنەوەی ژناندا دەرکەوت کەچالاکییەکانی لەبواری مافو سیاسەتدا لەناو بزوتنەوەی خوێندکارانو بزوتنەوە چەپو دیموکراسیەکاندا برەوپێدەداو، بەرەبەرە بڕوای بەزەرورەتی گەڵاڵەبونی ستراتیژێك هێنا بۆ پێشخستنی ژنانو دروستبوونی بزوتنەوەیەکی ژنانەی سەربەست لەحساباتی کاری سیاسی حزبەکانو، لەم چوارچێوەیەدا چەندین کۆمەڵەی ژنان– سەربەخۆ دامەزرانو ئەم کۆمەڵانە لەکەشوهەوای لایەنگری مافەکانی ژنان سودمەندبوون، بەتایبەت پاش کۆنگرەی نیرۆبیو دەرچونی رێکەوتننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان( CEDAW)و زیادبونی فشاری بزوتنەوەی ژنانی جیهانی لەپێناو یەکسانیو نەهێشتنی توندوتیژی.

سەرەتا بزوتنەوەی ژنانی تازە دامەزراو گۆڕینی یاساو گشت یاساکانی زەوتکاری مافەکانی ژنانی کردە ئامانجی یەکەمی، لەم روانگەشەوە پشتی بەستراتیژێکی فرەدورییو ئاراستەگەلێك بەست کەکۆکەرەوەی کاری مەیدانی (بەهەردو لایەنەکەی، کۆمەڵایەتی – پەروەردەیی)و کاری داخوازی سکاڵاکردن بوو، لەگەڵ پێکهێنانی هێزی فشار. ئەو کۆمەڵانەی کەپێشتر هیچ پلانێکیان نەبوو، هەریەکەیان پسپۆڕیو تایبەتمەندی لەبوارێکی دیاریکراودا، لەدۆسییەکی داواخوازی دیاریکراودا، وەرگرتو پێکەوە بەهەماهەنگی بوونە تەواوکەری یەکتر، بەهۆشیاربونەوەیان لەیەکبوونی چارەنوسو زەرورەتی هەماهەنگی بۆ بەرەنگاربونەوەی مافەکانی ژنان قۆناغی رکابەرایەتی یەکتریان تێپەڕاند.

سەربارى ئەوەى ئەزمونى بزوتنەوەى ژنان‌و کەڵەکەبونى شارەزاییەکانى، ئەرکى گۆڕینى یاسایى بارى کەسێتى زۆر ئەستەم بوو، لەناو دەوڵەتدا ئاراستەیەك هەبوو ئارەزوى گۆڕانکارى نەدەکرد، ئەگەرچى ئەم ئاراستەیە لەژێر فشارى ناوخۆى‌و نێودەوڵەتیدا کۆمەڵێك گۆڕانکاریى رواڵەتى ئەنجامدا، بەڵام بەدەرکەوتنى ئیسلامى سیاسى تەواوتر جێگیربوو، بەتایبەت کاتێك ئەم رەوتە دژى دەستکارى یاسا (نوسراوەکان)کە وەستایەوەو لەمەش زیاتر کاتێك وەزیرى ئەوقاف بەئاشکرا چووەپاڵ ئاراستەکەوەو داوایکرد ئەو تەکنیککارییە کەمەى ساڵى 1993 بەسەر یاسا ى فرەژنیدا هاتووە هەڵبوەشێتەوە، هەروەها تەشەنەکردنى لەئەندازەبەدەرى نەخوێندەوارى لەناو توێژى ژناندا کەلەهەندێك ناوچەدا دەگاتە رێژەى 88٪ کاریگەرى ئاڵۆزکردنى ئەرکەکە کردو، سەرەڕاى دەرەئەنجامەکانى سیاسەتى فێرکارى کەبۆ چەندین دەیە کارى لەسەر تێکدانى هزرى نەوەکان دەکرد، هەموو شتێکمان لە(ئەبى هورەیرەو ئەلبوخارى)ەوە بڕیارى لەسەر دەدراو روبەڕوى ئەقڵییەتێك بوینەوە کەپیادەکردنى توندوتیژى دژى ژنانى بەمافێکى ئایینى‌و فیقهى‌و لێسەندنەوەى ئەم مافە لەپیاوان بەکودەتایەکى ئەمریکى— زایۆنزیمى دژى ئیسلام، دەزانى‌و، ئەرکى ئاینى (لەروانگەى ئەوانەوە) وادەخوازێت بەرەنگارى ئەم پیلانە ببنەوە کەجێبەجێکارى لەناوخودا هەیە.

لەبەرامبەر ئەو گۆڕانکاریە سەلبییەى رۆشنبیرى سەبارەت بەژنان بەخۆوەبینى، پارتە سیاسییە دیموکراسیخوازەکان لەبەرئەوەى تەواوى حزبەکانیتر لەگەڵ هێزە ئوسوڵییەکاندا بوون بەهەموو جۆرەکانیانەوە، خۆیان لەبارودۆخێکى ناهەمواردا بینییەوە، لەلایەك پێویستیان بەهێزى دەنگدەر هەبوو، لەلایەکیترەوە بیرى دژ بەژنان باڵى بەسەر گۆڕەپانەکەدا کێشابوو، بەڵام بەرنامە سیاسى‌و رۆشنبیرییەکانى ئەم حزبانە چەندین داواکارى ژنانیان لەخۆگرتبوو، ئەمەش بووە مایەى نیگەرانى‌و نائۆقرەیى لەناو ریزەکانیاندا، کەرتەکانى ژنانى ئەم حزبانە چووەنەپاڵ بزوتنەوەى ژنان، وەکچۆن لەمیانەى رازیبون‌و بڕوابوون بەڕەوایەتى مەسەلەکە چەندین کەس‌و توێژ لەناو حزب‌و لەدەرەوەى حزب چوونەپاڵ بزوتنەوەى ژنان. ئەم نیگەرانى‌و دوودڵییە گەیشتە پلەى نائومێدى کاتێك وەزیرى یەکێك لەم حزبە سیاسییانە دەستپێشخەرى کرد لەپێشکەشکردنى پلانێك بۆ تێکەڵکردنى ژنان بەپرۆسەى گەشەپێدان‌و داوایکرد حکومەت پشت بەم ستراتیژە ببەستێت. لەبەرامبەر هێرشى ئوسوڵییەکان‌و هێرشى وەزارەتى ئەوقاف بەگشت دامەزراوەو مزگەوت‌و پەیمانگاکانییەوە، ئەم حزبانە دەستبەردارى وەزیرەکە بوون‌و، بێجگە لەبزوتنەوەى ژنان هیچ لایەنێك پاڵپشتى نەبوون، لەکاتێکدا پلانەکە بەشى هەرە کەمى داواکارییەکانى ژنانى بۆگۆڕینى تەواوى یاساى بارى کەسێتى



لەخۆگرتبوو. گشت ئەم کاراکتەرانە وایکرد بزوتنەوەى ژنان جارێکیتر هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخەکە بکەنەوەو بڕیارى نوێ‌و هەموارکردنى نوێ بەسەر ستراتیژەکانیدا بهێنن، لەوانە:

- دەستەبەرکردنى سەربەخۆیى لەدەوڵەت‌و لەحزبەکان، ناکرێت ئەندامێکى سەرکردایەتى لەکۆمەڵەیەکى ژنان لێپرسراوێتى لەناو کۆمەڵەکەدا هەبێت‌و هاوکات لێپرسراوێتییەکى ترى لەناو حزبێکدا هەبێت.
- بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکانى تایبەت بەمافى مرۆڤ کۆمەڵە بەندو بەشێکى وشک‌و ژیانیان تێدا نییە، واتە ئایدۆلۆژیا نین‌و، ئەم خاڵەش لەلایەن ئوسوڵییەکانەوە بەئەندازەیەکى گەورە لەناو توێژى ژنان‌و پیاواندا بەگوتارێکى ئایدۆلۆژى لەروانگەى راڤەکردنى بەرتەسك‌و دۆگماى ئایینەوە ئیستغلالکراوە، بۆیە دەبوو ئەو بەندو بەشانە (مەبەست بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکانە) ببەستینەوە بەبیرو رۆششنبیرییەوە، مادامێکى ئوسوڵیەکان لەبەها مرۆییەکانى ئیسلام دەرچوون، بۆیە بڕیاردرا لەم روانگەوە بەرەنگاریان بینەوە، یەکگرتوى دیموکراسى مافەکانى مرۆڤ لەرابردوودا ئەم ئاراستەیەى بەکارهێناوەو ئەنجامى زۆرباشى هەبووە، بەچەشنێك ژنان بەڵگەو بیانویان لەقورئان و فیقهەوە دەردەهێنا بۆ بەرەنگاربونەوەى گوتارى توندڕەوى ئایینى.
- پەرەپێدانى ئامرازەکانى پێگەیشتن‌و هەستپێکردن بەپشتبەستن بەکاسێتى دەنگى تۆمارکراو، بەزمانێکى سادەو بەهەموو زارەکان (رەشۆك، ئەمازیغى، فەرەنسى..هتد) بۆ تێپەڕاندنى کێشەى نەخوێندەوارى‌و، بەرهەمهێنانى کاسێتى ڤیدیۆ دەربارەى واقیعى ژنان‌و لەناوبردنى بانگەشەى باڵایەتى دارایى پیاوان..تاد.
- رێکەوتن لەسەر رازینەبوون لەسەر ئیمزاکردنى هاوپەیمانێتى ناسروشتى، بەوەى زۆرێك لەناوەندە سیاسییەکان بەئاراستەى پێگەیشتن لەگەڵ ئوسوڵییەتدا هەنگاویان هەڵدەگرت.
- رازیبوون بەگواستنەوەى جەنگەکە بۆ سەر ئاستى نێودەوڵەتى‌و هەرێمایەتى‌و بەشدارییپێکردنى ژنانى مەغریبى لەتاراوگە لەجەنگەکەدا، پاش ئەوەى بەشێك لەبزوتنەوەى ژنان لەو بڕوادابون کەخوانەکە تایبەت بەخۆمان لەناوخۆدا بمێنێتەوە، لەگەڵ چەندین بیروڕا دەربارەى کاریگەرى ترى خراپى ئەم حاڵەتە لەسەر مەغریب.
- رۆشنایى خستنەسەر کەلێنى نێوان پابەندبونى فەرمى مەغریب لەبەرامبەر کۆمەڵگەى نێودەوڵەتیداو ئیمزاکردنى پەیماننامەى نەهێشتنى گشت شێوەکانى جیاکارى دژى ژنان‌و راسپاردەکانى کۆنگرەى پەکین‌و لەملاشەوە دەستگرتنى بەیاسى بارى کەسێتییەوە

کەبەڵگەیە لەسەر جیاکاریی دژی ژنان، هاوکات پێچەوانەیی یاسای باری کەسێتی لەگەڵ دەستوری مەغریبی کە لەپێشەکییەکەدا جەخت لەسەر ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ دەکاتەوە.

- دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان کاری مەیدانی رۆژانەو کاری سکاڵاکردن – پێشنیارکردن.
- هەماهەنگی لەسەر ئاستی ناوخۆیی، هەر کاتێك جەنگ وا پێویستیکرد هەماهەنگی لەنێوان ڕێکخراوەکانی ژناندا بێتەئاراوە، ئەمەش بەدامەزراندنی بەرەی نیشتمانی مافەکانی ژنانو تۆڕی پشتگیری تێکەڵکردنی توێژی ژنان بەپرۆسەی گەشەپێدان. وەکچۆن دەستکرا بەدامەزراندنی تۆڕ لەسەرئاستی مەغریب، کۆمەڵەی یەکسانی 95. کۆنگرەی نێودەوڵەتی ژنانی مەغریبی، لێرەو لەوێ، لەپێناو یەکسانیو تێکەڵبوون بەتۆڕە هەرێمیو نێودەوڵەتییەکان، یانەی ژنانی دەریای سپی ناوەراست..تد.
- بایەخدان بەپرۆگرامی خوێندنو بەپەروەردەو فێرکردن.

گشت ئەمانە وایانکرد بزوتنەوەی ژنان بگۆڕێت بۆ کاراکتەرێکی بنەڕەتی لەگۆڕەپانەکەداو، لەبەرئەوەی سەربەخۆبوون زۆر بەئاسانی ژمارەیەکی زۆر لەوزە فکرییە داهێنەرەکان لەدەوری بزوتنەوەکە کۆبونەوە، زانایانو پیاوانی ئایینی بەرێزو خاوەن زانستو شارەزای بواری "فیقە" کەلەتوانیاندا بێت ئیجتیهاد بکەن.

هاوکات لەگەڵ هەڵوەشانەوەی پلانی نیشتمانی بەشداری پێکردنی ژنان لەپرۆسەی گەشەپێداندا، بزوتنەوەی ژنان گەڕانەوە سەربڕیارە کۆنەکە دەربارەی کارکردن لەپێناو گۆڕینی گشتگیری یاساکە، لەچوارچێوەیەکی دینامیکی کەبەرهەمی ستراتیژە نوێیەکە بوو. بزوتنەوەی ژنان توانیان پەیوەندیو بڵاوبونەوەیان فراوانتر بکەنو بەشێوەیەك خۆیان ئامادەبکەن بەهێزتر لەوکاتانەی دوو ئاراستەی ژنان کەلەلایەن دوو هێزی بەرامبەرەوە ڕێکخرابوون سەبارەت بەمەسەلەکانی ژنان، لەهەریەك لە(دار البیضاء) کەیەکخستنێکی تەواوی ئوسوڵییەکان بووە بەگشت جۆرەکانییەوەو حزبە ئیدارییەکانی پەیوەست بەدەوڵەتو وەزارەتی ئەوقاف بەمزگەوت و سەرجەم دامەزراوەکانییەوەو کەرتگەلێکی فراوانی سەندیکاو پێکبەستن کەکۆکراوەی بزوتنەوەی ژنانو توێژە هۆشیارەکانی کۆمەڵگە (پیاوو ژن)و ناوەندە پێشکەوتوخوازەکان لەناو حزبە سیاسیە دیموکراسیخوازەکاندا بوو.

کاتێك لیژنەی زانستی یەکەم بەسەرپەرشتی وەزیری یەکەم عەبدولڕەحمان ئەلیوسفی دامەزرا، لیژنەکە هاوسەنگ بوو، بەڵام ئەمەی دواییان نەیتوانی لەبەرامبەر مانۆڕی دژ بەلیژنەکە خۆی



بگرێت، دەستبەجێ داوای دادوەری پادشای کرد بەئیعتیباری ئەوەی ئەمیری ئیماندارانەو دەستورەکە لەبواری تایبەتمەندی خۆیدایە، بەشێکی بزوتنەوەی ژنان ئەم پێشنیارەیان رەتکردەوە، تا لەکۆتایدا لیژنەیەکی ناهاوسەنگ پێکهێنرا کەکۆمەڵە (فەقێ)یەك باڵیان بەسەر کارەکانیدا کێشابوو، پێشتر دژایەتیکردنی خۆیان بۆ مافەکانی ژنان دووپاتکردبووە، سەرەڕای گوتاری شاهانە کەئاراستەی لیژنەکە کرابوو بۆ پێداچونەوەی گشتگیری دەستورەکە، بەڵام ئاڵوگۆڕەکان شۆکدەری بزوتنەوەی ژنان بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا بزوتنەوەی ژنان لەبەرئەوەی لەگۆڕەپانەکە کاراکتەرەی کارابوون، بەروی پێشێلکاری مافەکانی ژناندا وەستانەوەو لەم چوارچێوەیەدا کۆمەڵەی بەهاری یەکسانی دامەزراو بەدواداچونی بۆکارەکانی لیژنەی شاهانە بۆ گۆڕینی دەستوری باری کەسێتی دەکردو بەپشتبەستن بەپێشەکی دەستورەکە کەدوپاتکردنەوەی ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ بوو، هەموو مانۆڕێکی دژ بەژنانیان ئیدانە دەکردو وەك ئابڕوبەرییەك نمایشییان دەکرد، وەکچۆن بەندەکانی گوتاری شاهانەیان بەکاردەهێنا دژی ئەندامانی دژ بەژنان لەلیژنەکە.. جێگەی ئاماژەیە ئەو گوتارەی کۆشکی شاهانە ئاراستەی لیژنەکەی کردبوو داوا لەئەندامەکانی دەکات کە بەویژدانو دادپەروەرییو شکۆمەندییەوە کاربکەنو گشت ئەو چەمکانە لابەرن کە لەشانی ژنان کەمدەکاتەوە. هەروەها دەستکرا بەبزواندنیو ئامادەکردنی ژنانی مەغریب لەتاراوگەو توانییان رۆڵێکی کارا بگێڕن لەدروستکردنی فشار تاوەکو ژنان بتوانن مافەکانیان وەربگرن، ئەم ژنانە بوونە ئەڵقە پەیوەندی لەنێوان ئێمەو رای گشتی خۆرئاوادا، هاوکات چەندین ڕێکخراوی ژنانەو کەسایەتی بیانی کەکاریگەری زۆریان هەبوو هاوسەنگەرمان بوونو پشتیوانی داواکارییەکانمان بوون، بۆیە بزوتنەوەی ژنان چیتر بەخستنەڕوی دۆسیەی باری کەسێتی –یەوە نەوەستاو چەندین دۆسیەی داواکاریی خستەڕوو، پێشنیاری زانستیانەی هەبوو، تاوەکو بتوانێت لەسەرجەم چینو توێژەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لایەنگر بۆ دۆسییەکانی کۆبکاتەوە. لەبواری یاساییدا ئەم پێشنیارانەی خستەروو:

- پێشکەشکردنی دۆسێیەکی داخوازی بۆ چاککردنی یاسای کار، ئەمەش پاش ئەنجامدانی چەندین توێژینەوەی مەیدانی دەربارەی بارودۆخی ژنان لەکارکردنداو، لێکۆڵینەوەی شیتەڵکاری یاسای بارودۆخی خزمەتکارانی ماڵان، لەگەڵ سازدانی کۆڕو سیمنار سەبارەت بەبابەتەکەو هەماهەنگی لەنێوان گشت پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو جولاندنی راگەیاندن بۆ پشتگیرکردنو رێکخستنی چەند چالاکییەکی دانیشتنی دادگایی.

هەمان شت بۆ چاککردنی یاساکانیتر ئەنجامدرا (یاسای مەدەنیو تاوانکاریو ئێستاش یاسای رەگەزنامە..تد).

- ئەنجامدانی تۆژینەوە سەبارەت بەنوێنەرایەتیکردنی سیاسیانەی ژنانو هۆیەکانی نائامادەییان لەپێگەکانی بڕیارداناو خستنەڕووی مەسەلەی (کوتا) وەك زامنکاری بەشداری ژنان لەپێگەکانی بڕیاردان، بەبێجیاوازی لەنێوان ئەنجومەنەکانی یاسادانو ئەنجومەنەکانی ناوخۆ.
- لەبواری فێرکردنی کچانو نەهێشتنی نەخوێندەواریدا، پاش دیراسەکردنو دیاریکردنو لەروانگەی کاری مەیدانییەوە بزوتنەوەی ژنان لەم بوارەدا دۆسێیەکی پێشکەشکرد بۆ هاندانی فێرکردنی کچانو دەستێوەردانی دەوڵەت لەبەرەنگاربونەوەی نەخوێندەواریو رێکخستنی ستاف لەگشت ناوچەکانی مەغریبدا بۆ دادگایکردنی دیاردەی نەخوێندەواریو کۆکردنەوەی دوو ملیۆن ئیمزا.
- بەرەنگاربونەوەوی دیاردەی توندوتیژیو تەحەڕوشی سێکسی دژی ژنانو دامەزراندنی سەنتەری گوێگرتنو رێنمای یاساییو ئەنجامدانی توێژینەوەی پشکنینی دیاردەکەو تۆمارکردنی هەر سەرپێچیو جۆرێکیتری توندوتیژیو پێشکەشکردنی راسپاردە لەپێناو ستراتیژێکی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەلآیەتی.
- پێکهێنانی ستافو رەوانەکردنیان بۆ ناوچە دورەدەستو پەراوێزخراوەکان بەمەبەستی ناساندنی مافەکانی ژنانو ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی بارودۆخی تەندروستیو ئابوریو کۆمەلآیەتیو فێرکاریو یاسایی ژنان لەپێناو ئابڕوبردنیو پێشکەشکردنی راسپاردە لەو بارەیەوە.
- لەبواری پەروەردەو رۆشنبیرییەوە، دروستکردنی یانە لەناو دامەزراوە فێرکارییەکانو رێکخستنی وۆرك شۆپ بۆ پێگەیاندنی پەروەردەیی لەسەر یەکسانیو مافەکانی مرۆڤ و ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی وێنەی ژنان لەپەرتوکی خوێندنگاداو پێشکەشکردنی داخوازی چاککردنی فێرکردنو پێداچونەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن، بەڵکو زیاتر لەمەش دامەزراندنی یەکەم خوێندنگای یەکسانیو هاولآتیبوون لەمەغریب بەبەرنامەیەکی کامڵەوە بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانو مامۆستایانی زانکۆو هێنانەئارای هەلومەرجێکی ئەوتۆ بۆگەنجان کەبتوانن تیایدا لەسەر یەکسانیو هاولآتیبوون پەروەردە بکرێن.



- لەبواری راگەیاندندا، دامەزراندنی سەنتەری راگەیاندنو بەئاگابوون لەژنانی مەغریب (CIOFEM)و ئەنجامدانی چەندین توێژینەوە بۆ راستکردنەوەی وێنەی ژنان لەراگەیاندنو بەکارهێنانی راگەیاندنی نووسراوو بیستراوو بینراو بۆدانانی کاریگەری لەسەر ڕای گشتیو گۆڕینی ئەقڵییەتەکانو ئابڕوبردنی ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بەژنان ئەنجام دەدرێن.

دەستور نوسراوێکی نوێی داڕشتو تیایدا، بزوتنەوەی ژنان دەسکەوتی گرنگیان بەدەستهێناو، لەهەندێك لەبەندەکانیدا دەتوانین بڵێین گەیشتویەنەتە چارەسەری مامناوەند وەك مەسەلەکانی فرەژنیو ویلایەت. ئەوەندەهەیە ئەم دەسکەوتانە ئەگەر جێبەجێنەکرێن هیچ بەهایەکیان نابێت بۆیە جەنگەکە نەگەیشتوەتە ئاگربەست. ساڵێك لەجێبەجێکردنی بەندەکانی دەستورەکە دەبینین گیرفانی بەرەنگاربونەوە بەهێزەو لەلایەن کۆمەڵێك لەدامەزراوەکانی دەوڵەتەوە پشتگیری دەکرێتو تەنها بۆنمونە، یاسا نوێیەکە هێنانی یەك ژنی کردوەتە بنەڕەتو فرەژنی بەئیستسنا داناوە، ئەمەش سەبارەت بەئێمە پێشکەوتنێکی گرنگ دادەنرێت، لەبەرئەوەی پێداچونەوەیەك بەسەر ئەو بیرکردنەوەدا دەهێنێت. کە پێی وابوو فرەژنی مافێکی رەهایەو نابێت بەهیچ شتێك مەرجدار بکرێت، لەوانەیە بازنەکانی بەرەنگاربونەوە رێگە بەگۆڕینی زۆرێك لەمەسەلە لاوەکیەکان بدا، بەڵام هەرگیز ئەوە لەمەسەلەی فکردا قبوڵناکەن، وەزارەتی ناوخۆ بڵاوکراوەیەکی چوار لاپەڕەیی تایبەت بەژنانی مێردداد بۆ هێناوینو باش دەزانن ئەگەر ئەو یاسایە جێبەجێبکرێت بێجگە لەکەمینەیەك کەسیتر ناتوانێت زیاتر لەژنێك بهێنێت، ئەوەشی بەلای ئێمەوە جێگەی بایەخە لایەنە رۆشنبیریەکەیە کەناکرێت دەستبەرداری بین، ئەگەر ئەم بارودۆخەی ئێستا لەجێگەی خۆی هەڵکەنرا، ئاساییە بارودۆخێك جێگەی بگرێتەوە رێگە بۆ هاتنەئارای بیری فرەژنی خۆشبکات. بۆیە وادەخوازێت بزوتنەوەی ژنان بەئاگابنو بەردەوام تێبکۆشن لەپێناو فەراهەمکردنی میکانیزمی پێویست لەسەر ئاستی یاسادانانو دامەزراوەیی بۆدەستەبەرکردنی پێشکەوتن لەبەدیهاتنی یەکسانیو پەرەپێدانی مافەکانی ژنان، بێگومان چەندین توێژینەوە ئەو راستییەیان سەلماندوە کەجیاکاریو پێشێلکردنی مافەکانی ژنان بەیەکێك لەلەمپەرەکانی گەیشتن بەدیموکراسیو گەشەپێدان دادەنرێن.

## تەوەری سێیەم: بەشداری لەطەلآلەکردنی ستراتیذی بۆ کارکردنی ذنان لەعێراق:

عێراق بەبارودۆخێکی ناسەقامگیردا تێدەپەڕێت، رۆژانە لەسەر قوربانیاندا کەزۆربەیان لەخەڵکانی مەدەنین بەخەبەردێت، لەم بارودۆخەداو لەوڵاتانێکدا کە لەقۆناغی جەنگدان، زۆر ئەستەمە ژنان بتوانن کار لەسەر بەرگریکردن لەمافەکانی خۆیان بکەن، وەکچۆن رژێمی پێشوو بوارێکی

بۆكۆمەڵگەی مەدەنی نەهێشتبووە بۆ گەشەكردنو بەم دواییە نەبێت كەبەشێوەیەكی بەرچاو بەرەو دەركەوتن رۆیشت، بەڵام بەهۆی كاراكتەری تایەفیو مەزهەبییەوە كە لەكتوپڕێكدا هاتەگۆڕەپانەوە تائەندازەیەك رێگری لەگەشەكردنی كۆمەڵگەیەكی مەدەنیو سەربەخۆكرد، لەگەڵ ئەمانەشدا نابێت بچینە ژێرباری نائومێدیو، بەتایبەت لەكاتێكدا ژنانی عێراق سەلماندویانە كەخاوەن هێزێكی تێكۆشەرانەی گەورەنو بەتایبەت لەسەر ئاستی فكریو فێركاری زۆر لەپێشەوەن ئەگەر بەراوردبكرێن لەگەڵ هەندێك لەوڵاتانی تردا.

- دیاریكردنی داواكاریو ئامانجی دیاریكراو هیچكات پەیوەندی بەبەهێزی بزوتنەوەیەك یان لاوازییەوە نییە، ئەمەش مەسەلەیەكی گرنگەو ئەوەش بەوەی داخوازیو ئامانجەكان هەمیشە ئاراستەی دوولایەن دەكرێن دەوڵەتو دامەزراوەكان، ئینجا كۆمەڵگە، بۆیە ئەگەر تەنانەت بەشێكی كەمی داواكارییەكانیش بەهۆگەلی دیاریكراوەوە بەدیبێن، بزوتنەوەكە لەپێشدا بناغەی جموجوڵی نوێی داناوە، سەرباری ئەوەش ئەگەر كار لەسەر ستراتیژی ئەوەی لەتوانادایە بكرێت ، دواتر خۆی لەهەڵوێستێكی ئەوتۆدا دەبینێتەوە كەبۆی نالوێت بەهەمان ئەندازەو خۆئامادەكردنەوە كاربكات. بۆیە زۆرگرنگە كۆمەڵگە تەواوی بەرژەوەندییەكانی خۆی بزانێت، گرنگ نییە دواتر هەنگاو بەهەنگاو بەپێی بارودۆخ و هەلومەرجەكە كار بۆ بەدیهاتنیان بكات.
- ئەمەش لەمیانەی گرێدانی مەسەلەی ژنان لەروی فكرو یاساو ئەخلاقەوە بەدامەزراوەی گەردونی مافەكانی مرۆڤەوە دەبێتو، دواجار زیادەڕەوینەكردن لەپرەنسیپی یەكسانیدا وەك مەرجەعیەتێك سەبارەت بەهەر داخوازییەكی چاكسازییو سودمەندبوون لەدەسكەوتە بەدەستهاتوەكان لەسەر ئاستی هەرێمەكانو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.
- سەربەخۆیی بڕیاردان لەدەوڵەتو لەحزبەكانو، سەربەخۆیی لەحزب بەو مانایە نایەت ئەندامانی كۆمەڵەیەكی ژنان بەهیچ شێوەیەك بۆیان نییە لایەنگری حزبەكان بن، بەڵكو مەبەست لێی سەپاندنی رێنماییو بڕیارەكانی حزبە بەسەر رێكخراوەكاندا، بەڵكو دەبێت بڕیار لەرێكخراوەكەوە سەرچاوەی گرتبێتو، ئەم كاراكتەرە وادەكات بزوتنەوەی ژنان رۆڵیان هەبێت لەگۆڕینی رەگەز تائیفیو مەزهەبیو كەمینەكاندا بۆ هێزێكی ئیجابی لەبەرژەوەندی ژنان، وەك چۆن رۆڵی دەبێت لەفراوانكردنی كەشوهەوای گشتیو بەشداریكردن لەگەلاڵەكردنی دیالۆگی كۆمەڵگەو كاریگەری دانانی لەسەر بڕیاردان.



- زەرورەتی جیاكردنەوەی كەمینەی توندڕەوی ئایینی كۆمەڵی مەدەنی شوێنكەوتوو، لەگەڵ كەمینەیەك كەبەناوی ئیسلامو تەواوی موسوڵمانەكانەوە قسەدەكەنو تەواوی موسوڵمانداو كاركردنی بەردەوام بۆ پتەوكردنی ریزەكان بەزانایانی روناكبیر.
- پتەوكردنی پەیوەندی لەگەڵ رێكخراوەكانی ژنان، نێودەوڵەتیو هەرێمییەكان.
- كاركردن لەسەر دروستكردنی هەماهەنگی لەنێوان رێكخراوەكانی ژنان لەناوخۆی عێراقو گەلاڵەكردنی ستراتیژێكی یەكگرتوو كامڵ.
- دروستكردنی پردی پەیوەندی لەنێوان رێكخراوەكانی ژنانو چالاكییە فكرییەكان، ئەمەش لەپێناو پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی لەكەرتی توێژنەوەی ژنانداو، سودوەرگرتن لەمبوارە بۆ بەئاگابوون لەواقیعی ژنانو گەلاڵەكردنی ستراتیژ بەمەبەستی كاركردن لەپێناو ئازادكردنیدا.
- كاركردن لەپێناو بەشداری سیاسیانەی ژنانو، هاوكاریكردنی نوێنەرایەتی سیاسی ژنان بەدانانیان لەپێگەكانی بڕیارداندا.
- لەكۆتاییدا ئەنجامدانی كاری مەیدانی لەبواری فكرو پەروەردەو خزمەتگوزارییەكانو، دروستكردنی پەیوەندی لەنێوان كاری مەیدانیو كاری داواكردنی دانیشتنە دادگاییەكان بۆ گەلاڵەكردنی دۆسیەی داواكاری سەبارەت بەپێداویستییە بابەتییەكان بۆ چەند توێژێكی ناو ژینگەكە كەئامادەن بۆ دەستكردن بەتێكۆشان لەپیناو بەدیهاتنیدا.

## بارودۆخی ژنان لەپارلەمانەکانی وڵاتە عەرەبییەکاندا

**پارلەمانتار: هودا ئەلحومسی ئەلعەجلانی**[⇦]

سەرەڕای ئەوەی کەهەندێ لەیاساو رێساکانی وڵاتانی عەرەبی، پیاوانو ژنانیان یەکسانکردوە، بەڵام وادەزانین کەرۆڵی ژنان لەژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریدا هێشتا لەئاستێکی نزمدایە، چونکە تاهەنوکە کۆمەڵێك دابونەریتو کلتور وەك یاسایەکیان لێهاتوەو جیاکاری لەنێوان پیاوانو ژناندا دەکەنو، لەمافەکانی ژنان کەمدەکەنەوە،بەڵام خراپتر لەوەش نایەکسانی ژنانو پیاوانە

⇦ لەم لێکۆڵینەیەوە بۆ کوتایی کتێبەکە لەلایەن (کارزان عەلی)ەوە وەرطێردراوە



لەکۆمەڵێك لەیاساو رێسای وڵاتانی عەرەبدا، زۆرن ئەو دابونەریتە توندو سەختانەی کەژنان پێوەی دەناڵێنن، سەرەڕای ئەوەی کەژنانی عەرەب لەرابردودا خاوەنی رۆشنبیرییەکی بەرزو کلتورێکی شارستانی بوونو، لەرابردوودا بونەتە شاژنو رابەرو سەرۆکی هێزو پێشەوای زۆر لەبزوتنەوەکانی ژنانو بزوتنەوە رۆشنبیرییەکان.

هەروەها بەو پێودانگەی کەگرنگە ژنان بەشداربن لەدانانی یاساو رێساکانو رەنگدانەوەیان لەناو کۆمەڵگەدا، هەوڵمداوە لەرێگەی ئەم باسەوە تیشك بخەمەسەر بارودۆخی ژنان لەپارلەمانی وڵاتانی عەرەبیداو ئەمەش بەشێکە لەباسێکی درێژتر کە لەسەر هەمان بابەت ئامادەم کردووە، لێشتان ناشارمەوە کەبابەتە گرانە، ئەوەش لەبەر کەمیو دەگمەنی سەرچاوەو سەختی هەڵبژاردنی بابەتی ناوبراو، چونکە زۆربەی ئەوانەی کەنوسراون، پیاوان نوسیویانەو هەوڵی دەرخستنی تەواوی ژیانی راستەقینەی ژنانیان تێدا نەداوە، یان بەهۆی کەمتەرخەمی ژنان خۆیانەوەیە کەکێشەو گرفتەکانیان دەرنەخستوە تاوەکو ببێتە هۆی بەهێزکردنی سەرچاوەکان.

لەوانەیە هەڵەش بێت کەژنان وا بیربکەنەوە کە لەناو کۆمەڵەو رێکخراوەکانی تایبەت بەژنانەوە بەتەنها کاریان کردوەو پیاوان دوربخەنەوە لەبەشداریکردن لەرۆشنبیری گفتوگۆکردن لەبارەی مافەکانی ژنانەوە. هەروەك راگەیاندنی عەرەب پشکێکی ئەو کەمتەرخەمییەیان بەردەکەوێت لەوێناکردنی شێوازی نێگەتیڤانەی رۆڵی ژنانی عەرەبدا، بەڵام من لەم باسەدا بۆم دەرکەوتوە کەبەشداری ژنان لەپارلەمانی وڵاتانی عەرەبدا بەشدارییەکی کەمو لاواز بووە.

تەنانەت بەشداری ژنان لەناوەندەکانی بڕیارداندا لەخوار ئاستی پێزانینەوە بووە، لەگەڵ ئەوەی ژنان نیوەی ژمارەی دانیشتوانی جیهانی عەرەبی پێکدەهێنن، بەڵام پێویستە ئاماژەش بەوە بکەین ژنانی عەرەب لەوڵاتانێکدا دەژین کەئارامی سیاسیو ئابوریی تێدا کەمە، وەك چۆن بەئەتمۆسفێری جیاکاری نێگەتیڤانە دەورەدراون، ئەمەش بەهۆی سەرکەشیو زۆرداری دابونەریتو کلتورە جیاوازەکانەوە بووەو، بووە بەهۆی ئەوەی رێژەی ژنانی بەشداربوو لەپارلەمانی عەرەبدا تەنها 3.5 ٪ بێتو، رێژەی وەزیرەکانیان 3٪ بێت. کەبەراستی رێژەیەکی کەمو نەشیاوە بۆ راپەڕینو بێداربونەوەی ژنان لەناو کۆمەڵگەی عەرەبدا.

بێگومان پێویستە بڵێین کەتەواوی مافەکانی ژنان لەجیهانی عەرەبدا، پێویستیان بەهەوڵێکی گشتگیرو هەمەلایەن هەیە لەنێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو گروپە چالاکەکانو دەزگاکانی حکومەتو کارکردن بۆ گۆڕینی ئاراستەی رۆشنبیری کۆمەڵگەو، پیاوانو هاندانو رۆشتنی ژنان بەرەو ناوەندەکانی بڕیاردان. لەسەرەتاشدا پێویستە ئەوە بڵێین کەژنان لەئاینی ئیسلامدا پلەوپایەیەکی بەرزو رێزداریان هەیە، چ وەك دایكو ژن، یان وەك کچو خوشك، ژنان

ئەندامێکی کاریگەری ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی بوون، چەندین بەشداریان لەبوارەکانی رامیاریو کۆمەلایەتیو ئابوریو زانستیو رۆشنبیریو تەندروستی لەسەردەمە جیاوازەکاندا هەبووە، بەڵگەشمان بۆ ئەوە ژیاننامەی ژنانی هاوەڵی پێغەمبەر (د.خ)و ژنانی ئیسلامە لەچەرخە جیاوازەکاندا، کەئێستا بواری گێڕانەوەی ئەو ژیاننامانەمان نییە، دەتوانین بەکورتی بڵێین کەژنان رۆڵێکی سەرەکییان هەبووە لەدانانی یاساو رێساکانی ئیسلامدا ئەمەش لەرێگەی گێڕانەوە "روایە"ی فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ) کە بەسەرچاوەی دووەمی پەیامی ئیسلامی دادەنرێتو، توانای ژنان دەردەخات لەپاراستنی ئەو راسپاردانەدا، هەرچەندە ئەو راسپاردانەش ترسناکو گرنگبووبن.

وەك چۆن دایکی موسڵمانان (حەفسەی کچی عومەری کوڕی خەتتاب) پاراستنی یەکەمین دەستنوسی قورئانی پێسپێردراوە، هەروەها (ئەسمای کچی ئەبوبەکری صدیق) نهێنی کۆچی پێغەمبەری پاراستوەو، بەشدارییەکی راستەخۆی لەسەرکەوتنی ئەو کۆچەدا هەبووە، جگەلەوەش ژنان لەو کاتەدا مافی "فەتوا"دانیان هەبووە، بەدرێژایی سەردەمەکان کاریان تێدا کردوە، نموونەش (عومەری کوڕی خەتتاب)ە کەچۆن راوێژی بەو ژنە قورەیشی-یانە کردوە، کاتێك کەموسڵمانانی کۆدەکردەوە لەجیاتی دەستەی راوێژکاری بۆ ئەوەی کەکێشەی دیاریکردنی شیربابییان پێبڵێ، ئەو کارەش بەڵگەیەکی راستو دروستە کە لەو دەستەیەدا چەندین ژنو پیاوی تێدا هەبووە، وەرگرتنی بۆچونی ئەو ژنانەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ژنان مافی دانیشتنو بەشدارییان هەبووە لەو دەستەیەداو، راوبۆچونەکانیان بەهەندوەرگیراوە.

هەروەها ژنان مافی "بەیعەت"یان هەبوە لەسەردەمی بەیعەت وەرگرتندا، مافی هەڵبژاردنیشیان لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا هەبووە. لێرەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کەچۆن ژنانی موسڵمان مافی راوێژ پێکردنیان هەبووە، نەك تەنها لەسەر کێشەکانی تایبەت بەخۆیان، بەڵکو تەنانەت لەسەر کاروباری فەرمانڕەواییو ئیشوکارە جیاوازەکانی وڵاتیش. هەروەها ئاینی مەسیحی-ش جەختی لەسەر لێبوردەییو دڵفراوانیو بەخشینەوەی ماف بەخاوەنەکانیان (ژنان یان پیاوان بن) کردوەتەوە، خودی مەسیح (د.خ) هیچ جیاکارییەکی لەنێوان پیاوانو ژناندا نەکردوە، زۆربەی هەوادارانو شوێنکەوتوانی لەپیاوانو ژنان بوون، مەسیح بەئاشکرا ئەمەی قبوڵکردووە. ئەمەش بووە بەهۆی دروستبونی رقو تورەیی سەرکردەکانی تری ئەوکاتە، نەك تەنها ئەمە، بەڵکو ئەو شتانەی کەبۆ پیاوانی دەکرد، بەبێ جیاوازی بۆ ژنانیشی کردووە. هەروەها پیاوانو ژنانی کۆدەکردەوەو چەندین کاری سەرسوڕهێنەری دەنواندو چەندین ژنیشی چارەسەرکردوە.



ئێستەش دەڵێین: کەپلەو پایەی ژنان لەم سەردەمەدا، لەدەوڵەتو کۆمەڵگەیەکی عەرەبییەوە بۆیەکێکیتر، جیاوازی بەرفراوانی تێدا هەیەو، لەزۆربەی وڵاتە عەرەبیەکاندا لەساڵانی رابردودا، چەندەها چاکسازیو ریفۆرمی تایبەت بەمافی ژنان کراوە، وڵاتە عەرەبیەکان بەهاوکاری کۆمەڵی نێودەڵەتی بەخۆیانو دەستەو دەزگا جیاوازەکانیانەوە، هەوڵی چاککردنی بارو پلەوپایەی ژنان دەدەنو تا ئێستاش (12) وڵاتی عەرەبی پەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوازەکانی جیاکاری دژ بەژنان-یان مۆرکردوە.

بێگومان گواستنەوەو جێگۆرکێی دەسەڵات، لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر، لەسەرکردەکانی عەرەب، بەهەردوو سیستمی پاشایەتیو کۆمارییەوە، جەختیان لەسەر مافەکانی ژنان کردوەتەوە، بۆ نمونە لەم ساڵانەی دوایدا نەوەیەکی تازە جڵەوی دەسەڵاتیان لەکۆمارەکانی بەحرەینو ئوردنو مەغریبو قەتەرو عەممانو سوریا گرتوەتەدەست، لاوە دەسەڵاتدارە عەرەبەکان پابەندی خۆیان لەئاست هەموو لایەنەکانی ژیانی ژنانەوە دەربڕیوە، بۆچاککردنی پلەوپایەی ژنان وەك بەشێکی دانەبڕاو لەگەشەپێدانی ئابوریی نیشتمانیو، بەگرنگزانینی بەشداربونی ژنان لەحکومەتو کۆمەڵە پارلەمانییەکاندا بەباشترین شێوە بۆئەوەی سود لەتواناو شارەزاییەکانیان وەربگیرێت.

هەروەها چەندین دامەزراوەی پارلەمانی-مان هەیە کە بەرپرسیارن لەدانانی یاساو رێسای چاودێریکردن لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن (پارلەمانەکان)و چەندین ناوی لێنراوە وەك ئەنجومەنی نیشتمانی لەوڵاتانی سوریاو میسرو پارلەمان لەوڵاتانی لوبنانو یەمەنو ئەنجومەنی نەتەوەیی لەئوردنو جەزائیر، چەندین کۆمەڵەش هەیە کەگفتوگۆو دانوستان لەبارەی رێساکانەوە دەکەن، بەڵام دەسەڵاتی بڕیاردانیان نییە، ئەنجومەنی راوێژکاری لەمیسر کەتوانای گفتوگۆی لەسەر رێساکان هەیە، بەڵام دەسەڵاتی داڕشتنیانی نییە، بەڵکو ئەو ئەرکە بەجێدەهێڵن بۆئەنجومەنی نیشتمانی، یان ئەنجومەنی ئەعیان لەئوردن.

هەروەها چەندین کۆمەڵەی ناوخۆیمان هەیە کە بەرپرسیارن لەبەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی لەروی چاودێرییو دەرکردنی بڕیارو لێپێچینەوە وەك ئەوەی کە لەسوریاو میسردا هەیە، بێگومان کەوڵاتان-یش لەرووی سیستمی فەرمانڕەواییو هەبونی ئەو دەزگایانەو کارکردن لەسەر مافی هەڵبژارنو خۆپالاوتن بۆ ئەم دەزگاو ناوەندانە، جیاوازن. دەوڵەتمان هەیە کەهاوڵاتییەکانی مافی ئەم کارەیان نییەو، هەڵبژاردنو خۆپالاوتن تەنها بۆ پیاوانە، نمونەش وڵاتانی عەممانو سعودیەو ئیمارات، بەڵام ئەو وڵاتانەی کەژنان ئەم مافەیان هەیە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماوە جیاوازانەی کەسیاسەت رۆڵێکی سەرەکی تێداگێڕاوە، وەك چۆن بارودۆخی ژنان لەکۆمەڵگە داخراوەکاندا،

کەهێشتا شێوەکانی ژیانی خێوەتنشینیو دابونەریتە کۆنەکانی تێدا باڵادەستە، یان لەنێوان کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکانی وەك سعودیە، ژنان مافی هەبوونی ناسنامەی باری کەسێتی _یان نەبووە، ئەمەش تەنها لەم ساڵانەی دوایدا ئەم کێشەیە چارەسەرکراوەو، بەمەرجی رازیبونو قایلکردنی باوك یان لێپرسراوێتی، هەروەها لێخوڕینی ئۆتۆمبێلو تەنانەت خوێندنیش لەهەندێ بواری تایبەتدا نەبێ رێگەی پێنەدراوە. وەك چۆن مافی هەڵبژاردنو خۆپاڵاوتنی بۆ پارلەمان (ئەنجومەنی راوێژکاری) لەژنان قەدەغەکراوە.

هەروەها مەغریبو سوریاو تونس، لەپێشەنگی ئەو وڵاتە عەرەبیانەوە دێن کەژنان قۆناغێکی باشیان تێدا بڕیوە. بۆ نمونە لەمەغریب بڕیارێکی زۆر باش دەرکراوە سەبارەت بەدەرهێنانی ناسنامەی باری کەسێتی کەتێیدا ژنان بەشێکی گرنگی مافەکانیان فەراهەمو دەستەبەردەکەن. هەروەها ئەو دوو وڵاتەش کە تیایدا ژنان تەواوی مافەکانیان پێبەخشراوە "تونس و سوریان".

وەك ئاشکراشە کەسوریا یەکەمین وڵاتی جیهانە کەئەلفبای نووسینی داهێنا بێتو بەلانکەی شارستانیەت دادەنرێت. هەر لەوێوە پرشنگی شارستانییەتو بەیەکداچونو تێکەڵاوبونی بەخۆیەوە دیوەو هەموو پارچەو کەنارێکی جیهانی گرتۆتەوە، کەبێگومان ژنان رۆڵێکی باڵاو دیاریان لەو بوارەدا هەبوەو تەنانەت خوداوەندە ژنەکان لەو وڵاتەدا پەرستراون. ژنان لەوکاتەدا دایکی خوداوەند،یان خوداوەند، یان فەرمانڕەوا یان شاژن بون. شارڵ فیرلۆ کەیەکێکە لەگەورە زانایانی شوێنەوار، لەبارەی گەورەییو رەسەنێتی سوریاوە دەڵێت: هەموو مرۆڤێك لەژیاندا دوو نیشتمانی هەیە، یەکەمیان نیشتمانی سەرەکی خۆی کەتێیدا لەدایکبووەو دووەمیان سوریایە. لەبەرئەمەشە کەسوریا پێشەنگە لەبواری مافەکانی ژناندا.

هەروەك لەسەرەتای هەفتاکاندا دەستوری سوریا بڕیاری تەواوی مافەکانی ژنانی داوە لەگەڵ فێرکردنی تەوزیمی ژنان، تاوەکو بڕوانامەی ئامادەیی بۆ ژنانو پیاوان بەیەکسانی دەستەبەر کردووە، تەنانەت لەسەرەتای خوێندندا تا تەواوکردنی زانکۆش خوێندن بۆ هەردوو رەگەزەکە بێبەرامبەر بووە، هیچ بەشو گروپێك بۆ ژنان قەدەغەنەبووە، بۆ ماوەی 30 ساڵ دەبێت ژنان بوونەتە پزیشكو پارێزەرو بەڕێوەبەرو باڵیۆزو فڕۆکەوان، تەنانەت لەکایەی سوپاشدا بەشداریانکردوە.

هەروەها لەکوتایی پەنجاکاندا ژنان بونەتە ئەندامی پارلەمانو سکرتێری لایەنە سیاسییەکانو لەهەموشیان دیارتر، سەرۆکی گرنگترین هێزی حزبی شیوعی بوون لەناوچە عەرەبیەکاندا، مافی جیابونەوەشیان لەپیاوەکانیان هەبووە، هەروەها مافی ئەوەیان هەبووە یارمەتی خانەنشینی خۆیان وەربگرن. هەروەها توانای دەرکردنی پاسەپۆرتیان هەبووە بەبێڕازی بوونی هیچ کەسێك،



ژنان لەسوریا لەنێو هەموو کایە وەرزشیەکانیشدا بەشداریان هەبوە بەتایبەتی لەکاتی خوێندنو لەنێو یانەکاندا. هەروەها قەرەبوی خێزانییان وەرگرتووەو مۆڵەتنامەی دایکایەتیان پێبەخشراوە، لەگەڵ ماوەی شیرپێدانی رۆژانەشدا، لەپێشی هەموو ئەمانەشەوە جەژنی دایك بەپشوی رەسمی دادەنرێت لەسوریادا.

بەڵام ئەگەر بمانەوێ لەبارەی ئەزمونی ژنە پارلەمانتارە عەرەبەکانەوە بدوێین، ئەوا پێویستە ئەو کۆسپو لەمپەرانە رونبکەینەوە کەرێگربوون لەبەردەم ژنانداو بۆ پێدانو وەرگرتنی پۆستە ئاساییەکانو کارکردن لەپارلەمانو بەشداری سیاسیانەی ژنان.

سەرەڕای ئەوەی کەژنان نیوەی کۆمەڵگە پێکدەهێننو هیچ نەتەوەیەك ناتوانێ گەشەو پێشەکەوتن بەدیبهێنێ ئەگەر نیوەی ئەو نەتەوەیە دواکەوتو یان چەوساوەو بێبەش بێت لەمافە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی، ناتوانن هاوکاری بکەن لەبنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پێشەکەوتودا، هەرچەندە پێویستە کەئەزمونی ئەو ژنە پەلەمانتارە عەرەبیانە بەرز بنرخێنین. هاوکات لەگەڵ ئەو هەلومەرجە باوەی بەتەواوەتی لەروی سیاسی یان ئابوری یان کۆمەڵایەتی یان رۆشنبیریەوە جیهانی عەرەبی گرتبوەوە، هەروەها هەبونی جیاکاریی نێوان ژنانو پیاوان تەنها لەوڵاتە عەرەبیەکاندا نییە، بەڵکو لەزۆربەی وڵاتە رۆژئاواییەکانیشدا بەهەمانشێوەیە، بۆ نمونە لەفەرەنسادا، کەتا ئێستاش جیاوازی لەنێوان لیستی موچەی ژنانو پیاواندا هەیە، لەکاتێکدا کەئەم جیاوازییە لەهیچ کام لەیاساکانی وڵاتانی جەزائیر یان سوریا یان میسریدا بوونی نییە.

هەروەها ژنانی ئیشکەر تا ئێستاش لەئەمریکا لەروی کرێپێدانەوە ستەمیان لێدەکرێت، بەڵگەش دەستنوسی ئەو راپۆرتەیە کە لەوەزارەتی کاری ئەمریکییەوە بڵاوبۆتەوەو، تێیدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کەژنان تەنها 76 سەنت بەرامبەر یەك دۆلار بۆ پیاوان، وەردەگرن.

هەروەها لەئیتالیا کۆمەڵەو یانەکانی ژنان لەم دواییەدا لەهەڵبژاردنە پارلەمانییەکاندا زیانێکی زۆریان لێکەوت، کەئەلیساندرا مۆسۆلینی–کچەزای مۆسۆلینی–ئەو "هەڵبژاردنەی بەقەسابخانەیەکی تراژیدیایانەی ژنان ناوبردوە، تەنانەت رونیشی کردۆتەوە کەهەموو ژنان بەپەیمانە درۆو ساختەکانی پیاوان هەڵخەڵەتێنراون، بەڵام لەراستیدا پارلەمانی ئیتالیا یەکەم پارلەمانە لەئەوروپادا کەپیاوان هەژمونێکی تەواویان بەسەریدا هەبێتو رێژەی ژنان لەئەندامانی پارلەمان تێیدا نزیکەی ( 11٪) یەو، تەنها رێژەی ( 8٪ ) لەئەندامانی ئەنجومەنی پیراندا پێکدەهێنن.

بەڵام لەبەرامبەر هەموو ئەمانەشدا، ژنان لەوڵاتانی رۆژئاوادا چەندین مافی یاسایی خۆیان هەیە کەتا ئێستاش لەوڵاتانی عەرەبیدا بوونیان نییە.

هەروەها پێویستە بەخێرایی قسە لەسەر خەبات‌و تێکۆشانی ژنانی عەرەبی بەتایبەت لەبواری پارلەمان لەهەندێك لەوڵاتە عەرەبیەکاندا بکەین، بۆ نمونە لەمیسر کە لەژیانی گشتی‌و ئاسایی لەو وڵاتەدا چەندین ژنانی بەتوانای بەخۆوەدیوە، کەرۆڵێکی باڵایان هەبوە لەزۆر بواردا، لەساڵی 1952 ژنانی ئەو وڵاتە مافی هەڵبژاردن‌و خۆپاڵاوتنیان هەبووەو، پۆستی وەزاریشیان بەدەستهێناوەو، ژنان لەکورسییەکانی پارلەمان لەرۆژانی ئەنجومەنی نەتەوایەتیدا (کاتێ لەگەڵ وڵاتی سوریادا یەکبوون) چەند کورسییەکیان هەبووەو، میسرو سوریا پێکەوە حەوت ژنە ئەندامی ئەنجومەنیان هەبووە کەپێنج–یان هاوڵاتی میسری بوون، بەڵام لەوکاتەوە ژنانی میسر نەیانتوانیوە ئەم رێژەیە لەکورسییەکانی پارلەماندا زیادبکەن، بەڵکو رێژەکەیان کەمتربوەتەوە، هەروەها بێگومان کەژنانی میسر پارلەمانتاریان هەبووە لەهەموو ئەنجومەنە پارلەمانییەکاندا، واتە هەر لەئەنجومەنی گەلەوە تاوەکو ئەنجومەنی نەتەوەیی، کەئێستا لە( 454) ئەندام پێکدێت‌و (10) ئەندامیان لەلایەن سەرۆکی کۆمارەوە دانراون‌و لەئەنجومەنەکەشدا (11) ئەندامی ژنی تێدایە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی رێژەی نوینەرایەتیکردنی ژنان کەم‌و لاوازە، لەگەڵ رێژەی ژنان لەوڵاتی میسرو بەشدارییان لەکاروباری گشتی‌و پێداویستییەکانی گەشەپێدانی گشتگیردا ناگونجێت، میسر بەپلەی نۆیەم دێت لەناو وڵاتە عەرەبیەکاندا بۆ بەشداربونی ژنان لەپارلەمانداو رێژەکەی دەگاتە (4.2٪).

لەکاتێکدا لەوڵاتی سوریا کەیەکەمین پارلەمانی ساڵی 1919 دامەزراندوە، سەرەتا ژنانی سوری تاوەکو ساڵی 1947 مافی دەنگدانیان نەبووە، تا ساڵی 1950ش مافی خۆپاڵاوتنیان نەبووە، تا سەردەمی یەکگرتن لەگەڵ میسر 1960 لەرێگەی ئەنجومەنی نەتەوەوە بەشداری پارلەمانیان نەکردوە، رێژەی بەشداربونی ژنان تەنها دوو ئەندام بووە لەکۆی ( 200) ئەندام لەهەرێمی باکور (سوریا)، ئینجا لەناو ئەنجومەنی نیشتمانی شۆڕش (ئەنجومەنێکی دامەزراندو) ساڵی 1965 نوێنەری هەبوو، ئەوەش بەرێژەی هەشت ئەندامی ژن لەکۆی ( 95 ) ئەندام، پاشان ئەو رێژەیە لەساڵی داهاتودا بۆ( 13 ) ئەندامی ژن لەکۆی ( 134) ئەندام، زیادیکردووە.

هەروەها رێژەی نوێنەرایەتی ژنانی سوریا لەئەنجومەنی گەل بەرەو زیادبون دەڕوات‌و ئەم بەشداربوونەی ژنانیش لەپارلەمانی سوریادا بۆ باوەڕبەخۆبون‌و هاوکاری رێبەرانی سیاسی دەگەڕێتەوە، کەهانی ژنانیان داوە بۆ ئەوەی لەپۆستە باڵاکانی بڕیارداندا ئامادەبونیان هەبێت، لەسەروو ئەمەشەوە دەستوری سوریا کەساڵی 1973 دەرکراوە، بڕیاریداوە کەژنان وەك هاونیشتمانییەك کۆی مافەکانی خۆیان دەستبکەوێت، ئەمەش لەخۆپاڵاوتن بۆ خولی حەوتەمی یاسادانانندا لەنێوان ساڵانی (1998–2002) دەردەکەوێت. کەرێژەی ژنان تێیدا گەیشتە سەرو(



518 ) ژن‌و، لەخولی هەشتەمی یاسادانانندا رێژەی ژنانی بەشداربوو گەیشتە (849) پاڵێوراو. ئەم رێژەیەش هەر بەرەو زیادبون دەڕوات، لەژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیدا هەر ساڵەو لەهەر خولێکدا ژنان زیاتر دێنەناو بوارەکەوە. واتە لەساڵی 1971ەوە ، کەیەکەمین خولی یاسادانان بووە تا ئێستا لەکۆی ( 173) ئەندام تەنها ( 4) ئەندامی ژن–ی تێدابوو، بەڵام لەیەکەمین خولی فەرمی یاسادانانندا، ژمارەی ئەو ژنانەی کەگەیشتبوونە کورسییەکانی ئەنجومەن تەنها (5) ژن بوون لەکۆی (186) ئەندام، لەخولی دووەمدا ئەم رێژەیە بەرزتر بووە بۆ ( 6) ئەندامی ژن لەکۆی (195) ئەندام، پاشان لەخولی سێیەمدا رێژەی ژنانی ئەندام بوو بە( 13 ) ئەندام لەکۆی ( 195) ئەندامی ئەنجومەن. هەروەها لەخولی چوارەمی یاسادانانندا ژمارەی ژنانی ئەندام لەو ئەنجومەنەدا گەیشتە (18 ) ئەندامی ژن، لەخولی پێنجەمیشدا بۆ ( 21) ئەندامی ژن لەکۆی (250) ئەندام زیادیکرد، دواترو لەخولی حەوتەمی یاسادانانندا ژمارەی ژنە ئەندامەکان گەیشتە (26) ئەندام، واتە بەڕێژەی زیاتر لە(10 ٪)، شایانی باسە ئەم زیادبونەش هەر بەردەوام بوو تا لەخولی هەشتەمیدا ژمارەی ژنانی ئەندام، بوون بە( 30) کەس کەبەبەرزترین رێژەی ئەندامانی ژنانی یاسادانەری وڵاتانی عەرەب دێت لەپاش مەغریب.

هەروەها ئەم رێژەیەی نوێنەرایەتیکردنی ژنان لەهەموو رویەکەوە بەرەو زیادبون دەڕوات‌و، بۆ ماوەی دەیان ساڵە کەسوریا ( 2) وەزیری ژنی هەیە، بەهەمانشێوە ژنان توانیویانە تواناو سەلیقەی خۆیان لەبواری دیبلۆماسیدا بخەنەگەڕ، لەو بوارەدا رێژەی ژنان دەگاتە (11٪) لەکۆی رێژەی فەرمانبەران‌و، سوریا تا ئێستاش (3) باڵیۆزی ژنی لەهەریەك لە(رۆما، پاریس‌و ئەسینا)دا هەیە، هەروەها وتەبێژی فەرمی وەزارەتی ناوخۆی سوریا ژنە. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی ژنانی بەشدار بوو لەدەزگاکانی سوپاو پۆلیسدا لەسەرو ( 500) ژنەوەیە. بێجگەلەوانە ژنانی سوریا لەئەمڕۆدا پلەیەکی باڵاو دیاریان لەمەیدانی سیاسیشدا هەیە، جگەلەوەی کەبەشداریان لەکایەی دادگاو ماف پەروەران لەو وڵاتەدا هەیەو تا ئێستا زیاتر لە( 10) ژنی دادوەر هەیە کەرێژەی (12٪) لەدادگاکانی سوریادا پێکدەهێنن‌و، (250) هاوکاری دادوەریی‌و ماف پەروەرو فەرمانبەری لەو بوارەدا هەیە، هەروەها لەچوارچێوەی کاروبارەکانی دیکەدا، رێژەی بەشداری ژنانی سوریا لەبواری کشتوکاڵیدا لەسەروی (25٪)ەوەیەو لەبواری پیشەسازیدا رێژەی (14٪)یە.

بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کەئەگەرچی ژنانی سوریا بەپێی یاسای مەدەنی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت‌و مافی هاونیشتمانی تەواویان هەیە لەماف‌و ئەرکەکاندا، کەچی هەندێك لەبەندەکانی یاسای باری کەسێتی بەشێوەیەکی نزمترو ناتەواو لێیان دەڕوانێت، کەرێگرییان لەمافی (الوصایە)دا بەسەر منداڵەکانیانەوە دەکات، تەنانەت ئەگەر چاودێریی‌و پەروەردەکردنی

منداڵەکانی بەتەنها لەئەستۆدا بێت، بەڵکو بەپێی هێزی یاسا ژنانی دادوەر دەبنە سەرپەشتیار ی ئەوانەی سەرپەرشتیاریان نییە، کەچی بەداخەوە ناتوانێت ببێتە "وەلی ئەمر"ی خۆیو منداڵەکانی. بێگومان پیاوانی سوری بۆیان هەیە کەبتوانن رێگری لەخێزانەکان (ژنەکانیان) بکەن کەگەشتی دەرەوەی وڵات ئەنجامبدەن، ئەگەرچی ئەو ژنانەش لەبەرزترین پلە یان پۆستی یاسایی‌و سیاسیشدا بن، وەك چۆن ژنانی سوریا ناتوانین رەگەزنامەی خۆیان –کە سورییە– بدەن بەمنداڵەکانیان لەکاتێکدا ئەگەر شوویان بەپیاوێکی بێگانە کردبوو، ئەمەش بەپێچەوانەی ژنانی مەغریبییەوە کەبۆیان هەیە رەگەزنامەی خۆیان ببەخشننە منداڵەکانیان ئەگەرچی پیاوەکەش – واتە مێردەکەی–بێگانە بێت. بەڵام ئێستا پێشنیاری گۆڕینی ئەو یاسایە هەیە لەسوریادا، کەژنان بتوانن رەگەزنامەی خۆیان بدەن یان ببەخشن بەمنداڵەکانیان ئەگەر پیاوەکەشیان بێگانە بێت.

هەروەها دەتوانین بڵێین لەماوەی سی ساڵی رابردودا چاکسازیی‌و ریفۆرم لەکۆمەڵێك لەبەندەکانی یاسا مەدەنیەکاندا کراوە، بەئامانجی هێنانەدی‌و جێبەجێ بوونی یەکسانی نێوان ژنان‌و پیاوان، ئەوەندەهەیە زۆرێك لەوچاکسازیانە بەهۆی دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکانەوە هێشتا ئەنجامنەدراون، هەرچەندە حکومەتی سوریا لەپاش سازدانی کۆنگرەی پەکینەوە (لیژنەی نیشتمانی بۆ چاودێریکردنی کاروبارەکانی ژنان)ی پاش کۆنگرەی پەکین پێکهێناو ئەو لیژنەیەش لێرسراوێتی هەموو ئەو بەڵگەنامانەی نەتەوە یەکگرتوەکانی گرتەئەستۆ کەتایبەتبوون بەبەرەو پێشەوەچونی سوریاوە لەبەدیهێنانی یەکسانی نێوان ژنان‌و پیاوانداو، لیژنەکەش هەموو پێشنیارو راسپاردەکانی پێشکەش بەحکومەتی باڵای سوریا کرد.

هەروەها ئەم لیژنەیە تێبینی ئەوەشی دەکرد کەپێویستە کار لەپێناو جێبەجێکردنی باشترین چاکسازی لەیاسا تۆمارکراوەکاندا بکرێت، بێگومان سوریاش چەندین ساڵە هەوڵی بەرەو پێشەوەچونی ژنان دەدات بۆ پۆستە باڵاکانی حکومەت، ئەمەش لەرێگەی ئەو پشتگیری‌و پشتیوانییەی کەدەریبڕیوە بۆ سیستەمو یاساکان. سوریا یەکێکە لەو وڵاتانەی کەپەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژ بەژنان–ی ئیمزاکردوە لە 23ی ئازاری 2003 داو، لەدەستوری سوریاشدا پارێزگاری لەخێزان‌و هەموو مافەکانی ژنان بەشێوەیەکی بنەڕەتی سەلمێنراوە. ئەمەش دەقی بەندی یاسایی ماددەی (45)ە کەدەڵێت: دەوڵەت هەموو مافێکی بۆ ژنان دەستەبەرکردوە، کەبتوانن بەشدارییەکی کاراو تەواو لەژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوریدا بکەن، هەروەها ئیشدەکات لەپێناو لابردن‌و نەهێشتنی هەموو ئەو رێگرانەی دێنەبەردەم گەشەکردن‌و پێشکەوتنی ژنان.



بەڵام ژیانی پارلەمانی لەعەرەبستانی سعودیە سەرەڕای ئەوەی کەیەکەمین ئەنجومەنی راوێژکاری تێیدا لەساڵی 1927دا دەستبەکار بووەو، چەندین ئەندامی موتەفەریغی لەخۆگرتوە بەسەرۆکایەتی جێگری گشتی پادشاو (8) ئەندامیتر، کەچی جیاوازیی هەیە لەگەڵ زۆربەی پارلەمانە عەرەبی‌و جیهانییەکاندا، ئەنجومەنی راوێژکاری لەسعودیە دامەزێنراوەو هیچ هەڵبژاردن‌و خۆپاڵاوتنێك نایگرێتەوەو، کاری سەرەکی تەنها پێشکەشکردنی راوێژە، لەلایەکیترەوە ژنانی سعودیە بێبەشکراون لەهەموو مافە سیاسیەکانیان لەو وڵاتەدا هیچ شوێن‌و پلەیەکیان لەدەسەڵاتی ئەنجومەنی راوێژکاریدا نییە.

هەروەها ژنانی سعودیە بارودۆخێکی تایبەتیان هەیە، بێبەشن لەسادەترین مافەکانیان وەك کار کردن‌و سەفەرکردن یان کردنەوەی حسابی بانکی، یان سەرپەرشتیکردنی هەر کارێکی بازرگانی بەبێ رەزامەندی سەرپەرشتیارەکانیان، هەروەها بێبەشن لەوەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێری‌و لێخوڕینی ئۆتۆمبێل، بەڵام لەم ماوەیەی دواییدا چەندین دەنگ بەرزکرانەوە سەبارەت بەدادپەروەری بەرامبەر بەژنان لەو وڵاتەدا، کەتیایدا چەندین توێژەرەوەو پیاوانی ئاینی باڵا داوای کەمکردنەوەو سوککردنی ئەو کۆتو بەندانەیان کردبوو کە لەسەر ژنان لەو وڵاتەدا دانراوە، ئەمەش لەڕێگەی گفتوگۆیەکی نیشتمانییەوە ئەنجامدرا، کەدواتر هەندێ پێشنیارو راسپاردەیان پێشکەشکراو، بەرزکرایەوە بۆ دەسەڵاتی باڵای سعودیە. هەرچەندە لەو کۆنگرەیەدا پیاوانی ئاینی‌و ژمارەیەکی زۆری ژنان بەشداربون، بەڵام هەردولا لەشوێنی جیاوازو دور لەیەکتر دانیشتبون.

لەمیانەی ئەم هەلومەرجەدا تائێستا ژنانی سعودیە هەنگاوی شەرمنیان ناوەو لەساڵی 2000دا خاتوو(جەوهەرە)ی کچی فەهدی کوڕی محمدی کوڕی عەبدولڕەحمان لەهۆزی ئال سعود بوو بەبریکاری هاوکار لەکاروباری پەروەردەو فێرکردن‌و ئەمەش بەرزترین پۆستیە کەژن بەدەستی هێنابێت لەمێژوی ئەو وڵاتەدا. هەروەها کۆمەڵەی گشتی (بانکی سعودی–هۆڵەندی) لەیەکی دیسەمبەری 2004 دا خاتوو (لبنی عایان)ی هەڵبژاردوە بەئەندام لەئەنجومەنی کارگێڕی بانکەکەدا، ئەمەش یەکەمین ژنی سعودیەیە کەبەشداری لەئەنجومەنی کارگێڕی بانکێکدا بکات‌و بچێتە پۆستی سەرۆکی جێبەجێکاریی لەلوتکەی کۆمپانیای( عەلیان)ی دارایداو، ئەندام بێ لەئەنجومەنی عەرەبی لەکۆنفرانسی ئابوری جیهانیدا. هەروەك لەدیسەمبەری ساڵی 2003دا وەزیری بازرگانی‌و پیشەسازی سعودی دکتۆر (هاشم یەمانی) چەند بڕیارێکی دەرکرد سەبارەت بەهەڵبژاردنە پارلەمانییەکانی ئەنجومەنی کارگێڕی ژوری بازرگانی‌و پیشەسازی شاری (جددە) لەسەرەتاشدا بۆ رێگەپێدان‌و رەخساندنی هەلومەرج‌و بوار بوو لەبەردەم ژناندا بۆ خۆپاڵاوتن.

هەروەك حکومەتی سعودیە لەمانگی ئۆگۆستۆسی ساڵی 2000دا پەیماننامەی نەهێشتنی گشت

شێوەکانی جیاکاری دژ بەژنان–ی پەسەندو مۆرکردوە، لەگەڵ تێبینیکردن لەسەر هەموو ئەو شتانەی کە لەگەڵ پەیامی ئیسلامیدا ناکۆكو دژ بەیەکن.

لەوڵاتی لوبنان ژنان (6) کورسیان بەدەستهێناوە لەئەنجومەنی نوێنەران لەکۆی( 128 ) نوێنەر، کەئەمەش لەپلەکانی کوتاییدا دێت لەناو وڵاتە عەرەبیەکاندا، جیاوازیەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەوڵاتی لوبناندا بەشداریو بەرەوپێشەوەچونی ژنان لەکایەی نوینەرایەتیکردندا لاوازو بێتینە، لەئاست ئەو گەشەکردنەدا نییە کەلوبنان بەدەستیهێناوە لەڕوی دانپێدانانو بەخشینی مافە گشتییەکانی ژنانو ئەو ڕۆڵە کارایەی کەژنانی لوبنانی هەیانە لەژیانی گشتیدا، چونکە ژنانی لوبنانی جێدەستیان لەچەندین بواردا دیارو ئاشکرایە، وەك لەسیستمی دادوەریدا کەرێژەیان 51٪ە، هەزاران دادپەروەرو مامۆستاو سەدان ئەندازیارو سەرمایەداریان تێدایە، لەبواری ڕۆژنامەگەریشدا ڕێژەکەیان لەپیاوان زیاترو بەرزترە، دواجار هەر ئەمەش بوو وایکرد کۆمەڵەی ژنانی لوبنانی کەچەندین ڕێکخراوی لەخۆگرتووە، لەسەرەتای ساڵی 2004داو لەکۆنگرەی پێنجەمیدا بەتوندی داوا بکات کەسنورێك بۆ چەوسانەوەو پێشێلکردنی مافەکانی ژنانی لوبنان دابنرێت. ئەمەش کاتێك بوو کەخاتوو (ئیقبال دۆغان)ی سەرۆکی کۆمەڵەکە داوای لەژنانی لوبنانی کرد بۆ ڕێگەگرتن لەهەر سیاسەتمەدارێك یان هەر لایەنێکی سیاسی کەجیاکاری دژی ژنانو پیاوان پراکتیزەبکات یان بیانەوێ بەرەنگاری هەر پلەو پۆستێك ببنەوە کەژنان لەژیانو کاری سیاسیدا بەدەستیبهێنن.

پاشان خاتوو (دۆغان) لێپرسراوێتی ئەم دۆخەی گەڕاندەوە بۆ ئەو ڕێگریو پەکخستنەی کەپیاوان پراکتیزەیان کردوە لەڕێبەرایەتیکردنی پارتە سیاسیەکانو کەمی باوەڕ بەخۆبونی ژنان بەتایبەتی بەهۆی سیستەمە عەشایەرییەکەوە (واتە سیستمی دابەش کردنی دەسەلات لەنێوان کۆمەڵەو پارتە ئاینیەکاندا کەبۆ ماوەی شەست ساڵ دەچێ سیستمی حوکمڕانیان لەلوبناندا قۆرخکردوە) ئەو پۆستانە تەنها بۆ پیاوانی ئاینی ڕەوان کەئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ژنان دروستکردوە.

هەروەها ژنە پارلەمانتار (نائلە معو ض) کەخێزانی سەرۆکی کۆچکردوی پێشو سەرۆك (رینیە معوض)ەو لەساڵی 1981دا تیرۆر کراوە– خۆی پاڵاوتوە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی لەساڵی 2004 دا، ئەم ژنە پارلەمانتارە بانگهێشتی ژنان دەکات بۆ دەستپێشخەریو باوەڕبەخۆبونو دەڵێ:

بێگومان پیاوانی سیاسی هەرگیز نایانەوێ کەئەو پۆستە باڵایانە بەژنان ببەخشن، بەڵام پێویستە ئێمە هەلەکان بقۆزینەوەو منیش بەو پەڕی توانامەوە پشتیوانیتان لێدەکەم..

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا وڵاتی لوبنان لەیەکەمینی وڵاتە عەرەبیەکانە کەمافی دەنگدانو خۆپاڵاوتنی بەژنان بەخشیوە لەساڵی 1952دا، بەڵام پاش ئەوە ژنانی لوبنان لەو ئاستەدا وەستاونو



نەیانتوانیوە هیچ پۆستێکی باڵا لەرێکخراوە سیاسییەکانی لوبناندا بەدەستبهێنن، تەنها ئەوەنەبێ کەوەك کلتورێکی ماوە لەمێرد یان باوك یان برایەکی سیاسەتمەدار یان سەرۆکێکی تەقلیدی ئەو پۆستانەیان بۆ مابێتەوە، جگەلەوە تا ئێستا بونیاتی کەسێتیەکی سیاسی یان پێشەوایەکی سەربەخۆیان نەبووە.

هەروەها لەبارەی وڵاتی کوەیتەوە، سەرەڕای ئەوەی کەیەکەمین وڵاتی کەنداو بووە لەپێکهێنانی پارلەماندا لەساڵی 1938دا، کاتێك کەیەکەمین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانانی ڕێکخست، یەکەمین دەوڵەت بووە لەکەنداوی عەرەبیدا کەپشت بەدەستور ببەستێتو بتوانێت ئەنجومەنی گەلی کوەیت دابمەزرێنێت. بەمەش وڵاتی کوەیت چووە ریزی نەخشەی وڵاتە دیموکراتییەکانەوە (یەکەمین خولی یاسادانان لەکوەیتدا لەساڵی 1963دا دەستی بەکارەکانی کردوەو ئێستاش لەخولی دەیەمیدایە) ئەنجومەنی گەلیش سەرکەوتوو بووە لەوەی کەدیموکراتی بکاتە ڕێبازێك کەهەلی ڕەخساندبێتو ڕێگەی بەهەموو چینەکانی کۆمەڵگەی کوەیتی دابێت بۆ داواکردنی مافەکانیانو بەشداریکردنیان لەبڕیاردانادا.

هەروەها وەك دەزگایەکی راستو تەندروستی یاسادانانیش سەرکەوتوو بووە لەپێکهێنانو دروستکردنی دەزگاو میکانیزمە سیاسییەکان لەناو کۆمەڵگەی کوەیتیدا کەبەشدارییەکی چالاکانەی لەو کاروانی پێشکەوتنو گەشەکردنەی کەئەمڕۆ ئەو وڵاتە بەخۆیەوە دەیبینێ، کردوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش ژنانی کوەیتی مافی سیاسی خۆیان پێنەبڕاوە لەپارلەمانی ئەو وڵاتەدا، سەرەڕای ئەوەی کەگەیشتوونەتە بەرزترین ئاستەکانی فێربونو کارکردن، هەرچەندە پاش چەندین ساڵ لەگفتوگۆو تێکۆشان پارلەمانی کوەیتی لەئێوارەی ڕۆژی 16ی مایۆی 2005دا بڕیاریدا چەند گۆڕانکارییو چاکسازیەك بەسەر یاسای پارلەماندا بهێنێو بۆ یەکەمینجار لەمێژوی وڵاتدا ڕێگەیدا بەژنانی وڵاتەکەی بۆ دەنگدانو خۆپاڵاوتن لەهەڵبژاردنە پارلەمانیو ناوخۆییەکانی وڵاتدا، کەتێیدا وەزیری پلاندانانو وەزیری کاروباری گەشەکردنی وڵات خاتو (معصومە مبارك) کەپێشتر یەکەمین وەزیری دەوڵەت بووە، توانی کەشوێنی خۆی لەئەنجومەنی گەل (پارلەمان)ی کوەیتیدا بگرێتو ببێتە یەکەمین ژنی پارلەمانتار لەوڵاتی کوەیتدا.

هەروەها لەیاسای وڵاتی کوەیتیشدا هاتووە کەئەندامی حکومەت، ئەندامیش دەبێت لەپارلەمانداو هەموو ئەو مافانەیان هەیە کەپارلەمانتارە هەڵبژێردراوەکانی تر هەیانە، جگەلەوە نەبێت کە بەنوسراوێك دەتوانێت متمانە لەئەندامانی حکومەت وەربگیرێتەوە.

بەڵام سەبارەت بەژنانی ئوردنی، لەسەرەتادا پێویستە بڵێین کەئەنجومەنی گەل لەدوو کۆمەڵە پێکدێت: ئەنجومەنی ئەعیانو ئەنجومەنی نوینەرانو ساڵی 1974 یاسای ژمارە ( 8) سەبارەت

بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران دەرکرا، کەتێیدا مافی دەنگدان‌و خۆپاڵاوتن‌و هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەژنانی ئوردنی بەخشیوە، هەروەك مافی دەنگدان‌و خۆپاڵاوتن بۆ ئەنجومەنی شارەوانییەکان ساڵی 1982 پێبەخشراوە، کەژنان تێیدا دەتوانن وەك پارلەمانتاری هەڵبژێردراو یان کاندیدکراو بەشداری تێدابکەن‌و ئەمەش لەهەڵبژاردنەکانی نوێنەراندا ساڵی 1989و ساڵانی دواتردا بەئاشکرا رەنگیدایەوە.

هەروەها لەماوەی ساڵانی نێوان 1976 تا ساڵی 1985و لەکاتی پێکهێنانی ئەنجومەنی راوێژکاری نیشتمانیدا کە لەساڵی 1978 تاوەکو 1982 سێ خولی بەستوە، دەبینین کەبەشداری ژنانی ئوردنی لەو ئەنجومەنەدا سێ تاچوار ژن بووە لەکۆی 60 ئەندام، واتە بەرێژەی 5٪ تا 6.7٪ ، بەڵام لەساڵی 1979 بۆ یەکەمینجار بوو کەژنانی ئوردنی لەپێکهێنانی وەزارەتەکاندا بەشداریان کردوە.

بەڵام بەشداری ژنان لەهەڵبژاردنەکانی شارەوانی لەساڵی 1995دا وەرچەرخانێکی گرنگی بەخۆوە بینی بەئاراستەی بەشداریکردنی سیاسیانەی ژنان، ئەمەش لەکاتی دیاریکردنی نزیکەی سەد ژن لەکۆمەڵەی لیژنەکانی شارەوانیدا بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شارەوانی‌و سەرۆکەکانی‌و ئێستاش ئەنجومەنی نوێنەرانی ئوردنی ( 6) ئەندامی ژنی لەخۆگرتوە لەکۆی 110 ئەندام‌و کۆی ئەو ژنانەش کەخۆیان پاڵاوتوە بۆ هەڵبژاردنەکان ( 54) ژنن. هەروەها ژمارەی ژنە پارلەمانتارەکان لەئەنجومەنی ئەعیانی ئوردندا (3) ئەندامی ژنە لەکۆی ( 40) ئەندام کەتیایاندا خاتوو (انصاف الخوالده) پۆستی یارمەتیدەری دووەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی وەرگرتوە، هەروەك چۆن زۆربەی ژنە پارلەمانتارە ئوردنییەکان بەزۆری بەشداری لەلیژنە جیاوازەکانی ئەنجومەندا دەکەن، بەڵام هیچ پۆستێکی وەك سەرۆك یان جێگری سەرۆك یان بڕیاردەری هیچ لیژنەیەکیان وەرنەگرتوە.

بەهەرحاڵ پێویستە ئاماژەش بەخاڵێکی گرنگ بکەین ئەویش ئەوەیە کە لەهەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی وڵاتی ئوردندا کەرێژەی بەشداری ژنان زۆر لەرێژەی پیاوان زیاتر بووە.

هەروەها پێویستە ئەوەش روونبکەینەوە کەهیچ ژنێکی ئوردنی نەیتوانیوە بێتە نێو مەیدانی پارلەمانەوە، تەنها لەرێگەی ئەو یاسایەوە نەبێ کە لەهەڵبژاردنەکانی کۆتایدا دەرکراوە، واتە (کوتا) کەتێیدا بۆ یەکەمینجار گرەنتی بەشداربونی ژنانی کردووە، لەکاتێکدا کەیاسای پێشو تەنها بەشێوەی بەربەرەکانی‌و کێبەرکێ بووە.

لەراستیدا ئەم یاسایەش هەلێکی گەورەی لەبەردەم ژنانی ئوردنیدا رەخساند بۆ گەیشتن بەپارلەمان، ئەمەش بەڕووبەڕونەوەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ توێژی ژنان، سەرەڕای ئەوەی کەئەم



یاسایە ماناو مەبەستێکی تایبەتی لەپشتەوەیە کەپاساوی دەداتەوە، چونکە تا ئێستا هاوڵاتیانی ئوردنی لەو ئاستەدا نین کەهەست بەو گرنگییە بکەن کە(کێ) ببێتە نوێنەریان لەپارلەماندا، ئەوەی ئاشکرایە ئەم سیستمی (کوتا)یە دەرگا بۆ هەموو کەمینەکانی تر دەخاتەسەر پشت بۆ داوای پراکتیزەکردنی سیستمی (کوتا)، چونکە تا ئێستا خۆیان بەبێ نوێنەرو چەوساوە دەزانن.

شایانی ئاماژەپێکردنە سەرەڕای ئەوەی کەزۆرترین دەسەڵاتی سیاسی لەئوردندا لەدەستی (شا)دا کۆبوەتەوە، بەڵام گەڕانەوەو ئاوڕدانەوە بۆ گرنگی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە لەکۆتایی هەشتاکاندا پاڵی بەژنانەوە ناو هانیدان بۆ بەشداریکردن لەکاروباری سیاسیدا، هەرچەندە ژنانی ئەو وڵاتە بەردەوام لەروی بەشداریکردن لەدەنگدان‌و هەڵبژاردنەکاندا رێژەیەکی زیاتریان لەپیاوان تۆمارکردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام دوربوون لەپۆستە حکومییەکان‌و تەنانەت تا ئێستاش یەك وەزیرو (3) ئەندامی ژن لەئەنجومەنی ئەعیانی ئوردنیدا ئامادەییان هەیە.

هەروەها رێژەی بەشداریکردنی ژنانی ئوردنی لەپارلەمانە عەرەبیەکاندا 5.5٪ ە، وڵاتی ئوردنیش یەکێکە لەو وڵاتانەی کەپەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژ بەژنان–ی ساڵی 1992 ئیمزاکردووە، بەهەبوونی تێبینی لەسەر گشت ئەو بەندانەی کە لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا پێچەوانە دەبنەوە.

هەروەها دەسەڵاتی یاسادانان لەوڵاتی جیبۆتیدا خۆی لەئەنجومەنی نیشتمانیدا دەبینێتەوە کەپێکهاتووە لە(65) پارلەمانتارو دابەشدەبن بەسەر (8) پارتی سیاسیدا، لەنێوان هەردوو خێڵی (عفار )و (عیسی)داو لەهەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ئەو وڵاتەدا ( 14) ژن خۆیان پاڵاوتوە بەچاودێری کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب‌و هەروەها چاودێرانیش ئەوەیان تۆمارکردوە کەئەم هەڵبژاردنە لەچوارچێوەی فرەحزبی‌و بەشدارییەکی فراوانی ژناندا رێکخراوە. پارلەمانی ئێستای ئەو وڵاتەش ( 7) ژنی لەخۆگرتوە، وەك چۆن ژنان لەحکومەتدا وەزارەتی (رابون)ی تایبەت بەکاروباری ژنانیان وەرگرتوە، ژنان بەشێکی زۆر لەپرۆسەی فێرکردنیان پێبەخشراوە، وەك چۆن توێژینەوەیەکی نوێی عەرەبی جەختی لەسەر ئەوەکردۆتەوە کەژنانی جیبۆتی بەتەواوی بەشداری پرۆسەی فێربونیان کردوەو رێژەی ژنانی خوێندەوار لەو وڵاتەدا 35٪.

بەڵام بێگومان ژنانی جیبۆتی لەژیانی رۆژانەیاندا دوچاری گەلێك کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی‌و ئابوریی دەبنەوە، وەك چۆن برسێتی‌و هەژاری‌و کێشە ناوخۆییەکان، چەندین گرفتی تریان لەبەردەم گروپەکانی ژنان‌و لەبەردەم حکومەتدا دروستکردوە، لەهەوڵداندان بۆ چاککرنی پلەوپایەی ژنان لەو کۆمەڵگایەدا، لەگەڵ ئەوەی کەژنان رێژەیەکی کەمیان لەپۆستە باڵاکانی

دەوڵەتو رێکخراوە بازرگانییە تایبەتەکاندا وەرگرتوەو رێژەی 32.3٪ هێزی کاری ئەو وڵاتە پێکدەهێنن.

هەرچەندە لەیاساو دەستوردا پیاوانو ژنان یەکسانن، کەچی تا ئیستا کۆمەڵگەی جیبۆتی بەدەست چەندین جیاکاری کۆمەڵایەتی فراوانەوە دەناڵێنێتو زۆربەی ژنان وابەباشتر دەزانن کەدور بن لەژیانی گشتییەوە، ئەمەش بەهۆی فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکانەوە، چونکە دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان، ژیانی تایبەتیو گشتی ژنان لەو وڵاتەدا دیاریدەکات.

وڵاتی جیبۆتی لەدیسەمبەری 1998دا پەیماننانەمەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی توندوتیژی دژ بەژنان–ی مۆرکردوە، لەگەڵ تێبینی لەسەر ئەو بەندانەی کەپێچەوانەی ئاینو پەیامی ئیسلامییە. بێگومان کەرێکخراوی سەرەکی ژنان لەجیبۆتیدا تەنها رێکخراوی (یەکێتی نیشتمانی ژنانی جیبۆتی)یە.

سەبارەت بەگەشەکردنی رۆڵی سیاسیانەی ژنان لەوڵاتی جەزائیردا دەبینین کە لەپاش سەربەخۆیی وڵاتەوە، گرنگییەکی زۆر بەمافە سیاسییەکانی ژنان دراوە بەتایبەتی مافی هاوڵاتیبون، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کەبارودۆخی ژنانی جەزائیری زۆر جیاوازی لەگەڵ ژنانی وڵاتە عەرەبیەکانی تردا نییەو، لەکاتی کارکردنیشدا بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان روبەڕوی چەندین هەڵکشانو داکشان بوەنەتەوە.

جگەلەوەش وڵاتی جەزائیر لەساڵی 1997دا پەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژ بەژنان–ی پەسەندکردوە، سەرەڕای هەندێك بەند کەناڕازیش بووە لەسەریو، لەراستیدا حکومەتیش لیژنەیەکی پێکهێناوە کەسەر بەوەزارەتی "زامنی نیشتمانیو خێزان"ە.

هەروەها سەرۆکی جەزائیر یەکەمین ژنی لەپۆستی (والی)دا دیاریکردوەو بۆ یەکەمجاریش لەمێژوی جەزائیردا دوو ژنی کردووە بەسەرۆکی دەستەی دادوەریی، جگەلەوەش پێنج ژنی دیکەش پۆستی وەزیرو بریکاری وەزیریان لەو وڵاتەدا پێدراوەو هەموو پارتو لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتەش بەشو لقی تایبەت بەژنانیان هەیە، حکومەت چەندین بەرنامەی لەدژی هەژارییو دیاریکردنی منداڵبون (تحدید النسل) داناوەو جێبەجێیکردوە بۆ باشتربونی بارودۆخی ژنان، ئەمەش بەپشتبەستن بەسەرچاوەکانی بانکی نێودەوڵەتی. لەلایەکیترەوە رێژەی منداڵبوونی گشتی (ژمارەی یەك منداڵبون) لەو وڵاتەدا لە6.7 منداڵەوە لەساڵی 1980دا، دابەزیوە بۆ 3.5 منداڵ لەساڵی 1998دا.

هەروەها لەیاسای وڵاتی جەزائیردا چەندین بڕیاری تایبەت بەپاراستنی مافەکانی ژنانی کرێکار دەرچووە، دەقی یاساکەش پێکهاتوە لەوەی کەپێویستە ژنانو پیاوان یەکسانبن لەروی پێدانی



موچەو کرێکانیانەوە لەسەر ئاستی تواناو شارەزاییەکانیانو ئەمەش بەپێی راپۆرتی گەشەکردنی مرۆیی کەساڵی 2000 لەبەرنامەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانەوە دەرچووەو دەڵێت: رێژەی هێزی کاری ژنان لەوڵاتی جەزائیر لەساڵی 1997دا بریتی بووە 36٪ لەهێزی کاری جەزائیر.

لەدەستوری وڵاتیشدا لەماددەی ( 58)ی تایبەت بەپاراستنی خێزاندا هاتووە: (خێزان لەژێر چاودێریو پاراستنی دەوڵەتو کۆمەڵگەدایە).

بەڵام لەبارەی ئەزمونی پارلەمانی لەوڵاتی یەمەندا بێگومان بەیەکێك لەلاوازترین ئەزمونەکانی وڵاتانی عەرەبی دادەنرێت، چونکە رێژەی بەشداربونی ژنان لەوڵاتی یەمەندا تەنها 0.3٪ کەکەمترین رێژەیە لەئەنجومەنی نوێنەرایەتی وڵاتانی عەرەبیدا، هەرچەندە لەدەستورەکەیدا یەکسانی نێوان ژنانو پیاوان سەلمێندراوەو یەکەمین دانپێدانانی رەسمی بەڕۆڵی سیاسیانەی ژنانی یەمەنی لەپاش راگەیاندنی شۆڕشی 1962وە بوو لەباکور، پاش سەربەخۆیبونی بەشەکەی باشوری وڵات ساڵی 1967 بێگومان ئەم دانپێدانانە بەڕۆڵی سیاسیانەی ژنان لەبەشەکەی باکور، تەنها بەشێوەیەکی تیۆری بووەو کاری پێنەکراوە، بەڵام لەبەشەکەی باشوردا هەندێك کاریگەرو هەستپێکراو بووە، لەراستیدا دانپێدانانی رەسمیو تەواوەتی بەمافی ژناندا بۆ دەنگدانو خۆپاڵاوتنو گرتنەدەستی پۆستە سیاسییە گرنگەکان لەساڵی 1990دا بەدیهات، لەیەکەمین هەڵبژارنیشدا بۆ ئەنجومەنی باڵای گەل لەیەمەن ساڵی 1986 ژمارەیان (دە) ژنی ئەندام بوون بەدیاریکراوی لەکۆی 111 ئەندام، لەکاتێکدا لەبەشی باکوریدا هیچ خۆپاڵاوتن و دیاریکردنێك بۆ ئەنجومەنی گەلو ئەنجومەنی راوێژکاری نەبووە، تاوەکو یەکگرتنەوەی هەردوو بەشەکە.

هەروەك ئاشکرایە کەوڵاتی یەمەن یەکێکە لەو وڵاتە عەرەبیانەی کەزیاتر دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکانی بەسەردا زاڵە، چونکە بونیادە خێڵەکییەکان هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو وڵاتە دیاریدەکەنو تا ئێستاش قسەکردن لەسەر یەکسانی پیاوانو ژنان لەروی بەشداری سیاسیانەوە، بەوریایی دەنگێکی نەبیستراوەوە لەتەواوی کۆمەڵگەدا دەخرێتەڕوو، بەڵام پێکهێنانو داڕشتنی دەستور لەیەمەنی باشور ساڵی 1980 بەهەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت لەڕوی پێشنیارکردنو دەرخستنی مافەکانی ژنانەوە، سەرەڕای پاراستنو چاودێریکردنی خێزان.

ماددەی (36)دەڵێت: "دەوڵەت هەموو مافێکی یەکسان بۆ ژنانو پیاوان لەهەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیو ئابورییو کۆمەڵایەتیدا فەراهەم دەکات".

هەرچی لەبارەی وڵاتی فەلەستینەوەیە کەمجار ئەو گەلە هەموو مافە سیاسیو دەستورییەکانی خۆی پراکتیزەکردوە، چونکە تەنها رۆژێکیش وڵاتی نەبوە، لەبەرئەوەش ژنانی فەلەستینی سروشتو ئازارو کێشەی تایبەتی خۆیانیان هەیە، لەئەنجامی ئەو چەوسانەوەو بێبەشبونەی کە

لەسەرەتاوە تێیدا ژیاون‌و چاویان پێهەڵهێناوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا ژنانی فەلەستین لەکاروانی پێشەوەچون دوانەکەوتون، ئەمەش نەك بەو مانایەی کەرێگەی خۆشکردوە بۆ گرتنەدەستی پۆستە گرنگەکان لەناوەندەکانی بڕیارداندا،نا، بەڵکو چەندین بڕیاریش لەدژی ژنان دەرکراوە، کاتێك کەمافی خۆپاڵاوتن‌و دەنگدان تەنها بۆ پیاوان قۆرخکرابوو، هەروەها کار گەیشتە ئەوەی کەبڕیاری یاسایی دەربکرێت‌و ژنان بێبەش بکرێن لەهەر دیاریکردن‌و هەڵبژاردنێك بۆ ئەندامێتی لەئەنجومەنەکانی یاسادانان‌و ئەنجومەنەکانی جێبەجێکردندا. لەگەڵ ئەوەشدا ژنانی فەلەستینی بۆ یەکەمینجار مافی دەنگدان‌و خۆپاڵاوتنیان لەساڵی 1957دا پێدرا بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی ئەنجومەنەکانی شارەوانی. هەروەها لەکانوونی دوەمی ساڵی 1996 ژنانی فەلەستین بۆ یەکەمجار مافی خۆپاڵاوتنیان هەبوو لەیەکەمین ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی یاساداناندا، ئەمەش بەپشتبەستن بەیاسای ژمارە ( 13)ی ساڵی1995، ڕێژەی بەشداری ژنان لەنێو ئەنجومەنەکانی یاساداناندا گەیشتە ( 5.6٪) لەکۆی ئەندامانی ئەنجومەنەکە. هەروەها لەئەندامێتی لەنێو ئەنجومەنی نیشتمانی فەلەستینیدا ڕێژەی ژنان لەنێوان ( 2٪) ساڵی 1964 بۆ ( 7.5 ٪) ساڵی 1996 بەرزبوەتەوە، بەڵام هیچ ژنێك لەنێو لیژنەی جێبەجێکردندا نەبووە، لەکاتێکدا پێنج ژن لەنێو ئەنجومەنی مەرکەزی فەلەستیندا هەبون‌و، لەنێو ئەنجومەن‌و دەسەڵاتی وەزیراندا تەنها وەزیرێك یان دوو وەزیری ژن هەبون.

بەڵام لەدەستوری وڵاتدا چەند بەندێکی تایبەت بەمافەکانی ژنانی تێدایە کەئەمانەی خوارەوەن:

ماددەی (19): زاراوەی (فەلەستینی) یان (هاونیشتمانی ) هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ دەگرێتەوە، ئەگەر لەهەر شوێنێکی دەستورەکەدا هاتبێت .

ماددەی (22): ژنان کەسێتی یاسایی‌و دارایی‌و سەربەخۆیان هەیە، لەگەڵ هەبونی هەموو ماف‌و ئازادییەك کەبۆ پیاوان دەستەبەرکراوەو، هەموو ئەرکێکیشیان وەکو پیاوان لەسەرە.

بەڵام سەبارەت بەوڵاتی مەغریب، ئەوا هەندێك لێکدانەوەی جیاواز هەیە دەربارەی کەمی بەشداربوونی ژنان وەك پاڵێوراوی پارلەمان، ئەمەش یان بەهۆی ژنان خۆیانەوەیە لەناو پارتە سیاسییەکان‌و مامەڵەکردنی ژنان خۆیان لەناو هەڵبژاردنەکاندا، یان بەهۆی بەربەستە یاساییەکانەوەیە، وەك سروشتی دەنگدان‌و بارودۆخی ئارامی سیاسییەوە کەبووە بەهۆی کەمی دەرکەوتن‌و ئامادەبونی ژنان لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی نوێنەرایەتیکردن لەناوخۆدا، ئەمەش لەبەرامبەر ئەو نائامادەییە تەواوەتییەی ژنان لەپارلەماندا (واتە هەر لەساڵی 1963ەوە تا ساڵی 1984)، لەوڵاتی مەغریبدا دوو ئەنجومەن هەیە (نوێنەران‌و راوێژکاران) کەژنانی مەغریبی



لەئەنجومەنی نوێنەراندا ( 35) ئەندامیان هەیە لەکۆی هەموو ئەندامەکانی کەدەگاتە ( 235) ئەندام.

مافی ژنان لەدەستوری وڵاتی مەغریبدا بەمشێوەیە دوپاتکراوەتەوە: "بەپێزانین بەڕۆڵ‌و گرنگی ژنان لەچوارچێوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، وڵاتی مەغریب وەك ئەندامێکی کارای ئەو ڕێکخراوانە، پابەندی خۆی رادەگەیەنێت بەهەموو ئەو بەندو بەڵگەنامانەی کەپێکهاتەی پاراستن‌و پابەندبونی هەموو ماف‌و ئەرکەکانن، هەروەها جەخت لەسەر پاراستن‌و پابەندبونی بەهەموو مافەکانی مرۆڤ وەك ئەوەی کە لەجیهاندا زانراوە، دەکاتەوە.

سەبارەت بەژنانی مۆریتانیاش دوچاری چەندین کێشەو گرفتی سیاسی‌و یاسایی‌و کۆمەڵایەتی بوون‌و پێیەوە دەناڵێنن، هەرچەندە حکومەتی مۆریتانیا ساڵی 1995 بڕیاری پەسەندکردنی ستراتیژێکی نیشتمانی داوە بۆ بەرزراگرتنی ڕۆڵی ژنان، بەڵام ئەو ستراتیژە نەیتوانی ئامانجە راستەقینەکانی خۆی بەدیبهێنێت، هەرچەندە ژنانی مۆریتانیا ڕێژەی ( 50.6٪) کۆی دانیشتوانی وڵات پێکدەهێنن، ئەگەر بەپێی ئەم ڕێژەیە بێت، ئەوا پێویست بوو کەژنانی مۆریتانیا بهێنرێنە نێو کایەکانی ژیانەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵیان هەبێت لەبەرزکردنەوەو گەشەکردنی وڵاتدا، بۆیە پێویستە کەچاو بخشێنرێتەوە بەهەموو ئەو یاساو یاسا کارگێڕیانەی کەمەبەستیان جیاکاریکردن‌و نەهێشتنی ڕۆڵ‌و کاریگەری ژنان‌و هاندانیانە لەنێو کایەکانی ژیان‌و کارکرندا، لەگەڵ ئەوەی کەڕێژەی بێکاری ژنان لەو وڵاتەدا نزیکەی (50٪)و ڕێژەی بێکاری پیاوان دەگاتە (26٪).

یەکەمین پارلەمانی مۆریتانی لەپێش وەرگرتنی سەربەخۆیی بەیاسایەك ساڵی 1957 پێکهێنراوە، ئەوەش لەچوارچێوەی کۆمەڵەی فەرەنسیدا بووە، بەڵام لەپاش سەربەخۆیی کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ یەکەمجار (ئەنجومەنی نوێنەران)یان هەڵبژارد کە لەگەڵ سیستمی پارلەمانیدا یەك ەو، هەر ئەم کۆمەڵەیەش لەپرۆسەی یاساداناندا بەرپرسیار بوو.

هەروەها بەپێی ئەو دەستورە تازەیەی وڵات کە لەساڵی 1991دا دەرچو و، سیستمێکی پارلەمانی–لێن دامەزراند کەپێکهاتبو و لەهەرد وو کۆمەڵەی نیشتمانی و ئەنجومەنی پیران. بەڵام ئەمەش بەشێوەیەك ب وو کەکۆمەڵەی نیشتمانی بەرێگەی هەڵبژاردنی راستەوخۆ دەستنیشان دەکراو ئەنجومەنی پیران بەشێوەی ناڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرا، هەڵبژاردنەکەش لەرێگەی ئەندامانی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی شارەوانییەکانەوە ڕێکدەخراو هەردوو ئەنجومەنەکەش بەپێی ماددەی ( 45) دەسەڵاتی تەواوی یاسادانانیان هەبوو.

سەبارەت بە ژنانی سودان کەبەردەوام هەوڵی بەدەستهێنانی مافە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانیان دەدەن. ئەمەش لەژێر سایەی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاردا کەپابەند ی هەمو و

دابونەریتە باوەکانی کۆمەڵگە یە. ساڵی 1999 یەکەمین ژنیان لەپۆستێکی دیبلۆماسیدا وەك باڵیۆز دیاریکردوە، هەروەك خوێندکارە کچەکانیش لەو وڵاتەدا رێژەی (63٪ )پێکدەهێنن لەکۆی هەموو خوێندکارەکان. هەروەك چەندین ژنی سودانی توانیویانە کەپۆستی بەرز و گرنگ لەچەند بواریکی جیاوازدا بگرنەدەست، ساڵی 1964 حکومەتی سودانی لەکایەی دادوەر یدا دەرگای واڵاکرد بەڕوی ژناندا، ئیستاش پێنج ژن دادوەرن و لەدادگای باڵای سوداندا دەستبەکارن. هەروەها رێژەیەکی زۆریش لەکورسییەکانی نوێنەرانیان وەرگرتوە کەتایبەتکراون بەژنان، وەك چۆن بەسەر هەموو کۆمەڵەو یانەکانی وڵاتدا سەپێنراوە کەپێویست دەکا رێژەی ( 10٪)ی ئەندامەکانی لەژنان بێت، حکومەتیش چەندین ژنی وەك باڵیۆز دەستنیشا ن کردوە، ساڵی 2000 سەرۆکی وڵات چەندین ژنە راوێژکاری هەڵبژاردوە بۆ کاروباری ژنان لەسەر ئاستی وەزارەتەکان.

هەروەها پارلەمانی ئێستای سودان (ئەنجومەنی نیشتمانی) لە 369 ئەندام پێکدێت ، لەو ئەندامانەش (270) کەسیان راستەوخۆ بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێن لەهەم وو فەرمانگە حکومییەکاندا کەتەنها یەك کورسیان لەوەزارەتدا هەیە و ژمارەی ژنان لەو ئەنجومەنەدا دەگاتە (35) ئەندام ی ژن. شایانی ئاماژە پێکردنیشە ژنانی سودانی هەر زوو لەساڵانی شەستەکاندا رۆیشتنە ناو پارلەمانەوە، ئەمەش سەرەڕای ئەو چەوسانەوە و ستەمەی کەبەبەردەوامی لێیان دەکرا.

بێگومان وڵاتی بەحرەین ساڵی 1971 سەربەخۆیی وەرگرتوە، هەروەها یەکەمین هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی دەستور ساڵی 1972 رێکخراوە، ئەمەش دروستبو وی ئەنجومەنی دەس توری دەستەی راوێژکاری یاسادانان ب وو، ئەوکات پێی دەوترا (ئەنجومەنی گەل) و لە 30 ئەندام پێکهاتووە، بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێن، سەرەڕای هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، لە وڵاتی بەحرەین دوو ئەنجومەنی نیشتمانی هەیە ئەوانیش: ئەنجومەنی راوێژکاری کەساڵی 1992 دامەزراوە، لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەران. ئەنجومەنی راوێژکاری ئەو وڵاتە پێکدێت لە(40) ئەندام کە"شا" بۆ ماوەی چوار ساڵ سەرپەرشتییان دەکات، بەهەمانشێوە ئەنجومەنی نوێنەران پێکدێت لە(40) ئەندام و، هەرد وو ئەنجومەنەکەش بەشێوەیەکی یەکسان بەشدار ی لەپرۆسەی یاسادانانندا دەکەن . کاتێکیش کەکۆدەبنەوە، ئەوا کۆبونەوە هاوبەشەکە لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی راوێژکارییەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

لەدەستوری وڵاتی بەحرەینیشدا یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان لەهەم وو کایەکانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و پەروەردە و کاردا سەلمێنراوە، بەڵام لەکۆمەڵگەی عەرەب ی دا وەك ئاشکرایە ئەو یاسایانە بەدەگمەن ج یبەجێ دەکرێن، تا ئێستاش هیچ ژن ێك پلەی ئەندامێتی لەئەنجومەنی



نوێنەراندا وەرنەگرتوە، بەڵام لەنیسانی 2004دا یەکەمین ژنی بەحرەینی لەپۆستی وەزیردا دامەزراوە، ئەوەش دکتۆرە (ندى حافظ) بوو، کەبوو بەوەزیری تەندروستی.

هەروەها لەچاکسازیەکی تری ئەنجومەنی وەزیراندا لەدیسەمبەری 2005 دا دووەمین پۆستی وەزیر درا بەدکتۆرە (فاطمة البلوشي ) کەبوو بەڕاگری کۆلێژی پەروەردە لەزانکۆی بەحرەین و وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، هەروەها وڵاتی بەحرەین لەساڵی 2002دا پەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی توندوتیژی دژ بەژنان مۆرکردوە، بەتێبینی کردن لەسەر ئەو بەندانەی کەپێچەوانە دەبنەوە لەگەڵ پەیامی ئیسلامیدا.

هەرچەندە میرنشینی ئیمارات دەرگای واڵاکردوە لەبەردەم ژنانی وڵاتەکە یدا لەبواری خوێندنی باڵادا، بەڵام تا ئێستاش ژنانی ئەو وڵاتە دورەپەرێزن لەبەشداریکردن یان لەکایەی ئابور یو پێگەکانی بڕیاردان و یاسادانان لەحکومەتدا ، هەروەها لەماددەی ( 45)ی دەستوردا هاتوە کەئەنجومەنی نیشتمانی یەکگرت وو چوارەمین دەسەڵاتی وڵاتە، دیاریکردنی سەرۆکی ئەنجومەنەکەش بەبڕیاری فەرمی وڵات دەکرێت، لەکاتێکدا هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجومەنەکە بەبڕیاری ئەندامەکانی دیاریدەکرێت، ئەگەرچی هیچ یاسایەك نییە کەڕێگری لەبەردەم ژناندا بکات بۆ دەستبەکاربون لەپۆستە باڵاکانی حکومەتدا، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی کەمی ژنان لەو پۆستانەدا دەبینرێن. ساڵی 1998 خاتوو (فاطمة مبارك )ی خێزانی شێخ زایدی کوڕی سوڵتان– سەرۆکی وڵات، بڕیاری دیاریکردن و دامەزراندنی ژنان ی وەك چاودێر لەناو ئەنجومەنی نیشتمانی یەکگرتودا دا ، ئەمەش بەمەبەستی راهێنان بۆ هەڵبژاردنیان وەك ئەندامی راستەقینەی ئەنجومەنەکە. لەیەکی نۆڤەمبەری ساڵی 2004دا سەرۆکی وڵات شێخ زاید کوڕی سوڵتان ئالن ەهیان بەبڕیارێکی فەرمی خات وو (لبنى القاسمى) وەك وەزیری ئابور یو بازرگانی دەستنیشانکرد.

هەروەها جەنگی ناوخۆیی و نەبونی حکومەتێکی مەرکەزی لەسۆماڵدا ، کاریگەرییەکیماڵوێرانکەری هەبووەو ژنانی سۆماڵیش بوونە یەکەمین قوربانیو سوتوی ئەو جەنگانە، چونکە منداڵانو ژنان دەبنە قوربای توندوتیژی خێڵەکی لەکاتی جەنگەکاندا.

یەکەمین هەڵبژاردنی پارلەمانیش لەوڵاتی سۆماڵدا لەسایەی کۆنگرەی (عەرەت)دا لەجیبۆتی رێکخرا، ئەمەش لەسەرەتای مانگی ئایار تاوەکو کوتایی ئۆگستۆس لەساڵی 2000دا، کەتێیدا ژنانی سۆماڵی هەوڵێکی زۆریان دا لەپێناو بەدیهێنانی ئاشتی و بنیاتنانەوەی حکومەتی سۆماڵدا. وە لەساڵی 2000دا هەموو خێڵەکانی سۆماڵ لەجیبۆتی کۆبونەوە بۆ پێکهێنانی یەکەمین حکومەتی کاتی بۆ ئەو وڵاتە، کەژنان تێیدا (25) کورسیان لەئەنجومەنی کاتی حکومەتی سۆماڵدا

بەدەستهێنا لەکۆی (245) کورسی. دابەشکردنی ئەو کورسیانەش بەشێوەیەکی یەکسان بوو لەنێوان خێڵەکانی سۆماڵدا، هەر چوار خێڵەکەش یەکی( 5) کورسییان بۆ ژنان تەرخانکرد، ئەو (5) کورسیەی تریش لەنێوان خێڵە بچوکەکانی تردا بەیەکسانی دابەشکرا. هەروەك لەناو ئەنجومەنی کاتی نیشتمانیدا فیدراسیۆنی داکۆکیو نوێنەرایەتیکردن لەبەرژەوەندی ژنانی سۆماڵی پێکهێنرا، بەشێوەیەك کەهەموو سنوری خێڵەکان ببەزێنێت. ئەنجومەنی پارلەمانی یەکگرتوش کەدواتر بوو بە(ئەنجومەنی گەل)و 12٪ کورسەکانی بەخشی بەژنان کەژمارەیان ( 275) ئەندام بوون. هەر لەکاتی پێکهێنانی حکومەتی نیشتمانی کاتییەوە لەساڵی 2000 بەدواوە، بەبەردەوامی دوو ژنە وەزیر وەك ئەندام تێیدا بەشدار بووە .

هەرچەندە لەیاسای مەدەنیو تاوانکاری پێش جەنگدا داننرا بوو بەپلەو پێگەی ژنان لەوڵاتی سۆماڵدا، بەڵام هیچ کام لەم یاسایانە تا ئیستا جێبەجێنەکراونو لەدەستوری وڵاتیشدا هەموو جیاکارییەك لەروی رەگەزیەوە قەدەغەکراوە.

تا ئیستاش وڵاتی سۆماڵ پەیماننامەی "نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژ بەژنان)ی ئیمزانەکردوە.

هەروەها ژنانی قەتەری بەشێوەیەکی بەردەوام هەوڵدەدەن بۆ رزگاربونی یەکجارەکی لەدەرکەوتەکاتی کۆمەڵگەی پیاوسالاری، ئەمەش لەرێگەی هەستانیان بەبینینی رۆلێکی پێشەکەتوو لەوڵاتدا، چونکە پێشتر هەستیان بەوە کردبوو کەژنانیش نیوەی کۆمەڵگەنو هەمان مافیان هەیە لەگەڵ پیاواندا بەشێوەیەکی یەکسان، وەك چۆن توانیویانە رۆڵو گرنگی خۆیان لەچەندین کایەی جیاوازدا دەربخەن، دواجارو لەم دواییانەدا هەندێك پۆستی باڵایان گرتەدەست وەك وەزیرو ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی. بێگومان وڵاتی قەتەریش گرنگییەکی زۆری بەژنانی وڵاتەکەی داوە، پێدەزانرێ کەرۆڵێکی گرنگیان لەخزمەتکردنی وڵاتدا لەهەموو بوارە جیاوازەکاندا هەیە. لەقەتەر ئەنجومەنی راوێژکاری هەیە کە لە( 35) ئەندام پێکهاتوەو لەلایەن رابەرەوە سەرپەرشتییان دەکرێت، ئەم ئەنجومەنەش هەموو بۆچونو ئامۆژگاریو راسپاردەیەك پێشکەش بەڕابەرو حکومەت دەکات بەبێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی پابەندکردنیان هەبێت.

بەهەمانشێوە وڵاتی عەممان یەکێکە لەوڵاتە پێشکەوتوەکانی کەنداوی عەرەبی لەڕوی پێدانی تەواوی مافەکانی ژنانو لەراستیدا حکومەتی عەممان لەسەرەتای هەفتاکانەوە هانی فێربونی ژنانی وڵاتەکەی داوەو ئەنجامەکەشی بەشێوەیەکی گرنگو سەرنجڕاکێش رەنگیداوەتەوە، لەو وڵاتەدا ژنان هەموو مافێکی دەنگدانو خۆپاڵاوتنیان بۆ هەڵبژاردنەکان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشداربونی ژنان لەهێزی کاری ئەو وڵاتەدا زۆر کەمو دەگمەنە، وەك چۆن لەهەندێ کایەی تردا



جیاکاریو دژایەتی ژنان دەکرێت، بەڵام هێشتا وڵاتی عەممان وەك نمونەیەکی پێشکەوتن لەوڵاتانی کەنداودا دەردەکەوێتو هەروەها هەمو یاساو رێساو سیستمەکانی وڵات، هەموو مافو رێگەیەك بۆ ژنان دەڕەخسێنن لەبوارەکانی بازرگانیو کارکردنو خزمەتی مەدەنیو چاودێری کۆمەڵایەتیدا.

ئەنجومەنی راوێژکاری عەممانی بەبڕیارێکی شاهانە ساڵی 1980 دامەزراوە، پرۆسەی خۆپاڵاوتنو دەنگدان لەرێگەی لیژنەیەکی پێکهاتوو لەپیاوانی دیارو چاودێرانەوە بووە، پاش ئەوەش ناوە هەڵبژێردراوەکان نێردراوە بۆ سوڵتان بۆ ئەوەی ئەندامانی ئەنجومەن دیارییبکاتو، ساڵی 1991 بەبڕیارێکی سوڵتان ئەنجومەنی راوێژکاری عەممان راگەیەنراوە. گرنگترین جیاوازی ئەم ئەنجومەنە تازەیەش ئەوەیە کەئەندامانی ئەنجومەن لەرێگەی هەڵبژاردنەوە دیاریدەکرێن.

بەڵام لەهەڵبژاردنی نوێنەراندا کە لەئۆکتۆبەری 2003 ئەنجامدرا، بۆ یەکەمینجارو بەبێ هیچ کۆتو بەندێك رێگە بەژنان درا بۆ بەشداریکردنیان لەو پرۆسەیەدا، بەڵام سەرەڕای زۆری بەشداربونی ژنان لەو پرۆسەیەدا ژنان نەیانتوانی رێژەی نوێنەرانی خۆیان زیادبکەن، هەرچەندە پێشبینی دەکرا ژنان بتوانن لەم پرۆسەیەدا ببنە ئەندامی ئەنجومەنەکە، بەڵام هیچ یەکێك لەژنان سەرنەکەوتن بۆ پۆستی ئەندامێتی کەژمارەیان (13) ژن بوو.

لەراستیشدا لەیاسای وڵاتدا ژنان ناتوانن گەشتی دەرەوەی وڵات بکەن بەبێ رەزامەندی باوك یان مێرد یان یەکێك لەئەندامانی خێزانەکەیان کەنێر بێت.

هەروەها لەگەڵ ئەوەی کەوڵاتی عەممان چەندین هەنگاوی گرنگی لەبواری مافەکانی ژناندا ناوە، بەڵام تا مارسی 2004 پەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان–ی مۆرنەکردبو.

هەروەها لەلایەنی تیۆرییەوە هەرچەندە کەژنانی وڵاتی لیبیا هیچ بەربەستو کۆسپێکیان لەبەردەمدا نییە، جگەلەوەش هەموو مافێکی لەئەستۆگرتنی کاروباری گشتیو پراکتیزەی هەموو شێوەکانی چالاکییە ئابورییو کۆمەڵایەتیەکانیان بۆ فەراهەمکراوە، بەڵام لەراستیدا چەندین کۆسپو رێگرییان لەبەردەم دایە، ئەمەش بەهۆی دابونەریتە چەقبەستوەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی لیبیا کەرێگرە لەبەردەم کارکردنی ژنان لەهەندێ بواردا. هەروەها هەندێ لەو بەربەستانەش لەبواری کارکردندا دەردەکەوێت کەهەمیشە پیاوان لەپێش ژناندا دادەمەزرێن،چونکە باوەڕیانوایە کەژنان ناتوانن هەندێ لێپرسراوێتی لەئەستۆبگرن، بەتایبەتی ئەو ئیشوکارانەی کەپێویست بەدورکەوتنەوە لەماڵو گواستنەوەو سەفەری دورودرێژ دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا رۆڵی ژنان لەهەندێ بواردا کەم و نەبینراوە وەك لەکایەی وانەبێژیو تەندروستیدا، هەروەها ئیشوکارەکانی

کارگێڕیی‌و پیشەسازی‌و ئەلیکترۆنی‌و جلوبەرگدا، بەڵام ئەو بوارانەی کەژنان دەتوانن کاری تێدابکەن تەنها پەروەردەو فێرکردن‌و کارگێڕی خزمەتی تەندروستی‌و کشتوکاڵ‌و پیشەسازییە، وە هەرچەندە کەبوارێکی دیاریکراو نابینینەوە کەژنان کاریان تێدا نەکردبێت  وەك فێرکردن‌و کارگێریی‌و توێژینەوەی زانستی‌و خزمەتە کۆمەڵایەتییەکان‌و دەزگاکانی وەبەرهێنان، سەرەڕای کەرتی کشتوکاڵ‌و خزمەتی نیشتمانی‌و ئاسایش‌و کۆنگرە گشتی‌و لیژنە نەتەوەییەکان‌و بوارەکانی پیشەوەری لەدادگاو نوێنەرایەتیکردن‌و سیاسەتیشدا، بەڵام تا ئیستا هەندێك رێگری‌و کۆسپ لەبەردەم ژناندا ماوە بۆ چوونەنێو جیهانی کارکردنەوە، لەگرنگترین ئەو کۆسپ‌و دابونەریتانەش کەژنانی لیبی ناتوانن بەهۆیەوە بەشداریبکەن، وەك ئیش‌وکارەکانی هۆتێل‌و چێشتخانەو دوکان‌و بازاڕو کارگەکان. هەروەها کێشەیەکی تری ژنان لەلیبیادا ئەوەیە  لەدەستوردا هاتوە کەنابێت ژنان ئەو ئیشوکارانە بکەن کەدەکەوێتە شەوانەوە، ئەم بڕیارەش ناگونجێت لەگەڵ هەندێ لەپیشەکانی وەك تەندروستی‌و پۆلیس‌و ناوەندەکانی چاودێریکردنی کەمئەندامان، ئەمەش وایکردوە کەئەو دەزگایانە پەنابەرنەبەر دامەزراندنی کچانی بێگانە لەجیاتی کچانی لیبی.

هەروەها سەبارەت بەوڵاتی تونس، بەپێشەنگی وڵاتە عەرەبیەکان دادەنرێت لەبواری مافەکانی ژناندا، ئەو چاکسازییە بەردەوامانەی کە لەیاساکانی باری کەسێتیدا دەکرێت، بووە بەهۆی بەدیهێنانی یەکسانییەکی تەواو لەنێوان هەردوو رەگەزەکەدا، حکومەتیش بڕیاری تێکەڵکردن‌و بەشداریکردنی ژنانی داوە لەگەشەپێدانی مرۆییدا، ئەوەش لەرێگەی گرنگیدانی حکومەتەوە بەبەدیهێنانی یەکسانی نێوان ژنان‌و پیاوان.

لەراستیدا باری کەسێتی ژنان لەوڵاتی تونسدا، یەکسان‌و هاوتایە لەگەڵ باری کەسێتی پیاواندا بەهەموو شێوەیەك، حکومەتی تونس هەوڵێکی زۆری داوە بۆ گەشەپێدانی قۆناغێکی نوێ لەچاکسازی لەو بوارانەدا، واتە ئەو چاکسازیانەی کەدەبنە هۆی بەدیهێنانی یەکسانی نێوان هەردوو رەگەزەکە لەهەموو کارەکانی وەك هاوسەرگیری‌و تەڵاق‌و دایەنگەی منداڵان‌و ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ژنان، تەنانەت لەخولی کوتایی ئەو چاکسازیانەدا ساڵی 1993 حکومەتی تونس هاوئاهەنگی‌و هاوسەنگی لەنێوان یاسای وڵات‌و یاساو رێسا نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤدا جێبەجێکرد، لایەنگرانی ئەم چاکسازییە نەك ئەمە بەپێچەوانەی ئاینی ئیسلام دانانێن، بەڵکو دەڵێن گەشەپێدان‌و پێشکەوتنە لەو نەریتانەدا کە لەگەڵ چەرخی نوێدا دەگونجێن  بێگومان زۆر کەمن ئەو پۆستە باڵایانەی کەژنان بەدەستیان هێناوە لەحکومەتدا (کە 3٪یە لەسەر ئاستی وەزارەت)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لەدامودەزگا حکومییەکان بەتایبەتی بۆ ژنان دامەزراون، لەکرنگترین ئەو دەزگایانەش (وەزارەتەکانی ژنان‌و کاروباری خێزان)و (لیژنەی



نیشتمانی بۆ ژنان‌و گەشەپێدان)و ( ئەنجومەنی نیشتمانی ژنان‌و خێزان). ساڵی 1999 ژنان توانیان ( 21) کورسی بەدەستبهێنن لەهەڵبژاردنە پارلەمانییەکاندا لەکۆی ( 182) کورسی نوێنەران. ئاستی نوێنەرایەتیکردنی ژنان لەناوخۆدا بەرزترو چاکترن وەك لەسەر ئاستی نیشتمانی، تێیدا ژنان رێژەی (17٪ )ی ئەندامانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی تونسیان پێکهێناوە.

وەك دەشزانین کەوڵاتی تونس بارەگای سەرەکی (ناوەندی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو پتەوکردن‌و راگەیاندنی ژنان)ە، ئەمەش یەکێکە لەگرنگترین ناوەندەکانی ژنان لەوڵاتە عەرەبیەکاندا. ژنان لەتونس رێژەی ( 31٪)ی هێزی کار پێکدەهێنن‌و رێژەی( 36٪ )ی ژنانی ئەو وڵاتە خەریکی کارکردنن، لەراستیدا حکومەتیش هەوڵیداوە بۆ تێکەڵکردنی ئەو نمونانەی کەپەیوەندییان بەجۆری کۆمەڵایەتی رەگەز (جێندەر)ەوە هەیە لەپلاندانانیدا بۆ گەشەپێدان‌و، لەمێژە حکومەتی تونس هەڵوێستێکی پێشکەوتنخوازانەی وەرگرتوە سەبارەت بەبەشداربوونی ژنان لەهێزی کاردا. تەنانەت ساڵی 1966 حکومەتی تونس چەند سیاسەتێکی تایبەتی داڕشت بۆ رێگەپێدانی منداڵبون‌و پاراستنی ئیشوکاری دایکان.بەپێی دەستوری وڵاتی تونس، پێویستە بۆ ماوەی هەر ( 5) ساڵ جارێك پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت، ئەمەش بەپێی یاسای هەڵبژاردن کە لە( 8)ی ئەپرلی ساڵی 1969 دانراوەو ساڵی 1998 چاکسازی تێداکراوە.

تونس ساڵی 1985 پەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژ بەژنان–ی مۆرکردوە، بەڵام تێبینی لەسەر هەموو ئەو بەندانەی کەپێچەوانە دەکەوێتەوە لەگەڵ پەیامی ئیسلامیدا هەبووە.

لەکاتێکدا دەبینین کەگەلی کۆدیڤوار (ساحل العاج) پراکتیزەی هەموو مافە دەستوریەکانیان کردوە بۆ گۆڕینی حکومەتەکەیان  بۆ سیستمی دیموکراسی. بۆ یەکەمینجار لەهەڵبژاردنی پارلەمانی‌و سەرۆکایەتیدا بوو کەساڵی 1996 ئەنجامدرا، پاشان دەستورێکی تازەیان بۆ وڵات دانا کەئاینی ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان بێت‌و کەمتر ئۆتۆنۆمیان بەهەندێ لەناوچە ناوخۆکانی وڵات داوە، ئەمەش دواجار بوو بەهۆی دروستبوونی بزوتنەوەی یاخیبوان لەناوچەی ( ئەنجوان). هەروەها پارتی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆن کەپارتێکی ئیسلامیە، چەند کورسییەکی لەئەنجومەنی یەکگرتوی نیشتمانیدا بەدەستهێناوە کە ( 42) کورسییە، بۆ ماوەی ( 5) ساڵ جارێك هەڵدەبژێردرێنەوە. بەڵام لەسەردەمی ئەم حکومەتە نوێیەدا ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵوەشایەوەو ئیتر کار بەدەستور نەدەکرا، هەروەها ناوچەی (ئەنجوان) یەکەمین هەڵبژاردنی یاسادانانیان لەئۆگستۆسی ساڵی 1999 ئەنجامداو، لەکوتاییدا بزوتنەوەی جودایخوازان هەموو کورسییەکانیان لەرێگەی دەنگدانەوە بەدەستهێنا، بەڵام لەدواجاردا بەهۆی روداوە سیاسییەکانی

وڵاتەوە چەندین کێشەو ناکۆکی لەسەر دەسەڵات لەو وڵاتەدا دروستبو کەبووە بەهۆی هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی یەککگرتوو.

بەڵام کۆی تراژیدیای ژنانی عێراقی گرنگییەکی زۆرو لەرادەبەدەری هەیە، چونکە بزوتنەوەی ژنان لەو وڵاتەدا لەبارێکی خراپو نالەباردا دەژیو، هەموو پێشکەوتنو خەمو ئازارێکی ژنانی عێراقی لەبیرکراوە، چەندین بەربەست لەبەردەم پێشکەوتنی کاروانی ژناندا دانراوەو. بێبەشن لەسادەترین مافو داواکاریەکانیان.

هەروەها لەم کاتەی ئێستادا رۆڵی ژنان بەشێوەیەکی زۆر دواخراوە ئەمەش بەهۆی چەندین هۆکارو کاریگەرییەوە کە لەهەمویان گرنگتر نەبوونی ئاسایشو ئارامییە بەهۆی داگیرکاری ئەمریکاو کەمبونەوەی رۆڵی ژنانی ئەو وڵاتەوە.

خاتوو (فیحاء زین العابدین)ی ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی دەڵێت:" سەرەتا ژنانی عێراقی لەمەیدانی سیاسیدا دەرکەوتنو زیاتر بەهۆی بەشدار بوونیان لەرێکخراوو یانەکانی ژناندا کەئیشوکاری کۆمەڵایەتیو سیاسییان دەکرد، ئەوەش کەزیاتر پشتگیری دەکردن یاسای کاتی بەرێوەبردنی وڵات بوو کەهەموو مافەکانی دەسەلماندو گرنگییەکی زۆری پێدەدان بۆ بەشداریکردن لەهەموو بوارەکاندا "، خاتوو ( فیحاء ) هۆی ئەو دۆخەشی گەڕاندەوە بۆ خراپی باری ئاسایشو ئارامی لەژێر سایەی داگیرکاری لەلایەکەوەو بێکاری ژنان خۆیان لەلایەکیترەوە.

پاشان دکتۆرە ( رجاء الخزاعی) کەپزیشکی ژنانەو ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانییە ئاماژەیدا بەوەی کە"پەکخستنی کاروانی ژنانی عێراقی بەپلەی یەکەم بۆ ژنان خۆیان دەگەڕێتەوە، چونکە زۆربەیان ناتوانن بچنەنێو کایەکانی ئیشکردنی پیاوانەوە، ئەمەش سەرەڕای ئەو پیاوانەی کەرێگری دروستدەکەن لەبەردەم ژناندا لەژیانی پراکتیکیدا".

هەروەها دکتۆرە ( منى العين) کەمامۆستای زانستە کۆمەڵایەتیەکانە وایدەبینێ کە"کۆمەڵگەی عێراقی چەندین هەڵوێستو سنوری داناوە لەدژی رۆڵی ژنان، ئەمەش لەدوو لایەنەوە، لایەنی یەکەم: بەهۆی کلتورو دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوەیە، چونکە خەڵکانی عێراقی پابەندی ئەو دابونەریتانەنو ناتوانن دەستەبەرداری بن، هەروەها ژنانی عێراقیش نایانەوێ بچنە بواری کارکردنی پیاوانەوە. لایەنی دووەم : بەهۆی کاریگەرییەکانی ئاینی ئیسلامەوەیە، چونکە هەموو یاساکانی ئیسلامو قورئان کە لەبارەی ژنانەوەیە، هیچ کەسو لایەنێك نییە کەبتوانێت راڤەی تەواوی بۆ بکات بەشێوەیەك کە هەموو کۆمەڵگە پێی رازی بێت".

ئێستاش دەپرسین: ئایا بارودۆخی ژنانی عێراقی لەژێر سایەی داگیرکاریو لەناو ئەنجومەنی نیشتمانی حوکمدا چۆنە؟ (صالح العميدى) دەڵێ: لەراستیدا لەرێگەی چاودێریکردنو بەدواداچوونی



دانیشتنو کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقییەوە، دەتوانین تێبینی بکەین کەهەموو ئەو راوبۆچونو دەربڕینانەی لەبارەی ئەو مەسەلەیە یان مەسەلەیەکی ترەوە دەکرێت، نیشانەی هەبوونی گیانی دیوکراتییە کە لەناو کۆبونەوەکانی ئەنجومەندا بونی هەیە. هەروەها دەشتوانین بڵێین کەهەمویان ئاماژەیەکی راستو دروستن کە لەڕێگەیەوە دەمانەوێت زیاتر پشتی پێ ببەستین، بەتایبەتیش کاتێك ئەو راوبۆچونو گفتوگۆیانە دەربارەی پرسێکی گرنگی وەك بەرژەوەندیو داهاتوی عێراق بێت. ئەگەر بمانەوێ راپرسیەکی سادە بکەین بۆ زانینی رێژەی بەشداربوونی ژنە ئەندامەکان لەگفتوگۆکانی ناو ئەنجومەنی نیشتمانیدا، ئەوا دەگەین بەو ئەنجامەی کەرێژەکەیان ناگاتە 3٪ سەرەڕای ئەوەی کەرێژەی ژنانی ئەندام لەکۆی ئەنجومەنەکەدا تەنها( 25٪)ی ئەندامەکانە.

(عەمیدی) بەردەوام دەبێتو دەڵێت: مافی خۆشمانە کەبپرسین ئایا ئامادەییو هەبوونی ژنان لەناو ئەنجومەنی نیشتمانیدا تەنها بۆ روکەشو دەرکەوتنو موزایەدەکردنە بەبەشداریکردنی ژنانەوە لەپرۆسە سیاسییەکانی وڵاتدا، یان ئەم بارودۆخەی بەشداربوونی ژنان لەهەڵوێستێکی پێشوی ژنانەوە سەرچاوەیگرتوە.

یەکەمین ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی کەپاش پرۆسەی داگیرکاری بەچەند مانگێك دروستکرا، لە(81) ئەندامی هەڵبژێردراو (19) ئەندامی تریش کەئەندامی پێشوی ئەنجومەنی حوکم بوون پێکهاتبوو. ئەمەش بۆ ئەوەی کەسەرجەمی ئەندامان بکاتە ( 100) ئەندامی تەواو، ئەنجومەنی یاسادانانی لێ پێکبهێنرێتو بۆ ئەوە بوو کەسەرپەرشتیو چاودێری حکومەتو تەواوکردنی پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا بگرێتە ئەستۆ هەروەها کەسانی سەربەخۆو ئەندامانی پارتە سیاسییەکانی تری عێراقو نوێنەرانی پارێزگاکانیتری عێراق، هەندێ لەنێردراوانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەڵێن ئەنجومەنی کاتی لەعێراقدا هەرگیز ناتوانێت ببێتە هێزێکی فشار یان چاودێر لەسەر پاکیو راستگۆیی کارەکانی حکومەتی عێراقی، لەبەرئەوە هەندێك لەو ئەندامانە پاشەکشەیان لەئەنجومەنەکە کردەوە، لەنێوانیاندا نوێنەرانی پارێزگای بەصرە کەناڕەزاییان دەردەبڕی لەسەر نەبونو لاوازی نوێنەرایەتیکردنی بەشی خواروی عێراق لەکۆنگرەکاندا. بۆ نمونە (ألالوسی) کەیەکێکە لەرێبەرانی پارتی کۆنگرەی نیشتمانی، بەمشێوەیە وەسفی ئەو ئەنجومەنە دەکات: "ئەو ئەنجومەنەی کەهەڵقوڵاوی کۆنگرەی نیشتمانییەو بەپێی ئەو میکانیزمانە کاردەکات کەپێشنیاری بۆ کردوەو، دەبێت ئەنجومەنێکی فراوانی حوکم بێت. هەروەها ئاماژەش بەوەدەکات کەهەندێ لەنوێنەرانی پارتو لایەنەکان بەتایبەتی لایەنە ئیسلامییەکان تائێستاش بەپێی سیستمی بەشبەشەکی بیردەکەنەوەو ناتوانن ئەو میکانیزمە تێبپەڕێنن".

دیسان نێردراوە سەربەخۆکان ناڕەزاییان دەربڕیوەو دەڵێن: ئەو ئەنجومەنە چەندین لێپرسراوی حکومیو پارلەمانتاری تێدایە کەهەمویان لەئەنجومەنەکەدا هەڵبژێردراون بۆ ئەوەی سەرپەرشتی کاروبارەکانی حکومەت بکەن، بەڵام تەنها میکانیزمو ئالەتێکن کەلەخۆیانەوە هەموو بڕیارەکانی حکومەت پەسەند دەکەنو، ئەو ئەنجومەنە (100) ئەندامییە، بۆ ئەوە دامەزراوە تاسەرپەرشتیو چاودێریکردنی ئیشوکارەکانی حکومەتی کاتی بکات لەعێراقداو، رێبکەون لەسەر ئەو بودجە سالانەیەی دەوڵەت تاوەك هەڵبژاردنی پارلەمانێکی نیشتمانی لەناوەڕاستی یەنایەری 2005دا، وەك چۆن رۆڵی ئەو ئەنجومەنە نیشتمانییە تەنها راوێژ کردنو دەسەڵاتی یاسادانان نییە، جگەلەوەی کەپێویستە چاودێری کاروبارەکانی وڵاتیش بکەنو، مافی بانگهێشتکردنی سەرۆك کۆمارو ئەندامەکانی وەزارەتەکانی هەیە، لەچوارچێوەی ئازادی رادەربڕین لەژێر سایەی پارلەماندا، بۆ ئەوەی بگەنە قۆناغێکی دەستوری تەواو، لەگەڵ دامەزاندنی ئەنجومەنێکی هەمیشەیی.

هەروەها سەرۆکی وەزیرانی حکومەتی کاتی عێراق هەموو کارو ئەرکەکانی ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی نیشتمانی دیاریکردوە بۆ دوبارە بنیاتنانەوەی دەوڵەتو گەشەپێدانی ئابوریی لەوڵاتداو، پاراستنی ئاسایشو جێبەجێکردنی یاساکانو رازیبون لەسەر دیاریکردنی ئەندامانی سەرۆکایەتی کۆمارو دەسەڵاتی جێبەجێکردن، تەنها مەگەر لەحاڵەتی دەست لەکارکێشانەوە یان مردنی ئەندامەکانیدا. دیسان ئاماژەشی بەوەکردوە کەدەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی هەموو مافەکانی، وەك مافی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی سەرۆکی وەزیران هەیە، کەئەو بڕیارانە تەنها بۆ ماوەی (10) رۆژ مافی یاسایی خۆیانیان هەیە لەکاتی دەرچونیانەوە. وەك چۆن ئەنجومەنی نیشتمانی مافی پەسەندکردنی بودجەی وڵاتی هەیە کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت.

ئەنجومەنی نیشتمانی لەپێش داگیرکارییەکەدا لە(250) ئەندام پێکهاتبوو، بۆ ماوەی چوار ساڵ جارێك هەڵدەبژێردرانەوە، لەگەڵ ئەوەی کە(30) کورسی بۆ ناوچە کوردییەکان دابینکرابوو.

## لەکۆتایدا

ئاشکرایە کەدامەزاوە پارلەمانییەکان لەهەموو وڵاتێکدا گرنگترین دامەزراوەن بۆ بەشداریکردن لەدروستبوونی بڕیارو داڕشتنی سیاسەتەکاندا. هەروەها گرنگی ئەم دامەزراوانەش زیاتر دەبێت ئەگەر بێتو سیستمی حوکمڕانی لەو وڵاتانەدا ئاستێکی دیموکراتیانەی هەبێت لەروی سیستمی سیاسییەوە، چونکە پلەوپایەی پارلەمان زیاتر دەبێت ئەگەر سیستمێکی دیموکراسی فەرمانڕەوایی بکات، ئەو وڵاتەش دواکەوتودەبێت ئەگەر سیستمی فەرمانڕەوایی نادیموکراسی بێت.



لەماوەی ئەم دە ساڵەی دوایدا سیستمی پارلەمانی گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، تا ئێستاش لەکۆمەڵەی پارلەمانی نێودەوڵەتیدا نزیکەی (150) پارلەمان هەیە، کە(15) پارلەمانیان لەدوو ئەنجومەن پێکدێن. لەبەرئەوە پێویستە ئەم زیادبوونەی پارلەمانەکان یارمەتی دابینکردنی هەلی باشتر بدات بۆ نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵگە رامیارییەکان لەناو پارلەمانەکان لەلایەکەوەو، یارمەتی زەمینەسازیەکی فراوانتر بدات بۆ بەشداریکردنی ژنانو پیاوان لەپرۆسەی سیاسیدا لەلایەکیترەوە. وەك چۆن لەراگەیاندنی جیهانی سیستمی دیموکراتیدا ساڵی 1997 کۆمەڵەی پارلەمانی نێودەوڵەتی جەختی لەسەر ئەوە کردوەتەوە کە:

"بەدیهێنانی دیموکراسی پێویستی بەهاوبەشییەکی تەواوی ژنانو پیاوان هەیە لەبەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگەدا، کەهەردوکیان بەیەکسانی ئیشوکارەکانی خۆیان بەهەماهەنگی ئەنجامبدەن، کەئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی هەردولاو نەهێشتنی جیاوازییەکانیان".

کۆی چالاکییەکانی کۆمەڵەی پارلەمانی نێودەوڵەتی جەخت لەسەر چاکتربوونی بارودۆخی ژنان دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو چالاکیانە هەموو بوارو کایە جیاوازەکان دەگرێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی بەبەشداری ژنان لەژیانی سیاسیو پارلەمانیدا دەدات ، هەرچەندە رێژەی بەشدابوونی ژنان لەجیهاندا کەمەو، ئەم خشتەیەی خوارەوەش رێژەی بەشداربوونی ژنان روندەکاتەوە لەپارلەمانە جیهانییەکاندا:

| | |
|---|---|
| ئەوروپای باکور | ٪38.8 |
| هەردوو ئەمریکا | ٪15.3 |
| ئاسیا | ٪14.3 |
| باشور و ناوڕاستی ئەوروپا | ٪13.6 |
| ناوچەی باسفیك | ٪11.6 |
| باشوری بیابانی گەورە | ٪11.5 |
| نیشتمانی عەرەب | ٪3.7 |

وەك چۆن لەخشتەکەشەوە بەشێوەیەکی گشتی بۆمان دەردەکەوێت کەژنانی عەرەبی بەشێوەیەکی دیاریکراو کورسییەکانی پارلەمانیان وەرگرتوە کە لەرێژەی ( ٪4) کەمترە، ئەمەش بەبەراورد بەکەمترین رێژەی ئەو کورسیانەی کە لەجیهاندا بەژنان دراوە کەناوچەی (باسفیك)ەو رێژەکەیان دەگاتە نزیکەی (٪11). هەروەها لەلایەنی پارلەمانییەوە بەپێی سەرژمێری کوتایی

2004 دەردەکەوێت کەوڵاتی سوریا بەرزترین ڕێژەی لەناو وڵاتە عەرەبیەکاندا هەیەو دەگاتە (12٪) پاش ئەویش وڵاتی تونس کەڕێژەکەی ( 11.5٪)و دواتر وڵاتی جیبۆتی کەڕێژەکەی (10.8٪)ە، بەڵام وڵاتی یەمەن کەمترین ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنی ژنانی هەیە کەتەنها ( 3٪)و کۆمەڵێك لەوڵاتە عەرەبیەکان کەژنان تێیدا هەموو مافێکی هەڵبژاردنو خۆپاڵاوتنیان هەیە، کەچی لەناو هیچ کام لەم دەزگایانەدا نین. وەك چۆن هیچ دامەزراوەیەکی پارلەمانی نییە لەنیشتمانی عەرەبیدا کەژنان سەرۆکایەتی بکەن، بەڵام تەنها یەك ژن هەیە کەنوێنەری سەرۆکی (ئەنجومەنی گەل)ە لەمیسر، ئەویش خاتو(امال عثمان )ە کەپێشتر پۆستی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتیو کارکردنی وەرگرتبوو، هەروەها یەك ئەندامی ژن لەئۆفیسی ئەنجومەنی سوریا دایە ئەویش خاتوو (إنعام عباس)ەو، دیسان لەوڵاتی سوریا خاتوو ( هدى الحمصي) کەسەرۆکی لیژنەی کاروباری عەرەبیو دەرەوەیەو جێگری یەکەمی لیژنەی ئاسایشی نێودەوڵەتییە لەکۆمەڵەی پارلەمانی نێودەوڵەتیدا.

لەسەر ئاستی جیهانیو لەوڵاتی نەمسادا کەیەکەمین وڵاتێکە ژنێکی هەڵبژاردبێت بۆ پۆستی سەرۆکی یەکێك لەئەنجومەنەکانی پارلەمان (بۆندسرات) لەپێش جەنگی دووەمی جیهانیداو، لەکاتی خولی پێشوی یاسادانان لەئیسپانیادا ژنێك سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی دەکرد. سەرۆکی کۆمەڵەی پارلەمانی نێودەوڵەتی خانمێکی هیندی بوو بەناوی (نجمه هبەالله) کەجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پیران بوو لەهیندستان.

بەشێوەیەکی گشتیو لەکۆی ئەو شتانەی کەباسکرا، بۆمان ڕوندەبێتەوە کەنوێنەرایەتیکردنی ژنان لەدامەزراوە پارلەمانیو یاساییەکاندا لەنیشتمانی عەرەبی لەڕووی ئاستو قەبارەوە زۆر لاوازن، ئەمە سەرەڕای ئەنجومەنەکانی ناوخۆییو نوێنەرایەتیکردن، کەتێیدا ژنان ڕێژەیەکی زۆر کەمی ئەو پۆستانەیان گرتووە، تا ئێستاش لەهیچ وڵاتێکی عەرەبیدا پۆستەکانی وەك پارێزگار یان سەرۆکی ئەنجومەنیان وەرنەگرتوە. لەڕاستیدا زۆرن ئەو هۆکارو کاریگەریانەی کەدەبنە هۆی لاوازی نوێنەرایەتیکردنی ژنان، لەوانە وەك ئەوەی کەپەیوەندی بەکلتوری گشتیو نەبونی شارەزایی سیاسی لەلای ژنانو هاوکارینەکردنی پارتو لایەنە سیاسیەکانەوە هەیە، لەگەڵ سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ ئەوەی ژنان بچنە هەڵبژاردنەکانەوە.

مێژوی بەشداریکردنی ژنان لەژیانی سیاسیو نوێنەرایەتیکردندا، پێکهەڵدەچێتو تێکەڵدەبێت لەگەڵ مێژوی تێکۆشانو خەباتی عەرەبدا. هەروەها گفتوگۆی شارستانی لەنێوان شارستانیەتی عەرەبیو نەریتە ڕەسەکانیدا لەگەڵ شارستانیەتی ڕۆژئاواو نەریتە بەربڵاوەکانیدا، دەبێتەهۆی وروژاندنی گفتوگۆ لەسەر ڕۆڵی ژنان لەژێر سایەی پارلەماندا، ئەمەش لەنێوان چەندین بۆچونو



تەوژمی فیکریو ئاینیو سیاسیدا، تەنانەت سنوری پارلەمانیش دەبەزێنێ بۆ سەر شانۆی ژیانی سیاسیو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو، چەندین فاکتەری گەورەش هەیە کەڕۆڵی سلبیانەی خۆیان گێڕاوە لەدواخستنی ژنانی عەرەبدا بۆ چونەنێو پارلەمانەکانەوە.

سەرەڕای ئەو هۆکارانەی کە لەنوسینەکانی پێشودا ئاماژەمان پێدان. دەتوانین بڵێین ئەو پێشکەوتنە سیاسییەی کۆمەڵگاو، دانپێدانانەکانی دەستورو بەڵگەنامەو دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەمافی ژنان، کۆمەڵە ئامرازێکن کەژیانی سیاسیو ڕۆشنبیری ڕاستەقینەی کۆمەڵگا ڕەنگرێژدەکەن. هاوکات ئاستی ئەو پێشکەوتنەی کەژنان بینیویانە سەبارەت بەمافەکانی فێربونو کارکردنو یەکسانی کرێو گرتنەدەستی پۆستە باڵاکانی دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردنو ئەو مەرجانەی کەکاریگەریان هەبووە لەسەر بەشداربوونی ژنان لەپارلەماندا بەشێوەیەکی تایبەتی تەنها (هۆشیاری سیاسییە) لەگەڵ قبوڵکردنی پیاوان کەئەگەر ژنێك پۆستەکانی وەك ڕێبەرێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی لەسەرو پیاوانە بگرێتە ئەستۆی.

ئاشکرایە کەتا ئێستاش پیاوانی کۆمەڵگەی عەرەبی ئەوە دوبارە دەکەنەوە کە لەپشت هەموو پیاوێکی مەزنەوە ژنێکی مەزن بونی هەیە، بەڵام پێویستە کەئێمەش بڵێین کە لەپشت هەموو ژنێکی مەزنەوە پیاوێك ئامادەیی هەیە، تەنها بۆئەوەی کەهەردوو ڕەگەزەکە یەکسان بینەوە هەر یەکەیان ڕۆڵ ( نەك ماف)ی خۆی هەبێت لەکۆمەڵگەداو، پێکەوە بەیەك دەست کۆمەڵگەو نیشتمان بونیاد بنێنەوە.

هەروەها پێویستە بۆ دووەمو سێیەم جاریش جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە بەشداربوونی ژنان لەژیانی پارلەمانیدا بەئاماژەیەکی سەرەکیو مانایەکی ئاشکرا دادەنرێت بۆ ڕەهەندی پێشکەوتنو بەرزی ئاستی گەشەکردنی دیموکراسیانەی هەموو کۆمەڵگەیەك، لەبەرئەوەش پێویستە ڕۆڵی ژنان لەژێر سایەی پارلەماندا دەوڵەمەندبکەین، بۆ ئەوەی پارلەمان مافی تەواوی خۆی وەربگرێت.

ئەمەش پێویستی بەئەمانەی لای خوارەوە هەیە :

1. چاوخشاندنەوە بەهەموو یاساو ڕێسا عەرەبیەکاندا کەپەیوەندیان بەژنانەوە هەیە، مافی تەواوی هاوڵاتیبوونیان بۆ دەستەبەربکات.
2. گۆڕینی ئەو بیروڕایەی کەبڕوای بەیەکسانی نێوان ژنانو پیاوان نییە لەهەمو مافو ئەرکەکاندا کەئەمەش هەڵقوڵاوی ئەو دابونەریتە مێژووییانەیە کەوەك هاوبەشو هاوکارێك تەماشای ژنان ناکات لەبونیاتنانەوەی نیشتمانو بەشداری کاریگەریانەی لەهێزی کاری وڵاتدا.
3. دانانی چەند میکانیزمێك کەمافی بەشداربوونی ژنان فراوانتر بکات لەداڕشتنی سیاسەتە گشتییەکاندا بۆ بەدیهێنانی گەشەکردنێکی بەردەوامو هەمیشەیی.

4. کارکردن بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری ژنانو بەرزکردنەوەی ئاستی ژنانی لادێو گوندەکان.

5. گۆڕینەوەی شارەزاییو زانیاری لەمامەڵەکردن لەگەڵ کاروبارەکانی ژناندا بەدروستکردنی پردی پەیوەندی لەنێوان ژنە پارلەمانتارە عەرەبیەکانو ژنانی عەرەبیدا لەلایەکەوە، لەنێوان ژنە پارلەمانتارەکانی جیهان لەلایەکیترەوە.

6. نوێنەرایەتیکردنی راستەقینەی ژنان لەناو پارلەمانە عەرەبیەکاندا لەگەڵ هەموو نێردراوانی کۆنگرەو دانیشتنە پارلەمانییە نێودەوڵەتییەکاندا.

7. ئاسانکاری بۆ بەشداربونی ژنان لەژیانی سیاسیداو، هاندانی پارتو لایەنەکان بۆ کردنەوەی لیستی تایبەت بۆ خۆپاڵاوتنی ژنان، کەیارمەتیان بدات بۆ ئەوەی بەراستی بێنە ناو ژیانی سیاسیو بەشێوەیەکی فراوانتر ئامادەییان لەپێگەکانی بڕیارداندا هەبێت.

8. رێککەوتنو یەکبوونی هەموو هەڵوێستو بۆچونەکان سەبارەت بەپرسەکانی ژنان لەناو هەردوو کۆمەڵەی پارلەمانی عەرەبیدا کەسەر بەناوچەی ئەفریقاو رۆژئاوای ئاسیان، ئەمەش لەسەر ئاستی کۆنگرەی نەتەوەیەکگرتوەکانو دەستەی چاودێری نێودەوڵەتی.

9. گۆڕینی شێوەو وێنای ژنانی عەرەبی لەدەزگاکانی راگەیاندنە عەرەبیەکانداو، دەرخستنی وێنەی راستەقینەی ژنانو، پێزانینی ژنان بەهاوکارێکی بنەڕەتی لەپرۆسەی گەشەپێدانو بونیاتنانەوەی نیشتماندا، کەپێویستە بخرێتە نێو هەموو پرۆگرامەکانی خوێندنو فێربونەوە.

لەکۆتاییدا وەك ژنێك کە لەکایە سیاسیو پارلەمانیەکاندا کارمکردەوە دەڵێم: ژنان خۆیان هۆکاری یەکەمن لەپرۆسەی گۆڕانکاری لەپرسەکانی ژنانداو، سەرکەوتن تەنها لەرێگەی باوەڕبون بەخۆیانەوە دەبێت. پێویستە هەستبکەن کەژنانیش وەك هاونیشتمانییەك هەموو مافێکی هاوڵاتیبونیان وەك پیاوان هەیە. رۆڵی ژنانیش کاریگەرو بنەڕەتییە لەکۆمەڵگەدا، واهەست نەکەن کەئەگەر پۆستێکی باڵایان وەرگرت ئیتر تەواو یەکسان بوون لەگەڵ پیاواندا، چونکە ئەمە تیۆرییەکی هەڵەیە، لەبەرئەوەی ژنانیش ماف خۆیانە کەبچێتە بەرزترین ناوەندەکانی بڕیاردانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوری، ئەگەر تواناو شارەزایی تەواویان لەو بوارانەدا هەبێت.

هەروەها باوەڕ بەخۆبونی ژنان کەئەوانیش هاوکاری راستەقینەنو، بڕوابوونیان بەچوونەنێو کایە ئابورییەکانەوە، ئەمانە دوو هۆکاری گرنگن لەگەشەکردنی چەمکەکانی کۆمەڵگەیەك کەبەرژەوەندی ژنانو پرسە گرنگەکەیانی بوێت.

# ئاسایشی کەسێتیو ئازاد بوون لەتوندوتیژی

**باڵوێز: نەجات ئەلحەجاجی**

## ثێشەکی:

سەرەتا پێویستە وا سەیری مرۆڤ بکەین کەخۆی لەخۆیدا بەهایەکە. واتە بەدوور لەوەی کەتەنها کۆمەڵێك دەزگاو ئامێری زیندو بایەلۆجی بێت. لێرەوە نێر بوون یا مێ بون تەنها چەند ئەرکێکەو مرۆڤەکان یەکسانن تێیدا، بەبێ ئەمانەش مرۆڤایەتی لەمانای خۆی دادەشۆرێت، ئەگەر مرۆڤایەتی خۆی ئەم نێر بون یان مێ بونە هەڵنەوەشێنێتەوە.

ئازادبوونی مرۆڤ تەنها پێویستی بەیاساو رێسا نییە، هێندەی ئەوەی پێویستی بەفەلسەفەیەك هەیە بۆ لابردنو نەهێشتنی پاساوی جیاوازیو چەوساندنەوە، واتە پێویستی بەپەراوێزخستنو دورخستنەوەی فەلسەفەی باڵاییو سەروەرییو چینایەتییە، یان کۆی رۆشنبیرییەکانی ئەو چەوساندنەوەو توندوتیژیو جیاوازیو کەمتەرخەمییەی کەژنانو مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوی چەوساندنەوەو ئازاردانو بەکەمزانین تێیدا ژیاون.

وەك چۆن لەراگەیاندنی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بەژناندا هاتووە کەمەبەست لەزاراوەی "جیاکاری دژ بەژنان" کەبابەتی باسەکەی ئێمەیە: واتە هەر کردەوەیەکی توندوتیژی دژی جۆری ئەو رەگەزەی کەبەرامبەری دەکرێتو ببێتەهۆی هەر ئازار گەیاندنێکی لاشەیی یان رەگەزی یان دەرونی یان هەر هەڕەشەیەکی ئەنجامدانی کردەوەی لەم جۆرە، یان زۆرکردنو بێبەشکردنی لەئازادی جا لەژیانی گشتی یان تایبەتیدا روبدات.

هەروەها لەبەشی ( 2–ف)ی تایبەت بە(جیاکاری دژ بەژنان) لەبەرنامەی کۆنگرەی "پەکین"دا هاتوە "توندوتیژی"ئەمانە دەگرێتەوە:

- هەر کردەوەیەکی توندوتیژی بۆ سەر لاشە یان رەگەز یان دەرونی ژنان کە لەخێزاندا روبدات (لێدانو دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کچانی منداڵو خەتەنەکردنی کچان)
- هەر کردەوەیەکی توندوتیژی بۆ سەر لاشە یان رەگەز یان دەرونی ژنان کە بەشێوەیەکی گشتی لەنێو کۆمەڵگەدا روبدات (دەستدرێژیو لاقەکردنو بازرگانیکردن بەژنانەوە)
- هەر کردەوەیەکی توندوتیژی بۆ سەر لاشە یان رەگەز یان دەرونی ژنان کەدەوڵەت بیکات یان بکرێتو چاوی لێبپۆشێ.



وەك چۆن کردەوەکانی توندوتیژی دژی ژنان هەموو تاوانکاریو زەوتکردنێکی مافە مرۆییەکانی ژنان دەگرێتەوە لەپێکدادانە چەکداریەکاندا (وەك کوشتنو لاقەکردنو کۆیلەکردنو سکپڕیو منداڵ لەباربردن بەزۆر) هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنو دیاریکردنی رەگەزی منداڵ پێش لەدایکبوونیو زیندە بەچاڵکردنی کچان. هەروەها چەند چینێکی تری ژنان هەیە کەسەر بەکەمایەتی یان دانیشتوانی رەسەنی ناوچەیەکنو چینێکی تر پەنابەرو کۆچبەرو هەژارنو هەندێکی تر لەناوچە دورەکانو لەناو دەزگا ریفۆرمیستییەکانو بەشێکیان زیندانیو بێوەژنو پیرو پەککەوتەن، یان لەناو جەرگەی کێشەو شەڕی چەکداریو داگیرکاری بێگانەدا دەناڵێنن.

هەنوکە ئاماژە بەوەدەکرێت کەتوندوتیژی دژی ژنان بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە نایەکسانو نەگونجاوەی کە بەدرێژایی مێژوو لەنێوان پیاوانو ژناندا هەبووە، دانانی ژنان بەمرۆڤی پلە دوو بەبەراورد بەو پلەو پایەیەی کەپیاوان هەیانە، ئەمانەش بونەتەهۆی جیاکاری بەرامبەر ژنانو پێشێلکردنی مافەکانیان. وەك چۆن ئەم توندوتیژییە شێوەیەکی جیهانی بەخۆوەگرتوەو هیچ کۆمەڵگەیەك نییە تێیدا نەبێت، واتە هیچ پەیوەندی بەسیستەمی سیاسی یان ئابورییەوە نییە، بەڵکو هەموو ئینتیما رۆشنبیریو ئیتنیو تەنانەت سنورەکانی شۆڕشو رەسەنێتی کۆمەڵایەتیو ئینتیمای سیاسی تێدەپەڕێنێت.

بەڵام هەندێ کەس واپاساو بۆ ئەم توندوتیژیە دەهێننەوە کەپەیوستبێت بەدابونەریتو کلتورەوە بەتایبەتی لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا. بەداخەوە ئەگەر توندوتیژی بەهۆکاری رۆشنبیری پاساوی بۆ بهێنرێتەوە، مانای وایە کەهەر بەردەام دەبێتو هەموو شێوەو بیانوویەکی رۆشنبیری بۆ دەهێنرێتەوە، بۆ ئەوەی نەتوانرێت هەرگیز بنەبڕبکرێت. هەژارییو پەرتپەرتبوونو لاوازی پێگەی ژنان لەروی یاساییەوەو تەماشاکردنی ژنان لەچاوی کۆمەڵگەوەو، بارە کۆمەڵایەتیەکەی، چەند هۆکارێکی ترن بۆ بەردەوامبونی ئەم توندوتیژییە.

هەندێك لەکۆمەڵگەکانمان خاوەن خەسڵەتی سەربازینو ئەمەش زەمینەیەکی لەبارە بۆ گەشەکردنو پێگەشتنی توندوتیژی، کەتیایدا هەڵگرتنو بەکارهێنانی چەكو تەقەمەنی بووەتە شتێکی ئاساییو زۆرجار پیاوان ئەم رۆڵە دەبینن، کەئەمەش دەبێتە هۆی بەردەوامی پاشکۆیەتی ژنان بۆ پیاوانو دەسەڵاتگیری پیاوان بەسەریانداو دواجار هەموو شەڕو کێشە خێزانیەکانیش کوشندەو زیانبەخش دەبن بەهۆی زۆری ئەو چەكو تەقەمەنیانەوە

ئەمجارەش بەداخەوە توندوتیژیو ئاژاوەی پیاوان دژی ژنان لەکۆمەڵکە عەرەبیەکاندا بە(کێشەی خێزانی) دادەنرێت، کە لەوانەیە بتوانرێ لەرێگەی نێوەند یان کەسێکی ناسراوی هەردوو خێزان یان لەرێگەی پیاوانی ئاسایشو پۆلیسەوە چارەسەربکرێت. ئەگەر ژنەکەش سکاڵا تۆماربکات، ئەوا

هەر زوو لەناوخۆیاندا چارەیەکی بۆ دەدۆزنەوەو، ناگاتە ئاستی ئەو مەترسییەی کەپێویست بکات دەسەڵاتی دادگا ئاگاداربکرێتەوە.

بەڵام ( سفاح المحارم) * یەکێکە لەو شتە قەدەغەکراوانەی کەناکرێت سکاڵای لەسەر بکرێتو پێویستە بشاردرێتەوەو لێی بێدەنگ بیت، کەدواتر ژنان ئازارەکەی دەچێژنو دەبێتە هۆی چەندین گرفتی خەمۆکیو هەندێ جاریش خۆکوشتنی لێدەکەوێتەوە.

چەندین وڵاتی عەرەبیمان هەیە، بەتایبەتی لەئەفریقا، کەتیایدا خەتەنەکردنی کچانی بڵاوە، ئەمەش بەپاساوی ئەوەی کەسونەتێکی پێغەمبەرەو پاکو خاوێنی ژنان دەپارێزێ. هەرچەندە چەندین بەڵگەی راستو دروستمان لەبەردەستدایە کەئەوە دەسەلمێنێت کەهیچ شتێکی ئاینی لەو بارەیەوە بوونی نییە، تەنها بۆ خەفەکردنو چەپاندنی چالاکی سێکسیانەی ژنان داهێنراوە.

تا ئێستاش زۆرن ئەو تاوانو هەڵانەی کە بەناوی شەرەفو هەڵچونی سۆزداریەوە لەکۆمەڵگەکەماندا دەکرێتو ساڵانە چەندین ژن دەبنە قوربانیو لەوەش خراپتر ئەو کەسو تاوانبارانەی بەمجۆرە کارانە هەڵدەستن، سزایەکی سوکیان بۆ دیاریدەکرێت، بەراورد لەگەڵ ئەو سزایەی کەئەگەر هەر ژنێك تاوانێکی لەو شێوەیە بکات. بەڵام لەروی لاقەکردنو کاری سێکسی بەزۆر کە لەشوێنی کارکردنی ژناندا رودەدات، ئەوا ژنان بەپلەی یەك لەترسی ئابرۆچونو، بەپلەی دوەم بۆ ئەوەی لەکارەکانیان دەرنەکرێن ئەو شتانە دەشارنەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو ژنانە پێویستییەکی زۆریان بەکارکردن هەبێ لەبەر بارودۆخی سەختی ئابوریو لەترسی ئەوەی کەجارێکیتر شوێنی کارکردنیان دەست نەکەوێ.

وەك چۆن لەزۆربەی کۆمەڵگەکەمانداو لەبەرئەوەی ژنان پاشکۆی پیاوانو ناتوانن خۆیان چارەنوسی خۆیان دیارییبکەن، بەتایبەتیش لەروی تەندروستیو منداڵبونەوە، کەژنان رقیان لەدیاریکردن یان نەهێشتنی منداڵبون دەبێتەوە، ئەمەش بەچاوپۆشین لەتەمەنو باری تەندروستیو بژێوی ئابوریی خێزانو ژمارەی منداڵەکانی.

هەروەها تا ئێستاش لەزۆربەی یاساو رێساکانی وڵاتدا، ژنان ناچارن کە لەرووی ئابورییەوە پشت بەپیاوان ببەستنو ئەمەش بووەتە هۆی دابەزینی ئاستی ئابورییو کۆمەڵایەتی ژنانو دواجار دابەزینی ئاستی ژنان لەرووی یاساییەوە .

ئاشکرایە کەهەمومان وڵاتی تازە پێگەشتوینو زۆربەمان پەنادەبەینەبەر (سیاسەتی گونجانی پەیکەربەندی ئابوریی) کەبانکی نێودەوڵەتیو سندوقی دراوی نێودەوڵەتیو رێکخراوی بازرگانی

* بەو کەسە دەوترێت کەکەسێکی مەحرەمی خۆی بکوژێت یان ئەتکی بکات.



جیهانی بەسەر وڵاتە ئەندامەکانیدا دەسەپێنن لەروی ئازادبوونی بازرگانیو دابەزینی داهاتی دەوڵەتو تایبەتکردنو خواستی زۆر لەسەر کەرەستە بنچینەییەکان، کەدەبێتە هۆی جێبەجێکردنی کۆی ئەو سیاسەتانە لەلایەن ئەو وڵاتانەوە بەبێ ئەوەی کاریگەریەکەی لەسەر ژنان بزانرێت. هەروەها لەبەرئەوەی کۆمەڵگەکانی خۆمان لەقۆناغی گەشەو پێگەیشتنی ئابوریدان، دەبینین کەزۆربەی ئەو پرۆژانەی وەك دروستکرنی پردو رێگەو وشککردنی روبارەکانو پرۆژەی تری ژێرخانی ئابوری ئەنجامدەدرێن، کەکاریگەری خراپی لەسەر ژنان هەیە بۆ گواستنەوەو راگواستنو دوبارە نیشتەجێکردن کەهەمویان دەبنە هۆی هەژارییو بێکاری زیاتر لەناو ژنو مێردەکاندا.

لەوڵاتانی خۆمانو بەهۆی داگیرکاری بێگانەوە، یان نەبونی ئاسایشو ئارامی ژنان بەدەست ئەو توندوتیژیانەوە وەك بەکارهێنانی چەکی کیمیاویو کاریگەری خراپو ترسناکەکانی ئەو چەکانە لەسەر توانای منالبون، تێکچونی شێوەی منداڵ، دەناڵێنن. وەك چۆن ژنان بەهۆی داگیرکردنو جەنگی ناوخۆییو مەترسی رفاندنو دەستدرێژی سێکسیو کوشتنو بێوەژنبونو کوڕ کوژرانیانەوە دەناڵێنن، کەهەموی دەبێتە هۆی بەرپرسیار بوونی ژنان لەخێزانەکانیانو لەوەش خراپتر ئەگەر ژنەکە ئاستی خوێندەواری کەم بێت، یان هەر خوێندەواری نەبێتو ئیتر دواجار دۆزینەوەی کارو دابینکردنی بژێوی خێزان دەبێتە ئەرکێکی قورسو سەخت لەسەرشانی ژنان.

تائێرە پوختەیەکی ئەو شێوازانەی توندوتیژی بوو کەدوچاری ژنانی کۆمەڵگە عەرەبیەکان دەبنەوە، بەداخەوە تا ئێستاش بەردەوامی هەیەو زیاتریش دەبێ بەهۆی باری کەسێتی ژنانو ئەو کۆمەڵگەو بارودۆخە نێودەوڵەتییەی بەشێوەیەکی گشتی ژنان تێیدا دەژین ئێستاکە پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن زامنی ئاسایشی تایبەتی ژنان بکەینو سنورێك بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لەدژی دابنێین؟!

## یەکەم: توندوتیژی لەماڵەوە:

بێگومان تاهەنوکە دەوڵەت گرنگی بەو توندوتیژییە نادات کە لەخێزاندا روودەدات، چونکە بەکێشەیەکی خێزانی ناودەبات، نەك کێشەیەکی ترسناك بۆ مافی مرۆڤ . لێرەشدا پێویستە:

أ. دەرکردنی چەند یاساو رێسایەك کەتوندوتیژی خێزان بەتاوان بزانێتو پلانی ماوە کورتو ماوەدرێژ دابنێتو جێبەجێ بکرێت.

ب. دابینکردنی بنکەو بەرنامەی خزمەتگوزاری بۆ قوربانیانی توندوتیژی خێزانی وەك بنکەی پەنادان (داڵدەدان)و بنکەی تەندروستیو کۆمەڵایەتی هێڵی راستەوخۆ بۆ فریاکەوتنی خێرا.

ج. هەمواركردنو راستكردنەوەی ئەو بەندە یاساییانەی كەپەیڕەو دەكرێنو ئەمشێوە توندوتیژییە تاوانبارناكەن.

د. راهێنانی پزیشكانو پیاوانی ئاسایشو ئەندامانی بواری یاساییو هۆشیاركردنەوەیان لەمەترسی ئەو توندوتیژیەو مامەڵەكردن لەگەڵیدا وەك كێشەیەكی مەترسیدار.

هـ. ئەنجامدانی هەڵمەتی جۆراوجۆر بۆ هۆشیاركردنەوەی گشت كۆمەڵگە لەڕێگەی هۆكارەكانی پەیوەندیو كۆڕو كۆبونەوەو لێكچەرەكانەوە.

و. دروستكردنی ڕاوێژكاری تایبەت بەخێزان، بۆ ئەوەی ژنان شەرم نەكەن لەسكاڵاكردن لەجۆری ئەو توندوتیژیەی كەلەماڵەوە دژیان ئەنجام دەدرێت.

ز. هاندانی كۆمەڵەو رێكخراوەكانی ژنانو رێكخراوە كۆمەڵایەتییەكانی دیكە بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەم دیاردەیەو هاوكاری قوربانیانو هۆشیاركردنەوەی ژنان لەمافەكانیان .

ح. راوێژكردن لەگەڵ توێژەرانی كۆمەڵایەتیو ئەكادیمیو هەڵسوڕاوانی بواری مافی مرۆڤ بۆ رێگەگرتن لەرودانی توندوتیژیو لێكۆڵینەوەو دادگایكردنی ئەنجامدەرانیو راهێنانەوەی ژنانی قوربانی كەهێشتا لەژیاندا ماون.

گ. بەشداری پێكردنی ژنان لەدانانی یاساو بڕیار دەركردندا، بەتایبەتی لەبارەی كێشەكانی خۆیانەوە.

ی. بەرەنگاربونەوەی دابونەریتە باوو سواوەكانی ناو كۆمەڵگەو ئەو هەڵوێستو لایەنگیریانەی كەدژ بەژنان دەكرێت، ئەمەش لەرێگەی پرۆگرامەكانی پەروەردەو فێركردنەوەو، بەكارهێنانی سەرجەم هۆكارە نوێیەكانی پەیوەندیكردن بۆ ئەو مەبەستە.

ن. دادپەروەری لەدیاریكردنی سزا یاساییەكاندا بۆ تاوانە هاوشێوەكان لەكاتی خۆیاندا.

## دووةم: نةهَيشتنى توندو تيذي لةضوارضيَوةى كؤمةلَطةدا:

أ. توێژینەوەو لێكۆڵینەوەلەسەر ئەو كاریگەریانەی كەدانانی یاساو بڕیارەكان لەسەر ژنان بەجێی دەهێڵن.

ب. هاندانی ژنان بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو لاقەكردنە سێكسییانەی كە لەشوێنی كاردا روبەڕویان دەبێتەوە، لەگەڵ گوێگرتنو باوەڕكردن بەسكاڵاو داواكانیانو پاراستنیان لەهەر كاریگەریو كاردانەوەیەكی خراپ كەتوشیان دەبێت.

ج. دەركردنی یاساو رێسای تایبەت بۆ تاوانباركردنی ئەو كەسانەی كەبەو جۆرە تاوانانە هەڵدەستن لەكۆمەڵگەداو دادگایكردنی تاوانبارەكان بەبێگوێدانە پلەو پایەو دەسەڵاتیان لەكۆمەڵگەدا.



د. دڵنیاكردنو گرەنتی دان بەژنان بۆ بەردەوامی لەكارەكانیانو هەژارنەبونیان لەرێگەی یەكسان بوونیانەوە بەپیاوان، لەروی بەهرەمەندبونیان لەمافەكانیان وەك پیاوان بۆ ئەوەی توانای بەرەنگاری و روبەڕوبونەوەیان هەبێت دژی توندوتیژیو ئەو تاوانانەی كەبەرامبەریان دەكرێت.

ر. توێژینەوەو ئەنجامدانی لێكۆڵینەوە لەهەموو یاساو رێساكان كەراستەوخۆ پەیوەندییان بەژنانەوە هەیە، چونكە لەوانەیە هەندێكیان كاریگەری خراپیان لەسەر ژنان هەبێ بەتایبەتی مافە كۆمەڵایەتیو ئابوریەكانیان.

ز. هەروەها لەبارەی گونجانی پەیكەربەندی ئابورییەوە پێویستە هەموو رێكخراوە نێودەوڵەتییەكانو وڵاتە كۆمەكبەخشەكان كەسیاسەتێك بەسەر وڵاتە تازە پێگەشتووەكاندا دەسەپێنن لێی بكۆڵنەوە، بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتانە نەبێتە هۆی جیاكاریكردن دژی ژنانو زیاتربونی لاوازییو هەژاربونیانو دواتر بەردەوامیدان بەتوندوتیژی.

و. یەكسانكردنی ژنانو پیاوان لەروی بەشداربوونیان لەدەركردنی بڕیارە سیاسییەكاندا.

ح. كۆمەڵگەی مەدەنی لەرێكخراوە ناحكومییەكانو پیاوانی ئاینیو دەسەڵاتە تەقلیدیو ئەستێرەكانی بواری وەرزشو هونەرو ئەكادیمیەكان بانگهێشتبكرێن، بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی هەر توندوتیژییەك كەبەرامبەر بەژنان ئەنجامدەرێت.

لەكوتایدا نوسەری ئەم چەند دێڕە لەم باسەدا، دەیەوێ جەخت لەسەر دوو خاڵی گرنگ بكاتەوە:

یەكەم: دابینكردنی رێوشوێنی چالاكو یەكسانو دادپەروەرانە بۆ قوربانییەكانو دڵنیابون لەهاوكاریكردنیان بەتایبەتی لەبواری تەندروستیدا.

دووەم: جەختكردنەوە لەسەر ئەوەی كەنابێت ئەو كەسانەی تاوانو پێشێلكارییان كردوە بەئاسانی هەڵبێنو دەربازببن.

## كؤتايي:

نەهێشتنی توندوتیژی دژ بەژنان رێگەیەكی درێژو سەختە، هەرەمەكانی دەسەڵات لەكۆمەڵگەدا كەدرێژە بەتوندوتیژی دژی ژنان دەدەن بەتینو بەهێزن، بۆیە پێویستە لەهەموو دەرگاكان بدەینو كۆی شێوازەكان بەكاربهێنین، تەنانەت لەیارمەتی وەرگرتنیشدا لەپیاوان. نەك وابزانین كەپیاوان تەنها تاوانبارنو ژنانیش قوربانی، چونكە لەوانەیە بۆچونو كردەوەو هەڵوێستەكانیان هیچ پەیوەندی بەو كێشانەوە نەبێت. لەبەرئەوە پێویستە بەكاریان بهێنین لەخەباتەكەماندا دژی توندوتیژی بەرامبەر ژنان. نەك دوژمنایەتی كردنی پیاوانو دوبارە درێژكردنەوەی توندوتیژیەكە. لەكوتایشدا پێویستە هەمومان ئەوە بزانین كەهەرگیز بەبێ یەكسانبوونی ژنانو پیاوان ناتوانین

تەواو یەكگرتو بین، بەڵكو پێویستە دڵخۆش بین بەبەدەستهێنانی هەموو ماف و ئازادیەكانمان بەشێوەیەكی یەكسانو دادپەروەرانە.

# مافی یەكسانی ژنان لەبەرامبەر یاساكانی وڵاتانی كەنداودا لێكۆڵینەوەیەكی شیكاری بەراودكارانە

**دكتۆر: بەدریە عەبدوڵڵا ئەلعوەزی**

## ثێشەكییەكی طشتی:

سندوقی نەتەوەیەكگرتوەكان بۆ گەشەپێدانی ژنان، لەراپۆرتێكیدا بەناوی (پێشكەوتنی ژنانی عەرەب) لەساڵی 2004 روونیدەكاتەوە كەگۆڕانكاری لەبارودۆخی ژناندا زۆرجار بەهۆی گۆڕانكاریو چاكسازی لەیاساكاندا بەدیدەهێنرێت، كە لەو یاسایانەدا هەندێكیان تایبەت كراون بەژنان، ئەمەش بوەتەهۆی سنوردانان لەو یاساو فەرمانانەدا كەپێشێلی یەكسانی دەكەن لەهەندێ لەمافە بنەڕەتییەكانی ژناندا، وەك ئەو یاسایانەی كەچاكسازیان تێدادەكرێت لەروی مافی ژنانەوە لەكوتایی پێهێنانی پەیوەندی ژنو مێردایەتیدا بەویستی تاكلایەنەی یەكێكیان. مافی ژنان لەروی پێدانی رەگەزنامەكانیان بەمنداڵەكانیان، مافی دەستكەوتنی قەرزی وەبەرهێنانو خانوبەرەو ئەوانیتر لەمافە یاساییەكان كەتایبەتن بەمافی كاركردنی ژنان لەكەرتە حكومیو تایبەتییەكاندا، هەروەها مافی ژنان لەپەیوەندییەكانی ناو خێزاندا.

ئەم ئاڕاستەی چاكسازیكردنە لەبارودۆخی ژناندا، لەسەرەتای نەوەدەكانەوە لەزۆربەی وڵاتانی كەنداوی عەرەبیدا دەستیپێكردوەو میكانیزمێك بۆ پشتیوانیكردن لەپرەنسیپی یاسای یەكسانی ژنانو سنوردانان بۆ پێشێلكاری مافە مرۆییو كۆمەڵایەتییەكانی ژنانو، هەندێكیتر لەمافە بنەڕەتییەكانی مرۆڤ لەهەموو لایەنە حكومییەكان لەوڵاتدا دانراوە، چونكە ئەو چاكسازیو گۆڕانكاریانە لەیاساكاندا رۆڵێكی كاریگەریان هەیە لەبوارە سیاسیو خێزانییەكانو پەیوەندییەكانی كاركردنو هەندێكیتر لەگەشەپێدانو ئەكتیڤكردنی مافەكانی ژنان لەرووی یەكسانییەوە لەبەرامبەر یاسادا، كەئەمەش رێگەی خۆشكردوە بۆ ژنانو مافی ئەوەی پێداون كەپەنا بەرنە بەر دادگا، ئەگەر بێتو دەسەڵاتی یاسادانان یان كۆمەڵگە مافی تەواوی یاسایی خۆیان، یان ئەوانەی كە لەدەستورو یاسا نەتەوەییەكاندا هاتون، پێی نەدان. هاوكات لەگەڵ بوونی مافی یەكسان بوونیان لەبەرامبەر ئەو یاسایانەی كە لەپەیماننامەو رێكەوتننامەكاندا لەلایەن وڵاتەكەیانەوە پەسەندكراوە.



ئەم باسەی بەردەستمان تەرخانكراوە بۆ بابەتی مافی ژنانو یەكسانییان لەبەرامبەر یاسادا لەوڵاتانی كەنداوی عەرەبیدا، ئەوەش لەرێگەی پیشاندانو دەرخستنی ئەو بەندە یاساییانەی كەئەم مافانەی لەنێو دەستورو یاسا نەتەوەییەكاندا هاتوون، ئەمانەش پەیوەندییەكی راستەوخۆیان بەمافی ژنانەوە هەیە لەهەریەك لەوڵاتانی كوەیت، میرنشینی بەحرەین، سەڵتەنەتی عەممان، وڵاتی قەتەر، عەرەبستانی سعودیەو وڵاتی ئیماراتی عەرەبی یەكگرتو، چونكە هەریەك لەم وڵاتانە یاسای نوێ–یان دەركردوە كەهاوكارە لەچەسپاندنی پرەنسیپی یەكسانی لەمافە سەرەكییەكانی ژناندا.

یان لەرێگەی دانانو چاكسازیكردن لەهەندێ لەیاسا نەتەوەییەكاندا، بۆ ئەوەی كەژنانی كەنداو بەهەمان شێوەی پیاوان لەمافی هاوڵاتیبوون بەهرەمەندبن، ئەو بەربەستە یاساییو كارگێڕییو كۆمەڵایەتیانە رونبكرێنەوە، كەتا ئێستاش رێگە لەبەردەم پراكتیزەكردنی ژنان بۆ مافە یاساییەكانییان دەگرێت، چونكە ئەو مافانەش پێكهاتەی هەموو مافە سەرەكییەكانی مرۆڤن .

شایانی ئاماژەیە راپۆرتی یەكەمی (گەشەپێدانی مرۆیی) لە 2002دا رونیدەكاتەوە كەكەم توانایی ژنانی عەرەب لەبونیاتنانی توانا مرۆییەكانیاندا هاوتای پیاوان، بووە بەهۆی دروستكردنی یەكێك لەسێ كەموكورتییە بنەڕەتییەكە كە لەپلەوپایەی ژنان كەمدەكاتەوەو رێگرە لەگەشەكردنی مرۆڤایەتی لەنیشتمانی عەرەبدا، كەهاوكاتە لەگەڵ نائامادەیی ئازادییەكانو فەرمانڕەوایەتییەكی دادپەروەرانەو مافی فێربون بۆ ژنان.

هەروەها لەبەندەكانی داهاتودا باس لەو پێشكەوتنە پۆزەتیڤانەش دەكەین، كەوا هەندێ لەوڵاتانی كەنداوی عەرەبی گرتویانەتەبەر، واتە هەر لەدیاریكردنی چارەنوسی ژنانەوە لەمەڕ یەكسانی، تاوەكو دیاریكردنی ئەو بەربەستانەی كەتا هەنوكە رێگە لەپراكتیزەكردنی مافە بنەڕەتییەكانی ژنان دەگرن كە لەهەندێ لەبوارەكاندا بەدەستیانهێناوە.

بەڵام بۆ زانینی هەڵوێستی وڵاتانی كەنداوی عەرەبی سەبارەت بەپرەنسیپی یەكسانبونی ژنان لەهەموو مافە سەرەكییەكانیان لەگەڵ پیاواندا، لەبەرامبەر یاسادا، پێویستە كەچەمكی جیاكاری دژ بەژنان رونبكەینەوە. هەروەك لەماددەی یەكەمی رێكەوتننامەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی گشت شێوەكانی جیاكاری دژ بەژناندا هاتوەو، لەلایەن ئەو وڵاتانەشەوە پەسەندو مۆر كراوە، بەمانای ئەوەی كەچەمكێكی گشتگیرو رێگردەبێت لەدژی ئەو جیاكارییە، پێویستی بەپابەندبون هەیە، بۆ ئەوەی یەكسانی لەبەرامبەر یاسادا بۆ هەموان بەدیبهێنرێت .

## ثێناسەو دیاریكردن:

مەبەست لەجیاكاری دژ بە ژنان، واتە هەر جیاوازییەك، یان دورخستنەوەیەك، یان بەستنەوەیەك بەهۆی رەگەزەوە بكرێتو كاریگەریو مەبەستی تایبەتی لەپشتەوە هەبێت، ئەو مەبەستانەش بۆ لاوازكردن یان دانپێدانەنانی ژنان لەمەڕ مافەكانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەكانیانەوە بێت لەناو بوارە سەرەكییەكانی ئابورییو كۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو مەدەنی، یان هەر بوارێكی تردا بێت، یان لاوازكردنو رێگەگرتن بێت لەچێژوەرگرتنی ژنان لەو مافانەوە، یان پراكتیزەكردنی مافەكانیان بێت، ئەمەش سەرەڕای رەچاوكردنی بارودۆخی ژنان لەسەر بنەمای یەكسانی لەنێوان هەردوو رەگەزەكەدا.[1]

بەپێی ئەم پێناسە نێودەوڵەتییە بێت جیاكاری دژ بە ژنان لەبەرامبەر یاسادا دروستدەبێت ئەگەر بێتو دان بەمافە بنەڕەتییە مرۆییەكانی ژناندا نەنرێت لەناو ئەو وڵاتانەدا لەروی تیۆرییەوە، ئەمەش نەبوونی ئەو مافانەیە لەناو دەستوری نیشتمانی یان یاساكانی تردا كەپەیوەندییان بەمافەكانی ژنانەوە هەیە، یان ئەو یاسایانەی كەتایبەتن بەپەیوەندییەكانی خێزانەوە، ئەمەش سەرەڕای جیاكاری دژ بەژنان لەمەڕ پراكتیزەكردنی ئەو مافانە كەئەگەر بەهۆی رێوشوێنە یاساییەكانەوە، یان بڕیارە كارگێڕییەكانەوە، یان بەپشتبەستن بەدابونەریتە دواكەوتوەكانی كۆمەڵگە، كەئەمانەش هەندێكجار جێگەی یاسا نەنوسراوەكان دەگرنەوەو دواتر دەبنە هۆی دروستبوونی جیاكاری دژ بەژنان لەكۆمەڵگەكانی كەنداودا.

هەروەها لەلایەكیترەوە ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچونەدا یەكدەگرینەوە كەوایدەبینێت جیاكاری دژ بەژنان تەنها لەناو یاسا دانراوەكان، یان بڕیارە كارگێڕییەكاندا نییە، كەرێگری دەخەنە بەردەم یەكسانبوونی هەردوو رەگەزەكە لەبەرامبەر یاسادا، بەڵكو پەیوەستیشە بەبیركردنەوەو رەزامەندی كۆمەڵگە لەسەر پێشكەوتنی ژنانو یەكسانبوونیان لەهەموو مافەكانیاندا. بێگومان هۆكارە ئابورییو كۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەكانیش بەشدارن لەپرۆسەی جیاكاری دژ بە ژنان، ئەمانەش هاوكات لەگەڵ نەبوونی میكانیزمی یاساییو جێبەجێكارەكان كەرێگری دەكەن لەپرۆسەی جیاكاری دژ بەژنانی كەنداو، لەگەیشتن بەمافە سیاسیو كۆمەڵایەتیو خێزانییەكان، كەهەموو ئەمانەش دەبنەهۆی دروستبونو پێكهێنانی بەربەستێكی سەرەكی لەبەردەم یەكسانبوونی ژنان لەیاساكاندا، وەك ئەوەی كەئێستا لەم وڵاتانەدا دەیبینین.

## یەكەم: یەكسانی لەمافە سیاسییەكاندا:

[1]– مادەی یەكەمی رێكەوتننامەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی گشت شێوەكانی جیاكاری دژی ژنان لەساڵی 1979.



تێبینی دەكرێت كەمافی ژنان لەیەكسانی لەبەرامبەر یاسادا لەوڵاتانی كەنداو ئەگەرچی لەهەندێك لەبوارەكاندا بەدیهاتووە، وەك پەسەندكردنی مافەكانی ژنان لەیەكسانییان لەگەڵ پیاواندا بۆ كاركردنو وەرگرتنی هەمان كرێ بەرامبەر هەمان كار، هەروەها مافی یەكسان لەبواری خوێندن بەهەموو قوناغەكانییەوە، مافی یەكسان لەدابینكردنی كۆمەڵایەتی، كەچی نەگەیشتوەتە ئاستو پێوەرە خواستراوەكانی پەیماننامە نێودەوڵەتییەكانی تایبەت بەژنان لەیەكسانییان لەبەردەم یاساو جیاكاری نەكردن دەرهەقییان لەمافە ئابورییەكاندا لەسەر بنەمای یەكسان لەگەڵ پیاواندا لەوەرگرتنی قەرز لەبانكەكانو بارمتەری خانوبەرەو جۆرەكانی تری (زامن)ی داراییو سەرباری پێدانی ئەو مافەی كەبتوانێت رەگەزنامەكەی ببەخشێتە منداڵەكانی لەحاڵەتێكدا ئەگەر هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێكی بیانیدا كردبوو، هەروەها دەستەبەركردنی یەكسانی لەسەرجەم مەسەلەكانی پەیوەست بەهاوسەرگیریو پەیوەندییە خێزانییەكان.

لەم بەندانەی خوارەوەدا بەتێروتەسەلی تیشكدەخەینە سەر هەڵوێستی یاسادانەرو دەسەڵاتی جێبەجێكردن لەوڵاتانی كەنداو لەمافی یەكسانی لەبەردەم یاساو لەچەندین بواری جیاجیادا، لەگرنگترینیان یەكسانی لەمافە سیاسییەكانو راهێنانو ئامادەكردنییان بۆ بەهرەمەندبونیان لەم مافانە بەشێوەیەكی یەكسان لەگەڵ پیاواندا.

## 1. یەكسانی لەمافە دەستورییەكاندا:

بێگومان لەوڵاتانی كەنداودا، دانپێدانانی مافە یەكسانەكانی ژنان لەمافە سەرەكییەكانی مرۆڤن، وەك پرەنسیپێكی جێگیرو نەگۆڕ لەناو دەستوری نیشتمانیدا هاتوە، ئەمەش بەمەبەستی قەدەغەكردنو نەهێشتنی هەر جیاكاریكردنێك دژ بەژنان، لەسەر بنەمای دەستور یان سیستەمی سەرەكی دەوڵەت، وەك چۆن جیاكاریكردن لەسیستەمی سیاسی لەسەڵتەنەتی عەممانو عەرەبستانی سعودیەدا هاتووە كەئەو شێوەو میكانیزمانەی كەتایبەتن بەبارودۆخو چوارچێوەی گشتی مافو ئازادییە گشتییەكانی هاوڵاتیان بەژنان و پیاوانەوە لەدەوڵەتدا، جگەلەمەش هەموو پرەنسیپە دەستورییەكان زامنی سەرەكین بۆ پێشێلنەكردنی مافو ئازادییە گشتییەكان، هەر لەفەرمانڕەواوە تاژێر دەستەو هاوڵاتیان بەشێوەیەكی یەكسان لەژێر سایەی دەوڵەتی یاسادا. لەبەرئەوەش هەموو دەستورو سیستەمە بنەڕەتییەكانی یاسادانانە نیشتمانییەكان لەوڵاتانی كەنداودا دانراوە بۆ ئەوەی مافی یەكسانی نێوان ژنانو پیاوان بەدیبهێنرێت، هاوڵاتیان بتوانن لەمافە سیاسییەكانی خۆیان بەهرەمەندبن، وەك مافی مرۆڤ و بەشداری ژنان لەكایەكانی ژیانی گشتی وڵاتدا، ئەمەش بەجێبەجێكردنو پابەندبونی وڵاتەكان دەبێت بۆ هەموو رێكەوتنە نێودەوڵەتییەكان، كە لەمەڕ مافەكانی مرۆڤەوە مۆركراون، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستی وڵاتانی

کەنداو، جیاوازو لەیەکنەچووە سەبارەت بەپراکتیزەی مافە سیاسییەکانی ژنان، کەئەوانیش هاوڵاتین‌و پێویستە لەماف‌و ئازادییە گشتییەکانی وەك ئەوەی کە لەدەستور یان لەسیستمی سەرەکی دەوڵەتدا هاتووە، بەهرەمەندبن.

هەر لێرەوەو لەبەندەکانی داهاتودا ئەزمونی وڵاتانی کەنداو روندەکەینەوە، لەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مافەکانی ژناندا لەروی پراکتیزەکردنی مافە سیاسییەکانی خۆیان وەکئەوەی لەدەستورەکەدا سەلمێنراوە، ئایا تاچەند ئەو وڵاتانە توانیویانە مافی سیاسی ژنان ئەکتیڤتربکەن لەو کۆمەڵگایانەدا کەیاسا نەنوسراوەکان فەرمانڕەوایەتی دەکەن؟.. و بریتین لەدابونەریتانەی کەپرەنسیپی بەشداری ژنان لەکاروباری سیاسیدا رەتدەکەنەوە، ئەمەش بەپشتبەستن بەبیروباوەڕی کۆمەڵایەتی‌وئاینییەکان‌و هەندێکیتر لەو پاساوانەی کەدەهێنرێنەوە بۆ ئەم مەبەستانە، لەبەرئەوە پێویستە لەهەندێ لەئەزمونە سیاسییە هاوچەرخەکانی ئەو وڵاتانە رابمێنین لەم ناوچانەدا.[2]

### أ) ئەزموني ولآتی کوةيت:

لەئەزمونی وڵاتی کوەیتەوە بۆمان دەردەکەوێت، کەوا ژنان لەپراکتیزەکردنی مافە دەستورییەکانی خۆیان لەیەکسانبونیان لەبەرامبەر یاسادا بێبەشکراون، بەتایبەت لەمەڕ مافی سیاسییەوە بۆ زیاتر لەچارەکە سەدەیەك دەبێت، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەدەغەکردن‌و رێگرییەی کەوا لەیاسای هەڵبژاردنەکانی وڵاتی کوەیتەوە لەساڵی 1992دا دانراوە، هاوکات لەگەڵ رێگەگرتنی دەسەڵاتی یاسادانان‌و دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بۆمافی سیاسی ژنان کەپێشتر لەدەستوردا هاتوەو دەبێتەهۆی رێگری‌و بەربەستدانان لەبەردەم چالاکبوون‌و پراکتیزەکردنی ئەو مافە بنەڕەتیانەی نێو مافەکانی مرۆڤ.[3]

---

[2] – دانپێدانان بەمافی یەکسانی لەنێوان هاوڵاتیاندا بەپیاوان‌و ژنانەوە، سەیری ( پێشەکی دەستوری کوەیتی‌و هەردوو ماددەی ( 7، 29 ) بکە. هەروەها ماددەی ( 14) لەدەستوری دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەککگرتو بۆ ساڵی 2004،و ماددەی (18) لەدەستوری میرنشینی بەحرەین بۆ ساڵی 2002،و ماددەی هەشتەم لەسیستمی سەرەکی فەرمانڕەوایی لەعەرەبستانی سعودیە بۆ ساڵی 1992و ماددەی (17) لەسیستمی سەرەکی سەڵتەنەتی عەممان بۆ ساڵی 1996، هەردو ماددەی (34، 42) لەدەستوری دەوڵەتی قەتەر بۆ ساڵی 2003 .

[3] – ئەنجومەنی گەلی کوەیتی لەدانیشتنی 16ی مایۆی 2005دا، بڕیاری چاککردنی ماددەی یەکەمیدا، لەیاساکانی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی گەل بۆ ساڵی 1962 ، کە بەپێی ئەم چاکسازییە رێگەدرا بەژنانی کوەیتی بۆ ئەکتیڤکردنی مافەکانیان لەمەڕ یەکسانی لەپراکتیزە کردنی مافی سیاسیدا.



جێی ئاماژەیە کەماددەی ( 29) لەدەستوری دەوڵەتی کوەیت ساڵی 1962 جەخت لەسەر یەکسانی نێوان خەڵکی لەرێزگرتنی مرۆڤدا دەکاتەوەو، یاساش هەیە بۆ هەموو ماف‌و ئەرکەکان بەبێجیاوازیکردن لەنێوان خەڵکیدا بەهۆی رەگەزەوە.

هەروەها لەمەڕ پرەنسیپە پەیوەندیدارەکان بەیەکسانی لەمافە سیاسییەکاندا، ئەم بڕیارە خرایە نێو یاسای ژمارە (35) ساڵی1962 کەدواتر چاکسازی لەکاروباری هەڵبژاردندا کرا بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی گەل بەمەبەستی رێکخستنی چۆنیەتی پراکتیزەکردنی ئەم مافە دەستورییانە، چونکە ئەمە میکانیزمێکی یاسادانانە، لەنێوان هەموو وڵاتاندا ناسراوە، بەڵام ماددەی یەکەم کەپێشتر باسکرا ژنان بێبەشدەکات لەهەموو مافێکی دەستوری کاتێك دەڵێت: "بۆ هەموو کوەیتییەکی نێر کەتەمەنی لەسەرو بیست‌و یەك ساڵەوە بێت، مافی تەواوی هەڵبژاردنی هەیە). بۆ جیاکاری دژ بەژنان دەزگای جێبەجێکردن هەموو دەنگدەرانی لەچەند خشتەیەکدا رێکخستوە بەبێ بەشداری ژنان، ئەمەش بەبیانوی ئەوەی کەوا یاساکانی هەڵبژاردن ئەم مافەی تەنها بۆ پیاوان داناوە بەبێ بەشداری ژنان.

سەرباری ئەمەش، دادگای کارگێڕی یان دەستوریی نەیتوانیوە بەها بۆ مافە سیاسییەکانی ژنان لەبەردەم یاسادا بگەڕێنێتەوە، چونکە مادەی چوار لەیاسای دامەزراندنی دەزگای دەستوری ساڵی 1973 ئەو لایەنانەی دیاریکردوە کەمافی بەرزکردنەوەی سکاڵایان لەدادگای دەستوریدا هەیە، بە: (أ) ئەنجومەنی گەل یان ئەنجومەنی وەزیران (ب) دادگاکان لەلایەن خۆیانەوە یان لەسەر بنەمای پاڵنەرێکی شێلگیرانە کە لەلایەن یەکێك لەلایەنەکانی ململانێکەوە پێشکەشدەکرێت.

بەپێی مادەی پێشوو لەیاسادا ژنانی کوەیتی بواریان نییە کەراستەوخۆ پەنابەرنە بەر دادگای دەستوری بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەقێکی نادەستوری لەیاسای هەڵبژاردندا، لەبەرئەوەی یاسای بەرکار رێگرە لەبەردەم ئەم رێوشوێنەدا. لەبەرئەمەش دادگای دەستوری گشت ئەو سکاڵانەی رەتکردوەتەوە کەژنانی کوەیتی سەبارەت بەنادەستوری بوونی مادەی یەك لەیاسای هەڵبژاردن ئاراستەیان کردووە، بەپشتبەستن بەیاسا بەکارهێنراوەکانی دەوڵەت یان لەمیانەی دەستگرتن بەرێوشوێنە رواڵەتییە پێویستەکان بۆ سکاڵاکان لەبەردەم دادگای دەستوریدا یان لەبەر هەر هۆکارێکیتر کەپشت بەیاسا نیشتمانتییەکان دەبەستێت‌و لەئاکامدا دەبێتەمایەی بێبەشکردنی ژنان لەمومارەسەکردنی مافەکانیان لەیەکسانی لەبەردەم یاسادا.

لەبەرامبەر ئەم هەلومەرجە دەستورییەدا، حکومەت پێداگری ژنانی کوەیت‌و گۆڕانکارییە خێراکانی بواری بەشداری سیاسیانەی ژنان لەزۆربەی وڵاتانی کەنداودا هیچ شتێکی لەبەردەستدا نەمایەوە جگەلەوەی پرۆژەیاسایەك بۆ هەڵگرتنی ستەمی یاسایی لەسەر ژنانی کوەیت لەمیانەی

هەمواركردنی مادەی یەك لەیاسای هەڵبژاردنی كوەیتی ساڵی 1962، بەرزبكاتەوە، سەرەڕای نارەزایی ژمارەیەك لەپەلەمانتارانی نەیاری مافە سیاسییەكانی ژنان، ئەنجومەنی نەتەوەیی كوەیتی لەبەرواری 16ی مایۆی 2005 بەرازیبونی زۆرینەی ئەندامەكانی كەژمارەیان 65 ئەندامە (34 دەنگ بەرامبەر 23 نوێنەرو دەنگنەدانی سەرۆكی ئەنجومەن) ڕەزامەندی لەسەر هەمواركردنی مادەی یەك لەیاسای هەڵبژاردنی كوەیتی ساڵی 1962 دەربڕی، بەمەش ژنانی كوەیت بواریان بۆ رەخسا مافی یەكسان لەبەردەم یاسادا چالاكبكەن‌و ئەمەش لەمیانەی سەلماندنی مافی دەستوریی لەیەكسانی لەگەڵ پیاو لەماف‌و ئەركەكاندا بەگوێرەی مادەی (29) لەدەستوری كوەیت.

ئەزمونی كوەیتی ئەوەمان بۆ روندەكاتەوە كەسەلماندنی مافی ژنان لەیەكسانی لەبەردەم یاسادا لەدەستوری نیشتمانیدا، ئەگەرچی گرەنتی یاسایی مافەكانی ژنانە، بەڵام ئەوەندە هەیە نابێتە رێگر لەبەردەم پەیوەستكردن یان هەڵوەشاندنەوەی ئەم مافە بەتەواوەتی یان بەوەی مافێكی رواڵەتییە، مادام دەستور یاسای نیشتمانی سەرپشك كردوە بۆ چۆنێتی رێكخستنی ئەم مافە كەدەرگای بەڕووی دەسەڵاتی یاسادانانندا واڵاكردوە، بەگوێرەی ئاراستە سیاسی‌و ئایینی‌و تایەفی دەسەڵاتگیرەكان یاری پێبكەن یان سنورداری بكەن یان هەڵیبوەشێننەوە، وەك چۆن لەمادەی یەك لەیاسای هەڵبژاردنی كوەیتیدا رویدا، سەرباری بێتوانایی لەكاراكردنی ئەم مافە لەروی پراكتیزەكردنەوە بەهۆی تەشەنەكردنی نەخوێندەواری یاسایی لەكۆمەڵگەی كەنداودا كەدەبێتەمایەی رەتكردنەوەی مافەكانی ژنان لەبەشداریكردنیان لەژیانی گشتی یان بەهۆی نائامادەیی پلان‌و بەرنامە لەلای حكومەت بۆ چالاككردنی مافە سیاسی‌و كۆمەڵایەتی‌و خێزانی‌و ئابورییەكانی ژنان، بەوەی مافێكە لەمافەكانی هاوڵاتیبون.

## ب). ئەزمونی ولآتانی تری كەنداو:

لەئەزمونی هەندێ لەوڵاتانی كەنداوی عەرەبەوە بۆمان دەردەكەوێت كەمافی یەكسانبوونی ژنان بەتەواوی بڕیاری لەسەردراوە لەدەستورو سیستمە دانراوەكاندا، كەتیایدا رێگە بەژنان دراوە بۆ پراكتیزەكردنی ئەو مافە سیاسیانەیان وەك ئەوەی كە لەدەستوری نیشتمانی‌و یاساكانی هەڵبژاردندا هاتوە، لێرەوە بۆمان روندەبێتەوە كەتا ئێستاش كۆمەڵگاكانی كەنداوی عەرەب بیرۆكەی بەشداری سیاسی ژنان رەتدەكەنەوە، ئەوەش لەبەر چەندین هۆی دیاریكراو نمونەش وەك ژنانی بەحرەینی كەچۆن لەهەڵبژاردنەكانی ئەندامانی نوێنەراندا بەشێوەیەكی تایبەتی دوچاری شكست بوون، هەرچەندە ئەم دەستورە نوێیەی وڵات‌و رێكەوتننامەكانی كاری نیشتمانی بەحرەین لەساڵی 2002دا بڕیاری پەسەندكردنی پرەنسیپی یەكسانبوونی ژنان‌و پیاوانی بەپراكتیزەكردنی



مافە سیاسییەكانی هەردوو رەگەزەكە سەلماندوە. هەروەها بەهۆی جێبەجێكردنی بڕگەی یەك لەبەندی دووەمی بەشی یەكەم‌و بەندی حەوتەم لەبەشی دووەمی پەیماننامەی نیشتمانی لەرێكەوتننامەی كاری نیشتمانی لەوڵاتی بەحرەین كەساڵی 2002دا دەركراوەو هەمواركردنی دەستوری وڵاتی بەحرەینی ساڵی 1973وەیە، لەئەنجامی ئەمانەشدا ژنان هەموو مافێكی خۆپاڵاوتن‌و دەنگدانیان هەبووەو 34 ژن خۆیان بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەكان پاڵاوتووە لەساڵی 2002دا لەنێوان (320) پاڵێوراودا، بەڵام هیچ یەكێك لەم ژنانە سەرنەكەوتن لەو هەڵبژاردنەدا.

هەروەها لەهەمان ساڵدا بۆ هەڵبژاردنەكانی یاسادانان لەئۆكتۆبەری ساڵی 2002دا هەشت ژنی كاندیدكراو بەدڵ گەرمیەوە خۆیان پاڵاوت، بەڵام بەداخەوە هیچ یەكێكیان تەنها یەك كورسیشیان بەدەستنەهێنا لەهەموو خولی هەڵبژاردنەكاندا بۆ پلەی ئەندامێتی لەئەنجومەنی نوێنەرانی بەحرەیندا، ئەمەش بەهۆی دەسەڵاتگەری‌و هەژمونی ئەو دابونەریتانەی كەوا مافی بەشداری سیاسی ژنان لەكۆمەڵگەی بەحرەینیدا رەتدەكەنەوە، ئەمەش لەكاتێكدایە ژنانی بەحرەینی رێژەی 21٪ی هێزی كاری لەو وڵاتەدا پێكهێناوە لەساڵی 2000دا، رێژەی نەخوێندەواریش تیایاندا ناگاتە 17٪و، ژنانیش زۆربەیان خوێندكارن لەزانكۆكانی بەحرەیندا سەرەڕای رۆڵی دیارو كاریگەری ژنانی بەحرەینی لەهەموو بوارە جیاوازەكاندا لەسەرەتای پەنجاكانەوە.

هەمان بارودۆخ لەكۆمەڵگەی قەتەریشدا لەمەڕ بەشداریكردنی ژنانی قەتەری لەهەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی شارەوانی لەمارسی 1999 بەدیدەكرێت، چونكە لەو هەڵبژاردنەدا شەش ژن خۆیان پاڵاوت بۆ ئەندامێتی لەئەنجومەنی شارەوانییەكاندا، بەڵام هیچ كورسیشیان بەدەستنەهێنا، ئەمە جگەلەوەی كەرێژەی ژنان 44٪ بوو لەكۆی هەموو كاندیدكراوەكان لەو هەڵبژاردنەدا. هەروەها لەهەڵبژاردنەكانی شارەوانی كە لەئەپرلی 2003دا بەڕێوەچوو تەنها خاتوو(شێخە یوسف جفیری) بەتەزكیەكردن سەركەوت بۆ ئەو پۆستە، ئەمەش پاش كشانەوەی دوو ئەندامی تر كەكێبڕكێیان دەكرد لەسەر پۆستەكانی شارەوانی، بەمەش دوو ژنی تر نەیانتوانی سەربكەون یان كورسییەكی ئەنجومەنی شارەوانی لەو هەڵبژاردنەدا بەدەستبهێنن، سەرەڕای ئەوەی كەهێزی كاری ژنان لەقەتەر (15٪) پێكدەهێنێت لەكۆی هێزی كار لەو وڵاتەدا.

هەروەها ئەنجامە نێگەتیڤەكانی بەشداری ژنان لەوڵاتی قەتەردا لەهەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی شارەوانییەكان لەهەردوو ساڵی 1999و 2003دا ناڕازیبون‌و هەڵوێستی توندی زۆربەی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە روندەكاتەوە لەمەڕ بەشداریبوونی ژنان لەژیانی گشتیدا بەتایبەتیش لەرووە رامیارییەكەیەوە، سەرەڕای ناڕازیبوونی كاندیدەكان بەژنان‌و پیاوانەوە بۆ بەگرنگزانین‌و پەسەندكردنی بەشداربوونی ژنان لەكاری سیاسیدا، ئەمەش بەهۆی دەسەڵاتگیری‌و هەژمونی

دابونەریتە دواکەوتوەکانەوەیە کە بەسەر زۆربەی کۆمەڵگەکانی کەنداوی عەرەبدا باڵادەستە.
هەموو ئەوانەش بەپاڵپشت بەوەی کەپیاوان تواناو ئامادەییەکی زیاترو باشتریان لەچاو ژناندا هەیە لەو شێوە کاروبارانەدا، سەرەڕای نەبوونی پلانو بەرنامەیەکی حکومی کەپێویست دەکات مافی یەکسانبوونی یاسایی ژنان چالاکتر بکات، هەلی باشتر بۆ هاوڵاتیانی برەخسێنێت بەبێ جیاکاری بەهۆی رەگەزەوە، وەك ئەوەی لەدەستوری نیشتمانیو یاسا نیشتمانییە پەیوەندیدارەکاندا سەلمێنراوە.

## ج. ئەزموني ولاتی عەممان:

بێگومان ئەزمونی وڵاتی عەممان کەتێیدا رێبەرانی سیاسی دەسەڵاتێکی فراوانیان هەیەو توانای ئەوەیان هەیە بەشداری ژنان لەژیانی گشتیدا بسەپێننو مافی یەکسانی ژنان لەبەرامبەر یاسادا لەچوارچێوەی گشتیدا چالاك بکەن، ئەمەش پێچەوانەی ئەزمونی ژنانی بەحرەینیو قەتەریو کوەیتییە، چونکە سیستمی نوێنەرانی باڵادەست لەو وڵاتەدا رێگەیان بەژنان داوە بۆ بەشداریکردنیان لەکاری سیاسیدا، ئەویش لەرێگەی ئەو دەستێوەردانە راستەخۆیەوە دەبێ کەبۆ چالاککردنی مافی ژنان لەیەکسانبوونیان لەنێو سیستمی سەرەکی دەوڵەتدا بۆ ساڵی 1996 سەلمێنراوەو بڕیاری لەسەردراوە.
وەك چۆن لەسیستمی هەردوو ئەنجومەنی دەوڵەتو راوێژکاریدا لەساڵی 2001ەوە رێگە بەژنانی عەممان دراوە هاوشێوەی پیاوان خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەندامێتی لەئەنجومەنی راوێژکاریدا بپاڵێونو ئەوە بوو لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی 2003 دوو ژن سەرکەوتن بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی راوێژکاری.
لەخولی پێنجەمی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی راوێژکاری عەممانی ساڵی 2004– 2006، سەرباری زیادبونی رێژەی بەشداری ژنانی عەرەبی کەگەیشتە (35) کەس لەکۆی ژمارەی دەنگدەران کە 262 هەزار کەس بوون، تەنها دوو ژنی کاندیدکراو توانییان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنەکە سەربکەون کە لە( 83) ئەندام پێکهاتبون، ژمارەی ژنە کاندیدکراوەکان لەو هەڵبژاردنەدا 15 ژن بوون، ئەو دوو ژنەش کەهەڵبژێردران خاتوو (لەجینەی کچی موحسین

[4]– ماددەی ( 17) لەبڕیاری شاهانە ژمارە ( 101) بۆ سیستمی سیاسی لەبەرواری 6/11/ 1996دا (هاوڵاتیان هەمویان یەکسانن لەبەرامبەر یاسادا، هەروەها یەکسانن لەهەموو مافو ئەرکە گشتییەکانیاندا، جیاکاری ناکرێت لەنێوانیاندا بەهۆی رەگەز، ئیتنیك، رەنگ، ئاین، شوێنی دانیشتن یان پلەو پایەی کۆمەڵایەتییانەوە.



دەرویش زەعابی)بوو لەویلایەتی مەسقەتو خاتوو (رەحیلەی کچی عامری ریامی) بوو لەویلایەتی بوشێر، ئەمانە سەرەڕای دامەزراندنی ژنان لەئەنجومەنی وڵاتدا هەر لەساڵی 2001ەوە، کەوەك هەنگاوێکی گرنگو سەرەکی بوو بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی عەممان بەشداربونی ژنان لەکاروباری سیاسیدا قبوڵبکات. هەروەها لەساڵی 2005دا، بەپێی بڕیارێکی شاهانە بڕیاری زیادکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی دەوڵەت لە( 48) ئەندامەوە بۆ ( 55 ) ئەندام دراو بەمەش ژمارەی ژنان لەئەنجومەنی دەوڵەتدا لە(5) ژنەوە زیادکرا بۆ (7) ژن، بەمشێوەیەش رێژەی نوێنەرایەتی ژنان بوو بە(12٪) لەکۆی ئەندامانی ئەنجومەنەکە، ئەمەش بەمەبەستی زیادکردنی بازنەی بەشداربوونی ژنانی عەممانی لەژیانی گشتیدا.[5]
لەبەرئەوە زۆربەی رێبەرانی سیاسی لەوڵاتانی کەنداوی عەرەبیدا دەستپێشخەرییان لەدەرکردنی چەند بڕیارێکی سیاسی باڵا بۆ بەشداریپێکردنی ژنان لەژیانی گشتیدا کردوە، بۆ نموونە وڵاتی قەتەر کەئەمیری ئەو وڵاتە بڕیارێکی ئەمیریی لەئەپرلی 2003دا دەرکرد، بەپێی ئەو بڕیارە خاتوو (شێخە ئەحمەد مەحمود) وەك وەزیری پەروەردەو فێرکردن دامەزرا. هەروەها ئەم هەنگاوە پۆزەتیڤەش لەنۆڤەمبەری 2003دا لەوڵاتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتودا لەچوارچێوەی راستکردنەوەیەکی گشتی وەزیردا دوبارەکرایەوە، یەکەمین ژنەوەزیر (لبنا قاسم ) بەوەزیری ئابوریو بازرگانی دەستنیشانکرا.
هەروەها پاش شکستی ژنان لەهەڵبژاردنەکانی 2003دا کەنەیانتوانی هیچ کورسییەك لەئەنجومەنی گەلدا بەدەستبهێنن، رێبەرانی سیاسی لەوڵاتی بەحرەین لەهاوینی 2004دا (6) ژنانیان لەئەنجومەنی راوێژکاریدا دامەزراند، پاشان یەکەمین ژنی بەحرەینی لەپۆستی وەزاریدا دەستنیشانکرا بەوەزیری تەندروستی کەخاتوو ( ندى حافظ ) بوو، لەیەنایەری 2005دا دکتۆرە (فاطمة البلوشي) لەپۆستی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتیدا دامەزرا.
سەرەڕای ئەو هەموو گەشەکردنە تاکلایەنییەی کەبۆ زیاتر هاندانی ژنان کراوە تابتوانن بچنە بواری کاروباری سیاسییەوە، پشت ئەستور بەبڕیارە سیاسییەکان، کەچی بەشداری سیاسی ژنانی

[5]– ژنانی عەممان چەندین پۆستی سەرەکی تریان لەدەوڵەتدا وەرگرتوە، وەك دامەزراندنی خاتوو (راویە البو سعیدی) لە( 25)ی فێبرایەری 2005 بەوەزیری خوێندنی باڵاو، دامەزراندنی خاتوو (عائشەی کچی خلفانی سیابی) بەسەرۆکی دەستەی گشتی کاروبارە پیشەوەرییەکان لەپۆستی وەزیرداو، دامەزراندنی یەکەمین باڵیۆزی دەوڵەت لەهۆڵەندا کەئەویش خاتوو ( خدیجەی کچی حسن اللواتی ) بوو لەساڵی 1995دا.

كەنداو لەئەنجومەنەكانی  نوێنەرایەتیكردندا زۆر لاوازە، لەباشترین بارودۆخدا وەك ئەوەی كە لەسەڵتەنەتی عەمماندا دیارە كەبەشداری   ژنان تەنها رێژەی (  3٪)ی كورسییەكانی نوێنەرایەتیكردنی بەدەستهێناوە، بەپێی سیستمی ئەو دامەزراندنەی  كەوا لەئەنجومەنی ولآتاندا دیاریكراوە، كەهەمان وێنەی  ئەنجومەنەكانی راوێژكارییە لەولآتە عەرەبیەكانی تردا. هەروەها دەتوانین بڵێین كێشەی بەشداربوونی ژنان     لەم ناچە عەرەبییانەدا، بۆ نالەباری یاسا نیشتمانییەكان  دەگەڕێتەوە كەیارمەتیدەری ژنانی كەنداو نییە بۆ چوونەنێو كایەی سیاسییەوە یان  بۆ نەبوونی حەزو ئارەزوی ولآتانی كەنداو بۆ چالاككردنی یاسا بەردەوامەكان دەگەڕێتەوە كەتێیدا بڕیار لەسەر مافی ژنانو یەكسانیان  لەبەرامبەر یاسادا دەدات، ئەم یاسایانەش كەجێبەجێناكرێن لەترسی پێكدادان لەگەڵ  گروپو كۆمەڵە توندڕەوەكاندا،      كەبێگومان دەسەڵاتێكی بەهێزیان لەكۆمەڵگەدا هەیە، بەرەچاوكردنی ئەو دابونەریتانەی كۆمەڵگە، كەبەشداربوونی ژنان لەژیانی گشتیدا رەتدەكەنەوە، لەمەش گرنگتر نەبوونی هۆشیاری یاساییە لەنێوان پیاوانو ژناندا سەبارەت بەماناو مەبەستی راستەقینەی كاری سیاسی ژنان بۆ پاراستنو چەسپاندنی ئارامی لەناو  خێزانەكانی كەنداوی عەرەبدا.

هەروەها ئەو راپۆرتە  نێودەوڵەتییانەی لەلایەن  نەتەوە یەكگرتوەكانەوە دەردەكرێن،  ئەوە روونەدەكەنەوە كەرێژەی نوێنەرایەتیكردنی ژنان لەساڵی      2004 لەنێوان ولآتانی عەرەبدا، لەباشترین ئاستیدا لە(  6٪) تێناپەڕێت لەكۆی هەموو كورسییەكانی پارلەمانە عەرەبییەكاندا (ئەمەش نزمترین ئاستە)و لە(    6.4 ٪) لەنێو  هەردوو ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی راوێژكاریدا، تەنانەت رێژەی نوێنەرایەتیكردنی ژنان لەئەنجومەنەكانی نوێنەرایەتیكردندا لەئاستی نێودەوڵەتیدا هەمیشە لەخوارەوەی لیستەكانی كۆمەڵەی نێودەوڵەتیدایە، بۆ رووبەڕوبونەوەی ئەم بارودۆخە نایەكسانەی لەمەڕ پلەوپایەی ژنانی عەرەب بەشێوەیەكی گشتیو ژنانی كەنداو بەشێوەیەكی تایبەتی، بڕیاربەدەستانی ئەم ولآتانە دەبێت پەیڕەوی  لەسیستمی (كوتا) بكەن ( تەرخانكردنی پشك بۆ ژنان) وەك  قۆناغێكی چارەسەركردنی ئەم كێشەیە لەناو ولآتانی كەنداوی عەرەبیدا، ئەمەش بەهۆی تازەیی دیاردەی بەشداریكردنی ژنان لەكاری سیاسیدا، لەگەڵ رەچاوكردنی ئەو بارودۆخە كۆمەڵایەتییە تایبەتەی كەكۆمەڵگەی عەرەب تێیدا دەژی، كەدواجار واپێویست دەكات چەند پشكێك بۆ ژنان لەهەڵبژاردنە پارلەمانییەكاندا تەرخانبكرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی دوربكەوینەوە لەدووبارەبونەوەی ئەزمونە پێشینەكانی ولآتانی عەرەب،  سەبارەت بەبەشداریكردنی ژنان لەكاروباری سیاسیدا، وەك چۆن  ئەوەی كە لەولآتانی قەتەرو ولآتی



بەحرەین لەهەردوو ساڵی   2000–2002داو دوابەدوای یەك روویاندا، ئەمەش  وەك قۆناغێكی چارەسەركردنی كێشەكە پیادەبكرێت.

لەراستیدا حكومەتی ئوردن لەكۆتایی ساڵی     2002دا ئەم  ئاراستەیەی گرتەبەرو لەیاسای هەمواركراوی هەڵبژاردنەكاندا بەبڕیارێكی یاسایی (   6) كورسی لەكۆی هەموو كورسییەكانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ژنان تەرخانكرد وەك نزمترین ئاست، بۆ ئەوەی لەم پێناوەشدا كێبڕكێ بكرێت، ئەمەش لەبەرامبەر (  110) كورسی بۆ پیاوان، هاوكات لەگەڵ هەبوونی مافی ژنان بۆ كێبڕكێكردن لەسەر هەموو كورسییەكانی ئەنجومەنی نوێنەران، بەڵام بەمەرجێك كەپێویستە ژنان لەسەر بنەمانی زۆری رێژەكەیان لەدەنگداندا ئەم كورسیانە بەدەستبهێنن.[7]

هەروەها لەولآتی مەغریبدا، پشت ئەستور بەپەیڕەوكردنی سیستمی ( كوتا) لەهەڵبژاردنەكانی ساڵی 2002دا، (30) كورسی بۆ ژنان تەرخانكرا، لەكۆی (   352) كورسی بۆ پیاوان لەسەر ئاستی نیشتمانی، سەرەڕای ئەو ( 30) كورسییەش پێنج ژنی تر توانیان سەربكەون بۆ پلەی ئەندامێتی لەناو هەڵبژاردنە راستەوخۆكاندا، كەتێیدا ژنانیش وەك پیاوان مافی كێبڕكێكردنیان هەیە لەسەری، بەمشێوەیە ژمارەی ژنانی پارلەمانتار بون بە(     35) ژن توانیان رێژەی  10.8٪ پێكبهێنن. □ ، ئەمەش  بەبەراورد بەژنانی تر  كەئەندام بوون لەهەڵبژاردنەكانی پێشوو، بەژمارەیەكی پێوانەیی دادەنرێت لەسەر ئاستی پارلەمانەكان لەهەموو ولآتانی عەرەبدا.

هەروەها ولآتانی تری نیشتمانی عەرەب كەدەستیان بەچاكسازیو هەمواركردنی      یاساكانی هەڵبژاردن كردوە،  بۆ پەیڕەوكردنی سیستمی ( كوتا) وەك ولآتی تونس، كەپارتی دەستوری دیموكراتی بڕیاری (كوتا)ی  لەلیستەكانی خۆپاڵاوتندا پەسەندكردوە،  بەرێژەیەك كەكەمتر نەبێ لە( 20٪)ی كاندیدی ژنو لەولآتی تونس    ژنان نوێنەری تایبەتیان هەیە لەئەنجومەنەكانی نوێنەراندا، كەتێیدا ژنان (35) كورسیان داگیركردوە، واتە بەرێژەی (  9.7٪) ، بەپێی سیستمی هەڵبژاردنەكان رێگەدراوە بەژنان دووجار  دەنگبدەن جارێك بۆ پیاوی كاندیدكراو، جارێكیش بۆ ژنی كاندیدكراو بەپێی بازنەی هەڵبژاردنەكان. لەعێراقیش یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ ساڵی 2004، بڕیاری تەرخانكردنی چەند كورسییەكی بۆ ژنان داوە لەناو كۆمەڵەی نیشتمانی هەڵبژێردراودا، بەشێوەیەك كەرێژەی نوێنەرایەتیكردنی ژنان كەمتر نەبێت لەچواریەكی ژمارەی ئەندامەكانی نێو ئەنجومەنی نیشتمانی. بەڵام  لەولآتی میسردا، سیستمی (كوتا) هەر لەساڵی

---

[7]- یاسای هەمواركراوی هەڵبژاردن، ژمارە ( 11 )  بۆ ساڵی 2003 .

1979وە پەیڕەوی لێدەكرێت، دواتر لەساڵی 1986دا هەڵوەشێنرایەوە، ئەمەش بوو بەهۆی دابەزینی ئاستی نوێنەرایەتیكردنی ژنان، رێژەكەیان بوو بە( 11 ) كورسی لەكۆی ( 404) كورسی بۆ پیاوان لەهەڵبژاردنەكانی ساڵی 2000دا، واتە بەڕێژەیەك كە لە(3٪) تێپەڕناكات.[8]

ئەمە بارودۆخی كۆمەڵایەتیو یاسایی بەربڵاوی ناوچەكانی نیشتمانی عەرەبە، لەسەر هەموو وڵاتانی كەنداوی عەرەبی وا پێویستە پابەندبن بەپێكهێنانی لیژنەیەكی نیشتمانی لەپێناوی كاركردن بۆ سەرلەنوێكردنەوەی فیقهی ئیسلامی، سەبارەت بەپرسە پەیوەندیدارەكان بەمافی سیاسی ژنانەوە، كەپێشتر نەبووە، پێویستی بەهەوڵو وردبونەوەیەكی تازە هەیە. فیقهی ئیسلامی ئەركی دۆزینەوەی  چارەسەری زۆربەی كاروبارەكانی ژیانی ناو كۆمەڵگەی لەئەستۆدایە، ئەمەش بۆ ئەوەی كەفەرمانو بنەمای شەرعی نوێ دەربكرێت (دۆزینەوەی كرۆكی شتەكان بەرێگەیەكی لۆژیكی)* ، وا لەژنانی موسوڵمان بكات بۆ ئەوەی لەگەڵ كاروانی چەرخی نوێو هەموو گەشەكردنو پێشكەوتنەكانی سەردەمی  تازەدا بەردەوامبن.[9]

## دووەم : هەڵوەشاندنەوەی ئابلۆقەی یاسایی لەسەر پراكتیزەكردنی مافە مەدەنیو كۆمەڵایەتییەكان:

ژنانی كەنداوی عەرەبی بەدەست ئەو پەنابردنە بەردەوامەی دەوڵەت بۆ یاساو رێوشوێنە یاساییەكانەوە دەناڵێنن، وەك میكانیزمێك بۆ سنوردانان لەبەشداریكردنی ژنان لەگەشەكردنی مرۆڤایەتیدا لەناو كۆمەڵگەدا، سەرەڕای ئەوەی كەژنانی كەنداو لەسەرەتای سەدەی بیستو یەكەمدا، وەك لەبەشەكانی پێشوتردا باسمان لێوەكرد، توانیویانە هەندێك لەپۆستە سیاسییەكان بەدەستبهێنن، ئەمەش بەدەستتێوەردانی راستەوخۆی رێبەرانی سیاسی لەهەریەك لەوڵاتانی عەممانو قەتەرو میرنشینی بەحرەینو ئیماراتی عەرەبی یەكگرتوو، لەم دواییەشدا وڵاتی كوەیت. ئەمانەش بەهاوتابوون لەگەڵ ئاراستەو تەوژمە نێودەوڵەتییەكان لەمەڕ دەركردنی بڕیاری گونجاو بۆ ئەوەی ژنان بتوانن بەشداری لەناوەندەكانی بڕیاردانو ژیانی گشتی وڵاتدا بكەن. ئەمەش لەگەڵ

---

8– بڕگەی (ج) لەماددەی ( 30) لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی، كەتێیدا یاسای هەڵبژاردنی عێراقی هەولێدەدات كەرێژەی نوێنەرایەتیكردنی ژنان لەئەنجومەنی نیشتیمانیدا كەمترنەبێت لەسێیەكی ئەندامەكانی، كەژمارەیان ( 275 ) ئەندامن، ئەمەش بەپێی ماددەی (31) لەیاسای پێشو.

* لەجیاتی وشەی (استنباط) ئەم روونكردنەوەیەم بەكار هێنا. ( وەرگێڕ)

9– مەبەستەكانی شەریعەتی ئیسلامیو پێویستییەكانی تازەكردنەوەی، أ .د. محمود حمدی زقزوق، ژمارە 104، ساڵی 2003.



چالاككردنی پرەنسیپە دەستورییەكان سەبارەت بەپابەندبونی دەوڵەت بۆ رەخساندنی هەلومەرجی تایبەت لەنێوان هاوڵاتیاندا.[10]

هەروەها سەرەڕای ئەم  هەنگاوە پۆزەتیڤانەش كە لەبەرژەوەندی ژنان نرا لەم ناوچەیەدا، بەڵام تا ئێستاش  ئابلۆقە یاساییەكان بەردەوام كاریان پێدەكرێت لەمەڕ مافە مرۆییو كۆمەڵایەتییەكانی ژنان، وەك ئەوەی كەوا لەسیستمی یاساییدا تۆماركراوە، بێگومان ئەمەش دەبێتەهۆی لەدەستچوونی زۆربەی مافەكانی ژنان  كە لەپەیماننامە نێودەوڵەتییەكاندا بەهاوكاری ئەم وڵاتانە بڕیاری لەسەردراوە، بۆ نموونە ئەمانەی لای خوارەوە:

1) دانانی بەربەستە یاساییەكان كەرێگری ژنانیان كردووە لەپراكتیزەكردنی مافەكانیان، لەمەڕ دەستكەوتنی پاسپۆرت یان تازەكردنەوەو دوبارە دەركردنەوەی ئەگەر ون بێت، ئەمانەش بەبێ رەزامەندی مێرد یان لێپرسراوێكیان بۆ ژنان ناكرێت ئەگەر تەمەنی ژنەكە هەرچەندێك بێت.

2) بێبەشبونی ژنان لەناو تۆماركردنیان بۆ هەر جۆرە زەویو خانوبەرەیەك كەخاوەندارێتییەكەی بەناوی ئەو ژنانەوە بێت كەهاوسەرگیرییان لەگەڵ پیاوێكی بێگانەدا كردبێت، بۆ نموونە یاسای خاوەندارێتی خانوبەرەی تایبەت بەبێگانەكان  كە لەساڵی  1979دا لەوڵاتی كوەیتدا دەركراوە، بەسەر منداڵەكانی ئەو ژنانەدا دەسەپێنێت، كەهاوسەرگیرییان لەگەڵ پیاوێكی بێگانە كردوە، ئەو زەویو خانوبەرانە بفرۆشنەوە، كە بەشێوەی میرات لەدایكیانەوە بۆیان بەجێماوە، ئەمەش پاش ساڵێك لەكۆچی دایكیان، تەنها لەكاتێكدا نەبێت كە بەیاسایەك لەفرۆشتنەكەیان خۆش بووبن.[11]

3) رێگەنەدان بەژنانی كەنداو بەوەی رەگەزنامەكانی خۆیان بدەن بەمنداڵەكانیان ئەگەر مێردەكەنیان بێگانە بێت،  جگە لەژنانی تەڵاقدراو یان بێوەژن، یان ئەگەر پیاوەكەی وازی

---

10– ماددەی ( 8) لەدەستوری كوەیتی كەدەڵێت: "دەوڵەت كۆمەڵگە دەپارێزێت، لەگەڵ پاراستنی ئاسایشو دڵنیاییو هەلڕەخساندن بۆ هاوڵاتیان" مادەی (12) لەسیستمی سەرەكی لەسەڵتەنەتی عەممان بۆ ساڵی 1996، "دادپەروەریو یەكسانیو هەلڕەخساندن لەنێوان هاوڵاتیانی عەممان‌دا، بنەمای سەرەكی كۆمەڵگەنو دەوڵەت دەیپارێزێت"، ماددەی ( 4) لەدەستوری میرنشینی بەحرەین بۆ ساڵی 2002، ماددەی (19) لەدەستوری دەوڵەتی قەتەر بۆ ساڵی 2003: "دەوڵەت  هەموو بنەمایەكی كۆمەڵگە دەپارێزێت، ئاسایشو ئارامی دەپارێزێت، هەلدەڕەخسێنێت بۆ هاوڵاتیان" ماددەی ( 14) لەدەستوری هەمواركراوی دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەكگرتوو  بۆ ساڵی 2004

11– لەمبارەیەوە تەماشای یاسای خاوەندارێتی خانوبەرە بۆ ناكوەیتییەكان بۆ ساڵی 1979 بكە، كەتێیدا بەشێوەیەكی گشتی خاوەندارێتی خانوبەرە لەسەر بێگانەكان قەدەغەدەكات.

لێهێنابێت، یان ئەگەر باووباپیرانی نەناسراو بێت (ئەمەش بەبڕیاری وەزیری پەیوەندیدارو هۆکارە مرۆییەکان دەبێت).

4) لەهەندێ لەوڵاتانی کەنداودا، ژنان بۆیان نییە کار لەکۆمەڵێ بواردا بکەن، ئەمەش بەپێی سیستمی کلاسیکی دابەشکردنی کارەکان لەنێوان پیاوانو ژناندا، بۆ نمونە وەك ئەو کارە قەدەغەکراوانەی بواری دادگا، نوێنەرایەتی گشتی، یان رۆیشتنە نێو کایەی هێزە چەکدارەکانو هێزەکانی پۆلیس، وەك رێزێك بۆ دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان.

5) لەخۆنەگرتنی ئەو یاسایانەی کەرێگە بەژنان دەدەن لەمێردەکانیان جیاببنەوە لەوڵاتانی کەنداودا، ئەگەر بێتو خیانەتی هاوسەرێتی یان یەکسانی لەگەڵ پیاواندا لەمەڕ وەرگرتنی سزایەکی سوکترەوە، وەك ئەوەی ئەگەر پیاوێك خێزانەکەی یان خوشکەکەی یان کچەکەی یان دایکی بکوژێت، بەبیانوی تاوانێکی ناموس (کە بەتاوانی شەرەفپارێزی ناسراوە).[12]

6) جێبەجێنەکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بەمافی ژنانی ئیشکەر لەروی پێدانی مۆڵەتی دایکایەتیو مۆڵەتی چاودێریکردنی منداڵی بەموچە یان مۆڵەتپێدانی بەموچە بۆ بەخێوکردنی منداڵانی کەمئەندام، یان چاودێریکردنی باوكو دایك بەهۆی پەککەوتنیانەوە کەهەموو ئەمانەش مافی بنەڕەتی ژنانی ئیشکەرن بەپێی هەموو رێکەوتننامەکانی کارکردنی نێودەوڵەتی.[13]

پاشان ئایا دەتوانین بڕوا بەو زانیاریانەی بەرپرسانی کەنداو بکەین کە لەنێو نوسراوە فەرمیو دانیشتنە نێودەوڵەتییەکاندا لەروی راستی ئەو زانیارییانەوە کە لەناو راپۆرتە نیشتمانییەکاندا دەدرێن بەلیژنە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ یان ئەو راپۆرتانەی پێشکەش بەکۆنگرە نێودەوڵەتییەکانی عەرەبیو ژنان دەکرێت، کەهەمویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ژنانی کەنداو وەك هاونیشتمانییەك هەموو مافێکیان بۆ فەراهەمکراوە؟ بەشداربونی کارای ژنان لەپرۆسەی گەشەپێداندا بەیەکسانی لەگەڵ پیاواندا دەستەبەرکراوە، بەگوێرەی فەرمانو بەندەکانی رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژ بەژنان،

---

[12]– ماددەی ( 153 ) لەیاسای سزادان کەڕاستکراوەکەی یاسای ( 46 ) ی ساڵی 1979ە، وە دەقی یاساکەش دەڵێت: "هەرکەس لەکاتی زیناکردندا ژنەکەی، یان کچەکەی، یان دایکی یان خوشکەکەی لەگەڵ هەر پیاوێکدا بگرێت، وە ئەگەر یەکسەر خێزانەکەی بکوژێت یان ئەو کەسەی کەزینای لەگەڵدا کردوە، یان ئەگەر هەردوکیان بکوژێت، ئەوا یاسا بڕیاری بەندکردنی پیاوەکە دەدات کەکەمتر نەبێت لەسێ ساڵ یان بەغەرامەیەك کەکەمتر نەبێت لەسێ هەزار رۆپیە، یان بەیەکێك لەم دو سزایە سزای دەدەات".

[13]– رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی لەبارەی مۆڵەتی دایکایەتی هەموارکراو بۆ ساڵی 2001.



ئەگەرچی تێبینییان لەسەر زۆربەی بەندەکانی ئەو رێکەوتننامانە هەبووە کەپەیوەندییان بەمافە خێزانیو یاساییەکانی ژنانەوەیە.

## سێیەم: رێکەوتنامەی نەهێشتنی طشت شێوەکانی جیاکاریء ضالاککردنی مافی ذنان لەروی یەکسانی یاساییەوە:

ژمارەی ئەو وڵاتە عەرەبیانەی کەپەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژ بەژنان– یان ئیمزاکردوە لەساڵی 1979ەوە تاوەکو مارسی ساڵی 2005 بریتین لەپانزە وڵاتی عەرەبی، کەچواریان لەوڵاتانی کەنداون، دەوڵەتی کوەیت ساڵی 1994، عەرەبستانی سعودیە ساڵی 2000، میرنشینی بەحرەین ساڵی 2002، وڵاتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو ساڵی 2004، لەگەڵ ئەوەی کەزوربەی وڵاتانی عەرەبی تێبینیان لەسەر چەند بەندێکی ناو پەیماننامەکە هەیە، بەبیانوی ناتەبابوونیان لەگەڵ پەیامی ئیسلامی یان بنەماکانی یاسا نیشتمانییەکـاندا.[14]

بێگومان تێبینی کۆمەڵێك لەوڵاتانی عەرەبی لەسەر ئەو بەندانە، بووە بەهۆی دورخستنەوەو پێشێلکردنی هەندێ لەمافە بنەڕەتییەکانی ژنان لەهەندێ لەکایە کۆمەڵایەتیو ئابوریو هاوسەرگیرییەکاندا، کەپەیماننامەکە ئەو مافانە دەپارێزێتو تۆماریشکراون لەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتیانەی کەپەیوەندیان بەمافەکانی مرۆڤەوە لەلایەنی یاساییو پراکتیکییەوە هەیە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ پابەندبونی راستەقینەی ئەم دەوڵەتانە بەو مافانەی کە لەپەیماننامەکەدا هاتون، کەبووە بەهۆی بێبەشبوونی ژنان لەیەکسانیاندا لەبەرامبەر یاسادا، بەهۆی کەموکوڕی لەیاسادانانی نیشتمانیدا، یان لەڕێگەی دانانی بەربەستە کارگێڕیو ئابورییەکان، کەرێگرن لەپێشکەوتنو بەشداری ژنان لەپرۆسەی گەشەپێدان لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا، هەروەها لەبەندەکانی داهاتودا بەکورتی ئەو خاسیەتە هاوبەشانە لەنێو وڵاتانی عەرەبدا روونەدەکەینەوە، لەروی ناکۆکیو نەگونجانیان لەهەندێك لەبەندەکانی ئەو پەیماننامەیە، رەهەندی کاریگەری ئەو

---

[14]– ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی کەپەیماننامەکەیان پەسەندکردوە تاوەکو مارسی 2005، (180) دەوڵەتن بەڕێژەی ( 90٪)ی دەوڵەتانی ئەندام لەنەتەوە یەکگرتوەکان، کە( 15) یان لەدەوڵەتانی عەرەبین، ئەوانەش (میسر لەساڵی 1981، تونس لەساڵی 1983، یەمەن لەساڵی 1984، عێراق لەساڵی 1986، لیبیا ساڵی 1989، لوبنان ساڵی 1997، ئوردن ساڵی 1992، مەغریب ساڵی 1993، جەزائیر ساڵی 1994، جیبۆتی ساڵی 1998، مۆریتانیا ساڵی 2001و دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو هەریەکە لەدەوڵەتی کوەیت ساڵی 1994، عەرەبستانی سعودی ساڵی 2000، میرنشینی بەحرەین ساڵی 2002، دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو لەساڵی 2004 دەوڵەتە عەرەبییەکانیش جگەلە جیبۆتیو مۆریتانیا هەمویان تێبینییان لەسەر چەند بەندێکی پەیماننامەکە هەبووە.

بەربەستانە لەجێبەجێکردنی پەیماننامەکە لەوڵاتەعەرەبییەکاندا بەشێوەیەکی گشتیو وڵاتانی کەنداو بەشێوەیەکی تایبەتی.[15]

## 1. خاسیەتە هاوبەشەکاني تيَبينی لەثەیماننامەکەدا لەولآتە عەرەبیەکاندا:

بۆ ئاگاداربون لەو ناکۆکیانەی کەوڵاتە عەرەبییەکان دەریانبڕیوە لەمەڕ پەیماننامەی بۆ وڵاتی بۆ زاڵبون بەسەر جیاوازیکردندا دژی ژنان لەکاتی مۆرکردنو بوون بەئەندام لەپەیماننامەکە، هەندێك خاسیەتی گشتیمان بۆ دەردەکەوێت سەبارەت بەو ناکۆکیانەی وڵاتە عەرەبییەکان ئەمەش لەئەنجامی لێکچوونی سیستمە سیاسیو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتە عەرەبییەکان کە بەزۆری پشتیان بەپرەنسیپەکانی ئاینی ئیسلامو دابونەریتە عەرەبییە هاوبەشەکان بەستووە، هاوکات لەگەڵ گاریگەری پارتە ئاینییە توندڕەوەکان لەتێکدانو وێرانکردنی ڕۆڵی ژنان لەگەشەکردنی کۆمەڵگەدا، ئەمەش نمونەی ناکۆکیو ناتەبابوونە هاوبەشەکانی وڵاتە عەرەبییەکانە[16]:

أ. پابەندبون بەماددەی (16)ەوە لەڕێکەوتننامەکەدا، کەسەبارەت بەیەکسانی نێوان ژنانو پیاوانە لەمافە خێزانییەکانیاندا لەکاتی ژیانی خێزانیو جیابوونەوەدا، چونکە پێچەوانەیە لەگەڵ حوکمو فەرمانەکانی ئاینی ئیسلامدا، وەك ئەم وڵاتانە: میسر، مەغریب، عێراق، لیبیا، کوەیت، سعودیە، بەحرەین، وڵاتی ئیماراتی عەرەبی یەککگرتوو یان ئەم ماددەیە پێچەوانەیەو ناگونجێت لەگەڵ هەندێ لەماددەکانی نێو یاساکانی نیشتمانیو یاسای باری کەسێتی، چونکە ئەم یاسایانە لەئاینی ئیسلامەوە وەرگیراون، وەك وڵاتانی تونسو جەزائیرو لوبنانو بەحرەین.

ب. پابەندبونی هەندێ لەوڵاتە عەرەبییەکان بەبڕگەی (2) لەماددەی نۆیەمی پەیماننامەکە، چونکە پێچەوانەیە لەگەڵ یاساکانی ڕەگەزنامە لەزۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا، لەمەڕ پێنەدانی ڕەگەزنامەی دایك بۆ ئەو منداڵانەی کە لەباوکێکی بێگانە لەدایکبوون، نموونەش وەك یاساکانی ڕەگەزنامە لەهەریەك لەوڵاتانی میسر، کوەیت، مەغریب، بەحرەین، لوبنان، جزائیرو، وڵاتی ئیماراتی عەرەبی یەککگرتوو.

[15] – بۆ زیاتر لێکۆڵینەوەی دوورودرێژ لەبارەی هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبەوە لەمەڕ پابەندبونیان بەپەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ زاڵبون بەسەر هەموو شێوەکانی جیاوازیکردن دژی ژنان لەساڵی 1979، ئەوا تەماشای ئەو لێکۆڵینەوەیە بکە کە لەلایەن نوسەری ئەم چەند دێڕەوە پێشکەش بەکۆنگرەی دوەمی جیهانی کراوە، لەبارەی ڕۆڵی ژنان لەگەشەکردنی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو ئابوریدا، دەوڵەتی کوەیت، 2–4 لەئەپرلی 2.1، کۆمەڵەی روناکبیری ژنان .

[16] division for the advancement of women – declarations & reservation .



ج. پابەندنەبون بەماددەی دووەمی پەیماننامەکە، کە لەبارەی یەکسانی نێوان پیاوانو ژنانەوەیە لەوەرگرتنی میراتدا، بەوەی پێچەوانەیە لەگەڵ بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامیدا، یان لەگەڵ ماددە تایبەتەکانی میراتدا، لەیاسا پەیڕەوکراوەکانی باری کەسێتی لەهەریەك لەوڵاتانی لیبیا، مەغریب، جەزائیر، میسر، عێراق، بەحرەین، میرنشینی عەرەبی سعودیو، وڵاتی ئیماراتی عەرەبی یەککگرتوو.

د. پابەندنەبون بەپەنابردن بۆ دادوەریکردن سەبارەت بەبەبڕینەوەو کۆتایی پێهێنانی گیروگرفتەکانی نێوان دەوڵەتان لەبارەی جێبەجێنەکردنی پەیماننامەکەوە، ئەگەربێتو ئەو کێشەو ناکۆکیانە بەگفتوگۆو دانیشتن چارەسەرنەکران، ئەمەش بەپێی بڕگەی یەك لەماددەی (26)ی ڕێکەوتننامەکە، بۆ نموونە وەك وڵاتانی میسر، کوەیت، مەغریب، عێراق، تونس، لوبنان، میرنشینی بەحرەین، عەرەبستانی سعودی، کۆماری یەمەنو، میرنشینی ئیماراتی عەرەبی یەککگرتوو.

سەرباری ڕاستی تێبینی وڵاتانی عەرەب بەگوێرەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی بەگوێرەی ماددەی (19) لەپەیماننامەی ڤیەننای یاسای پەیماننامەکان ساڵی 1969و ڕێگەپێدانی بەشێوەیەکی ڕاشکاو لەبڕگەی (2) لەماددەی (28) لەپەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری، ئەوەندە هەیە کۆمەڵێك لەوڵاتانی لایەن لەپەیماننامەکە نوسراوو تێبینییان هەبووە لەمیانەی ماوەی دیایکراودا لەمادەی (20) لەپەیماننامەی ڤیەننای یاسای پەیماننامەکان کەمافی تێبینیکردن بەوڵاتانی لایەن لەپەیماننامەکە دەدات پاش دوانزە مانگ لەدەرچونی لەسکرتاریەتی نەتەوە یەککگرتوەکانەوە، لەپێناوی خۆلادان لەکاریگەرییە یاساییەکانی تێبینی لەروبەڕوبونەوەیدا وەك چۆن لەمادەی (21)ی پەیماننامەکەدا هاتووە.[17]

### جوارەم: ثێشنیاری طشتی بۆ کاراکردنی مافی ذنانی کەنداو لەیەکسانییان لەبەردەم یاسادا*

بۆ کاراکردنی مافی ژنان لەیەکسانییان لەبەردەم یاسادا واپێویستە وڵاتانی کەنداو ڕێوشوێنی یاسایيو کارگێڕیی پێویست بگرنەبەر بەمەبەستی جێبەجێکردنی بنەماکانی ڕێکەوتننامەی

[17] – لەو دەوڵەتە ئەوروپییانەی کەدژی دەوڵەتانی عەرەبیو ئیسلامی وەستاونەتەوە بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی پەیماننامەکە ئەمانەن: دەوڵەتی دانیمارك لەبەرواری 25ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1990، ئەڵمانیا لە11ی یەنایەری ساڵی 1986، نەرویژ لە16 ی یۆلیۆی ساڵی 1990، سوید لە17 ی مارسی 1986 و 1997، پورتوگال لەئۆگستۆسی ساڵی 1997، بەلجیکا لە 19ی یەنایەری 1996، نەمسا لە15ی مایۆی ساڵی 1996، هۆڵەندا لە 14ی یۆلیۆی 1994، کەنەدا لە 25ی ئۆکتۆبەری 1994، فیللەندا لە17ی یەنایەری 1996، مەکسیك لە11ی یەنایەری 1985 ) .

* لەچاپی عەرەبیدا ئەم خاڵە بەهەڵە نوسراوە سێیەم.(وەرگێڕ).

نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان ئەمەش لەبەر رۆشنایی هەڵوێستی ئەم وڵاتانە لەمەڕ رێکەوتننامەکە کەبوەتە رێگر لەبەردەم جێبەجێکردنیدا بەشێوەیەکی کارا لەپێناو پێشخستنی ژنان کە لەچەندین لایەنەوە رووبەڕووی جیاکاری دەبنەوە، لەروی بواری یاسادانانەوەو لەواقعی پراکتیکی ئەم وڵاتانەدا بەئاستی جیاجیا لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر، لەو رێوشوێنە پێویستانەی لەم روانگەیەوە بەسوددەبن وەك:

1. کارکردن بۆ چاوپێداخشاندنەوە بەتێبینییە گشتییەکانی سەر هەندێك لەمادەکانی رێکەوتننامەکە، ئەگەر بەزەرورەت ناتەبا نەبێت لەگەڵ پرەنسیپە گشتییەکانی ئایینی ئیسلامداو لەبەرتەسکترین ئەندازەیدا، بەبێ زیانگەیاندن بەمافە بنەڕەتییەکانی ژنان لەوڵاتانی کەنداودا.

2. پێداچوونەوەی یاساو بڕیارەکانی پەیوەست بەژنان لەوڵاتانی کەنداوداو هەموارکردنیان، بەچەشنێك لەگەڵ بنەماکانی رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری لەدژی ژناندا بگونجێ، بەتایبەت یاساکانی باری کەسێتیو یاساکانی کارکردن لەهەردوو کەرتی حکومیو تایبەتدا، یاسای سزادانو یاسای رێوشوێنە تاوانکارییەکانو یاسای رەگەزنامەو یاسای دابینکردنی کۆمەڵایەتی، سەرباری ئەو یاسایانەی کەپێشلکاری مافەکانی ژنانی کەنداو دەکەن.

3. هەموارکردنی یاسا نیشتمانییەکان کەرێگرن لەبەردەم بەهرەمەندبونی ژنان لەمافی یەکسانییان لەروبەڕوبونەوەی دادگادا، یان بێبەشکردنیان لەمومارەسەکردنی مافەکانیان لەهەڵبژاردنی جۆری کارو پیشەکاندا، ئەو کارانەی کەتا هەنوکە بۆ پیاوان قۆرخکراون، وەك مافی کارکردن لەبواری دادوەریی یان بواری کاری پۆلیسو هێزەچەکدارییەکان بەیەکسانی لەگەڵ پیاوان.

4. ئەنجامدانی خولی راهێنان بەشێوەیەکی رێکخراو لەپێناو هۆشیارکردنەوەی ژنان سەبارەت بەمافەکانیان، ئەو مافانەی لەرێکەوتننامەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژی ژناندا جێگیرکراون، هەروەها دەربارەی چۆنێتی مومارەسەکرنی ئەو مافانە لەگشت بوارەکاندا.

5. رەخساندنی هەل لەبەردەم ژنانی کەنداو تاوەکو وەك هاوڵاتییەکی کامڵ هاوشێوەی پیاوان لەگشت بوارەکانداو لەقەرزی ئیتمئنانو نیشتەجێبونو رەهنی خانوبەرەو ئەوانیتر، سودمەندبێت.

6. دەرکردنی یاسای تایبەت بۆ سنوردانان بۆ تاوانەکانی توندوتیژی خێزانیو لاقەکردنی ژنان، هەموارکردنی ئەو یاسا نیشتمانیيانەی کەتەرخانکراون بۆ جیاکاری یاسایی دژی ژنان، هەروەها کارکردن بۆ دروستکردنو پێکهێنانی دامودەزگا حکومیو تایبەتەکان بۆ دابینکردنی چاودێری تەندروستیو کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ژنانەی کەدەبنە قوربانی توندوتیژی کۆمەڵایەتی.



7. دانانی بڕیارلێدراوەکانی مافە خێزانییەکانو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بەمافەکانی ژنان لەپرۆگرامەکانی خوێندن لەقۆناغەکانی خوێندنی ئامادەییو زانکۆکاندا، ئەمەش بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری یاساییو مرۆیی. هەروەها هاندانی لێکۆڵینەوەو باسە مەیدانییەکانی پەیوەست بەژنانەوە، لەناو پەیمانگاو دەزگا زانستییەکاندا، ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی بۆ زانینو ئاگاداربون لەفاکتەرەکانی جیاکاری دژ بەژنان لەوڵاتانی کەنداودا.

لەوەی کە لەسەرەوە باسی لێوەکرا، بۆمان دەردەکەوێت کەتا ئێستاش دابونەریتە پێشینە کۆمەڵایەتییەکان رێگرن لەبەردەم پەیڕەوکردنی مافەکانی ژنان لەمەڕ یەکسانی لەبەرامبەر یاسادا، ئەمەش بەهۆی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە لەلایەن پیاوانەوە لەبڕیاردانی سیاسیدا، بەتایبەتی لەوڵاتە عەرەبییەکانی کەنداودا.

هەروەها گرنگی پرەنسیپی رەخساندنی هەلومەرج بۆ ژنانی کەنداو، بەدیهاتنێکی لاوەکییە لەبواری سیاسیدا، سەرەڕای بەردەوامی بەربەستە یاساییەکان، کەرێگرن لەبەردەم پراکتیزەکردنی مافەکانی مرۆۋ و ژناندا، ئەمەش پێویستی بەهۆشیارکردنەوەی ژنان هەیە لەگرنگی مافە یاساییەکانیان لەسەر بنەمایەکی راستو دروست، کەدوربێ لەتەوژمە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئاینییەکان، کەهەمویان کار لەسەر چەپاندنی رۆڵی ژنان لەکۆمەڵگەدا دەکەن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەئاینی ئیسلام جەخت لەسەر مافی یەکسانی لەهەموو مافە یاساییو ئاینییەکاندا لەگەڵ پیاواندا دەکاتەوە بەبێ جیاکاری لەسەر بنەمای رەگەزی.

لەلایەکیترەوە پێویستە ئاگاداربین لەوەی کەئاینی ئیسلام پێش چەندین سەدە پرەنسیپە یاساییو مرۆییەکانی دوپاتکردوەتەوە، وەك ئەوەی کەخوای گەورە لەسورەتی ( النساء )دا دەفەرموێت: "یا ایها الناس إتقوا ربکم الذی خلقکم من نفس واحدة و خلق منها زوجها و بث منها رجالاً کثیراً و نساءً و اتقوا اللة الذی تسألون به و الارحام إن الله کان علیکم رقیباً"، واتە ئەی خەلکینە لەو خودایە بترسن کەئێوەی لەیەك کەس دروستکردوەو هاوسەرکەشی لەو دروستکردوەو ژنو پیاوی زۆری لێخستونەتەوە.. ئاشکرایە کە بەم ئایەتە قورئانی پیرۆز کەدەستوری میللەتی موسڵمانانە جەخت لەسەر پرەنسیپی یەکسانی نێوان ژنانو پیاوان لەسەر بنەمای مرۆیی دەکاتەوە، ئەگەرچی رەگەزیان جیاواز بێت لەرووی نێرو مێ–وە.

هەروەها سورەتی (التوبە) چەمکی ئیسلامیانەی ئەم پرەنسیپە روندەکاتەوە، لەرێگەی لێپرسراوێتی وەرگرتن لەمەڕ ( فەرمانکردن بەچاکەو بەئاگاهێنانەوە لەخراپە – الامر بالمعروف والنهی عن المنکر) بۆ هەردوو رەگەزەکە لەپیاوانو ژنان ، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: "

المؤمنون و المؤمنات بعضم أولياء بعض يأمرون بالمعروف و ينهون عن المنكر و يقيمون الصلاة و يؤتون الزكاة و يطيعون الله و رسوله". [18]

لەسەر بنەمای ئەو ئایەتانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کەژنانو پیاوان هەردوکیان لێپرسراون لەچاکسازیکردن لەکۆمەڵگەدا، ئینجا راستکردنەوەو راپەڕاندنی کەئەمەش پێویستی بەبڵاوکردنەوەیەکی فراوانو تەواو هەیە لەهەموو کایەکانی پەروەردەو گەشەکردنو ئاڕاستەکردندا. وەك زانای ئیسلامی د. فهمی هوەیدی، رونیدەکاتەوە کەئەم بابەتە پێویستی بەخۆچەکدارکردنی ژنان هەیە بەو لێپرسراوێتییە گەورەیەی لەئەستۆیاندایە لەڕوی فێربونو زانستەوە، بەڵام پێویستە لەناوجەرگەی ریفۆرمەوە سەرچاوەبگرێتو ژنانیش هاوبەش بن لەدروستکردنو بڕیاردانداا.

هەروەها مامۆستا عەبدولحەلیم ئەبو شەفە لەمبارەیەوە دەڵێت زیاتر لە( 30) دەقی ناو کتێبی (صحيح بخاریو مسلم) هەیە سەبارەت بەبەشداربوونی ژنان لەهەموو کایە جیاوازەکانی ژیاندا سودمان پێدەگەیەنن، بەئامادەییو بەردەوامی پیاوان (واتە لەژێر سایەی تێکەڵبووندا)و ئەمەش بەواتای ئەوەی داوای رێگریکردن لەژنان بۆ بەشداری لەسیاسەتدا، هیچ کاتێك دەربڕی ئاینی ئیسلامو سونەتی پێغەمبەرەکەی (د.خ) نییە، بەڵکو ئەمە تەنها لەژێر کاریگەری دابونەریتە دواکەوتوەکانو نەزانینندایە.[19]

لەکوتایی ئەم باسەدا بۆمان دەردەکەوێت، کەوا مافی یەکسانبوونی ژنان لەبەرامبەر یاسادا، لەبەندی (41)ی پرۆگرامی کاری کۆنگرەی جیهانی چوارەمی ژنان لەساڵی 1995دا، تێیدا بەدەق هاتوە: راپەڕینی ژنان بۆ بەدیهێنانی یەکسانی لەنێوان ژنان خۆیانو پیاواندا، پرسێکی پەیوەندیدارە بەمافەکانی مرۆڤ و مەرجەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، دەبێت بەوشێوەیە تەماشای ژنانو پیاوان نەکرێت، وەك ئەوەی کەهەریەکەیان بەشێکی دابڕاو بێت لەبەشەکەیترو، بوترێت کێشەی ژنان، تەنها کێشەی تایبەتی خۆیانە، چونکە هەردوکیان تاکە رێگەو هۆکارن بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی بەردەوامو دادپەروەریو پێشکەوتنخوازانە . هەروەها توانای ژنان بۆ بەدیهێنانی یەکسانی لەگەڵ پیاواندا، دووەم مەرجی سەرەکییە بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئاسایشی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو رۆشنبیرییو ژینگەیی لەلای هەموو گەلو نەتەوەکان.

---

[18] – بیریاری ئیسلامی مامۆستا فەهمی هوەیدی، وایدەبینێ کەئەم ئایەتە پیرۆزە هەردو رەگەزی ژنانو پیاوان دەدوێنێت، لەسەر ئەوەی کە(هاوڕێی یەکن ) واتە ئەو دوو رەگەزە تەنها پیاوانو ژنانو سەرکردەو ژێر دەستەکان نین، وە هیچ رەگەزێك بەرزترو کەمتر نییە لەوەی تر، بەڵکو هەریەکەیان هاوکارو پشتیوانی یەکترین .

[19] – عبد الحليم أبو شفه، ژنان لەسەردەمی دابەزینی پەیامدا .



هاتنەکایەی ئاسایشی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەوڵاتانی کەنداو پێش هەر شتێك پێویستە ددان بەمافی یەکسانی ژنو پیاودا لەبەرامبەر یاسادا لەگشت بوارەکاندا بنرێت، لەبەرئەوەی یەکێکە لەمافە سەرەکییەکانی مرۆڤ و مەرجێکە بۆ بەدیهاتنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی کەوڵاتانی کەنداو بەپایەیەکی سەرەکی کۆمەڵگەی دادەنێن، لەبەرئەوەی دادپەروەریو ئازادییو یەکسانی هۆی پێشخستنو پشتیوانی کۆمەڵنو پێویستە حکومەت بەبێ ترسو دڵەڕاوکێ بۆ چەسپاندنی دیموکراسی لەکۆمەڵگەدا دەستەبەری بکا ! ! تەنانەت ئەگەر هەڕەشەش بێت لەسەر بەرژەوەندی کۆمەڵێك رێکخراوو ئاراستەی توندڕەوی ئایینی.

## بەشداری سیاسیانەی ژنان، یەمەن وەك نمونە

رەنا غانم

### پێشەکی

سەرەڕای جیاوازی لەنێوان وڵاتە عەرەبیەکاندا لەڕوی ئارامی ناوخۆییو ئاستی ئابوریو کرانەوەی کۆمەڵگەو بنیاتنانی بەرنامەی دیموکراسی... تد، کەچی شێوەی ژیانی ئەم وڵاتانەو بەرەنگارییە بەردەوامو هاوبەشەکانیان، وایکردوە کەکۆی ئەو کێشانە یەك کێشەبن، ئەگەرچی لەئاستی توندوتیژییەکەیاندا جیاوازبن، بەڵام لەروی جۆرەوە هەریەکن.

لەگرنگترینی ئەو کێشانەی کەناوچە عەرەبەکان پێوەی دەناڵێنن، گرفتی نائامادەیی ژنانە (نیوەی کۆمەڵگە) بۆ بەشداریکردن لەژیانی گشتیدا، ئەمەش بووەبەهۆی بەشدارنەبونیان لەداڕشتن‌و وێناکردنی سیاسەت‌و ستراتیژەکان، کەدواجار کاریگەری‌و کاردانەوەکانی روبەڕوی ژنان دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی کەدەستیان هەبێت لەدانانیدا.

لەبەر ئەوەش واپێویست دەکات ژنانی وڵاتە عەرەبەکان ئاڵوگۆڕی ئەزمون‌و شارەزاییەکانیان سەبارەت بەکاروانی خەباتیان بگۆڕنەوە لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانیان‌و بەشداری کارایان لەکۆمەڵگەکانیاندا، تاوەکو خۆیان‌و هەموو خەباتکارانی رێگەی بەدیهێنانی دادپەروەری‌و دیموکراسییەت لەوڵاتە عەرەبییەکاندا لەگشت هۆکارەکانی سەرکەوتن‌و هۆکارەکانی شکستهێنان سودمەندبن، بۆ گەیشتن بەو دورکەوتنەوە یان یەدەککردن لەهۆیەکانی شکستهێنان.

ئەم باسەش هەوڵی پێشکەشکردنی وێنەیەکی کورتی ئەو ئەزمونەی بەشداربوونی ژنان لەسیاسەتدا لەوڵاتی یەمەن روندەکاتەوە، واتە ئەو وڵاتەی کەبەدواکەوتوترین‌و هەژارترین وڵاتی عەرەبی دادەنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشەنگی هەندێك لەوڵاتە عەرەبەکانە لەروی پرسی بەشداری سیاسیانەی ژنان‌و بەتایبەت لەباشوری وڵاتدا (پێشوو).

ئەمەی خوارەوەش بەشێوەیەکی کورت‌و پوخت ئەزمونی بەشداربوونی سیاسیانەی ژنان لەیەمەن روندەکاتەوە لەرێگەی ئەم تەوەرانەوە:

1) پێناسەی چەمکی بەشداری سیاسی.

2) کورتەیەکی مێژویی بەشداری سیاسی ژنان لەیەمەن، ئەم لقانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ) بارودۆخی ژنان لەباکوری یەمەن لەپێش یەکگرتنەوەدا.

ب) بارودۆخی ژنان لەباشوری یەمەن لەپێش یەکگرتنەوەدا .

ج) بارودۆخی ژنان لەکۆماری یەمەن لەکاتی یەکگرتنەوەی هەردوو بەشەکەدا .

3) رێگرو کۆسپەکانی بەردەم بەشداری سیاسی ژنان لەیەمەن.

4) ئەو هۆکارو شێوازانەی کەپشتگیری بەشداری سیاسیانەی ژنانانیان کردوەو دەیکات.

5) ژنانی عێراقی چۆن دەتوانن سود لەم ئەزمونەی وڵاتی یەمەن وەربگرن؟

**یەکەم: پێناسەی چەمکی بەشداری سیاسی:**

سەرەتا پێویستە ئەو چەمکە بنەڕەتییە روونبکەینەوە کەئەم باسە خۆی بۆ تەرخانکردوە، چەمکی بەشداری سیاسی (بەشداری سیاسی بەهەموو ئەو چالاکیانە دەوترێت کەخواستی کەسێکی ئازاد ە



ئەنجامی بدات بەمەبەستی هەڵبژاردنی فەرمانڕەواو نوێنەرەکانی‌و، بەشداربونی لەدروستکردنی سیاسەت‌و بڕیارەکاندا بەشێوەی راستەوخۆو ناراستەوخۆ).[20]

بەڵقیس ئەبو ئەسبەع بەمشێوەیە پێناسەی چەمکی بەشداری سیاسیانەی ژنان دەکات: بریتییە لەبەشداریکردنی ژنان لەئاستە جیاوازەکانی ئیشکردن‌و سیستمی سیاسیدا بەبێ جیاکاری یان لایەنگریکردن، لەنمونەی ئەمەش مافی ژنان لەگرتنەدەستی پۆستە سیاسییە گشتییەکان‌و مافی ئەندامبون لەپارتە سیاسی‌و دەستەی رێکخراوە تایبەت‌و خۆبەخشەکانداو، مافی خۆپاڵاوتن‌و دەنگدان لەهەڵبژاردنەکان، گفتوگۆکردن لەسەر کێشە گشتییەکان لەوڵاتدا.[21]

لەو دوو پێناسەیەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کەبەشداری سیاسی ژنان واتە هەبونی ویست‌و ئازادی بۆ ژنان بۆ بەشداریکردن لەوێناکردن‌و داڕشتنی سیاسەت‌و ستراتیژو بڕیارە پەیوەندیدارەکان بەکاروباری گشتی وڵاتەوە، هەروەها ئامادەیی بەردەوامی ژنان لەکۆی پەیکەربەندی دەسەڵاتە جیاوازەکانی یاسادانان‌و جێبەجێکردن‌و دادوەریی لەوڵاتدا، ئامادەیی لەناو لایەن‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا چ وەك پاڵێوراو یان دەنگدەر.

ئێستاش کورتەیەکی بەشداری سیاسیانەی ژنانی یەمەن روندەکەینەوە.

**دووەم : کورتەیەکی مێژویی بەشداری سیاسی ژنان لەیەمەندا :**

وڵاتی یەمەن ماوەیەکی زۆر بوو لەدوو بەشی سەربەخۆدا دەژیاو، هەر بەشەو بارودۆخێکی تایبەت‌و جیاواز لەویتری هەبوو، لەبەشی باکوریدا ( ئیمامە موتەوەکیلیەکان) فەرمانڕەواییان دەکرد، کەدوچاری داخرانێکی توندو بڵاوبونەوەی هەژاریی‌و نەزانی‌و دواکەوتنێکی بێسنور ببوون، بەڵام دەسەڵاتی داگیرکاری بەریتانی دەستی بەسەر بەشەکەی باشوریدا گرتبوو. پاش بەرپابونی شۆڕش لەهەردوو بەشەکەدا واتە لەساڵی 1962 لەباکورو ساڵی 1963 لەباشور، دواجار فەرمانڕەوایکردنی هەردوو بەشەکە بەشێوەیەکی جیاواز، کەسیستمی فەرمانڕەوایی لەبەشی باشوری وڵاتدا بەلای سۆشیالیزمی چەپدا دەچوو، کەچی لەبەشەکەی باکوردا هێزە کۆمەڵایەتییە تەقلیدیە موحافیزکارەکان جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوەبوو. لەبەرئەو جیاوازییەی دەسەڵات

---

[20] – عبد الحكيم الشرجي ، بەشداری سیاسی ژنانی یەمەن . دەرکردنی ناوەندی زانیاری و ئامادەیی مافەکانی مرۆڤ 2003 لا: 71

[21] – بەڵقیس أبو أصبع . کۆنگرەی یەکەمی دیموکراتی ژنانی عەرەب ( 11– 13 دیسەمبەر 2004) ( لاپەڕەی کار. بڵاوکراوەی کۆنگرەی خوشکانی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ چاپی یەکەم/ 2005 لا 179

لەکاتی یەکگرتنەوەدا گۆڕانێکی فراوان لەهەردوو بەشەکەدا بەسەر بارودۆخی ژناندا هات، لێرەدا واپێویست دەکات کەباکگراوندێکی مێژوویی لەسەر هەردوو بەشەکە باسبکەین:

## أ) بارودۆخي ذنان لەباكوري يەمەن ثيش يەكطرتنەوة:

ئەو دواکەوتوییو نەزانینە کوشندەیەی باکوری یەمەنی تێدادەژیا لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئیمامەکاندا، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هاوڵاتیان بەشێوەیەکی گشتی هەبوو، چونکە لەو ماوەیەدا نەخوێندەواریو دورەپەرێزی لەجیهانەوە باڵی بەسەردا گرتبون، وەك هەڵگیرسانی شۆڕش لەساڵی 1962دا، کەبوو بەهۆی دەرکەوتنی هەندێ لەرووکارەکانی نوێبونەوە لەوڵاتدا، لەهەمویان گرنگتر کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان بوو، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی لەسەرەتای هەفتاکاندا ژنان بێنە نێو مەیدانی فێربونەوە بەشێوەیەکی ئاشکراو، دواجار ژنان بەشدارییان لەکۆمەڵگەدا کرد.

بەڵام بەپێی یاسای ژمارە ( 7) ی ساڵی 1963، دەسەڵات لەباکوردا دامەزراندنی پارتی قەدەغەکردبوو، کەدواتر بوو بەهۆی دروستبوونی چەند پارتێکی نهێنی بەبێبەشداری ژنان. لەکاتی کردنەوەی زانکۆی (صنعاء )دا کۆمەڵێك لەژنان هاتنە نێو مەیدانی خوێندنەوە، کەئەمە بەیەکەمین هەنگاو دادەنرێت بۆ شکاندنی ئەو دورەپەرێزییەی نێوان ژنانو پیاوانو، بەشداربوونی کۆمەڵێك لەژنان لەپارتە سیاسییەکاندا، گەورەترین بەشداری کچانی خوێندکار لەکاری حزبیدا بۆ سەرەتای هەشتاکان دەگەڕێتەوە لەلایەن برایانی موسوڵمانەوە ( ألاخوان المسلمين) لەپشت پەردەی ( یەکێتی خوێندکارانی یەمەن)دا.[22]

هەر لەئەنجومەنەکانی جێبەجێکردن کە لەساڵی 1962دا پێکهێنرا تاوەکو یەکگرتنەوەی هەردوو بەشەکەی ساڵی 199.، و هەروەها هەموو دەزگا دیاریکراوو هەڵبژێردراوەکانی یاسادانان (التشريع) کەدەسەڵات دروستی کردبوون، هەمو ئەمانە خاڵیبوون لەبەشداریکردنی ژنان ،جگە لەتەنها ژنانێك کە لەساڵی 1983دا لەنێوان (75) ئەندام لەلیژنەی هەمیشەیی (لیژنەی ناوەندی) لەکۆنگرەی گشتی گەلدا لەسەر لیستی پارتی دەسەڵاتدار دامەزرا.[23]

## ب) بارودۆخي ذنان لەباشوري يەمەن ثيش يەكطرتنەوة:

22 عادل الشرجي . بەشداری سیاسی ژنانی یەمەن. لێکۆڵینەوەیەکی رۆشنبیری مێژوویی لەژێر تیشکی تیۆری جۆری کۆمەڵایەتی. ( لاپەڕەی کار) پێشکەشە بەدانیشتنی راوێژکاری نیشتیمانی لەگەڵ ژنە کاندید کراوەکانی پارلەمان لەیەمەن 27 ئەپرلی 2002. دەرکردنی کۆنگرەی خوشکانی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ ( چاپی یەکەم، سێبتەمبەری 2005 لا: 31 .

23– سەرچاوەی پێشو لا : 32



ژنانی یەمەن لەباشور بەختێکی باشتریان هەبوو لەژنانی باکور، چونکە سەرەڕای دەسەڵاتی داگیرکاری بەریتانیا لەناوچەکەدا، هەندێ لەڕووکارەکانی نوێبوونەوە بەباشورەوە دەبینرا، کەبێگومان رۆڵێکی ئاشکرای هەبوو لەبەشداربوونی ژنان لەژیانی گشتیدا. سەرەتای دامەزراندنی قوتابخانە لەو وڵاتەدا لەساڵی 1918ەوە دەستی پێکرد کەتەنها تایبەت بوو بەکوڕان، کچانیش لەقوتابخانە کلاسیکییەکاندا فێردەکران، تاوەکو ساڵی 1935 دەسەڵاتی بەریتانیا یەکەمین قوتابخانەی بۆ کچان کردەوە، پاشان یەکەمین کۆلێژی تایبەت بەکچان لەساڵی 1955دا کرایەوە، هەروەك چەندین کۆمەڵەی خێرخوازیو یانەی رۆشنبیریو رێکخراوە جیاوازەکانو پارتی سیاسی تر دامەزران، لەنێوانیاندا (دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ژنان)، هەروەها چەندین سەندیکای کرێکاری تر دەرکەوتن کەدواتر کۆنگرەی (عەدەن) بۆ سەندیکاکانی جیهان لەساڵی 1956دا دامەزرا، ئەمەش بەیەکەمین سەندیکا دادەنرێت کەداوای ئازادکردنی ژنانو لابردنی حیجابو مافی یەکسانی لەگەڵ پیاواندا دەکرد، بەڵام بێگومان کەژنانی یەمەن لەچلەکانو پەنجاکاندا لەباشوری وڵات توانیان لەمافە مەدەنیو ئابوریيو رۆشنبیرییەکان، بەهرەمەندبن جگە لەمافی بەشداری سیاسی.[24]

وەك چۆن ژنان بەشدارییان لەشێوازە جیاوازەکانی خەباتو تێکۆشاندا (خۆپیشاندانو یەکگرتنو مانگرتنو خەباتی چەکداریو ..هتد) کردوەو، رۆیشتونەتە ناو (بەرەی نیشتمانی بۆ رزگارکردنی باشوری یەمەن) کە بەدیارترینی ئەو رێکخراوە سیاسیانە دادەنرێت بۆ خەباتکردن، لەناو ئەو بەرەیەشدا نزیکەی (70) ئەندامی ژن هەبوون.[25]

هەروەها پاش هەڵگیرسانی شۆڕش لەباشوری وڵاتو دامەزراندنی یەکێتی ژنانی یەمەن لەساڵی 1968دا چەندین ئاراستە دەرکەوتن بۆ یەکسانی نێوان ژنانو پیاوان،جارێکیتر دەستوری ساڵی 1970 دانرا، بۆ ئەوەی ببێتە دوپاتکردنەوەی راستەخۆ بۆ مافە یەکسانەکانی ژنان لەهەموو کایە ئابوریيو کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانداو، چەندین بەندی تایبەتو ئاشکرای تیابوو کەوڵاتی ناچارو دەکرد پابەند بێت بەبەدیهێنانی یەکسانیو دۆزینەوەی هەلی یەکسانو هاوتا لەنێوان هەردوو رەگەزەکەدا، پاش ئەوە چەندین یاسای تر بۆ جەختکردنەوە لەسەر یەکسانی ژنانو پیاوان

24– سەرچاوەی پێشو لا : 28، 18، 14

25– عبدولقادر بەنا: بەشداری سیاسی ژنانی یەمەن لەنێوان بەربەستە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکاندا، وە ئیزدیواجیەتی پرۆسەی دیموکراتی . لیژنەی نیشتیمانی ژنان، 2003.

دەرکران، بەتایبەتی یاسای (1)ی (خێزان)ی ساڵی 1974.[26] کەهەندێك کەس تا ئەم دواییەش بەباشترینو چاکترین یاسایان دادەنا لەناوچە عەرەبیەکاندا کە لەبارەی خێزانەوە دەرکرابێت، لەمایۆی 1984 وڵاتی یەمەن پەیاننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژ بەژنان–ی مۆرکردوە، بەبێ هیچ بەرەنگارییەك تەنها لەبەندی (29)دا نەبێت کەتایبەتە بەمافی دادوەریکردنو، لەدەستەی رێبەرانی پارتی دەسەڵاتداردا ژنان رێژەی (4.4٪ )یان پێکهێناوە لەکۆی ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی ساڵی 1974.

هەروەها بەشداری پۆزەتیڤانەی ژنان لەلایەن دەسەڵاتەوە بەبەردەوامی پشتیوانی لێکراوەو، ژنانیش لەهەموو بوارە جیاوازەکاندا بەشداریانکردوەو، رۆیشتونەتە نێو کایەکانی دادگاو سوپاو پۆلیسو.. تد. هەروەك ژمارەی ژنان لەئەنجومەنی باڵای گەل (پارلەمان)دا دەگاتە 11 ئەندام، واتە بەڕێژەی ( 10٪)ی نوێنەرانی ئەنجومەنەکە پێش یەکگرتنەوەی هەردوو بەشەکەی ساڵی 1990.

## ج ) بارودۆخی ژنان لەیەمەن لەکاتی یەکطرتنەوەدا ساڵی 1990:

گەلی یەمەن لەهەردوو بەشەکەدا گەشبین بوون بەیەکگرتنەوەی راستەقینە، بەتایبەتی کەهەڵگری دروشمەکانی وەك بونیاتنانی دیموکراسیو فرەحزبی سیاسی بوون، کەپێشتر لەهەردوو بەشەکەدا قەدەغەکرابوو، هەروەها ژنانی باکور زۆر دڵخۆشو گەشبین بوون بەم یەکگرتنەوەیە، چونکە بڕوایان وابو کەهەموو ئەو پێشکەوتنو نوێبونەوەیەی لەباشوری یەمەندایە، بەشەکەی باکوریشی دەگرێتەوە لەکاتی یەکگرتنەوەکەدا.

پاش یەکگرتنەوەکە پارلەمانێك پێکهێنرا لەئەندامانی پێشوی پارلەمان لەهەردوو بەشەکەدا (باکورو باشور)، لەم پارلەمانە تازەیەشدا ( 11) ژن بون بەئەندامی ئەنجومەنی باڵای گەل (کەپێشتر ئەندام پارلەمان بوون لەبەشی باشوردا )، بەڵام ئەم ژمارەیە لەیەکەمین هەڵبژاردنی نوێنەران لەساڵی 1993دا، کەمبووەوە بۆ دوو ئەندام پارلەمان (کە لەژنانی پارێزگاکانی باشور بوون) لەکۆی ( 301) ئەندام پارلەمان بەهەردوو رەگەزەکە، وە لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی 1997یشدا ژمارەی ئەندامە ژنەکان هەروەك خۆی مایەوەو کە(لەژنانی پارێزگاکانی باشور بوون)، پاشان لەهەڵبژاردنەکانی 2003دا تەنها یەك ئەندام ژن هاتە نێو پارلەمانەوە کە(لەژنانی پارێزگاکانی باشور بوو )، هەروەها لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی ناوخۆدا پاش یەکگرتنەوەکە لەفێبرایەری 2001دا (120) ژن خۆیان پاڵاوتبوو، بەڵام تەنها (38)یان سەرکەوتن بۆ ئەندامی

[26]– سەرچاوەی پێشو لا : 13



ئەنجومەنەکانی ناوخۆ کەژمارەی ئەندامەکانی لەسەرو ( 700) ئەندامەوە بوون بەپیاوو ژنەوە. هەروەها لەئەنجومەنی راوێژکاریدا کەئەندامەکانی تێدا دیاریدەکرا، تەنها دوو ئەندامی ژنی لەخۆگرتبوو لەکۆی ( 111) ئەندام بەپیاوانو ژنانەوە، بەڵام هیچ ژنێك دیارینەکرا لەپێکهاتە جیاوازەکانی حکومەتدا لەکاتی یەکگرتنەکە بەدواوە، تاوەکو ساڵی 2001 کەبۆ یەکەمجار ژنێك لەپۆستی وەزیری وڵاتدا دانرا. هەروەها لەپێکهاتەی ساڵی 2003دا ژنێکیتر بۆ وەزیری مافی مرۆڤ دەستنیشانکراو لەدوایدا بوو بەیەکەم ژنی باڵیۆز لەوڵاتی یەمەندا، بەڵام پۆستەکەی پێشوی ( وەزیری مافی مرۆڤ)ی لێسەندرایەوە. ئەم ژنەش تا ساڵی 2005 باڵیۆزی یەمەن بوو لەوڵاتی تورکیا.

هەروەها دەستوری دەوڵەت جەخت لەسەر مافی یەکسانبوونی هەموو هاوڵاتیان دەکاتەوە بەبێ جیاکاری رەگەزیی یان ئاینی یان زمان، بەڵام لەراستیدا ئەم بەندەی دەستور دانراوە بۆ ئەوەی جیاکاری نەکات بەهۆی رەگەز یان ئاین یان زمانەوە، لەساڵی 1994دا هەڵوەشێنرایەوەو، لەجیاتی ئەوە بەندێك دانرا کەتەنها دەڵێت : "هەموو هاوڵاتیان یەکسانن لەمافو ئەرکەکانیاندا. هەڵوەشاندنەوەی ئەم بەندەش بەهۆی جەنگی هاوینی ساڵی 1994ەوە بوو، لەگەڵ دەرکەوتنی هاوکارێکی تازەی دەسەڵات کەئەویش پارتی ریفۆرمخوازی کەخاوەنی تەوژمو هەژمونێکی ئاینی بوو.

سەرەڕای دەرکەوتنی چەندین یاساو بڕیار لەوڵاتی یەکگرتودا کەرێگەی بەژنان دەدا بۆ بەشدارکردن لەکاری سیاسی لەوڵاتدا، بەڵام ئەم یاسایە بەشێوەیەکی گشتیو تەواو نەگەیشتوە بەو ئاستەی کەپێشتر ژنان لەیەمەنی باشوردا پێیگەشتبوون، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەریە گەورەیەی کەهێزە تەقلیدییەکان لەباکوردا دروستیان کردبوو کەزیاتر لەهێزە خێڵەکیو ئاینیەکاندا خۆی بەرجەستەدەکات.

لەکاتی یەکگرتنەوەی دوو بەشەکەو راگەیاندی فرەحزبی سیاسیدا، ژنان هاتنە نێو پارتە سیاسییەکانو توانیان بەڕێژەی جیاواز لەناو لیستی هەمو پارتە سیاسییەکاندا دەربکەون، بەڵام رێژەی ئامادەیی ژنان لەناو دەسەڵاتی رێبەری حزبەکاندا بەشێوەیەکی گشتی لە( 2٪) تێپەڕی نەکرد، وە بەرزترین رێژەی ئامادەبوونی ژنان (سەربەری سنورداریيە گەورەکان) لەناو دەستەباڵاکانی رێبەرانی پارتی سۆشیالیزمی یەمەندا بوو. هەروەها بەرزترین پۆستی رێبەرایەتیکردن کەپۆستی یارمەتیدەری ئەمینداری گشتی بوو لەناو هەمان حزبی سۆشیالیزمی یەمەندا کەژنێك توانی ساڵی 2005 لەهەڵبژاردنە کۆتاییەکانی پارتی سۆشیالیزمی یەمەندا بەدەستیبهێنێ، وە لەناو وڵاتی یەکگرتوی یەمەندا، ژنان نەیانتوانی رێژەی خۆیان لەبواری

دادوەریدا زیادبکەن‌و ژمارەکەش وەکو خۆی مایەوە، جگە لەو ژنە دادوەرانە کەتەنها لەباشوردا کاریاندەکرد، بەڵام تا ئێستا هیچ ژنێك نەیتوانیوە بچێتەبەر خوێندن لەپەیمانگای باڵای دادوەری‌و کارکردن لەم بوارەدا، لەسەرەتای ساڵی 2000دا ژنان توانیان بچنە نێو بواری پۆلیسی سەربازییەوەو چەند بەشێك لەپۆلیسی ژنان دەرچون کەزیاتر کاریان پاراستن‌و پشکنینی ژنان بوو، سەرەڕای زۆربونی ژمارەی ژنان کە لەشێوە جیاوازەکانی کارکردن‌و خزمەتکردندا دامەزران، بەڵام هێشتا ژمارەیان کەمە، بەتایبەتی لەناوەندەکانی بڕیاردانداا. هەروەها پاش یەکگرتنەوەکەش چەند بەشێك لەرێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەرکەوتن لەنێوانیاندا رێکخراوەکانی ژنان کەکێشەکانی ژنانیان دەردەخست‌و داوای مافەکانی ژنان‌و بەشداری سیاسیان دەکرد، بۆ ئەم مەبەستەش هەندێ چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە.

ئەمانەی خوارەوەش گرنگترینی ئەو رێگرانەن کەرووبەڕووی ژنان بوونەتەوە لەروی توانستی سیاسییانەوە لەوڵاتی یەمەندا، ئەو میکانیزم‌و کارانەی کەگیراونەتەبەر بۆ بەرەنگاربونەوەی رەهەندە چالاکەکانی ئەم شێوازو میکانیزمە.

## سێیەم: رێگرو کۆسپەکانی بەردەم بەشداری سیاسی ژنان لەیەمەندا:

1) بەرزبونەوەی رێژەی نەخوێندەواری لەکۆمەڵگەدا، بەتایبەتی لەناو توێژی ژناندا، کەسەرژمێرییە فەرمییەکان ئاماژە بەوەدەکەن کەسێیەکی نەخوێندەواران ژنانن.

2) دەرکەوتن‌و بەهێزبوونی هێزە تەقلیدییەکان کەدەبنە هۆی زیاتربونی دەسەڵاتی خێڵەکی‌و شێخەکان‌و هێزە ئاینییە توندڕەوەکان، بەتایبەت پاش نەمانی هاوسەنگی لەدەسەڵاتدا بەهۆی پارتی سۆشیالیزمی یەمەنییەوە لەپێش جەنگی هاوینی ساڵی 1994وە، دواتر لەدەسەڵات دەرکردنی ئەو پارتە، وە هاوپەیمانێتی بەستنی پارتی دەسەڵاتدار ( کۆنگرەی گشتی گەل) لەگەڵ پارتی ریفۆرمخوازدا کەزیاتر لەتەوژمە ئاینییەکاندا خۆی بەرجەستەدەکرد، پاشان گەڕانەوەی (پارتی کۆنگرەی گەل) بەتەنها بۆ سەر دەسەڵات لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی 1997دا .

3) لاوازی رۆڵی پارتە سیاسییەکان بەرامبەر بەژنان‌و کێشەکانیان، هەروەها کەمی ژنان‌و کاریگەرییان لەنێو پارتە سیاسییەکاندا.

4) لاوازی بزوتنەوەی ژنان لەیەمەن بەگشتی.

5) دودڵی ئیرادەی سیاسی لەیەمەندا بۆ دەرکردنی بڕیارو سیاسەتی پشتیوانیکردن لەژنان .

6) سیستمی هەڵبژاردن بەشێوەی بازنەییە، لەم سیستمەشدا هیچ کاریگەرییەك لەسەر زیادکردنی نوێنەرایەتی کردنی تاکەکەس نییە کەخاوەنی پشتگیری‌و دەسەڵات بن، لەبەر ئەوەش دەستەو تاقمە لاوازەکانیتری کۆمەڵگە بەگران دەتوانن خاوەنی نوێنەری راستەقینەی خۆیان بن.



7) جیاکاری پیاوان‌و ژنان لەهەموو شێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

8)پرۆگرامەکانی خوێندن پشتیوانی لەبەشداری ژنان لەژیانی گشتیدا ناکەن، بەڵکو پشتگیری هەمان وێنەو رۆڵە ئاساییەکانی ژنان دەکەن وەك کابانی ماڵەوە.

9) راو بۆچونە ئاینی‌و توندڕەوەکان، مانەوەی ژنان لەماڵەوە بەگرنگتر دەزانن، ئەو داواو بانگهێشتانەی کەدەکرێن بۆ هاتنە دەرەوەی ژنان‌و بەشداریان لەکۆمەڵگەدا، بەبانگهێشتی داگیرکارانی بێگانە دەزانن، کەهەوڵی لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگەو تێکدانی بنچینەی خێزان دەدەن.

10) لاواز بوونی ئەو پەراوێزە دیموکراسییەی کە لەوڵاتدا هەیە، ئەمەش بەلاواز کردن‌و نەهێشتنی پارتە سیاسیەکانیترو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەنێوانیشیاندا رێکخراوە ماف پەروەرەکان، کۆنترۆڵکردنی نەقابەو یانەو کۆمەڵە گشتییەکان بەشێوەی جیاواز، کەبێگومان هەموو ئەمانەش زیان لەبنچینەکانی دیموکراسی دەدەن‌و دەبنە هۆی لاوازکردنی رۆڵی ژنان لەدەرخستنی کێشەو پێویستییەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەت کێشەکانی ژنان خۆیان.

11) لاوازی دامەزراوەکانی راگەیاندن لەدەرخستنی کێشەی ژناندا، جگە لەمەش ئەم دەزگایانە کار بۆ پیشاندانی وێنەی کۆن‌و لاوازی ژنان.

12) ئەو یاسا جیاکارییانەی شایستەیی بەژنان نادەن لەروی هاونیشتمانی تەواوەتی‌و یەکسانیان لەگەڵ پیاواندا.

## چوارەم/ ئەو هۆکارو شێوازانەی کەچەسپاندنی بەشداری سیاسیانەی ژنانی کردووەو دەکات:

### 1. چەسپاندنی دەسەڵاتی سیاسی پێشوو لەژنان لەباشوردا:

بێگومان لەباکگراوندە مێژوییەکەدا بۆمان روونبوەوە کەچۆن ژنان لەپێش یەکگرتنەوەکەدا، چەند مافێکیان بەدەستهێنابوو، هەنوکە (لەکاتی یەکگرتنەوەدا) خەونی پێوەدەبینن‌و هۆکاری پێشکەوتنی ژنان لەپێش یەکگرتنەوەدا، بوونی ئیرادەیەکی بەهێزی سیاسی بوو، کە بەشێوەیەکی کارا کاریدەکرد لەسەر یارمەتیدانی ژنان‌و هەڵوەشاندنەوەی یاسا جیاکارییەکان‌و گۆڕینیان بەکۆمەڵە یاسایەك کەدادپەروەری‌و یەکسانی بۆ ژنان بەدیدەهێنا. رونیشمانکردەوە کەچۆن ئەو دەستکەوتانەی ژنان لەباشوردا بەدەستیانهێنابوو، ئێستا لەژێرسایەی یەکگرتندا پاشەکشەیان کردوەو پوکاونەتەوە، بێگومان هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەمانەی لای خوارەوە:

- نەبوونی دیموکراسیەت لەباشوری یەمەندا پێش یەکگرتنەوە، بووبەهۆی دەرکەوتنی یەك دەنگو یەك تێڕوانین، ئەمەش تەنها دەنگی پارتی دەسەڵاتدار (پارتی سۆشیالیزمی یەمەن)ی بوو. ئەو دەسەڵاتەی کەپارتی دەسەڵاتدار

پیادەیدەکرد، یارمەتی‌و هاوکاری ژنانی نەدەکرد لەپێناو داخوازییەکانی گەلدا نەبوو، هەروەها هەڵقوڵاوی پێویستی‌و بڕواکانی گەل نەبوو، بەڵکو بەشێوەیەکی هەرەمی بەسەر خەڵکیدا سەپێنرا بوو. هەر لەپاش گۆڕانی جیهانبینی سیاسی وڵاتەوە، ئەوانیش گۆڕانیان بەسەردا هات‌و وازیان لێهێنرا، ئەم دۆخەش دەتوانین بەشێوەیەکی ئاشکرا لەشەقامەکانی عەدەندا هەستی پێبکەین کەزۆربەی ژنانی ئەوکاتە لەجلوبەرگدا ئازادبوون، بەڵام ئێستاو لەپاش جەنگی هاوینی ساڵی 1994 بەدواوە، زۆربەی ژنان حیجابیان پۆشیوە، تەنانەت ڕەنگە ڕەشەکەی ئەو حیجابە لەگەڵ بەرزی پلەی گەرمای ناوچەی عەدەندا ناگونجێت.

- کاریگەری هێزە ئاینییەکان لەهەموو ناوچە عەرەبییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی پەرەیسەندبوو، بەتایبەتی لەیەمەندا کەبیروباوەڕی هێزە ئاینییە توندڕەوەکان، بەتەواوی لەگەڵ بیروباوەڕی هێزە خێڵەکی‌و شێخە تەقلیدییەکان لەباکوری یەمەندا دەگونجا، هەروەها لەئەنجامی دەسەڵات گرتنەدەستی ئەم هێزانە لەیەمەن لەپاش یەکگرتنەوەدا، بەتایبەت لەساڵی 1994، سەرەڕای زۆری ژمارەی دانیشتوانی باکور کە بەنزیکەی 1.4 دەخەمڵێنرێت، هەموو ئەمانە بووە بەهۆی گواستنەوەی بیروباوەڕی خەڵکانی باکور بۆ باشور، نەك بەپێچەوانەوە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت بڕیاری سیاسی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر گۆڕینی بیروڕاو هۆشیاری گەل بەگشتی، بەرامبەر کێشەکانی ژنان‌و، ڕێگە بەهەموو هێزو تێڕوانینە سیاسییەکان بدەین بۆ دەربڕینی جیهانبینی تایبەتی خۆیان، بۆ ئەوەی دەستبەرداری هەموو ئەو دەستکەوتانە نەبین کەژنان بەدەستیانهێناوە، ئەگەربێتو بەتەنها دەسەڵات یان سیستمی فەرمانڕەوایی بگۆڕێت.

### 2. ثێكهيَناني ريَكخراوة جياوازةكاني كؤمةلَطةى مةدةني، لةنيَوياندا ئةو ريَكخراوانةى كةلةبواري مافةكاني مرؤظدا كاردةكةن:

سەرەڕای لەناوچونی ئەو پەراوێزەی دیموکراسی کە بەهۆی نەبونی هاوسەنگی لەدەسەڵاتدا پاش یەکگرتنەوە دەرکەوت، ژنان سودێکی زۆریان لەپەراوێزی دیموکراسی وەرگرتوەو ڕێگەیان پێدراوە بۆ پێکهێنان‌و کارکردنی ڕێکخراوە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چەندین ڕێکخراوی جیاوازی ژنان دامەزراوە، هەروەك چەند ڕێکخراوێکی تایبەتی تریش بەمافەکانی مرۆڤ دامەزراوە، هەندێکیان جەخت لەسەر مافەکانی مرۆڤ دەکەنەوە، هەروەها چەندین چالاکی‌و کۆنگرەی تایبەتیان بەستووە لەسەر بەشداری سیاسی ژنان، ئەمانەش بێگومان کار دەکاتە سەر تێڕوانینی دەسەڵات‌و ڕای گشتی. لەگرنگترین ئەو کۆنگرانەش (یەکەم کۆنگرەی دیموکراتی ژنانی عەرەب)



بوو کە لەعەدەن بەسترا، ڕێکخستنی کۆنگرەکەش لەلایەن کۆنگرەی خوشکانی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤەوە بو( منتدى الشقائق العربى لحقوق الانسان)، بەهاوکاری هەریەك لەباڵێۆزخانەی هۆڵەنداو ڕێکخراوی پیشتگیری پەرەپێدانی دیموکراسی NED وە لەژێر دروشمی: (توانای سیاسی ژنان هەنگاوێکی پێویستە بۆ ریفۆرمی سیاسی لەنیشتمانی عەرەبدا).

ئەو کۆنگرەیەش لەلایەن ڕێبەرای سیاسی لەیەمەن گرنگییەکی تایبەتی پێدرا، تەنانەت سەرۆکی وڵات بانگهێشتی هەموو ژنانی کرد بۆ چاوپێکەوتنیان‌و جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کەدەسەڵات لەیەمەندا لەگەڵ تواناو یارمەتی ژنان دایە، بەڵام هیچ بەڵێنێکی لەمبارەوە پێنەدان، هەرچەندە ئەو چالاکی‌و کۆنگرانە هیچ کاریگەریەکی ڕاستەوخۆیان نەبوو، بەڵام گرنگییەکەی لەرووی زیادبونی لایەنگرو ڕونکردنەوەی تێڕوانین‌و بێزارکردنی زیاتری دەسەڵات‌و پارتە سیاسییەکان بوو بۆ مامەڵەکردنێکی باشتر لەگەڵ کێشەکانی ژناندا.

### 3. بةيةكطةيشتني ذنان لةناو ثارتة سةرةكيية جياوازةكاندا دةربارةى كيَشةي ذنان:

بۆ یەکەمجار لەیەمەن‌و بەهاوکاری پەیمانگای دیموکراتی ئەمەریکی NDI هەڵسوڕاوانی ژنان لەنێو پارتە سەرەکییە جیاوازەکاندا (کۆنگرەی گشتی گەل، پارتی ریفۆرمخواز، پارتی سۆشیالیزمی یەمەنی، ڕێکخراوی یەکێتی گەلی ناصری) توانیان بەیەکبگەن‌و راوێژو راگۆڕینەوەو بەڵگەنامەی شەرەف (میثاق الشرف) دەربکەن لەبارەی توانای سیاسی ژنان‌و گرنگی بەشداربوونیان لەناو هەڵبژاردنەکاندا وەك پاڵێوراو، هەروەها هاوکاری نێوان پارتەکان لەم پێناوەدا، سودی ئەم بەڵگەنامەیە لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی ناوخۆ لەکوتاییەکانی 2005دا دەردەکەوێت.

بێگومان ئەم بەیەکگەشتن‌و گفتوگۆیەش دەربارەی توانای سیاسی لەنێوان هەڵسوڕاوانی سیاسی ژنان لەپارتە ڕاستڕەوو چەپڕەوە یەمەنی و نەتەوەییە جیاوازەکان‌و پارتی دەسەڵاتداردا، بەهەنگاوێکی سەرکەوتوو بۆ یەکگرتنی رای ژنان دادەنرێت، هەروەها لەرێی هەستکردنیان بەگرنگی کێشەو بەرژەوەندییەکانیان بۆ ئەوەی بخرێتە سەرو کێشە ئایدۆلۆژیی‌و جیهانبینییەکانی پارتە سیاسییەکانەوە.

### 4) ثيَكهيَناني ليذنةيةكي نيشتماني بةثيَي ثرؤطرامي كاري (ثةكين) سالَي 1995:

پاش کۆنگرەی پەکین کەوڵاتی یەمەن بەنوێنەرانی حکومی‌و ناحکومییەوە بەشدارییان تێداکرد، لیژنەی نەتەوەیی بۆ ژنان لەساڵی 1994 دا پێکهات، ئەم لیژنە حکومییە بوو بەلیژنەیەکی نیشتمانی هەمیشەیی ژنان لەساڵی 1996داو لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ژنانەوە بەسەرۆکایەتی سەرۆکی وەزیران سەرپەرشتی دەکراو لەپێناو کێشە جیاوازەکانی ژناندا کاریدەکردو، هەروەها

نوێنەرانی زۆر لەرێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ژنانو پارتە سیاسییەکانو وەزارەتە جیاوازەکانی دەوڵەت وەك ئەندامێکی راوێژکاری بەشدارییان تێداکرد.

ئەم لیژنە نیشتمانییە یارمەتی لەوڵاتە کۆمەکبەخشەکانەوە وەردەگرێتو، هەستا بەئەنجامدانی چەندین وۆرك شۆپو کۆنگرەو کۆبونەوەو چالاکی جۆراوجۆر بۆ هاوکاریکردنی ژنان، هەروەها چەندین چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی گشتی پارتە سیاسییەکاندا سازکردوەو لەبارەی هەڵوێستی پارتەکانو بەشدارییپێکردنی ژنان لەهەڵبژاردنەکاندا، کەئەمەش دەبێتە هۆی بێزاربوونی ئەو پارتانە لەهەڵوێستەکانیاندا بەرامبەر ژنان، بەڵام بەهۆی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2003و چەندین هۆکاری جیاوازەوە ئەم چاوپێکەوتنو دانیشتنانە هیچ سودێکیان نەبوو، لەوانەش رێوشوێنی فەرمانگەکانو کەمتەرخەمی ژنان خۆیان لەخۆپاڵاوتنو.. تد.

بەڵام بێگومان بەردەوامی لەئەنجامدانی گفتوگۆ لەسەر ئەمجۆرە کێشانە، لەهەموو روەکانییەوەو هەوڵی بەدەستهێنانی بەڵێنو پەیمان لەلایەن سەرکردایەتی پارتە سیاسییەکانەوە، کێشەی ژنان لەناو ئەم پارتە سیاسییانەدا دەکاتە کێشەیەکی هەنوکەییو زیندو کەناتوانرێت نکوڵی لێبکرێت.

### 5) ثێكهيَناني هاوثةيمانيَتي نيشتماني:

لەم دواییانەدا هاوپەیمانێتییەکی ژنان بەناوی هاوپەیمانێتی نیشتمانی پێکهات، کەنوێنەرایەتی رێکخراوە جیاوازەکانی ژنانی دەکرد، لەوانەش لیژنەی نیشتمانیو یەکێتی ژنانی یەمەنو کەسایەتییە حزبیو کۆمەڵایەتییەکان. ئەم هاوپەیمانێتیەش ئامانجی یەکخستنی ریزەکانی ژنان بوو لەدەرخستنی کێشەکانیاندا، لەسەرو هەموویانەوە بەشداربوونی سیاسی، هەروەها ئەم هاپەیمانێتییە لەم قۆناغەدا چەند ئامانجێکی دیاریکراوی بۆ خۆی دانا، ئەوانەش هاوکاریکردنی ژنان لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنە ناوخۆییەکانی داهاتودا لەکوتایی ساڵی 2006دا، کە تائێستاش گفتوگۆی رێوشوێنەکانی ئەنجامدانی بەردەوامە، گرنگترینیان هاندانی زۆرترین ژمارەی ژنان بۆ بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنانەدا. هەڵبژاردنەکانی پێشوو ساڵی 2001 دەریخست کەسەرکەوتنی (38) ژن لەنێوان (120) ژندا رێژەیەکی کەم نییە، واتە ئەو ژنانەی کەسەرکەوتون نوێنەری سێیەکی کاندیدکراوەکان بوون، لەبەرئەوەش ئەگەر ژمارەیەکی زیاتر لەژنان خۆیان کاندید بکەن، ئەوا بێگومان رێژەی سەرکەوتنی ژنان بۆ ئەو پۆستانە زیاتر دەبێت.[27]

[27]– نبيل عبد الحفيظ . ژنانو ئەنجومەنەکانی ناوخۆ، لێکۆڵینەوەکی پێشکەشکراو بەکۆمەڵەی دیموکراتی چوارەم ( 13ی یۆلیۆی 2005 ) ئامادەکردنی کۆنگرەی خوشکانی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ .



### 6. داوای تايبةتمةند كردني ضةند بةشيَك بةذنان (كوتا):

تا ئێستاش کێشەی ئەو جیاکارییە پۆزەتیڤە لەهاندانی ژنان بۆ بەشداری سیاسی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت. سیستمی پەیڕەوکراوی هەڵبژاردن لەیەمەندا ( بازنەیی)یە کەوەك کۆسپێکی بەهێز لەبەردەم دیاریکردنی رێژەی ژنانی بەشداربودا وەستاوە بۆ بەشداریکردنیان لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، چونکە ناتوانرێت پابەندو ناچاربکرێن بۆ دیاریکردنی رێژەیەکی دیاریکراو بۆ خۆپاڵاوتنی ژنان لەهەڵبژاردنەکاندا، تەنها لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی تایبەتەوە نەبێ کە بەلیستێکی رێژەیی هەڵدەبژێردرێن. هەروەها زۆربەی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانو هەندێك لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی داوای گۆڕینی سیستمی هەڵبژاردن دەکەن بۆ ئەوەی ژنانو بەشێکی زۆرتری توێژە بەشخوراوەکانی تری کۆمەڵگە لەهەڵبژاردنەکاندا بەشداربن، بەڵام پارتی دەسەڵاتدار کەزۆرینەی پارلەمان پێکدەهێنێ، پاساوی گۆڕینی سیستمەکە بەشتێکی قورس دادەنێت بەوەی پێویستی بەگۆڕێنی دەستور هەیەو ئەمەش پێویست بەراوەرگرتنی گەل دەکات، بەڵام پارتی دەسەڵاتدارو هەندێك لەلایەنەکانیتر، پێشنیاری رێکەوتن دەکەن لەسەر ئەوەی کەبازنەیەکی تایبەت بەژنان دابنرێت (واتە لەهەموو پارتەکاندا تەنها ژنان بپاڵێورێن) ئەمەش بەپێی رێکەوتننامەی شەرەف لەنێوان پارتەکان خۆیاندا، بەڵام پارتە ئۆپۆزیسیۆنو هەندێك لەرێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، وایدەبینن کەئەم پێشنیارە تەنها یارییەکی سیاسییەو شتێکە مایەی پەیڕەوکردن نییە. چونکە هەر حیزبەو داوای داخستنو تایبەتکردنی ئەو فەرمانگانەی کەئامادەیی ژنان تیاندا لاوازە دەکات، بەڵام رێکەوتن لەسەر ئەو بازنەیەی کەتایبەت دەکرێت بەژنان ناتوانرێت جێبەجێبکرێت. هەروەك هەندێك لەپارتە سیاسییەکان هانی کەسانی سەربەخۆ دەدەن بۆ بەشداریکردن لەم بازنەیەدا، بەڵام ئەوەی کەگومانی لێدەکرێت ئەوەیە کەدەوترێت دەسەڵات لەم پێشنیارەیدا بۆ زیادکردنی ژمارەی ژنان لەنێو ئەنجومەنی یاسادانادا لەئەنجومەنی راوێژکاری، یان لەپێکهاتەی وەزارەتەکاندا، یان لەکاروبارە باڵاکانی دەوڵەتدا مەبەستێکی نیازپاکی نییە.

لەبەرئەوە زۆربەی شارەزایانی ئەم بوارە لەو باوەڕەدان کەئەگەر سیستمی بازنەیی بگۆڕدرێت بەسیستمی لیستی رێژەیی، ئەوا رێگەخۆشدەکات بۆ ئاسانبوونی هاتنەناوەوەی ژنان بۆ هەڵبژاردنەکان، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەی کە کلاسیکین وەك کۆمەڵگەی یەمەن. ئەمەش لەبەرئەوەی کەژنان بەلیستی حزبەکان دادەبەزنە نێو هەڵبژاردنەکانەوە بەشێوەیەکی

ئیندیڤیژواڵی( الفردی) دواتر هەر شارێك دەبێتە بازنەیەكو دواجار لەهەموو شارەكاندا سود لەهەموو دەنگەکان وەردەگیرێت.

مەسەلەی گۆڕینی سیستمی هەڵبژاردن پێویستی بەڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی پارلەمان هەیە، بەڵام تاوەکو زۆرینەی ئەندامانی پارلەمان سەر بە( کۆنگرەی گشتی گەل )بن، ئەوا گۆڕینی ئەو یاسایە کێشەیەکی قورسو ئاڵۆز دەبێت، چونکە لەگەڵ خواستو تێڕوانینی حزبی کۆنگرەدا ناگونجێت، بەڵام داوای گۆڕینی ئەو سیستمە تا ئێستاش هەر بەردەوامەو هەموو پارتە سیاسیو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەهەموو کارو بۆنەو چالاکییەکاندا جەختی لەسەر دەکەنەوە.

هەروەها پارتی کۆنگرەی گەل لەخولی ئێستای هەڵبژاردنەکاندا (کەهێشتا تەواو نەبووە) هەوڵی جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی (کوتا) دەدات، ئەمەش بەڕێژەی ( 30٪) لەئاستەبەرزەکانی پارتەکەیدا، کەئەم یاسایە لەئاستە بەرزەکانی مەڵبەندو ناوچەکاندا پەیڕەوکراوە، بەڵام لەنێو ژنە نوێنەرەکاندا تەنها یەکێکیان بەرپرسیارێتی کەرتی ژنانی وەرگرتوە، ئەوانیتر هیچ لێپرسراویەتییەکی دیاریکراویان لەو ئاستەدا نییە، بەڵکو تەنها وەکو ئەندام ماونەتەوە، هەروەها پارتەکە نەیتوانیوە ئەم ڕێژەیە بگەیەنێتە (کۆنگرەی گشتی) کەئەندامانی (پیاوانو ژنان) بۆ لیژنەیەکی هەمیشەیی هەڵدەبژێردرێن.

## 7) راهێنانء ئامادەکردني ژنانی کاندیدکراو بۆ ثرۆسەي هەڵبژاردن:

لەلێکۆڵینەوەیەکدا کەکۆنگرەی خوشکانی عەرەب بۆ مافەکانی مرۆڤ لەبارەی ئەزمونی ژنانی عەرەب لەنێو ئەنجومەنە ناوخۆییەکاندا ئەنجامیاندا لەدانیشتنی پێنجەمی دیموکراتیدا کەکۆنگرەی خوشکان لە13ی یۆنیۆی 2005 بەستویەتی، ئەوە روونده‌کاتەوە کەژنانی عەرەبی شارەزاییەکی کەمیان هەیە لەمیکانیزمو خۆئامادەکردن بۆ ئەزمونەکانی هەڵبژاردن.[28] هەروەها دیالۆگەکە (الملتقى) راسپاردەی سەبارەت بەگرنگی راهێنانی ژنانو ژنە کاندیدکراوەکانی حزبەکان لەهەڵبژاردنەکانی داهاتودا خستوەتەڕوو، ئەمەش لەسەر بنەمای راهێنانیان لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردنو، پێدانی هۆشیاری لەمەڕ یاسای ئەنجومەنەکانی ناوخۆ، ئەو رۆڵەی کەئەم ئەنجومەنە دەیگێڕێت. هەر لەسەر بنەمای ئەمەش کۆنگرەی خوشکانی عەرەب دەستی بەئامادەکردنو راهێنانی ژنە کاندیدکراوەکان لەنێو پارتە بەشداربووەکانی ناو هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی داهاتودا کردووە. تەنانەت چەندین پەیامیشیان بەپارتە سیاسیەکان داوەو تێیدا داوای ناونانو دیاریکردنی ژنە کاندیدکراوەکانیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی ناوخۆ کردوە،

---

[28]– سەرچاوەی پێشوو.



ئەمەش بەهەنگاوێکی کرنگ دادەنرێت بۆ ئەوەی هانی پارتە سیاسییەکان بدەن بۆ پێشکەشکردنی ژنە کاندیدکراوەکانیان بەکاتێکی خێراتر کەئەمەش هەر لەراستیدا بەدیهێنرا. جگەلەمەش کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەئامادەکردنی ژنانی رێبەرو پێشەنگ کە بەتواناو بەهێزو کارابن بۆ چوونە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەکانەوە.

## 8) دروستکردني فشار بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسا جیاکارییەکان:

لیژنەی نیشتمانی ژنانو کۆمەڵێکیتر لەرێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کار لەسەر ئامادەکردنی چەندین لێکۆڵینەوەو ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر دەکەن لەبارەی یاسا جیاکارییەکانەوە، بۆ ئەوەی وەك ئاماژەیەك رووبەڕووی ئەنجومەنی نوێنەرانی بکەنەوە بۆ چاکسازی تێداکردنی، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەستوری یەمەندا یەکبگرێتەوە، کەتیایدا هاتووە: "هەموو هاونیشتمانیان یەکسانن لەمافەکانیاندا"، هەروەها لەگەڵ رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا کەوڵاتی یەمەن مۆریکردون.

بەهەرحاڵ چاکسازییەکی کەمو بچوك لەیاساکاندا کراوە کەگرنگترین ئەو چاکسازیانەش لەیاسای باری کەسێتیدایە لەگەڵ هەبوونی هەندێك کەمتەرخەمیدا، وەك ئەوەی کە لەدەقی یاساکەدا هاتوە کەرەگەزنامەی یەمەنی بەهیچ شێوەیەك نادرێت بەئەو منداڵانەی کە لەدایکێکی یەمەنیو باوکێکی بێگانە لەدایکدەبن، بەڵام دواتر ئەم یاسایە چاکسازی تێداکراو، بەپێی یاسا دەتوانرێت کەرەگەزنامەی یەمەنی بدرێت بەو منداڵانە، ئەگەر ژن ( دایك)ە یەمەنییەکە لەمێردەکەی جیابووەوە یان تەڵاقدرا، یان باوکەکە ( کەسە بێگانەکە ) کۆچی دوای کرد یان دوچاری شێتبون بوو، بەمەرجێك کەمنداڵەکانی لەسەروو تەمەنی (18) ساڵییەوە بن.

هەروەها جگەلەمەش رێکخراوەکانی ژنان توانیان کەیاسایەکیتر هەڵبوەشێننەوە کە لەبارەی خانەی گوێڕایەڵی(ملكەچی) بوو، لەناو یاساکانی مورافەعاتی کاروباری مەدەنیدا لەساڵی 2002دا هاتبوو، پارلەمانی یەمەن بەکۆی دەنگ یاساکەیان جێبەجێکردبوو، سەرەڕای ئەو بەرەنگارییە گەورەیەی کەرێکخراوەکانی ژنانو مافەکانی مرۆڤ و پشتگیری کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان کردیان، هیچ کام لەمانە نەیانتوانی بڕیارە یاساییەکە هەڵبوەشێننەوە، تەنانەت زۆرینەی پارلەمانیش دەنگیان بۆ پشتیوانیکردن لەم یاسایە دا، بەڵام دواجار لەگەڵ بەردەوامی هەوڵ کۆششو فشارەکانو بەرزکردنەوەی هەموو ئەو داواکاریانە یاسایەکی نوێ دەرکرا، بەبێ ئەوەی دەقی یاسای گوێڕایەڵی تێدابێت.

هەروەها رێکخراوەکانی ژنانو مافەکانی مرۆڤ توانیان هەندێ لەکەسانی کارا لەنێو ئەنجومەنی نوێنەراندا بۆ خۆیان پەیدابکەن، کەبەداخەوە هەمویان لەپیاوان بوون، هیچ ژنێکی پارلەمانتاری تێدانەبوو بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵیدا سەبارەت بەکێشەکانی ژنان، ئەو کەسانەش کەپەیوەندیان

بەکێشەکانی ژنانەوە هەیە لەنێو ئەنجومەنی نوێنەراندا، لەکاتی دەرچونی بڕیارێکی یاساییدا، جۆرێك لەتێڕوانینی جیاکارانەی کلاسیکییان هەیە کەرەنگدانەوەی هەمان باکگراوندە خێڵەکیو شێخایەتیو ئاینییە توندڕەوەکانی ئەندامانی ئەنجومەنەکەن، وەك ئەوەی لەساڵی 2005دا بەتەواوی رویدا کاتێك رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو لیژنەی نیشتمانی ژنان نیازی دەرکردنی یاسایەکی نوێیان هەبوو لەبواری یاساکانی سزاداندا، لەدەقی یاساکەدا هاتووە: "کەپێویستە ئەو پارەیەی کە لەبری خوێن دەدرێت (الدية) بەژنان کەنیوەی هەمان بڕە پارە لەبری خوێن بدرێت بەپیاوێك" بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لیژنەی نیشتمانی ژنانو هەندێ لەکەسایەتییە کۆمەڵایەتییە دیارەکان لەپیاوانو ژنان چەندین چاوپێکەوتنو کۆبونەوەیان بەستووە بۆ گفتوگۆکردن لەمەڕ ئەم بابەتە، لەگەڵ لێکدانەوەی ئەو هۆکارو میکانیزمانەی کەکار دەکەنەسەر ئەنجومەنی نوێنەران بۆ لابردنو چاککردنی ئەم تێڕوانینەو بڕیاردان لەسەر یەکسانبوونی هەردوو رەگەزەکە لەبارەی خوێن وەرگرتنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش کۆنگرەیەکیان بەبەشداری جەماوەرێکی فراوانو کۆمەڵێك لەئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران رێکخست، کەتێیدا چەندین باسو توێژینەوەو بەرنامەی کارو بیروڕا ئاینییەکان باس کران، کەهەموویان جەختیان لەسەر یەکسانبوونی پارە لەبری خوێنو، لابردنی ئەو جیاکارییە دەکردەوە کە بەهۆی ئەم بڕیارەوە دەکەوتە نێوان هەردوو رەگەزەکەوە .

هەروەها چەندین کەسایەتی ئاینی تر ئامادەی کۆبونەوەکە بوون، لەئەنجامدا سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا لەڕوی ئەوەی کەپێویستە ئەم بڕیارە بۆ هەردوو رەگەزەکە یەکسانبکرێتەوە، پاشان هەموو لێکۆڵینەوەکانیش دران بەلیژنەی یاسایی لەئەنجومەنی نوێنەران.

هەندێ پشتگیری تریش لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا گفتوگۆیەکیان سازدا بۆ ئەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران رازیبکەن بەیەکسانی هەردوو رەگەزەکە لەم بڕیارەدا ، کەدواتر بوو بەهۆی دروستبونی کێشەو ناکۆکی لەپارلەماندا، هەرچەندە کەپێشتر ئەم یاسایە لەلایەن پارلەمانەوە بڕیاری لەسەر درابوو. بەڵام تاوەکو ئێستا ئەم لیژنە یاساییە پرۆژەی بڕیارەکەی نەخستووەتە بەردەست ئەنجومەنی نوێنەران، لەبەرئەوە هیواخوازین کەئەو رێکخراوانە بەردەوامبن لەسەر دروستکردنی فشاری زیاترو کۆکردنەوەی هاوکارو پشتیوانی باشتر لەم کێشەیەدا تاوەکو بتوانرێت یاسایەکی تری یەکسان لەم بارەیەوە دەر بکرێت .

هەروەها هەندێك لەرێکخراوەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنیو پارتە سیاسییەکان بەهاوکاری دەزگای نێودەوڵەتی سیستمی هەڵبژاردنەکان ( IFES) هەوڵی فشاری زیاتر دەدەن بۆ چاکسازیکردن لەهەندێ لەیاساکانی هەڵبژاردنو یاسای حزبە سیاسییەکانو یاساکانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان



بۆ ئەوەی پشتگیرییەکی باشتری ژنان بکەن لەڕوی بەشداربوونی سیاسییانەوە. هەروەها دروستکردنی فشاریش بۆ بەشدارییپێکردنی لانی کەم دوو ژن بۆ ئەندامبونیان لەلیژنە باڵاکانی هەڵبژاردندا، کەخۆی حەوت پیاو لەخۆدەگرێ لەکاتی هەمو پێکهێنانێکدا ( 1997 – 2002 ) تەنها لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی 1993دا نەبێ، کەئەوەش لەکاتی یەکگرتنەوەکەدا بوو. کەتەنها ژنێك لەناو ( 17 ) ئەندامی پیاودا لەئەندامانی لیژنەکەدا بوو، ئێستاش تەنها یەك ژن لەلیژنەکەدا بەشدارە ئەوەش لەئاستی سەرکردایەتیدا نییە .

### 9 ) دیالۆطء بلآوکردنةوةى هؤشیارى لةبارةى کیَشةکانى ذنانةوة:

هەندێ لەرێکخراوەکان بەچەندین کارو چالاکی جۆراوجۆر هەڵدەستن بۆ دروستکردنی هۆشیاری لەبارەی کێشەکانی ژنانەوە، لەگرنگترین ئەو کارو چالاکیانەش وەك ئەوانەی کەکۆنگرەی خوشکانی عەرەب بۆ مافەکانی مرۆڤ بەردەوام لەچاوپێکەوتنە دیموکراسییەکاندا ئەنجامیدەدەن. کە لەهەر دانیشتنو چاوپێکەوتنێکدا چەندین کێشەی دیاریکراو دەخەنەبەر باسو لێکۆڵینەوە، بۆ نمونە گفتوگۆکردن لەسەر بارودۆخی ژنان لەناو پارتە سیاسییەکان لەیەمەندا. لەگەڵ ئەو هۆکارو کاریگەریانەی کەسنور دادەنێن بۆ بەشداریکردنی ژنانو، باسکردنی کێشەو ئەزمونی ژنان لەهەڵبژاردنەکانی یاساداناندا لەساڵی (2003)داو هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شارەوانی لەساڵی (2001)دا، هەروەها گفتوگۆکردنو شەنوکەوکردنی بیروڕا ئایینییەکان کەهانی ژنان دەدەن بۆ بەشداریکردنێکی کارا لەکێشەکانی کۆمەڵگەداو، شیکردنەوەی هەلومەرجی ژنان لەگۆشەنیگایەکی سایکۆلۆژیەوەو کاریگەری دیفاکتۆی خێڵیەکیو لاوازی دەوڵەت.. تد.

مەسەلەی دروستکردنی هۆشیاری لەکۆمەڵگەدا یەکێکە لەو مەسەلانەی کەپێویستی بەکاتێکی درێژخانو هەوڵوکۆششی هەمووان هەیەو، پێویستی بەدیالۆگکردن هەیە لەسەر بابەتەکانی بەدەنگێکی بیستراوو، پێشکەشکردنی جیهانبینیو پێشنیاری ئەوتۆ کەچارەسەری بارودۆخی هەنوکەو کاریگەرییەکانی بکات.

### ثێنجةم: ضؤن ذناني عيَراق دةتوانن سود لةئةزموني ذناني يةمةن وةربطرن:

سەرەڕای ئەو بارودۆخەی کەخەڵکانی عێراق لەروی نەبوونی دیموکراسییەوە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی سەدام حسێندا تیایدا دەژیانو، ئێستاش لەژێرسایەی داگیرکاری ئەمریکاو نەبوونی سەقامگیریی ناوخۆیی، ئاسایش و هێمنیو هەموو ئەو جەنگو کوشتارگەیەی کەعێراق تێیدا ژیاوە، کەچی بەشداریو رۆیشتنە پێشەوەی ژنانی عێراقی لەبوارەکانی فێربونو کارکردندا زۆر لەسەرو ئەو دەستکەوتانەوەیە کەژنانی یەمەن پێیگەشتبون، هەروەك لەسیستمی هەڵبژاردندا کە بەشێوەی ( لیستی رێژەییە) ژنانی عێراق توانیویانە کە( 25٪)ی کورسییەکانی پارلەمان بەدەستبهێنن ( بەدەست تێوەردانێکی پۆزەتیڤانە ) وەك چۆن ژنانی عێراق چەندین پۆستی وەزاریان لەپێکهاتە

نوێیەکەی حکومەتدا وەرگرتوە، کەتا ئێستا ژنانی یەمەن پێینەگەیشتونو ئەو پۆستانەیان وەرنەگرتوە، بەهەرحاڵ ژنانی عێراق دەتوانن سود لەئەزمونی بەشداری سیاسییانەی ژنانی یەمەن وەربگرن، ئەوەش لەڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

- سوربون لەسەر بەرنامەی دیموکراسیو بەرز ڕاگرتنی پرۆسەکە، بۆ ئەوەی کەبتوانن بەرگری لەکێشەو خەمەکانیان بکەنو خەباتی لەپێناودا بکەن .
- هەوڵی وەرگرتنی هاوکارییو یارمەتی سیاسی لەدەسەڵاتەوە، کەشتێکی گرنگو بەسودە، بۆ ئەوەی پەلەبکرێت لەو ڕێوشوێنانەی کەژنان بتوانن مافەکانیان بەدەستبهێنن، بەڵام پێویستە ژنان بەڕێگەو میکانیزمی دیموکراتیانە ئەم هاوکاریانەیان دەست بکەوێت، کەرەنگدانەوەی رازیبوونو هۆشیاری کۆمەڵگە بێت، بۆ ئەوەی ژنان لێی دڵنیابن، نەوەك دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بگۆڕێتو لەگەڵیشیدا هەموو مافەکانی ژنان لەناوبچێت.
- بەشداربونی ژنان لەپارتە سیاسییەکاندا، ئەمەش بەشێوەیەك بێت کەژنان نەچن بەدوای کێشەو ناکۆکییە حزبییەکانداو بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەبیربکەن، بەڵکو پێویستە ژنان بەوریاییو دڵنیاییەوە کار لەسەر یەکڕیزیو یەك تێڕوانینو خەباتیان لەپێناو ژنانی عێراقو گەلی عێراقدا بەهەموو مەزهەبو بیروبڕواکانیانەوە بکەنو، هەوڵبدەن بۆ ئەوەی ژنان مافی زیاترو باشتر بەدەستبهێنن .
- تێگەیشتن لەسیاسەت لەو وڵاتەداو، چۆنیەتی بەکارهێنانو قۆستنەوەی ئەو هەلانە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی زیاتر بۆ ژنان .
- پێویستە ژنان ڕۆڵو کاریگەری هێزە تەقلیدی و ئایینییە توندڕەوەکان لەبیرنەکەن لەناو کۆمەڵگاکانی عەرەبی ئیسلامیدا، بەڵکو هەوڵێکی زیاتر بخەنەگەڕ بۆ بەدەستهێنانی یارمەتیو هاوکاری ئەو تەوژمە ئاینییە ڕۆشنگەرانەی کەباوەڕیان بەمافە یەکسانەکانی ژنانو پیاوان هەیە .
- قۆستنەوەو بەکارهێنانی تەوژمە دیموکراتیەکانو دروستکردنو پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی مافپارێزی کەگرنگی بەمافەکانی ژنان بداتو بەرگریان لێبکات وەك مافەکانی مرۆڤ بەگشتی .
- سوربوون لەسەر هاوپەیمانێتی بەستن لەگەڵ پشتیوانانی کێشەکانی ژنان لەپیاوانو کێشەی ژنان بەکێشەی هەموو کۆمەڵگە بزانرێتو کێشەکەیان لەلایەن هەموو کۆمەڵگەوە لەئەستۆبگیرێت.
- بەشدارییپێکردنی پارلەمانتارانی ژن لەبزوتنەوەکانی ژنانداو هاندانانیان بۆ پشتگیریکردنی کێشەکانی ژنان، دروستکردنو پێکهێنانی زنجیرەیەکی پێگەیشتن لەنێوان پارلەمانو ڕێکخراوەکانی ژنانو ئەو کێشانەی کە بەشێوەیەکی تایبەتی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەژنانەوە هەیە، بۆ ئەوەی پێشتر ئاگاداربن لەسەر هەڵوێستی پارلەمانو بەشداربوونی ژنانیش لەپلاندانانەندا بۆچۆنیەتی



دروستکردنی فشارو کاریگەری لەسەر پارلەمان بۆ ئەوەی لەبەرژەوەندی ژنان بڕیارەکان دەربکرێن.

- بەدواداچونی هەمو ئەو یاسایانەی کە لەپارلەمانەوە دەردەکرێن بەگشتی، نەك بەتەنها پێداگرتن لەسەر یاساکانی ناسنامەی باری کەسێتی، چونکە یاسای پێداچوونەوە (قانون التمییز) لەوانەیە لەهەموو یاساو بڕیارەکاندا هەبێت کەپەیوەندیەکی ڕاستەوخۆشیان بەژنانەوە نەبێت، چونکە هەروەك پێشتر ڕونمانکردەوە کەبەندی گوێڕایەڵیکردن کەپارلەمانی یەمەن ڕەزامەندی لەسەر دەربڕیبوو، دواجار بەبڕیارێکی سەرۆکایەتی لەیاسای مورافەعاتو ڕێوشوێنە مەدەنییەکانو کێشەی یەکسانکردنی پارە لەبری خوێن (الدیە) بۆ هەردوو ڕەگەزەکە لەناو یاسای سزاداندا هەڵوەشێنرایەوە.

## بارودۆخی ژنانی میسر لەنێوان داد پەروەریو یەکسانیدا

دکتۆر: ئایات محەمەد ئەبول فەتوح

### ئێشەکی:

زاراوەی مرۆڤ مانەیەکی گشتی هەیە کەجەستەو بیرو شکۆمەندی دەگرێتەوە، مافەکانیش هەموو ئەو کارو مومارەسانەیە کە لەچوارچێوەی یاساو نەریتەکاندا ڕێگەیان پێدراوە. واتە کۆمەڵە شتێکن کەمرۆڤ ناتوانێت بەبێ ئەوانە بژی. هەروەها ئەوانەش پەیویستن بۆ ئەوەی خاسیەتەکانی مرۆییو زیرەکیو بەهرەو تواناکانی بەکاربهێنین بۆ گەشەکردنی خۆمانو کۆمەڵگەکەمان. ئەگەر سەرەتا زانیمان کەمافەکانی ژنانیش هەمان مافەکانی مرۆڤن، بەوەی ژنانیش بەمرۆڤ دادەنرێنو. بۆ ئەوەی کەبزانین هەرچی دەکەین لەپێناو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بۆ مرۆڤەکانەو، هیچ جیاوازیەك نابینینەوە کەئەگەر ئەو مافانە لەژێر داگیرکاری بێگانە یان ئابڵۆقەیەکی کۆمەڵایەتیو ئایینیدا بێت.

ئەگەر بەخێرایی بچینەوە سەر بارودۆخی ژنانی میسری لەماوەی داگیرکاری ئینگلیزەکاندا هەر لەسەرەتا تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم کەئەو سەردەمە لوتکەی لیبرالیەت بوو، بێگومان

دەبینین کەژنان کاریگەریەکی گەورەیان هەبووە لەسەر هەموو لایەنە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریەکان لەکۆمەڵگەدا، ئەوەش لەرێگای ئیشکردنەوە بووە لەناوخۆدا، ئەگەر ئەو سەردەمەو بارودۆخی ژنان بەراوردبکەین لەگەڵ بارودۆخی ژنانی ئەمڕۆی ئەفغانستاندا، ئەوا دەبینین کەرێژەی نوێنەرایەتیکردنی ژنانی میسری لە(2.5٪) تێپەڕناکات پاش ئەوەی کە(11) کورسییان بەدەستهێناوە. هەروەها لەکاتی هەڵبژاردنەکانی یاساداناندا کە لەم دواییەدا ئەنجامدراو، ژمارەی کاندیدەکان ( 530) کەس بوون کە لەنێوانیاندا تەنها( 48) ژنی تێدا بوو، هاوکات لەژێر کاریگەری داگیرکاری بێگانە لەوڵاتی ئەفغانستاندا، لەیەکەم هەڵبژارنی ئازاددا ژنان توانیان ( 86) کورسی بەدەستبهێنن، پاش چەندین ساڵ لەئابلۆقەی فیکریو کۆمەڵایەتی، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کەهەموو چاکسازیەك لەیاساکان، یان پراکتیزەی مافەکانی ژنان راستەوخۆ لەرێگەی سەرۆکی دەوڵەت یان ئەنجومەنی نیشتمانی ژنانەوە بڕیاری لەسەردەدرێت، نەك لەرێگەی کەناڵە سروشتییەکانی وەك ئەنجومەنی گەلو پرۆژەو پێشنیارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو پارتە سیاسییەکان. هەروەها نەبونی دیموکراسی کاری کردووەتەسەر ژنانو گەلی میسر بەگشتی، ئەمەش بەرەو خراپی دەڕوات، ئەوەی راستی بێت ئێمە دەمانەوێت بەرەنگارییەکی گەورە ئەنجامبدەین بۆ چاککردنەوەی بارودۆخی ژنان لەچوارچێوەی ئەو چاکسازییانەی لەکایە سیاسیو ئابوریەکاندا کەزۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان بەخۆیانەوە دەیبینن، لەلاپەڕەکانی داهاتوشدا باکگراوندێکی گشتی لەسەر بارودۆخی ژنان لەکۆماری میسری عەرەبیدا دەخەینەڕوو، ئینجا جەختکردنەوە لەسەر هەندێ لەو لایەنانەی جیاکاری دامەزراوەییو کۆمەڵگەی یاساییو ئابوریو سیاسی تێدایە، لەگەڵ دەرخستنی چەند میکانیزمێك کەکۆمەڵگەی مەدەنی پێشنیاری دەکات بۆ زاڵبون بەسەر ئەو جیاکارییانەدا.

## باكطراونديَكي طشتي:

وڵاتی میسر لەم دواییانەدا چەندین چاکسازی یاساییو سەرەکی تایبەت بەبارودۆخی ژنان ئەنجامدا، بەڵام نایەکسانی ژنانو پیاوان تا ئێستاش لەکلتوری کۆمەڵگەی میسریدا پیادەدەکرێت. وەك چۆن یاسای باری کەسێتی لەیەنایەری 2000دا چاکسازی تێداکرا بەمەبەستی دەستەبەرکردنی مافی ژنان لەوازهێنانو جیابوونەوە بەئارەزوی خۆیان، واتە بەبێ ئەوەی ناچاربن مامەڵەی خراپی مێردەکانیان بسەلمێنن، دادگای میسری لەپایزی 2000دا ئەو یاسایەی هەڵوەشاندەوە کەرێگری ژنانی دەکرد لەدەرهێنانی پاسپۆرت بەبێ مۆڵەتی باوکی یان مێردەکەی . هەروەها لەروی کارکردنەوە ژنان لەمیسردا رێژەی ( 28٪)ی هێزی کاری پیشەییو هونەریو تەنها(16٪)ی لەلێپرسراوە باڵاکانی حکومەت پێکدەهێنن (ئەمەش بەپێی سەرژمێری 1998)،



بەڵام لەکەرتی فێربوندا ژنان لەماوەی ( 10) ساڵی رابردودا لە( 39٪)ەوە رێژەی بۆ ( 44٪) زیادیانکردوە، بۆ یەکەمینجار ساڵی 2004 ژنێك بوو بەدادوەرو راگری کۆلێژی پزیشکی.

هەروەها لەروی بەشداریکردنی ژنان لەکایەی سیاسەتدا، دەبینین کەرێژەی بەشداربوان لە( 34٪) تێپەڕناکات، ساڵی 2000 لەنێو ئەنجومەنی گەلدا تەنها( 11) ژن ئەندام بوون، واتە بەڕێژەی (2.4٪)ی کۆی ئەندامەکانی. ئەمەش سەرۆك (مبارك) خۆی دیاریکردون، هەروەها لەهەڵبژاردنەکانی شارەوانیدا ساڵی 2000، (744) ژن هەڵبژێردراون بەئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی، کە لەنێوانیاندا (پارتی نیشتمانی دیموکراتی)ی دەسەڵاتدار بە( 750) پاڵێوراوی ژن بەشداریکردو بۆ یەکەمجاریش لەمیسردا سەرۆك (مبارك) لەیەنایەری 2003دا بڕیاریدا بەدامەزراندنی ژنێك لەدادگای دەستوری باڵا لەپۆستی دادوەردا، هەر لەسەرەتای هەمان ساڵدا (6) ژنی تر دیاریکران بۆ (ئەنجومەنی نیشتمانی مافەکانی مرۆڤ) کە لەمیسردا دەوڵەت دایمەزراندبوو.

هەروەها ساڵی 2004 کرانەوەیەکی بەرچاو سەبارەت بەمنداڵی ئەو ژنانەی کەمێردیان بەکەسانی بێگانە کردوە، رویداو ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بەهەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارەی پێشو کەرەگەزنامەی میسری قەدەغەدەکرد لەو ژنانەی کەمێردەکانیان فەلەستینییە. پاشان چەندین بڕیاری دیکەی گرنگ دەرکرا لەبەڕێوەبەرایەتی رەگەزنامەوە لەبارەی ئەو منداڵانەوە کە لەژنانی میسریو پیاوی بێگانە لەدایکدەبن، ئەم بڕیارانە راستەوخۆ لەلایەن سەرۆکی وڵاتەوە دەردەچون. سەرەڕای ناڕازیبونی (شێخانی ئەزهەر)و (بابا شەنودە) بۆ دەرکردنی ئەمجۆرە بڕیارانەی کەتایبەتن بەڕێکخستنیماڵو خێزان لەئازاری 2004دا ، بەڵام دەقی ئەم یاسایە لەئەنجومەنی گەلی میسردا چەسپێنرا، یاساکەش سەبارەت بەهەندێ یەکسانی بوو لەنێوان هەردوو رەگەزەکەداو هەموو مەسەلەکانی تری یاسای باری کەسێتی گرتەوە، بوو بەهۆی هێنانەئارای هەلومەرجی لەبار بۆ دیاریکردنو دامەزراندنی ژنانی دادوەر لەدادگاکاندا.

لەهەنگاوێکدا بۆ دانانی سنورێك بۆ( فرەژنی)، وەزیری دڵنیاییو کاروباری کۆمەڵایەتی میسر لە 28ی مارسی 2004دا بانگێهێشتی ئەندامانی پارلەمانی کرد بۆ بەیاسایکردنی هێنانی ژنی دووەم. وە لە30ی مارسی هەمان ساڵدا، کۆمەڵێك لەژنانی پارلەمانتاری میسر داوایانکرد 50٪ی کورسی پارتە سیاسییەکانو کورسییەکانی پارلەمان بۆ ژنان دابینبکرێت

لەلاپەڕەکانی دواتردا رونیدەکەینەوە کەچۆن ئەم یاسایانە جێبەجێنەکران. سەرەرای هەندێك پێشکەتنو گەشەکردن لەپراکتیزەکردنی مافەکانی ژناندا لەمیسر، لەئاستی گشتیدا ژنان لەهەموو

دامەزراوە یاسایی‌و ئابوریی‌و فێرکردن‌و چاودێری تەندروستی‌و راگەیانەکاندا رووبەڕووی جیاکاری دەبنەوە، هەرچەندە رێژەی ئەم جیاکارییە لەدەزگایەکەوە بۆ دەزگایەکیتر دەگۆڕێت.

## 1. جیاکاری دذي ذنان لةبةندة یاساییةکاندا:

بۆمان ناگونجێت داوای یەکسانی بۆ ژنان بکەین، تا ئەوکاتەی لەبەندە یاساییەکاندا بەدادپەروەرانە مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت، هەرچەندە لەدەستوری وڵاتی میسردا بەندێکی یاسایمان هەیە کەدەڵێت: "هەموو هاونیشتمانیان لەژێرسایەی یاسادا یەکسانن، بەبێجیاکارکردن بەهۆی ئەتنی یان رەگەزی یان زمان..". بەڵام هەندێ بەندی یاسایی هەیە کەجیاوازی دەکات لەنێوان سزادانی پیاوان‌و ژناندا لەکاتی ئەنجامدانی تاوان یان هەڵەیەکی هاوشێوەو لەهەمان  بارودۆخدا، کەئەمەش بەسەرپێچییەکی ئاشکرای دەستور دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك یاسا دانراوە بۆ سنوردارکردنی جیاکاری رەگەزی هەروەها وڵاتی میسر لەساڵی  1998دا پەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژ بەژنان—ی مۆرکردوە، ئەمانەی خوارەوەش هەندێك لەو سەرپێچیانەن:

1–1 یاساکانی مافی مرۆڤ بڕیاریانداوە لەکاتی تەڵاقدانی ژناندا، پێویستە ژنەکە لەماوەی سێ مانگدا بێتە دادگا بۆ ئەوەی کاتێك دابنرێت بۆ ماوەی دادگایکردنەکە، لەیەنایەری  2000دا یاسای باری کەسێتی چاکسازی تێداکرا بۆ ئەوەی ژنان مافی تەڵاقدان‌و جیابونەوەیان لەپیاوەکانیان هەبێت بەئارەزوی خۆیان بەبێ ئەوەی پێویستی بەڕونکردنەوەی مامەڵەکردنی خراپ لەلایەن مێردەکەیەوە هەبێت، بەمەرجێك دەستبەرداری هەموو مافە ماددییەکانی خۆی بێت‌و، تەنانەت هەموو ئەو دیاریانەش بگەڕێنێتەوە کە لەکاتی شوکردندا پێیبەخشراوە. ئەگەر ئەم چاکسازییە ژنانی لەچەندین ساڵی کێشەو گیروگرفت رزگارکردبێت، هاوکات زیانێکی زۆری لەمافە ماددییەکانی ژنان داوە، بەتایبەتی ئەو ژنانەی هیچ سەرچاوەیەکی ماددییان نییە کەئەمەش رێژەیەکی زۆری ژنانی میسری دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی لایەنە چاك‌و مرۆڤدۆستەکانی ناو کۆمەڵگەی میسری دەقی ئەم یاسایە بەشتێکی خراپ‌و زەرەرمەند دەزانن، چونکە ئەم چاکسازیە مافێکی کەمتر بەژنان دەدات‌و تەنانەت ناوی (یاسای کچە دەوڵەمەندەکان)یان لێناوە .

2–1 لەتەمموزی  2004دا دەوڵەت بڕیاریدا بەبەخشینی رەگەزنامەی میسری بەو منداڵە میسریانەی کە لەپیاوێکی بێگانە بن، ئەمەش بەپێی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام لەهەمان یاسا رەگەزنامەی میسری نابەخشێ بەو پیاوە بێگانانە کەژنی میسری دەهێنن. هەروەها ئەو منداڵانەی کە لەمشێوە خێزانانەدا لەدایکدەبن، نابێت هیچ پۆستێکی گرنگ لەدەوڵەتدا وەربگرن، ئەمەش لەبەر هۆکاری ئەمنی، لەبەرئەوە هەڵسوڕاوان‌و لایەنە چالاکەکانی ناو کۆمەڵگەی میسریی



ئەم یاسایە بەزیاتر تۆخکردنەوەی جیاکاری دەبینن لەنێوان ژنان‌و پیاواندا، کە بەپێی ئەم یاسایە پێویستە راستەوخۆ رەگەزنامەی میسری بدرێت بەمنداڵی ژنی میسری لەپیاوێکی بێگانە.

3–1 لەیاسای سزادانی میسردا، جیاکاری لەنێوان سزادانی ژنان‌و پیاواندا کراوە، ئەگەر بێتو تاوانێکی هاوشێوە لەهەمان بارودۆخدا ئەنجامبدرێت، وەك تاوانەکانی شەرەف‌و زیناکردن، ئەمەش بەسەرپێچییەکی تەواوی دەستور دادەنرێت، یاسادانەرانیش ئەم جیاوازیانە دەگەڕێننەوە بۆ هۆکاری ئایینی‌و کۆمەڵایەتی‌و هەندێجاریش ئاسایشی وڵات. لەتاوانی یەکەمدا (تاوانی شەرەف) ئەم یاسایە رێگە بەدادوەر دەدات کەئەم سزایە لە(یاسای لەسێدارەدانەوە) سوکتربکات بۆ زیندانی هەتاهەتایی. لەتاوانی دووەمدا (تاوانی زیناکردن) ئەگەر پیاوەکە هەستێت بەکوشتنی ژنەکەی‌و ئەو پیاوەشی کە لەگەڵیدا زینای کردوە، ئەوا ئەم یاسایە لەپیاوەکە خۆشدەبێت، هەرچەندە کەدوو کەسیشی کوشتوە. بەڵام لەدواجاردا کۆمەڵەو یانەکانی ژنان لەنێوان خۆیاندا گفتوگۆیان لەمەڕ جیاکاری ئەم یاسای سزادانە بۆ هەردوو رەگەزەکە کردوەو یەکێك لەو کۆمەڵانەش (ناوەندی پرسەکانی ژنانی میسر)ی بوو، بەمەبەستی گۆڕینی دەقی ئەم یاسایە، بەوەی کەمەرجی دەستوری تێدا نییە، بەڵام ژنانیش وەك زۆربەی خەڵکی میسر دەناڵێنن بەدەست کێشەی زۆرو دواخستنی بڕیارەکان‌و کێشەکانیان بۆ چەند ساڵێك درێژەدەخایەنێت، بەتایبەتی لەو کێشانەی کەپەیوەستن بەخاوەندارێتی زەوییە کشتوکاڵیەکانەوە.

4–1 یەکێك لەگرنگترین کێشەکان کەرووبەڕووی ژنان دەبێتەوە، بەتەنگەوەنەهاتنی دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانە بۆ لێکۆڵینەوە لەکاتی رودانی تاوانەکانی شەرەفدا، ئەمەش بەبیانوی ئەوەی کەئەم جۆرە کێشانە لای کۆمەڵگە وەك (کێشەی تایبەتی) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، چونکە زۆربەی ئەم کێشانە دەشاردرێنەوە. وەك کێشەکانی تری لاقەکردن کە لەم جۆرە کێشانەدا دەسەڵاتی پەیوەندیدار لەگەڵ کۆمەڵگە رێکدەکەون بۆ شاردنەوەی، ئەوەش بەمارەکردنی قوربانیەکە ( ژنەکە) لەکەسی تاوانبار، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە لەیاسای ئێستای وڵاتدا هاتووە، نابێت چاوچۆشی لەکەسی تاوانبار بکرێت‌و، رێگەش نادرێت بەمارەکردنی قوربانیەکە (ژنەکە) لەتاوانبارەکە. بەڵام لەدواجاردا دەسەڵات پێچەوانەی ئەم بەندە یاساییە رەفتاردەکات‌و تاوانەکەش بەمارەکردن‌و گواستنەوەی قوربانی بۆ تاوانبار دەشارنەوە.

5–1 سەرەڕای ئەوەی کەدادگای خێزان لەساڵی 2004 دا بڕیاری چاککردن‌و رێکخستنی بارودۆخی ژنانی بەشێوەیەکی گشتی راگەیاندوە، بەڵام هێشتا سنورێکی دانەناوە بۆ ئەو توندوتیژییە بەردەوامەی کەدژی ژنان دەکرێت لەناو خێزاندا، چونکە پیاو بەیەکەم کەس دادەنرێت بژێوی خێزان دابیندەکات‌و بەپارێزەری سەرەکی لایەنی ئابوریی‌و کۆمەڵایەتی ژنان دادەنرێت، ئەمەش بەگوێرایەڵی

بەردەوامی ژنان بۆ هەموو فەرمانەکانی پیاو کۆتایی دێت، وەك چۆن لەدەقی یاساکەشدا هاتوە، پێویستە ژنەکە لەکاتی پەنابردنیدا بۆ لایەنی پەیوەندیدار جۆری ئەو توندوتیژیە لەدادگادا بسەلمێنێت کە لەماڵەوە رووبەڕووی بووەتەوە. بێگومان ئەمەش وادەکات ژنان لەهەڵوێستی خۆیان بکشێنەوەو نەتوانن شێوەی ئەو توندوتیژییە رونبکەنەوە کەبەرامبەریان کراوە بۆ ئەوەی دوچاری چەوساندنەوەی زیاتر نەبن لەلایەن کۆمەڵگەوە.

## 2. جیاکاری لەمافە ئابوورییەکاندا:

سەرەڕای ئەوەی کەزۆربەی خێزانەکانو بەتایبەتیش خێزانە هەژارەکان وابەباشتری دەزانن کچەکانیان زوتر بچنەبەر ئیشوکارکردن، بۆئەوەی یارمەتی کوڕەکانیان بدەن بۆ بەردەوامی لەپرۆسەی خوێندندا، ئەمەش بەهیوای ئەوەی کە لەدواڕۆژدا کوڕەکە بتوانێت خەرجیو بژێوی خێزانەکە لەئەستۆبگرێت، بەڵام هەر ئەو شێوە خێزانانەش بەشێکی زۆری میراتەکانیان بەتایبەت زەوییە کشتوکاڵییەکان بەکوڕەکانیان دەدەنو، زۆرجار کچانی لێبێبەش دەکەن، ئەمەش بەپێی ئەو بڕوا ئاینیو مەزهەبە باوەی کۆمەڵگە، ئەمکارەش بەبیانوی ئەوەی کەتەنها پیاوان دەتوانن منداڵو پیرو پەککەوتەکان لەو جۆرە خێزانانەدا بژێنن. هەرچەندە ئێستا ئەم دۆخە هەندێك گۆڕانی بەسەردا هاتوە، بەهۆی زیادبوونی بەشداریکردنی ژنان لەهێزی کارو خەرجیەکانی ژیاندا، بەڵام لەبەرئەوەی کەئەم یاسایە دەیەوێت مەزهەبە جیاوازو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی یاسایی رێکبخات، لەبەرئەوە پێویستە هەمان یاسا بەکاربهێنرێتو ئیشی پێبکرێت تا هاوسەنگییەك لەنێوان مافو ئەرکەکانی ژناندا بەدیبهێنرێت، ئەمانەی خوارەوەش چەند یاسایەکن کەجیاوازی دەخەنە نێوان پیاوانو ژنانەوە لەلایەنی ئابورییەوە:

. 1–2 بەگوێرەی بنەماکانی ئایینی ئیسلام کەهەریەکە لەژنانو پیاوان مافی خاوەندارێتیو میرات–یان هەیە بەبێجیاکاری، بەڵام تاوەکو ئێستا دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان مافی خاوەندارێتی تەنها بەپیاوان دەدەن، بەتایبەتیش لەزەوییە کشتوکاڵیەکاندا، ئەوەش بەناوی کوڕەکەوە دەبێت، بۆ ئەوەی نەك رۆژێ لەڕۆژان پیاوێکی بێگانە لەدەرەوەی خێزانەکە دەستی بەسەردابگرێت. هەروەها سیستمی (شیوع) کەبۆ رێکخستنی یاساکانی وڵاتی میسرە، بڕیاردەدات کەهەموو میراتگرێك بەشێکی میراتەکەی دەستکەوێت بەمەرجێك لەگەڵ شەریعەتدا بگونجێت، هەموو لایەنەکانیتر رازیبن لەسەر ئەو بەشانەیتری میرات کەشایانی هەر کەسێکی ئەو خێزانە بێتو، ئەم خاوەندارێتییەش لەیاسادا نابێت تۆماربکرێت تاوەکو رەزامەندی خێزانەکەی لەسەر نەبێت، کەدواجار دەبێتە دواکەوتنی بڕیارەکەو مانەوەی تاوەکو نەوەکانی داهاتوو.



2 2. بێگومان کەخاوەندارێتی پێویستی بەبەڵگەنامەی زۆرو ئاڵۆز هەیە لەبەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆمارکردنو باج وەرگرتندا، لەگەڵ زەوییە کشتوکاڵیەکان کەزۆرجار دەبێت بدرێت بەکرێ یان دەبێت بەناوی پیاوێکەوە بێت تەنانەت ئەگەر هەموو خێزانەکەش بەشداربووبن لەکڕینی ئەو پارچە زەویەدا یان میراتێکی رەوای یەکێك لەژنانی خێزانەکە بێت، ئەمەش جگەلەوەی کەزۆربەی ژنان تا ئێستاش ناسنامەی باری کەسێتی (یان پێناسی باری شارستانی)یان بۆ دەرنەکراوە لەکاتی لەدایکبونیاندا، هەرچەندە کەچەندین رێکخراوی حکومیو ناحکومی هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیان داوە بۆ ئەوەی مافە مەدەنییەکانی ژنان پارێزراوبێت.

2 3. ژنانی موسوڵمان هەموو مافێکیان لەمیراتدا هەیە، لەکاتێکدا بێوەژنێکی ناموسوڵمان ئەگەر مێردەکەشی موسوڵمان بێت ئەم مافەی نییە، جگەلەوەی کەژن لەکاتی تەڵاقو جیابونەوەدا مافی ئەوەی نییە منداڵەکانی لەلا بمێنێتەوە.

## 3. مافە سیاسییەکان:

قسەکردن لەسەر پراکتیزەکردنی مافە سیاسییەکان، ژنان لەرووی تیۆریەوە هیچ کێشەکەیەکیان نییە، بەڵام لەژیانی پراکتیکیدا هەموو خەڵکانی میسر پێیەوە دەناڵێنن، هەرچەندە لەدەستوری وڵاتیشدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کەهەموو هاونیشتمانییەك مافی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی خۆی بەشێوەیەکی ئازادو سەربەخۆ هەیە، بەڵام لەراستیدا مافە سیاسییەکانی هاوڵاتیانی میسر (ژنانو پیاوان) زۆر سنوردارو دیاریکراوە، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

1–3 : هەنگاوەکانی حکومەتی میسر بەرەو دیموکراسیو چەسپاندنی یاسا هەر لەساڵی 1981ەوە زۆر هێواشو لەسەرخۆ بووە .

2–3: دەسەڵاتی میسر، رێگەی بەپێکهێنانو دامەزاندنی چەندین پارتو لایەنی سیاسی داوە. هاوکات لەرێگەی سیستمی سۆشیالیزمەوە کۆنترۆڵیکردون، پارتی دیموکراتی دەسەڵاتدار بۆ ماوەی 15 ساڵە دەسەڵاتی لەدەستدایەو، تەنانەت هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتو سەرچاوەکانی بۆ خۆی داگیرکردوە، سەرەڕای داگیرکردنی رێژەی (90٪) کورسییەکانی پارلەمان.

3–3 : لاوازی نوێنەرایەتیکردنی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانو، دەستبەسەراگرتنی هەموو رۆژنامەو هۆکارەکانی راگەیاندنو کۆمەڵگەی مەدەنی، کەوای لەدەوڵەت کردوە بەئارەزوی خۆی هەرکەسێکی بوێت بەبیانوی مەترسیو هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەستگیربکات،

سەرەڕای ئەوەی کەدەستور بڕیاری ئازادیی رادەربڕینو، چاودێری لەسەر رۆژنامەکانی بۆ هەموولایەك فەراهەمکردوە بەپێی ماددەی (48)، تەنها لەکاتی لەناکاووجەنگەکاندا نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ دەرکردنی هەر رۆژنامەو گۆڤارێك پێویستە پێشتر مۆڵەت لەحکومەتو دەوڵەت وەربگیردرێت. هەروەها دەسەڵاتی جێبەجێکردن مافی داخستنی هەموو رۆژنامەیەکی هەیە بەبێ رونکردنەوەی هۆکارەکانی داخستنی، هەموو ئەمانەش ئەگەرچی سەرۆکی وڵات ماوەی دوو ساڵە بڕیاری لابردنی چاودێری لەسەر رۆژنامەو گۆڤارەکان داوە، کەچی تاوەکو ئێستا ئەم یاسایە جێبەجێنەکراوە، ئەوەش لەترسی دەرنەخستنی کێشەو گەندەڵییەکانی ناو سیستمی دەسەڵات.

4–3 : لەگەڵ گەڕانەوەی سیستمی فرەحزبی لەساڵی 1977 دا، دەوڵەت وای بەچاکتردەزانی کەرۆڵی ژنان لەژیانی گشتیدا زیاترو بەرزتر بکات، ئەمەش بەپێی ماددەی ( 21)ی ساڵی 1979، کەتێیدا (30) کورسی لەکۆی (450) کورسی پارلەمان پێویستە بۆ ژنان بێت، بەڵام ئەم یاسایە لەساڵی 1984دا هەڵوەشێنرایەوە بەبیانوی ئەوەی کەسیفەتی دەستوری تێدا نییە، تەنها لەبەرژەوەندی کۆمەڵێکی تایبەتدایە، کەبێگومان هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە بوو بەهۆی دابەزینی ئاستی نوێنەرایەتیکردنی ژنان لە( 9٪) بۆ (2.2٪) لەساڵی 2004دا، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو کورسیانەی ئەنجومەنی یاسادانان بەدیاریکردن (التعیین) دراوە بەژنان، نەك لەرێگەی کێبرکێی کاندیدکردنی ژنان خۆیانەوە، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەکی وەك بەرزی تێچونی هەڵمەتەکانی راگەیاندنو سەختی گەیشتن بەهۆکارەکانی راگەیاندن، لەبەرئەوەی کەدەوڵەت دەستی بەسەر هەموو ئەو هۆکارانەدا گرتووە، هەروەها کەمی هۆشیاری ژنان بەمافە سیاسییەکانی خۆیانو بەرزبونەوەی ئاستی نەخوێندەوەواری لەناو ژناندا بەرێژەی (64٪)و زۆری ژمارەی ئەو ژنانەی کە لەکاتی لەدایکبوونیاندا ناوەکانیان تۆمارنەکراوە.

## 4. كۆمةلَطةي مةدةني:

ژنانی میسر هەر لەسەرەتای بیستەکانەوە بەپێشەنگو رێبەری کاروبارە تایبەتو ناوخۆییەکان دادەنرێن، سەرەڕای نەبونی رێژەیەکی زۆری ژنان لەپرۆسە مەدەنییەکاندا، کەئەگەر بەشێوەی خۆبەخش بێت یان وەك سودمەندێك لەپرۆگرامەکانی هۆشیارکردنەوە، لەو پرۆژە بچوکانەدا بێت کەکۆمەڵگەی مەدەنی پێشکەشی دەکات، لەبەرئەوە دەبینین کەزۆربەی کەسانی هەڵسوڕاوو چالاك لەبواری پرۆسە مەدەنییەکان لەمیسر لەتوێژی ژنانن، بەڵام لەڕاستیدا کۆمەڵگەی مەدەنی لەمیسردا کێشەی زۆری هەیە جا لەبواری ژناندا یان لەهەموو کایەکانی دیکەدا بێت. ئەم خاڵانەی خوارەوەش هەندێك لەو ئەزمونانەمان پیشاندەدەن:



4–1. لەمیسر زیاتر لە(18) هەزار کۆمەڵەو یانەی ناوخۆیی هەیە کە لەبواری مافەکانی مرۆڤ و قەرزە بچوکەکانو کەرتی فێربوندا کاردەکەنو، یاسای ساڵی 2003ی ئەو کۆمەڵەو یانانە، سنور بۆ هەموو کۆمەڵەکان دادەنێتو دەوڵەت دەتوانێت بەئارەزوی خۆی دەستی تێبخات هەروەها دەوڵەت مافی داخستنو هەڵگرتنی هەموو کۆمەڵەو یانەیەکی هەیە بەبیانوی هۆکاری ئاسایش پارێزییەوە، وەك چۆن وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیش مافی هەڵوەشاندنەوە یان دامەزراندنی هەر نوێنەرێکی هەیە لەناو بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەکەدا، هەموو ئەمانەش بوون بەهۆی پەکخستنو لەکارکەوتنی رێکخراوە تایبەتەکان، بەتایبەتی لەو چالاکییانەدا کەپەیوەندییان بەمافی مرۆڤ و دیموکراتییەوە هەیە.

4–2. بەپێی یاسای کۆمەڵە تایبەتەکانی میسر، دەبێت هەموو کۆمەڵەو رێکخراوێك مۆڵەت لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی وەربگرێت بۆ دابینکردنی داراکردنی (التمویل)، هاوکات وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیش مافی قبولْ نەکردنی ئەو خەرجییەو هەموو چالاکییەکانی رێکخراوەکەی هەیە، ئەمەش وای لەو رێکخراوە تایبەتانە کردوە کەوەك کۆمپانیایەکی مەدەنی کاربکەن، بۆ ئەوەی لەکارو چالاکییەکانیان بەردەوامبن . بۆ ئەمەش پەنادەبەینە بەر وەزارەتی ئابوریی‌و (باج)ی کارە خۆبەخشەکان، وەك ئەوەی کە لەگەڵ ناوەندی (إبن خلدون )دا رویدا بەتۆمەتی وەرگرتنی پارەو یارمەتی نێودەوڵەتی، کە لەدواجاردا دران بەدادگای میسری، تەنانەت سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی ناوەندەکەو (27) کەس لەتوێژەرانی ناوەندەکە بۆ ماوەی سێ ساڵ زیندانیکرانو، دواتر لەدادگای باڵای دەوڵەتدا بێتاوان کران لەتۆمەتەکە .

وەك ئاشکرایە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بڕیاری بەخشینی پارەو یارمەتی نێودەوڵەتییان داوە بۆ بەردەوامی لەکارو چالاکیەکانیدا، بەڵام هەڵواسینو دانەپاڵی ئەم جۆرە تۆمەتانە تا ئێستاش بەردەوامە لەدژی هەموو هەڵسوڕاوانی بوارە تایبەتەکان، دەوڵەت خۆی یان لەرێگەی گۆڤارو رۆژنامەکانەوە ئەو تۆمەتانە لەکاتی جیاوازدا دەداتە پاڵ کۆمەڵەو یانەکانی دیکە.

4–3. زۆربەی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەمیسر هەستان بەپێشکەشکردنی چەندین کارو پرۆژەی یاسایی بۆ رێکخستنی کارو پەیوەندییەکانی تایبەت بەدەوڵەتو هەوڵی ئەوەیاندا کەبدرێتە ئەنجومەنی گەل بۆ بڕیار لەسەردانی، بەڵام دواجار هیچ لەهەوڵەکانیان سەرینەگرت. هەروەها دەوڵەت لەهەوڵێکیدا بۆ کۆنترۆڵو دەستبەسەراگرتنی کۆمەڵە مەدەنیەکان، لەبەهاری 2005دا بڕیاریدا بەدانانی یاسایەکی تایبەت بەو کۆمپانیایانەی کەپارەو یارمەتی لەبێگانەکان وەردەگرن، بەرەزامەندی پێشوەختی دەوڵەت، بەڵام مەترسی ئەوە هەیە کەببێتە هۆی دابەزینی ئاستی

وەبەرهێنانی بێگانەو خراپتربوونی باری ئابوریی‌و بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکاندا.

4–4. جگە لەپرۆژەی قەرزە بچوکەکان، کەڕاستەوخۆ دەڕواتە سەر زانیارییەکان لەبارودۆخی تایبەت‌و دیاریکراودا، چونکە رێکخراوەکانی ئیشوکاری ئەهلی، زۆر بەگران خەرجی پرۆژەکانیان دەست دەکەوێت، بەتایبەتی ئەو پرۆژانەی کەپەیوەستن بەمەسەلەکانی مافی مرۆڤ و بەشداریکردنی سیاسی ژنان، کەچی هیچ یەك لەم رێکخراوانە هیچ یارمەتی‌و خەرجییەکی دارایی‌و مەعنەوی وەرناگرن‌و رێگەشیان پێ نادرێت کەوەریبگرن. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کام لەکەرتی تایبەت‌و پیاوانی سەرمایەدار ئەو بوێری‌و ئارەزوەیان نییە کەمەترسی بۆ بەرژەوەندیەکانیان دروست بکەن، ئەگەر بێتو یارمەتی ئەو رێکخراوانە بدەن کەرەخنە لەو سیستم‌و دەسەڵاتە دەگرن کەئەو کەرتە تایبەت‌و پیاوە سەرمایەدارانە لەژێر سایەیدا کارەکانیان ئەنجامدەدن، چونکە تا ئێستا رۆشنبیری کاتبەخشین یان هەوڵدان، یان یارمەتی دارایی لەناو گەلی میسردا نەبووەتە نەریت.

5–4. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەیانەوێت خۆیان لەو کێشەو گرفتانە دوربخەنەوە، ئەمەش لەڕێگەی تێکەڵکردنی هەندێ لەبەرنامە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکان، بۆ نمونە لەناوەندی (إبن خلدون)دا کەپرۆژەکانی قەرزی بچوك تێکەڵکراوە لەگەڵ پرۆژەکانی هۆشیارکردنەوەی یاسایی‌و سیاسیدا، وەکئەوەی کەقەرز بەژنێك دەدەن کەبەرنامەکانی وشیارکردنەوە لەبواری تەندروستی‌و یاسایی‌و سیاسیدا بۆ نیومانگی بەدەستبهێنێت، ئەمەش سەرەڕای وانەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری یان ناو تۆمارکردن بۆ دەرهێنانی ناسنامەی کەسێتی یان لیستی هەڵبژاردن‌و.. تد.

6–4. رێژەیەکی راست‌و دروست نییە کەبەشداریکردنی ژنانی میسری لەکاروباری گشتیدا روونبکاتەوە، جگە لەئەنجومەنی دەوڵەت بۆ کاروباری ژنان کەناسراوە بە (GNGO) کەوا دادەنێت بەهەموو شێوەیەك کار بۆ بەرزکردنەوەی ئەم رێژەیە دەکات بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، کەهەر کۆمەڵەو رێکخراوێك رەتدەکاتەوە کە لەژێرسایەی ئەو ئەنجومەن‌و وەزارەتەدا کارنەکات، وەك ئەوەی ساڵی 1984 لەگەڵ (ناوەندی ژنانی تازە)دا رویدا. بەڵام لەیاسای نوێی وڵاتدا ناوی رێکخراوەکە تۆمارنەکراوە لەبەر هۆکاری ئاسایشپارێزی، بەڵام ئەندامانی ناوەندەکە وازیان نەهێناو کێشەکەیان گواستەوە بۆ دادگاو، لەدواجاردا دادگا لەبەرژەوەندی ناوەندەکە بڕیاری خۆی دەرکرد دژی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، بەڵام وەزارەت‌و لایەنەکانی



سەر بەدەسەڵات فەرمانی دادگایان پشتگوێخست‌و بڕیاریاندا لەسەر نەبوونی مەرجی دەستوری رێکخراوەکەو لەئەنجامدا رێکخراوەکە داخرا.

## 5. میکانیزمء راسثاردة:

ئەگەر هەوڵی پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان توانای حکومەت‌و پێداویستیەکانی خەڵکی بکەوێتە سەرشانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەوا پێویستە لەسەر حکومەت‌و دامودەزگاکانی کەهیچ کۆتوبەندو بەربەستێك نەخەنە سەر رێگەی کاروبارەکانی خەڵکی، بەڵکو بەپێچەوانەوە پێویستە کارئاسانیان بۆ بکەن، ئەوەش بەهەڵگرتن‌و لابردنی یاسای لەناکاو ( قانون الطواريء )و هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارانەی کەسنور بۆ ئازادی دادەنێن‌و کۆت‌و پێوەندی دەکەن، ئەوەش بەچاکسازیکردن لەدەستور و یاساکاندا دێتەدی‌و، بۆ ئەوەی کەبگونجێ‌و هاوکار بێت لەگەڵ ریفۆرمی دیموکراسیدا، بێگومان ئەم داواکاریانەش بوون بەداواکارییەکی پێویست‌و نابێت دەسەڵات‌و سیستمەکان هێواش‌و لەسەرخۆبن لەئەنجامدان‌و بەدیهێنانیدا، ئەمەش بەگرتنەبەری ئەم میکانیزمانەی خوارەوە دەبێت:

5 .1 هەموو یاساو رێساکان بخرێتەبەر دەستی خەڵکی‌و رونبکرێنەوە لەڕێگەی نوێنەرە راستەقینەکانی گەلەوە کە لەئەنجومەنی گەلدا هەڵبژێردراون، بەهاوکاری‌و یارمەتی نوێنەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، نەك وەك ئەوەی کەحکومەت خۆی ئەو یاسایانە پێشنیاربکات‌و دایان برێژێت، دواتر هەر خۆی رەزامەندی لەسەر دەرببڕێت لەڕێگەی نوێنەرە تایبەتەکانی خۆیەوە لەناو ئەنجومەنی گەلدا، کە بەتەواوی کۆنترۆڵی ئەو ئەنجومەنەی کردوەو (90٪) کورسییەکانی بۆ خۆی قۆرخکردوە.

5 .2 ئەکتیڤکردنی بەرنامەکانی تایبەت بەهۆشیاری گشتی ژنان‌و کێشەکانیان‌و، پێویستە لەم ئەرکەشدا هەریەکە لەکۆمەڵگەی مەدەنی‌و کەرتی تایبەت‌و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشدارییبکەن‌و، لەو بەرنامەیەدا هەموو کێشەکانی ژنانی پێشنیارکرابێت، واتە هەر لەبەرنامەی ئەوانەی کەروبەڕوری لاقەکردن‌و توندوتیژی خێزان بونەتەوە، تاوەکو زیاترکردنی رێژەی بەشداریکردنی ژنان لەئیشوکاری گشتیدا. بۆ نموونە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی میسری هەستا بەدامەزراندنی زیاتر لە(150) ناوەند بۆ یارمەتیدانی ژنان لەکاتی روبەڕوبونەوەی توندوتیژیدا، بەڵام بێگومان چەندین هۆکاری کۆمەڵایەتی رۆشنبیری هەیە کەژنان بەهۆیەوە ناتوانن بگەنە ئەو ناوەندانە. هەروەها وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی پرۆگرامی پێکەوە بەستراوو هاوکاری نییە لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەوەی دەنگی بگاتە سەرجەم ژنان لەمیسردا.

5.3. ناکرێت حکومەتێك وایبیبنێ کە لەڕیزی پرۆسەی ریفۆرمە جیهانییەکاندایەو، هاوکات ڕێژەی بەشداری ژنان لەحکومەتەکەیدا 2.2٪ بێت، هەروەها ئەگەر هەردوو ئەنجومەنی باڵادەست (ئەنجومەنی گەل‌و راوێژکاری) نوێنەرایەتی گەل ناکەن‌و، لەکێشەی بەردەوامدان لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، بەڵام چی دەبێ ئەگەر لەکاتی دانان‌و داڕشتنی دەستورو یاساکاندا، نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنیش لەناو لیژنەکانی داڕشتنی دەستورو یاساکاندابن، ژنانیش نوێنەریان هەبێت لەکۆمەڵگەدا؟!

5.4. هاوکات بەشێکی زۆری گلەیی‌و سەر زەنشتەکان دەکەوێتە ئەستۆی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی  خۆیان، چونکە پەیوەندیەکی کێبەرکێیانەی ناتەواوو ناتەندروست پێکەوەیان دەبەستێ لەسەر بەدیهێنانی یەك ئامانج‌و یەك پرس، ئەم کێبەرکێ ناشەریفانەیەش بووەبەهۆی لاوازکردن‌و پەرتەوازەیی‌و پارچەپارچەبون لەئامانج‌و مەبەستەکانیانداو، وای لەدەوڵەت کردوە کەوەك رکابەرێکی بەهێز تەماشایان نەکات بۆ گۆڕینی سیستمی فەرمانڕەوایی لەکاتی پێویستی خۆیدا، وەك ئەوەی کە لەزۆربەی وڵاتە دیموکراسییە ئازادەکاندا رویداوە، هەروەها بێگومان بەبێ بەیەکداچون‌و تێکەڵبونی ئاسۆیی‌و ستونی لەنێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناخۆیی‌و نێودەوڵەتییەکان کە لەهەمان بواردا کاردەکەن، ئەوا هەموو رێکخراوە تایبەتەکان‌و ئەوانەی کۆمەڵگەی مەدەنییش هەر لاوازو پەرتەوازە دەمێننەوە، هەریەکەیان بەدورەپەرێزی لەوانی ترەوە کاردەکەن.

5.5. کەمی پیشەوەری شارەزا لەناو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، وای لەم رێکخراوانە کردوە کەدوچاری دۆخێکی خراپ بن، چونکە ئەو تەنها وڵاتەی کەزۆرترین یارمەتی ئەمجۆرە رێکخراوانە دەدات تەنها وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایەو زۆربەی ئەم حکومەتانەی خۆشمان راستەوخۆ ئەو یارمەتیانە رەتدەکەنەوە، کەبۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تەرخانکراون، ئەمەش بەبیانوی پاراستنی سەربەخۆیی‌و سەروەری دەوڵەت، لەراستیشدا ئەمجۆرە رێکخراوانە ناتوانن بەشێوەیەکی راستەوخۆ کار لەگەڵ وڵاتە کۆمەکبەخشەکاندا بکەن، چونکە مەترسیدارە بۆیان‌و، دەوڵەت نەرێگەیان پێدەدات‌و نەڕێگەشیان لێدەگرێت. ئەم ئاژاوەو کێشەیەی تێکەڵکردنی چەمکەکان، وەك چەمکی کاری خۆبەخشی گشتی‌و سەروەری‌و سەربەخۆیی وڵات، وایکردوە کەئەم شێوە رێکخراوە مەدەنیانە دودڵ بن لەوەرگرتنی ئەو یارمەتی‌و هاوکاریانە، بۆ ئەوەی لەناوخۆدا ناوو ناوبانگیان نەشێوێنرێت .



5.6. بێگومان کەراستگۆیی هەموو رێکخراوەکانی کاروباری مەدەنیەت لەم دواییانەدا بڕوای تەواوی وڵاتە کۆمەك بەخشەکانی بەدەستهێناوە. هەروەها شێوەی ئەو خزمەت‌و جێبەجێکردنەی ئامانج‌و مەبەستەکان بووە بەپاساوێك بۆ وەرگرتنی ئەو بڕە یارمەتیانە، چونکە ئەو رێکخراوانە هەژارن‌و توانای بەردەوامبونیان نییە، هەروەها لەرای گشتی ناوخۆدا هەمانشت بڵاوبوەتەوە، لەبەرئەوەی  کەدەوڵەت بەردەوام کار لەسەر تێکدانی وێنەی ئەم جۆرە رێکخراوانە دەکات، بەبیانوی ئەوەی کەدەوڵەت خۆی ئەو بەخششە وەردەگرێت بۆجێبەجێکردنی کۆمەڵە ئامانجێك کەزیان بەبەرژەوەندییەکانی نیشتمان ناگەیەنێت، ئەمەش بێگومان بەپێچەوانەی راستی مەسەلەکەوەیە، چونکە لەراستیدا ئەوە ئەم رێکخراوانەن  کەهەوڵی وەرگرتنی یارمەتی لەوڵاتە کۆمەکبەخشەکان دەدەن نەك بەپێچەوانەوە.

5.7. هەروەها بەشێکی سەرزەنشتەکەش دەکەوێتـە ئەستۆی وڵاتە کۆمەکبەخشەکان، چونکە ئەو وڵاتانە خۆیان بەهاوکارێکی تەواو نازانن لەبەهێزکردنی کۆمەڵی مەدەنی لەناوخۆداو، بڕوایانوایە کەئیتر رۆڵ‌و گرنگیان کۆتایهاتووە بەبەخشینی یارمەتی‌و، رەزامەندی دەربڕین لەسەر راپۆرتە داراییەکان کە لەلایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بۆیان بەرزدەکرێتەوە. بێگومان بەبێ هاوکاریونێکی راستەقینە کە لەسەر گۆڕینەوەی راوبۆچون‌و شارەزایی‌و دابینکردنی یارمەتی دارایی‌و هونەری پێویست بونیاتنرابێ، ئەوا ئەو وڵاتانە خۆیان دورەپەرێزدەگرن لەرێکخراوە مەدەنییە ناوخۆییەکانی وڵاتانیتر.

لەراستیدا ئەوەش هەر بێسود دەبێ کەئەو وڵاتانە پارەو یارمەتی بەو رێکخراوە مەدەنیانە دەبەخشن‌و دواتر وازیان لێدەهێنن، بۆ ئەوەی کەدەوڵەت لەسەر وەرگرتنی ئەو یارمەتیانە زیندانییان بکات. پاشان ئەو رێکخراوە مەدەنیانە توشی ترساندن‌و تۆقاندن دەبنەوە لەسەر دەستی سیستمە دیکتاتۆرییەکان، کاتێك کەئەو سیستمانە قسە لەسەر سەروەری نیشتمانی‌و دەستخستنەناو کاروباری ناوخۆییەوە دەکەن، هەروەها ئەگەر ئەو وڵاتە کۆمەکبەخشانە خۆیان بەهاوکاری راستەقینەی رێکخراوە مەدەنیەکان بزانن، ئەوا پێویستە بەشێوەی یارمەتیدەرێك مامەڵەیان لەگەڵدا بکات‌و نەهێڵێت بەناوی سەروەری نیشتمانی و دەست تێوەردانی دەرەکییەوە دوچاری ترساندن‌و تۆقاندن ببنەوە.

هێزی کاری راستەقینەی تایبەت بەشێوەیەکی ئاسان ئەنجامی کارەکانی دەگات بەهاوڵاتیان‌و، پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەخەڵکیەوە دەبێت، بەڵام سیستمە دیکتاتۆرییەکان بەردەوام بەدڕندەیی‌و لەڕێگەی شێواندنی ناوو ناوبانگ‌و هۆکارە ئاسایشپارێزیەکانەوە یان رێگرتن‌و

پەكخستنی كارەكانی ئەم رێكخراوانە دەیانەوێت كەبەرەنگاری كۆمەڵگەی مەدەنی ببنەوە، لەڕاستیدا رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی میسری لەڕێگەی ئەو سیاسەتی بەیەكداچونو نەبونی یارمەتییەكی نێودەوڵەتی پێویست توانیویانە سەركەوتن بەدەستبهێنن لەگۆڕینی زۆربەی ئەو یاسایانەی كەجیاكارییان خستووەتە نێوان پیاوانو ژنانەوە، دەستیان لەو كێشانەش وەرداوە كەماوەیەكی زۆرە بەكێشەی ناوخۆیی ناودەبرێن، بەتایبەتی لەماوەی ئەم دوو ساڵەی رابردوداو، لەژێر سایەی ئەو زەمینەسازییەی كەكراوە ئەمەش بۆ كۆمەڵگەی مەدەنی نێودەوڵەتی دەركەوتووە كەچەندین خاڵی بەهێزو كاریگەریان لەسەر بارودۆخە نەتەوەییەكان داناوە، كەناتوانرێت نكوڵییان لێبكرێت، لەبەرئەوە پێویستە لەسەرمان كەئەم خاڵانەش بەرزبنرخێنین، بۆ ئەوەی جارێكیتر ژنێكی خۆپیشاندەری عەرەب دوچاری لاقەكردنی سێكسی ئاشكرا نەبێتەوە، وەك ئەوەی لە میسر لەئایاری 2005دا بەرامبەر ژنێك رویدا تەنها بەوەی لەیەكێك لەرێپێوانەكاندا داوای مافی رادەربڕینی كردبوو.



## ژنانی میسرو قەیرانەكانی یاسای باری كەسێتی

**پارێزەر: عزە سلێمان**

سەرباری ئەو پرۆسەی پەسەندكردنو هەمواركردنەی لەهەندێك لەیاساكاندا لەماوەی سێ دەیەی ئەمدواییە لەمیسر كرا، هێشتا یاسای رێوشوێنەكانی باری كەسێتی ژمارە ( 1) ساڵی 2000ی زایینی بووەتەمایەی گفتوگۆیەكی چڕوپڕ لەناوەندەكەدا.

گفتوگۆكان بەشێوەیەكی گشتی جەخت لەسەر ئەو مادەیە دەكەنەوە كەمافی ژن (هاوسەر) لەباری سەرپێچی مێردەكەیدا روندەكاتەوە، تەنانەت ئەم هەمواركردنە لەكەناڵەكانی راگەیاندنو رۆژنامەنوسیدا بەیاسای (خەلع) ناسراوە.

لەراستیدا یاسادانەر ویستویەتی لەمیانەی ئەم هەمواركردنەوە كار بۆ پاراستنی خێزانی میسر بكات، ئەو خێزانەی چەندین ساڵە بەهۆی واقیعی یاسادانانو دادوەرییەوە دەناڵێنن كەهەمیشە ئازارو كاراكتەرەكانی هەڵوەشاندنەوەی خێزانی لەسەروی ئەندازەوە بەرهەمدەهێنێت.

ئاشكرایە هۆی ئەم كەوتنە كۆمەڵایەتییە بریتییە لەنەتوانایی یاساكان لەروبەڕووبونەوەی كلتوری رۆشنبیریدا كەرێگەخۆشكەری لایەنێكی ژنومێردایەتییە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتەكەی بەسەر لایەنەكەیتراو بۆ ئەوەی چەندین نەهامەتیو دەردەسەری بەسەردا بێنێت، بەئەندازەیەك كەجێگەی قبوڵكردن یان تێپەڕاندن نییە، ئیتر لەهۆڵەكانی دادگا بێت یان لەبواری كاری كۆمەڵایەتیدا.

یاسادانەر ئەم یاسایەی لەپێناو بەدیهاتنی دوو ئامانجدا هێناوەتەكایەوە: یەكەمیان، ئاسانكردنەوەی رێوشوێنەكانو كورتكردنەوەی ماوەكە، دووەم: كۆكردنەوەی ئەم رێوشوێنانە لەچوارچێوەی یەك یاسادا كە لەیەككاتدا بەرونیو سادەیی جیادەكرێتەوە.

جێی خۆیەتی دان بەو راستییەدا بنرێت كەیاساكە سەركەوتووبووە لەبەدیهێنانی ئەو دوو ئامانجەدا، لەبری لیستی ریزبەندی دادگای شەرعی ساڵی 1931،و لەبری "بەشی چوارەم" لەیاسای مورافەعات بەمادەكانییەوە كە لەسەروی چوارسەد مادەوەیەو، هەروەها لەجیاتی بنەما رێوشوێنییەكانی تری دابەشبوو لەنێوان یاسا جۆراوجۆرەكاندا، ئەم یاسایە هاتووە گشت ئەم مادانەی لەهەشتا مادەدا بەشێوەیەكی روونو ئاشكرا لەخۆگرتووە.

یاسادانەر تەنها بەسانكردنی رێوشوێنەكانەوە لەسەر یەك ئاست نەوەستاوە، بەڵكو كاری بۆ چاككردنی مافی ژن لەجێهشتنی مێردەكەی كردوە، كەیەكێكە لەمافە رەواكانی لەشەریعەدا، ژنان ئەم مافەیان دەسكەوتووە لەپێناو دەربازبونیان لەكۆتوبەندەكانی ژیانی ژنو مێردایەتی كاتێك توڕەییو رەكەبەرایەتی لەجیگەی خۆشەویستیو سۆز بۆ یەكتر دەبێتە ئەڵقەی بەستەنەوەیان، ئەمەش بەبێ تێكدانی هاوسەنگی دادوەرانە كە لەبەرامبەردا ماف بەمێردەكە دەدات تەنها بەویستی خۆی هاوسەرەكەی تەڵاقبدات.

جێگەی ئاماژەیە یاسای ژمارە (1) ساڵی 2000 كەدەرچونەكەی دەروازەیەكی فراوانی لەپێناو نەهێشتنی دیاردەی هاوسەرگیریی نافەرمی (هاوسەرگیریی عورفی)و ئەو مەترسیە كۆمەڵایەتییانەدا كردەوە كە لەدەرئەنجامی ئەم دیاردەیەوە تەشەنەدەكەن، لەگەڵ ئەوەشدا كۆمەڵگەی میسری بەگشت توێژو هێزە كۆمەڵایەتییەكانییەوە دابەشبوونو هەڵوێستی هەمووان لەمەڕ یاساكە جۆراوجۆربوو، ئیتر لەنێوان هەڵوێستی لایەنگری بۆ یاساكە بەوەی رێگەیەكی بۆ ژنان كردوەتەوە تاوەكو كەمێك لەنەهامەتییەكانیان لەژیان یان لەگۆڕەپانەكانی دادگا كەمبێتەوە، یان هەڵوێستی



رەتكردنەوەی كۆمەڵێك كەپێیانوایە یاساكە لایەنگری بۆ ژنان تێدایە لەكاتێكدا "بەبڕوای ئەم كۆمەڵە" ژنان تەواوی مافەكانی خۆیان وەرگرتوەو، سەرباری ئەمانەش هەر لەناو ئەم لایەنەدا كەسانێك لەو بڕوایەدان كەهێشتا ژنان لێهاتوویی وەرگرتنو بەكارهێنانی مافی جیابونەوە (خلع)یان نییە. ئینجا یاسای دادگای خێزانی ژمارە ( 10) ساڵی 2004 هاتەپێشەوە كەچەندین ئامانجی نایابی لەخۆگرتوە بەرەو پاراستنی كارای خێزان، ئەگەرچی ئەم هەوڵە لەچەند رویەكەوە كورتی هێناوە:

- ئامانجی بنەڕەتی یاسادانەر دۆزینەوەی سیستمێكی چالاكە بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی خێزانی میسر كە بەدەست دادگا جۆراوجۆرەكانەوە گشت تاڵییەكان دەچێژن، یاساكە ئامانجی یەكخستنی كێشە خێزانییەكانە لەچوارچێوەی یەك دادگاداو ناوی دادگای خێزانی لێناوە.
- یاساكە هەوڵیداوە بۆ دامەزراندنی دادگاكە بەچەشنێك دەستەبەری لێهاتویی دادوەرەكان بكات، بەدەق هاتووە كەدەبێت لەسێ دادوەر پێكبهێنرێت كەنابێت یەكێكیان لانی كەم لەپلەی سەرۆكی دادگای بەرایی كەمتربێت، وەك چۆن یاساكە ئاماژەیكردوە بەدامەزراندنی دوو شارەزا لەلایەن دادگاوە، یەكێكیان كۆمەڵایەتیو ئەویتریان دەرونی، هەوڵدان لەپێناو چارەسەركردنی لایەنە دەرونیو كۆمەڵایەتییەكانی ناكۆكییەكەو رونكردنەوەی ئەم لایەنانە لەسەر ناكۆكیی یاسایی نێوان لایەنەكانی ناكۆكییەكەو، ئامادەبوونی ئەم شارەزاییە لەهەندێك لەكێشەكاندا پابەندكراوە.
- یاساكە پێداگری لەسەر ئامانجی نهێنی بوونو تایبەتمەندی دادگای خێزانی كردوەتەوە، بەجۆرێك كە لەیاساكەدا جەخت لەسەر بەڕێوەچوونی كراوەتەوە لەهۆڵی سەربەخۆو جیاواز لەهۆڵی دادگاییەكانی ترو، فەراهەمكردنی ئەو پێداویستییانەی كە لەگەڵ بارودۆخی ناكۆكییەكەدا دەگونجێتو هەروەها ئامادەبوونی منداڵ.
- یاساكە هەوڵیداوە گشت ناكۆكییەكان كەدەشێت لەنێوان دوو هاوسەردا روبدەن، یەكبخات، بۆیە دادگای خێزان كەیەكەم سكاڵای لە لایەن یەكێك لەهاوسەرەكانەوە بۆ بەرزدەكرێتەوە، تایبەتیكردوە بۆ كردنەوەی دۆسییەك بۆ خێزانەكە ئەو دۆسییە گشت ئەو سكاڵایانەی تێدا دادەنرێت كەپەیوەستن بەهەمان خێزانەوە.
- یاساكە ئامانجی خێراكردنی تێڕوانینی سكاڵاو یەكلاكردنەوەیەتی، لەم روانگەیەوە ئەحكامەكانی دەرباری ناكۆكییەكانی خێزانی لەتانەدان بەرێگەی پوچەڵكردنەوە بواردوە، واتە لەم رێگەیەوە ناكرێت تانە لەبڕیاری دادگاكە بدرێت.

یاسای دادگای خێزان هەوڵیداوە چارەسەر بۆ زۆربەی ئەو گرفتانە بدۆزێتەوە کەپێشتر لایەنەکانی ناکۆکی لەمەسەلەکانی باری کەسێتیدا دوچاری دەبوون، بەڵام ئەم هەوڵدانە روبەڕوی چەندین مەترسیو ئاستەنگ بووەتەوە، "یاسای دادگای خێزان" لەروپۆشە تیۆرییەکەیدا زۆر قەشەنگ دەردەکەوت، بەڵام کاتێك چووە بواری جێبەجێکردنەوە روبەڕوی چەندین رێگرو کۆسپی ئەوتۆ بووەتەوە کە لەناوەرۆکە تیۆرییەکەی خاڵییانکردووەتەوە.

ئەم کورتهەڵهێنانە لەمیانەی خوێندنەوەی یاسای دادگای خێزانەوە دەردەکەوێت، بەچەشنێك چەند سکاڵایەك لەلایەن پسپۆڕی دادگای خێزانەوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی بەرزکرایەوە: لەیاسای دادگای خێزاندا هاتووە، پسپۆڕی دادگاکە لەئاست فەرمانگەی پسپۆڕی گشت دادگایەکی بەشەکیدا دەبێت، هەروەها لەفەرمانگەی پسپۆڕی گشت دادگایەکی پێداچوونەوەی باڵا، چەندین فەرمانگەی پێداچوونەوەی تایبەتمەند دادەمەزرێت بۆ تێڕوانینی ئەو تانانەی کە لەبڕیارەکانی دادگای خێزان دراونو بۆ ئەم فەرمانگەیە بەرزکراونەتەوە. بەمشێوەیە یاسای دادگای خێزان پسپۆڕی لەدادگای بەشەکی (المحكمه الجزئيه) بەهەندێك مەسەلەی باری کەسێتی وەردەگرێتەوەو، هەروەها پسپۆڕی دادگای بەرایی بەهەندێکیترو، ئەمەش بەپێی رێکخستنە دێرینەکەو ئەم دوو تایبەتمەندییەی بەخشیوەتە دادگای خێزان بەتەنها، ئەم مەسەلەیە بووەمایەی کەڵەکبونی دۆسیەکان لەبەردەم دادگاکانی خێزاندا، پاش ئەوەی لەنێوان فەرمانگەی بەشەکی یان چەند فەرمانگەیەکی بەشەکیو چەندین فەرمانگەی بەرایی–دا دابەشکرابوو، هەنوکە هەموویان دێنەبەردەم یەك دادگا ئەویش دادگای خێزانە، ئەم کەڵەکەبونەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر دواخستنی سکاڵاکان بۆ ماوەی دواتر کە لەوانەیە بۆ هەر دواخستنێك سێ تا چوار مانگ بخایەنێت، وەك چۆن کاریگەری ناراستەوخۆشی دەبێت وەك نەبونی وردییو لێهاتویی لەیەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکاندا، بەتێڕوانین بۆ زۆری دۆسیەکان، ئەمەش دەبێتەهۆی پێشێلکردنی مافی لایەنەکانی ناکۆکییەکە.

وەك چۆن مادەی (12) تایبەتمەندێتی دادگای خێزانی ناوخۆیی زیادکردوە بەوەی دادگایەکە کە لەلایەن یەکێك لەهاوسەرەکانەوە سکاڵای بۆ بەرزدەکرێتەوەو، چوارچێوەی تایبەتمەندی دادگاکەشی لەروی ناوخۆییەوە دیاریکردوە، بەهەر ناکۆکییەك کە لەوانەیە جارێکتر لەچوارچێوەی ئەم دادگایەدا روبداتەوە، ئەم مەسەلەیە واباشترە دیاریبکرێت تا بواری کردنەوەی ئەو دۆسیەیە برەخسێت کەمادەی (12) لەبڕگەی دووەمیدا جەختی لەسەر کردوەتەوە، بەڵام پێدەچێت هەندێك لەهاوسەرەکان پەنابەرنە بەر سکاڵایەکی وەهمی وەك بینین، یان خستنەپاڵ یان هەر سکاڵایەکیتر



بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی پسپۆڕی دادگای خێزان کە لەوانەیە نەهامەتی بۆ ژنی سکاڵالێکراو تێدابێت، ئەوانەی کەبواریان نییە سکاڵا لەبەردەم ئەم دادگایەدا تۆماربکەن.

## 1. لەبواری دامەزراندنی دادطاکانی خێزانەوة:

یاسای دادگای خێزان لەمادەی ژمارە ( 2)دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەدەبێت دادگاکانی خێزان لەسێ دادوەر پێکبێن کەیەکێکیان لانی کەم لەپلەی سەرۆکی دادگای بەرایی–دا بێتو ئەمەش کارێکی زۆرباشە لەپێناو دەستەبەرکردنی شارەزاییو لێهاتوییو چالاکی لەتێڕوانینی دادگای ناوبراو بۆ سکاڵاکان، وەك چۆن یاساکە ئاماژەیکردوە بەدامەزراندنی دوو شارەزا یەکێکیان لەشارەزایانی کۆمەڵناسانیو ئەویتریان لەشارەزایانی بواری دەرونی بێت، لانی کەم یەکێك لەم دوو شارەزایە ژن بێت.

ئەم دوو شارەزایە کە بەدەقی مادەی دوو لەیاسای دادگای خێزان بۆ دادگاکە زیادکراون یەکێکە لەلایەنە پۆزەتیڤەکان، لەروی تیۆرییەوەو بەو شێوەی مادەی ژمارە ( 11)ی هەمان یاسا رونیکردوەتەوە ئامادەبونیان لەهەندێك لەمەسەلەکاندا تەوزیمییە، لەوانە: جیابونەوە، تالوقکردنو، جیاکردنەوەی جەستەییو، هەڵوەشاندنەوەو، هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیرییو، لەئەستۆگرتنی بەخێوکردنی منداڵی بچووكو، شوێنی دایەنگاو، بینینو، لەخۆگرتنو گواستنەوەی منداڵی بچووكو، سکاڵاکانی رەچەڵەكو گوێرایەڵی . هەروەها مادەی ( 11)ی دادگای خێزانی دەست نیشانکراوە بۆ پشتبەستن بەشارەزایانی دەرونیو کۆمەڵایەتی لەمەسەلەکانیتری باری کەسێتی بەمەرجی پێویست، هەریەك لەو شارەزایانە لەبواری خۆیاندا راپۆرت پێشکەش بەدادگا دەکەن.

ئەم رێکخستنە لەروی تیۆرییەوە زۆرباشە، کەچی لەروی پراکتیکییەوە کە بەهۆی جێبەجێکردنیەوە لەماوەی پێشودا لەهەڵوەشاندنەوەی یاساکە لەبەرواری 1ی ئۆکتۆبەری 2004 و تا هەنوکە، ئاشکرابووە، جێبەجێکردنی بەکردەوە سەلماندویەتی کەرۆڵی دەروونناسو کۆمەڵناس رۆڵێکی پەراوێزی بووەو کاریگەری لەسەر رێڕەوی سکاڵاکان نەبووەو، تەنها مەسەلەیەکی ئیجرائاتییەو هیچ مانایەکی نییەو، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك:

- بەگوێرەی دەقی یاساکە ئامادەبونیان پێویستە، واتە بەشێکە لەپێکهاتەی دادگاکەو ئامادەبوونیان لێرەدا مەبەست لێی ئامادەبونی بەکردەوەو واقعییە لەدانیشتنەکەداو، یاساکە هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە بۆ دەستێوەردانی هیچ کام لەمانە لەسکاڵاکە، یان هەر پسپۆڕییەکیتر.

- ژمارەیەك لەدادوەران ڕۆڵی ئەمانە پشتگوێدەخەن‌و تەنها بەوە وازدەهێنن دوو شارەزاكە لەدانیشتنەكەدا ئامادەییان هەبێت، لەكاتێكدا هەندێكیتریان دانیشتنەكە دوادەخەن بۆ بینینی راپۆرتی شارەزاكەو ئەمەش لەروانگەی پرەنسیپی "كاركردن بەدەق باشترە لەپشتگوێخستنی"، ئەو دادوەرانە پشت بەراپۆرتی شارەزا نابەستن‌و هیچ كاریگەرییەك لەسەر دیاریكردنی ئاراستەی كێشەكە دانانێت.
- لەكۆتایدا كەڵەكەبون‌و بەرزبونەوەی ژمارەی دۆسیەكان كە بەناوەندی تێكڕای دانیشتنەكان لەیەك دانیشتندا دەگاتە 250 تا 300 كێشە، چۆن هەردوو شارەزای دەروونناس‌و كۆمەڵناس بۆیان دەكرێت ئەركی سەرشانیان لەگەڵ 500 بۆ 600 كەس لەیەك ڕۆژ، یان تەنانەت لەیەك هەفتەدا راپەڕێنن، ئەمەیان ئەگەر وادابنێین شارەزاكان لەهەفتەكەدا یەك دانیشتنیان هەبێت، بەڵام لەواقیعی پراكتیكیدا هەفتەكە زیاتر لەجارێك دانیشتن–یان دەبێت.

## 2. نوسینطةكانی ضارةسةركردنی ناكؤكییةكانی خيَزان:

یاسای دادگای خێزان داوای دامەزراندنی نوسینگە دەكات بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی خێزان لەفەرمانگەی گشت دادگایەكی بەشەكی كەژمارەیەك لەپسپۆڕانی یاسایی‌و دەروونناسی‌و كۆمەڵناسی لەخۆبگرێت‌و یەكێك لەیاساییە خاوەن شارەزاییەكان سەرۆكایەتی نوسینگەكە لەئەستۆدەگرێت‌و، ئەمەش بەپێی مادەی ( 5)، بەڵام مادەی ( 6) پسپۆڕی ئەم نوسینگانەی رونكردوەتەوە بەوەی نوسینگە كۆبونەوە لەگەڵ لایەنەكانی ناكۆكییەكە دەكات‌و گوێبیستی قسەكانیان دەبێت‌و بەرچاو رونییان لەبارەی لایەنە جیاجیاكانی كێشەكەو كاریگەری‌و دەرئەنجامەكانیان دەداتێ‌و هاوكات ئامۆژگاریی‌و رێنمایی پێویستیان دەخاتەبەردەست لەهەوڵێكدا بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی نێوانیان‌و، ئەمەش لەپێناو پاراستنی قەوارەی خێزان.
هەروەك چۆن مادەی (8)ی هەمان یاسا ئەو بڕگەیەشی زیادكردوە كەدەبێت ئەم چارەسەركردنە لەماوەی 15 ڕۆژدا هاوكات لەدەستپێكردنی داواكەوە تەواوبێت، لەحاڵی چارەسەركردنی كێشەكەدا بەكۆنوسێك جێگیردەكرێت‌و هەردوولای كێشەكە ئیمزای دەكەن‌و هاوپێچ لەگەڵ دانیشتنەكەدا بەبەڵگەی پێویستەوە دادەنرێت، بەڵام ئەگەر هەوڵەكان نەیانتوانی بگەنە چارەسەری تەواوەتی ناكۆكییەكە دۆسیەكە رەوانەی دادگای خێزان دەكرێت بۆ مامەڵەكردن لەگەڵیدا بەشێوە یاساییەكەی.

**جطةلةوةش واقيعی ثراكتيكيش ضةندين تةنطوضةلَةمةی واقيعی بةرهةمهيَناوة لةوانة :**



- ئامادەنەبوونی لایەنی شكاتلێكراو لەدانیشتنەكاندا دەبێتەهۆی سەرنەگرتنی چارەسەرەكە.
- رەتكردنەوەی ئاشتبونەوە لەكاتی ئامادەبونیدا.
- یان لەبەرامبەر رازیبونیدا زۆر كەمتر لەوەی لەسەرشانیەتی ئامادەی پێدانی دەبێت، وەك نەفەقەو مارەیی‌و..
- سەرەڕای ئەوەی زۆربەی شارەزایانی نوسینگەكان لێهاتوییان لەبەجێهێنانی ئەو ئەركانەدا نییە.
- وەك چۆن زۆرێك لەشارەزایان هەندێك جۆری فشار بەرامبەر بەخانمان كە لەزۆربەی بارەكاندا ئەوان سكاڵاكارن، پیادەدەكەن، ئەم فشارە كاریگەری دەبێت لەسەر رازیبونی خانمان بەرێگەچارەی نادادپەروەرانە.
- لەكۆتایدا پێدەچێت شارەزایانی نووسینگەكانی چارەسەركردن بەشێوازێكی ناشارستانی مامەڵە لەگەڵ دۆسیەكاندا بكەن، لەروانگەی بەكەم تەماشاكردنی ژنان‌و بەفیڕۆبردنی مافە یاساییەكان‌و دەسكەوتە رەواكانیان.

ئەم راستیانە لەمیانەی رێژەیەكی تایبەتی ئەو حاڵەتانەی چارەسەركراون‌و ئەوانەشی بەبێ چارەسەر ماونەتەوە دەردەكەوێت، هەروەها ئەم رێژەو ئامارانە بێكەڵكی نووسینگەكانی چارەسەركردنی روندەكەنەوە، كەچۆن بووەتە بەشێك لەچوارچێوەی بەرزكردنەوەی سكاڵاو هیچیتر.

## 3. دؤسييةكانی خيَزان

مادەی ( 15) لەیاسای دادگاكانی خێزان جەخت لەسەر دروستكردنی دۆسیەی خێزان دەكاتەوە تیایدا سكاڵای یەكەم‌و دوایەمین سكاڵای پەیوەست بەخێزانەكە هەڵدەگیرێت، ئەم مەسەلەیە لەسەر ئاستی تیۆری زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی دادگا بەئاگابێتەوە لەكێشەكانی پێشوتری ناو خێزانەكەو، هەروەها كاریگەری ئەم كێشانە لەسەر ئەوانیتر.
بەڵام لەروی پراكتیكییەوە لەوانەیە خێزانێك لەیەككاتدا زیاد لەسكاڵایەكی هەبێت وەك نەفەقەو جیابوونەوەو گوێرایەڵی‌و لەخۆگرتن‌و هەریەك لەم سكاڵایانە رێوشوێنی تایبەتیان هەیەو بڕیاری تایبەت دەیانگرێتەوە، ئینجا چەند كۆسپێكی تایبەت بەرێوشوێنەكان‌و پراكتیكی گرانی جێبەجێكردنی ئەمكارەیان دوپاتكردەوە، بۆیە مەسەلەكان وەك خۆیان مانەوەو هەر سكاڵایەك سەربەخۆ لەوانیتر مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی دادوەر بواری هەبێت بۆ هەر سكاڵایەك بەگوێرەی رێوشوێنی خۆی بڕیاری لەبارەوە دەربكات،

ئەمەش یەکێکە لەو لایەنانەی کەواقعی پراکتیکی ئاشکرایکردو، دواجار ئامانجی دروستکردنی دۆسیەی خێزان بەدینەهات.

## 4. رێطەنەدانی تانەدان بەرێطەی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی دادطای خێزان:

لەمادەی (14) یاسای دادگای خێزاندا هاتووە، بڕیارەکانی فەرمانگەی پێداچوونەوە بوار نادات بەتانەدان بەرێگەی (النقض) ، یاسادانەر لەمەدا مەبەستی کورتکردنەوەی ئەو کاتە دورودرێژەیە کەپێشتر تێڕوانینی تانەدان دەیخایاند، تانەدانێك نزیکەی حەوت ساڵ یان زیاتری دەخایاندو تەڵاقدراو لەم ماوەیەدا نەیدەتوانی لەگەڵ یەکێکیتردا هاوسەرگیریی بکات، تا کۆتایهاتنی تانەدان بەهەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە. تەڵاقدراو ماوەی سێ تا چوار ساڵ لەبەردەم دادگای یەکەم پلەدا چاوەڕوانیدەکردو لەپێداچوونەوەکەشدا ماوەی نزیکەی حەوت ساڵ بەو شێوەیە لەبەردەم دادگای (النقض)دا دەمایەوە، بۆیە پرۆژەی یاسای دادگای خێزان تانەدانی بەرێگەی هەڵوەشاندەوەی بڕیار، هەڵوەشاندەوە لەپێناو گەڕاندنەوەی کاتدا، بەڵام ئەم رێچکەیە بەسود نییە، ئەمەش لەبەرئەوەی دادگای هەڵوەشاندنەوەی بڕیار رۆڵێکی گەورەی هەیە لەپێداچونەوەی جێبەجێکردنی یاساداو ئەو بڕیارانەی لەو دادگایەوە دەردەچن بەهای ئەدەبیو رێنمایکاری گەورەی تێدایە سەبارەت بەگشت ئەوانەی لەبواری یاساییدا کاردەکەن لەپارێزەرو دادوەرو زانایانو یاسادانەرو خاوەن کێشەکان. وەك چۆن دادگای ( النقض) کار بۆ یەکخستنی پرەنسیپەکانو ناتەبایی نەبوونی بڕیارەکانو پێچەوانەنەبوونیان دەکاتو ئەمەش لەرێگەی دەستەی گشتییەوە، کەتانەکان یەکلایی دەکاتەوە، کەدەشێت پێکدادان یان ناتەباییبوون لەنێوان بڕیارەکانیدا هەبێتو ئەم رۆڵە گەورەیە ناکرێت رەتبکرێتەوە یان وەلاوەبنرێت بەم ئاسانییەی مادەی ( 14) لەیاسای دادگای خێزاندا کردوویەتی. باشتروایە بایەخ بەخێراکردنی کاتەکە بدرێت لەیەکلاکردنەوەی تانەدان لەدادگای (هەڵوەشاندنەوەی بڕیار )ەوە کەزۆر باشترە لەوەی گرەنتییەکی زۆر بەهێزمان لەبەرژەوەندی دادپەروەریو لایەنەکانی کێشەکە لەبواری یاسایدا، لەدەستبچێت.

## 5. شوێنی دانیشتنەکانی دادطای خێزان:

مادەی (10) لەیاسای دادگای خێزان دەڵێت دانیشتنەکانی دادگای خێزانو فەرمانگەکانی پێداچونەوەی لەجێگەیەکی سەربەخۆ لەشوێنی ئەنجامدانی دانیشتنی دادگاکانیتر بەڕێوەدەچێت، لەگەڵ فەراهەمکردنی هۆی پێویست کە لەگەڵ سروشتی ناکۆکییەکاندا بگونجێتو لەوانەشە پێویست بەئامادەبونی منداڵ–یش لەدانیشتنەکاندا بکات، لەراستیدا ئەمە هەوڵێکە بۆ جیاکردنەوەی بەشێکی بینای دادگای بەردەستو دابڕینی بۆ ئەوەی تایبەت بێت بەدادگای خێزان، بەڵام ئەم جیاکردنەوەیە لەزۆرباردا بووەتەهۆی بچوککردنەوەی



شوێنەکەو دروستبونی قەرەباڵغی ئەوانەی بۆ دادوەریی هاتونەتە دادگاکەو دواجار بەهۆی قەرەباڵغییەوە لەبری یەکلاکردنەوەی کێشەکە، ئەوەندەیتر ئاڵۆز دەبێت، بەمشێوەیە ناگەینە ئەو ئامانجەی یاساکە هەوڵی بۆ دەداتو منداڵان بێجگە لەزیادبوونی قەرەباڵغییەکە هیچ رۆڵو کاریگەرییەکیان لەکێشەکەدا نەبووە.

## 6. بەڕیوەبردنی جیَبەجیَکردنی بڕیارەکان:

لەمادەی ( 15)ی یاسای دادگای خێزاندا هاتووە ئیدارەیەکی تایبەت دابمەزرێت بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان لەبازنەی هەر دادگایەکی خێزانداو ئەرکی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگای خێزان دەبێتو ئەم ئیدارەیە ژمارەیەکی پێویست لەئامادەکارانی جێبەجێکردنی راهێنراوو ئامادەیی بۆ دابیندەکرێتو سەرپەرشتییەکەی لەلایەن دادوەری جێبەجێکردنەوە دەبێت.

دامەزراندنی ئەم ئیدارەیە لەچوارچێوەی بنەما گشتییەکانی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی یاسای مورافەعاتی مەدەنی دەرنەچوو، بەمەبەستی جێبەجێکردنەکەشی هەندێك لەقەڵەم بەدەستەکان وانە جیاوازەکانو یەکە کارگێڕییەکەیان پێکهێنا، بەڵام رێوشوێنەکانی جێبەجێکردن لەروی شێوەو بابەتییەوە وەك خۆیان مانەوەو رۆڵی دادوەری جێبەجێکردن لەجێبەجێکردنی ئاساییدا مایەوەو، بەمشێوەیە رێوشوێنەکانی تایبەت بەجێبەجێکردنی حوکمەکانی دادگای خێزان بەبێ ھەموارکردن وەك خۆی مایەوە، لەکاتێکدا وایدەخواست هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتی ناوخۆو یەکەی کارگێڕی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی تایبەت بەدادگای خێزان لەبواری جێبەجێکردنی بڕیارەکاندا هەبوایە.

بەڵام رۆڵی بانکی ناسر لەجێبەجێکردنی بڕیارەکانی خەرجیدا کە لەیاسای ژمارە ( 11)ی ساڵی 2004دا هاتووە هاوکاتە لەگەڵ رەزامەندی لەیاسای دامەزراندنی دادگاکانی خێزان کەجەخت لەسەر دامەزراندنی سندوقێك بۆ دەستەبەرکردنی خێزان دەکاتەوە، یاسا ئەرکی خەرجکردنی کرێو نەفەقەی خستوەتەسەر، چەند ئاستەنگێك دێنەرێگەی جێبەجێکردنی بانکی ناسر، لەبەر ئەم هۆیانەی لای خوارەوە:

- کورتبوونەوەی بانکی ناسر لەهەندێك لەلقەکانیدا تەنها لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دژ بەفەرمانبەرانی حکومەت.
- بانکی ناسر تەنها کار بۆ جێبەجێکردنی کۆمەڵێك بڕیاری خەرجیو کرێ دەکات، بەبێ هیچ خەرجییەکیتر وەك چێژو مارەییو نەفەقەی بلۆککراو.

- بانکی ناسر چەندین مەرجی داناوە، وەك باجی لەدایکبونو باجی راگەیاندنی بڕیارەکە لەلایەن قەڵەم بەدەستانو هەروەها ژمارەی دابینکردنەکەی.
- بانکی ناسر لەجێبەجێکردندا وابەستەی رشتە یاساییەکانە لەمادەی (76) لەیاسای ژمارە ( 1)ی ساڵی 2000 کەدەبێتە مایەی لەناوچونی مافی زۆرێك لەژنانو خەرجکردنی هەندێك لەمافەکانیان بەبێ خەرجکردنی بەشەکانیتر.

بەوەی یاسا لەفەلسەفەکەیدا هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی خێزان دەداتو هەروەها هەوڵی یەکخستنی ئەو دادگایەی دەڕوانێتە ناکۆکییەکانی تایبەت بەخێزان، ئەم یاسایە لەروی تیۆرییەوە زۆرباشە، بەڵام لەروی پراکتیکەوە لەناو دادگاکاندا بارودۆخەکە بەو شێوەیە نەبوو، یاساکە رووبەڕووی چەندین ئاستەنگی پراکتیکی بووەوە، کەبووە مایەی کورتهەڵهێنانی لەچارەسەرکردنی کێشەکانی خێزاندا، لەکاتێکدا پێش هەر شتێك پێویستمان بەیەکخستنی یاسا پەرتەوازەکانی باری کەسێتی لەساڵی 1920ەوە تا هەنوکە هەیە، بۆیە لەئێستادا پێویستمان بەدانانی یاسایەکی یەکگرتوە بۆ مەسەلەکانی باری کەسێتی کەگشت مەسەلە بابەتیو ئیجرائاتییەکان لەخۆبگرێتو هاوچەرخ بێت لەگەڵ سەرچاوە یاساییەکەی بەچاوپۆشی لەبواری کۆمەڵایەتیو فێرکاریو ئاینیو وەك هاوڵاتییەك بڕوانێتە ژن.

هاوکات ژنان لەمیسر بەدەست دەقەکانی یاسای باری کەسێتییەوە دەناڵێنن، لەمەسەلەکانی وەك بینین، هەروەها ئەو دەقانەی پەیوەستن بەجیابونەوەو بەخێوکردنی منداڵەکان.

وەك چۆن دامەزراوەی یاسادانان بەتەنها پەیوەستی یاساکان نییە، بەڵکو پەیوەندیدارە بەدەسەڵاتی دادوەرییو ئەوانەی کار بۆ جێبەجێبکردنی دەکەن، پیاوانی دادگا بن یان پۆلیس، بۆیە پێویستە پرۆژەیەکی نەتەوەیی رۆژنامەوانی خاوەن مۆرکی راچەنین بێتەکایەوە لەپێناو باشکردنی روانینی ژنان لەراگەیاندنی میسریداو چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا وەك هاوڵاتییەك کەمافو ئەرکیان هەیە.

وا پێویستە کەراهێنانو ئامادەکردن توێژی جۆراو جۆر وەك پارێزەرو دادوەران بگرێتەوە لەپێناو هاوکاریکردنی ژنان لەو چەمکانەی پەیوەندییان بەچەمکەکانی مافەکانی مرۆڤو جۆری کۆمەڵایەتییەوە هەیە.